

# کڵاوی سەرۆککۆمار

# کڵاوی سەرۆککۆمار

**نووسەر:**

ئانتوان لۆرەن

**وەرگێڕان بۆ فارسی:**

ساناز فەلاحفەرد

**وەرگێڕان بۆ کوردی:**

محەممەد مورادی (باقلاوایی)

فهرست نویسی

**سرشناسه:** لورن، آنتوان **عنوان و نام پدیدآور:** کڵاوی سەرۆک‌کۆمار/**نوسینی:** ئانتوان لۆرەن؛ **وەرگێران بۆ فارسی:** ساناز فەلاحفەرد؛ **وەرگێران بۆ کوردی:** محەممەد مورادی(باقلاوایی). **مشخصات نشر:** سنندج، آراس، ۱۳۹۷. **مشخصات: ظاهری:** ۲٦۱ ص **شابک:** ٦-۰۰-٦۲٤۸-٦۲۲-۹۷۸ **وضعیت فهرست نویسي:** فیپا **یادداشت:** کردی **یادداشت: عنوان اصلی:** Le chapeau de Mitterrand: roman **یادداشت:** کتاب حاضر قبلاً با عنوان "کلاه رئیس جمهور" به فارسی ترجمه شده و منتشر شده است. **عنوان به زبان دیگر:** کلاه رئیس جمهور **موضوع:** داستان‌های فرانسه--قرن ۲۱م **شناسه افزوده:** فلاحفرد، ساناز، ۱۳٦۲، مترجم **شناسه افزوده:** مرادي، محمد، ۱۳٦٥، مترجم **رده بندی کنگره:** PQ ۲۷۱۷/و۴ **رده بندی دیویی:** ۸٤۳/۹۲ **شماره کتابشناسی ملی:** ۵۲۹۲۱۲۹

# کڵاوی سەرۆککۆمار

**نووسەر:** ئانتوان لۆرەن

**وەرگێران بۆ فارسی:** ساناز فەلاحفەرد

**وەرگێران بۆ کوردی:** محەممەد مورادی(باقلاوایی)

**رازاندنەوە:** شیوا موحەممەدی

**پێداچوونەوە:** ئیبراهیم مورادی

**ڕووبەرگ:** چیا فەتحی

**بڵاوگە:** ئاراس-کوردستان

**شابەک:** ٦-۰۰-٦۲٤۸-٦۲۲-۹۷۸

**نرخ:** ٦٥۰۰ دینار

**نۆرە و ساڵی چاپ:** یەکەم- ۱۳۹۷

**ئەژمار:** ۱۰۰۰ بەرگ

## ناوەندی بڵاوکردنەوە:

**ناوەندی بڵاوکردنەوە:** سنە، پاساژی عێزەتی، بڵاوکەرەوەی ئاراس- کوردستان

☎ : ۳۳۱۲۸۳۴۱ –۸۷–۹۸+

Arasbooks73@gmail.com

به نام خدا

اینجانب سمانه فلاح‌نژاد بدینوسیله اعلام می‌کنم که ترجمه رمان فرانسوی «کلاه رئیس جمهور» نوشته آنتوان لورن، به زبان کردی توسط آقای محمد حراری بلامانع است و با حمایت اینجانب صورت گرفته است.

فلاح‌نژاد
تیر ۱۳۹۷

تەنیا بەرپرسی ڕووداوەکان

کڵاوەکە بوو

کە ژیانی ئەوانی دیواودیو دەکرد.

کڵاو لەسەر کردن یارمەتیتان ئەدات

لە هەمبەر ئەو کەسانەی کەوا کڵاویان

نییە،

هێزێکی حاشا هەڵنەگرتان هەبێت.

تریستان بێرنار[1]

---

1. *Tristan Bernard*: ڕۆماننووس و شانۆنووسی فەرەنسی لە سەدەی نۆزدەی زاییینیدا



دانییل مێرسیه[1] بە پێچەوانەی ئەو جەماوەرە زۆرەوە کە دەهاتنە خوار، ئەم لە قادرمەکانی وێستگەی شەمەندەفەری سەن‌لازارەوە[2] سەردەکەوت. ژن و پیاوگەلێ بە چەمەدانە و هەندێکیش کە جانتایان پێ‌بوو بە پەلە لە تەنیشتیەوە تێ‌دەپەڕین. لەو جەنجاڵەدا پێ‌دەچوو لێی‌بکەون و بەربێتەوە، بەڵام ئەوە ڕووی‌نەدا؛ وەک بڵێی هەمووان ڕێگەیان بۆ چۆڵ دەکرد بۆ ئەوەی بە ئاسانی تێپەڕێت. گەیشتە ئاخرین پلیکانە و لە ڕێڕەوە سەرەکییەکەوە تێپەڕی و بەرەو سەکۆکان ڕۆیشت، ئەویاش جەنجاڵ بوو، جەماوەرێکی زۆر لە شەمەندەفەرەکان دەهاتنەخوارەوە. دانییل بە پەلەپڕووزێ لە نێوان سەکۆکانەوە بۆ بەر تابلۆی کاژێرەکانی هاتن و چوون ڕێگەیکی بۆ خۆی کردەوە، شەمەنەدەفەرەکەی ئەوان لە سەکۆی (٢٣) ڕادەوەستا. چەند مەترێ ڕۆیشتە پێشەوە و لە پاڵ دەزگای بلیت‌خۆرەکەوە[3] ڕاوەستا.

قەتاری ژمارە ٧٨٦٥٤ کاژێر ٢١:٤٥ لە وێستگە ڕاوەستا و مسافرەکانی دابەزاند. دانییل بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەی و خێزانی

---

1. *Daniel Mercier*
2. *Saint-Lazar*

٣. ف: پانچ بلیت

هەر ملەتاتکێ بوو. سەرەتا ڤێرۆنیکای[1] بینی. ڤێرۆنیکا دەستی بۆ ڕاوەشاند و پاشان بە سەرسووڕمانەوە دەم و لووتی لێ خلیچەو کردوو بە قامک بازنەیکی بەدەور سەریدا کێشا و بۆ دانییلی دەڕوانی. ژێرۆم[2] بەرەولای باوکی هەڵات و بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە و بکەوێت باوەشی لە لاقی باوکی هەڵپێکا و خۆی لێ دەلاڵە کۆچکە کرد. ڤێرۆنیکا بە هەناسەبڕکێ گەیشت پێیان، چاوی بڕییە مێردەکەی.

ئەو شەبقە قەشمەرە ئیتر چییە؟

کڵاوی میترانە.

"ئاوەها! کڵاوی میترانە"

دانییل داکۆکی لە قسەکەی خۆی کرد: "بە ڕاستمە، بە ڕاستی کڵاوی میترانە!"

ڤێرۆنیکا چاوی بڕیبووە چاوەکانی، لە کاتێکدا سەری بە لایەکدا لار کردبووە و نێوچاوانی دابوو بەیەکدا بۆ ئەوەی بزانێت کە مێردەکەی هەمدیسانەوە سەری ناوەتە سەری یان نە؛ وەک ئەو ڕوو بەیەکدانەی کە لە هەمبەر پرسیاری دانییل سەبارەت بە زەواج یان پێشنیاری یەکەم جێژوان لە پێشانگەیەک لە بێئۆبۆرگ لە ڕوومەتیدا بوو، بە واتەیەکی دیکە هەر ئەو ڕووگرژییەی کە لە نێوان گشت هۆکارەکاندا ببووە هۆی ئەوە دانییل ئاشقی ڤێرۆنیکا ببێت.

ڤێرۆنیکا بە گومانەوە گوتی: "دواتر بۆمی باس بکە."

---

1. *véroníque*
2. *Jérôme*

یانی کڵاوی میتران لەلای تۆیە باوە؟

دانییێل کە خەریک بوو جانتاکانی هەڵدەگرت، وتی: بەڵێ.

"کەوایە سەرۆک کۆماری؟"

قسەکەی ژێرۆم نیشتە دڵیەوە. ئاوڕی دایەوە: بەڵێ کوڕم، سەرۆک کۆمارم.

کاتێکە دەگەڕانەوە، دانییێل بچووکترین زانیاری نەدرکاند. "کە گەیشتینە ماڵەوە هەموو شتێکتان پێ دەڵێم."

ڤێرۆنیکا پێداگری کرد، بەڵام ئەو هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو. کاتێک گەیشتنە نهۆمی شازدەیەمی باڵەخانەکەیان لە گەڕەکی (ناوچەی) پازدە، دانییێل گوتی: خۆم شێو ساز دەکەم. گۆشتی سارد، مریشک، زەڵاتەی تەماتە، لەگەڵ ڕێحانە و پەنیر. ڤێرۆنیکا پێ سەیر بوو کە چلۆن مێردەکەی بە دەگمەن شێوی ساز دەکرد ئەویش ساڵێ جارێ، ئێستا ئاوەها بە دەستوبرد بووە. شێویان بە خواردنی چەشەوە دەست پێکرد.

دانییێل کە هێشتا کڵاوەکەی لە سەری دانەگرتبوو، گوتی: دانیشە. ڤێرۆنیکا دانیشت. ژێرۆم ڕۆییە باوەشی دایکی. دانییێل پەرداخەکەی بەرەو خێزانەکەی بەرز کردەوە: "بە خۆشی خۆمانەوە!"

ژێرۆم بە پەرداخە پڕ لە ئاو پرتەقاڵەکەی دەستی، لاسایی ئەوانی کردەوە.

دانییێل کڵاوەکەی لە سەری داگرت و بە ڤێرۆنیکای‌دا. ئەویش بە سەرنجەوە دەستی پێدا ئەهێنا، ژێرۆمیش وەهای کرد. دانییێل بە

پەشـۆکاویەوە پرسـی: "دەسـتەکانت خـاوێنە؟" پاشـان کـڵاوەکەی بان‌وخوار کرد چاوی بە دوێڵـێ چەرمیـنە کەوت کە هەڵدوورابـوو بە نێو کڵاوەکەدا، لەسەر دوێڵەکە دوو پیتی "f.m" زێڕکوت کرابوو.

ڤێرۆنیکا سەری هەڵبڕی و سەیرێکی مێردەکەی کرد.



دوێنێ شەو، دانییێل ترۆمبێلە گۆلفەکەی لە سەر چوارڕیانێ ڕاگرتبوو. ڕادوێکەی کوژانەوە کە لەو کاتەدا سترانبێژێ یەکێک لە سترانەکانی کارۆلین لۆئیبی[1] دەگوت کە باسی حەزکردنی لە لۆکەی دەکرد، لە پڕا ئەو زایەڵە هێدی و هێورە لە مێشکیدا بوو بە زڵەزڵ و خشەخش، وەک بێژی لە چاوی کەوتبێت. شانوپێلی پروان، بەڵکوو کۆڵنجەکانی نەرم بێت، بەڵام بێئاکام بوو. هەواڵێکی لە ژن و کوڕەکەی نەبوو، کە بۆ پشوودان ڕۆیشتبوون بۆ نورماندی. ڕەنگە پەیغامیان لەسەر دەزگای پەیامگری ماڵەوە دانابێت، بەڵام دەزگاکە خراپ ببوو و چەند ڕۆژێک بوو شریتەکەی دەخواردەوە. دەبوایە دانەی نوێتر بکڕێت. دانییێل لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە، خەڵک پێش داهێنانی ئەم ئامێرە چییان دەکرد؟ هیچ. تەلیفۆنەکە پەیتاپەیتا زەنگی لێئەدا، کەس نییە هەڵیبگرێت و دەبێت دواتر پێوەندی بگرنەوە.

هەرچی بیری دەکردەوە کە دەبێت بە تەنها شت بکڕێت و پاشان شێو ساز بکات ئەویش لە خانووێکی چۆڵ و هۆڵدا، وەڕەز دەبوو. کاژێر چواری ئەو پاشنیوەڕۆیە کە ئاخرین سیاهەی تێچووی کۆمپانیای سۆژتێکی تاوتوێ دەکرد، بیری لەوە دەکردەوە بڕوات بۆ

---

١. کارۆلین لۆئیب *Caroline Loeb*: دەرهێنەر، ئەکتەر، گۆرانیبێژ و پێشکەشکاری فەرەنسی.

خــواردنگەیکی چــاک، ڕەنــگە کــافەیکی بــاش. ســاڵێک دەبــوو نەڕۆیشــتبووە کــافەیکی خــۆش و ڕازاوە. دوایــین جــار ڤێرۆنیکــا و ژێرۆمیشــی لەگەڵ بــوون. لەو شــەش ســاڵەدا ئەوە خۆشــترین و ماقووڵانەترین پیاسـە و سـەیرانیان بـوو. دەوریـێ چێشـتی دەریـایی شاهانە، بتڵێ خواردنەوەی شەراوی سپی بۆرگەنـدی، بـۆ ژێـرۆمیش کە حەزی لە گوێچکەماسی نەبوو داوای دەوریێ ستەیک و گۆشـتی چەرخ‌کراویان(بەهارات) کردبوو.

"تەنانەت یەک دانەش ناخۆیت؟"

ژێرۆم سەری لەقاند: "نە!"

ڤێرۆنیکا پشت کـوڕەکەی گـرت: " کـاتی زۆری لەپێشـە پیـاوەکە، سەرشاخی مەگرە."

بەڵێ ڕاستی دەگوت،، ژێـرۆم هێشـتا کـاتی هەبـوو. ببـووە کـاژێر هەشت، سەرما و سۆڵەی لەناکاوی زستان شاری داگرتبوو، ژاوەژاو و زڵەزڵی شـاریش وەک دەنگـی هـاتووچۆی ترۆمبێلەکـان گـوێی کەڕ دەکرد. پێشتر چەند جارێ لەم شەقامەوە تێپەڕیبـوو. ملەتـاتکەیکی کرد بۆ نێو بلوارەکە و شەقامەکەی تەنیشتی هەتا دۆزییەوە. ئەوە بوو کە دەیویســت؛ لە حەوشــەی کــافەکەدا گــوێ‌ماســییەکانیان لە یەخەچاڵێک (سەلاجە) هەڵدەگرت و لەویاش دەیان‌خوارد، ئەویـش لە ژێـــر ســـابات‌گەلێـــک کە ســـەربانەکەی ســـوور بـــوو و پێش‌خزمەتەکانیشی بەروانکی سپی بێ‌پەڵەیان لە ملدا بوو.

نە ژنێ نە منداڵێ، لەوێدا شـێوخوانێک تـایبەت و تەواو چـاوەڕێی دەکـرد. ئەو چێشــتەی کە پــێش ژیــانی هاوبەشــی جاروبــار چێــژی

لـێدەبـرد. دوای ژن‌هێنـان مـووچەکەی بەشـی نەدەکـرد بێـتە ئەم شـوێنە خۆشـانە و هەڵـبەت بـۆ ئاسـایی‌تـرین شـوێن رۆیشـتبوو و باشترین چێشتەکانی خوردابوو، بەڵام هەستی نەدەکرد بۆ خواردنی سووسیس، پارچەیەک گۆشت و دەوریێ گوێ‌ماسـی پێویسـتی بەوە بێت کەسێک بێتە هاوقسەی. ڕووناکایی وریشەداری زستان شێوێک وەک هی ژیانی قازاخی مزگێنی ئەدا، چ بـابەتێکی دڵنشـین. لەبەر خـۆیەوە دەیگـوت: پـاش‌نیـوەڕۆیێ سـەڵت و قوڵـت؛ و درکەی ترۆمبێلەگـوڵفەکەی داخسـت. دانییـل لە دۆخـی ئەزمە کردنـی هەسـتی خـۆدۆزینەوەدا بـوو کە مـاوەیەک لەمەو پـێش یەکێـک لە میوانەکانی کەناڵی (٢) ئاماژەی پێـدابوو. میـوان دەروون‌ناسـێ بـوو کە پەرتووکی سەبارەت بە ترس و دڵەڕاوکەی شوێنی کار نووسیبوو و قسەی لەسەر دەکرد. بـابەتەکەی بە دڵـی دانییـل بـوو. ئەو نـانە کە ببووە نێوبڕێ بۆی، ببووە هەلێکیش هەتا سەرلەنۆ خۆی بدۆزێتەوە و ترس لەخۆی دوور بکاتەوە و تەواوی حساب و کتابەکانی کە بە هۆی دووبـارە ڕێـک‌خسـتنەوەی بەشـی دارایـی ببـووە تەنگـژە لەسـەری، لەبیری بکات. ژان مالتارد ببووە بەڕێوەبەر و دانییـل وەک جێگـری، هیچ خاڵێ باش و بەرچاوی لەم هەڵبژاردنەی مالتـارددا نەدەبینـی، نە بۆ ڕێکخراوەکە نە بۆ خۆیشی.

لە کاتی تێپەڕین لە بلـوارەکە بڕیاریـدا، چـی تـرس و دڵەڕاوکەی هەیە لە مێشکی بکاتە دەرەوە. لەبەر خۆیەوە وتی: "هەر پێم نایە نێو کافەکە، ئیدی باسێ لە ژان مالتارد، کۆمپانیا و کورت‌هێنانی تێچوو و ژمـارە داراییەکـان نیـیە. تەنهـا مـن دەمێـنم و دەوریـێ چێشـتی دەریایی ڕۆیاڵ.



لە پشت هەموو مێزەکانەوە، ژن و مێرد، بنەماڵە یان گەشتیار و گەڕیدەگەلێ دانیشتبوون، دەمیان تژی لە خواردن، خەریکی وتوویژ، پێکەنین و دەمەتەقێ و سەرەلەقێ بوون. لە ڕێگەدا بیری دەکردەوە چێشتی دەریایی، ستەیکی ئێسقان لەگەڵ پەتاتەی کوڵاو، چەند لەپار گۆشتی گا و سۆسی بئارنێز داوا بکات.

کاتێکە هاتە ماڵەوە، سەرخزمەتکار کە پیاوێکی قەڵەوی سوێلدرێژ بوو لێی پرسی کە پێشتر مێزی گرتووە یان نە. دانییل کتوپڕ بیر بردیەوە و زانی کاتی دۆڕاندووە، بە کزێکەوە وتی: "وەختم نەکرد". سەرخزمەتکار چاو و برۆی چەپی قلینچەوە کرد و بە وردی چاوی لە خشتەی مێزە دانراوەکانی ئەو شەوەی کرد.

ژنێکی باڵابەرز و قژ زەرد هاتە پێشێ و ئاماژەی بە ناوێ کرد لە پێرستی خشتەکەدا و وتی: سی خولەک پێش ئێستا؛ مێزی دوازدەیەم ناوی خۆی لە داواکاری سڕییەوە. سەرخزمەتکار دیاربوو قەڵسە، وتی نەدەبوو کەسێک بە من بڵێ؟

خانمەکە بە نەرم و نیانییەوە وتی: "پێم وەهابوو فرانسواز پێی وتووی"، ئیدی ڕۆیشت. سەرخزمەتکار ساتێک چاوەکانی نووقاند، تووڕەیی بە ڕوومەتییەوە دیار بوو، پێدەچوو بۆ ئەوە لە هەڵەی کچۆڵە پێشخزمەتەکە زۆرتر تووڕە نەبێت چەند ساتێک پێویستی بە

ماق بوون و بیرکردنەوە هەبوو. پاشان بە دانییێلی گوت: " ئیـزن بـدە مێزەکەتان پێ پیشان بدەم" بە سەر ئاماژەی بۆ پێش‌خزمەتێ کرد و ئەویش خێرا خۆی گەیاند.

تەواوی ڕیستۆرانتەکان ڕوومێـزی سـپی مەیـلەو شـینیان هەیە کە چاو وڕ ئەکات، ڕاست وەک توێژێ بەفر کە نیشـتۆتە سـەر خـوێزایی زەمینی خلیسکانێ. پەرداخ و دەفری زیـوینە بریقەیـان ئەدایەوە. بـۆ دانییێل بریقەی قاپ و قاچاخی سـەر مێـزی ڕیسـتۆرانتە گەورەکـان، وێنـای تەواوی زەرق‌وبەرق و ژیـانێکی بـریقەدار بـوو. پـێش‌خـزمەت مێنـۆ و پێڕسـتی خواردنەوەکـانی هێنـا. دانییێـل بەرگـی چەرمە سوورەکەی مێنۆکەی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی، لەوەی بیری دەکردەوە نرخەکانی زۆرتـر بـوو، بەڵام بڕیاریـدابوو خەمـی ئەم شتانە نەخوات. دێڕی " دەوریـێ چێشـتی دەریـایی شـاهانە " کە لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا بە خەتێکی جـوان نووسرابـوو: گوێچکەماسـی تـایبەت و تـازە، نیـوەی قرژاڵـێ، سـێ جـۆرە شـەیتانۆکەی جیـاواز، مەیگـوو، شـامەیگووی نەرویجـی، جـۆرێ گـوێ‌ماسـی بچـووک، گوێ‌ماسی کەنەدی، گوێ‌ماسی بەردینـە، شـەیتانۆکەی دەریـایی و هتد.

دانییێل پێرستی خواردنەوەکانی وەرگرت و گەڕا بە دووی مارکێکی تایبەتی خـواردنەوەدا، نیـوێکی ئاشـنا هـاتە پـێش چـاوی، بەڵام زۆر گرانتر لەوە بوو بیری لێ‌دەکردەوە. کاتێکە داوای نـان و خـوانەکەی کرد نیوە شووشەی لەو خواردنەوەشـی (شـەراوی سـپی بۆرگەنـدی) داوا کرد. پێش‌خزمەتەکە گوتی: "داوای لێبوردن دەکەم، ئێمە تەنها

بتڵـی پڕمـان هەیە". دانییـل نەی‌دەویسـت ڕژد و چنـۆک بـاتە چـاو؛ "هەر ئەو بتڵە چاکە" ئەمەی وت و پێرستەکەی داخست.

گشـت میوانەکـان ژن و مێـرد بـوون. پیاوەکـان قـات و کراواتـی بۆریـان لەبەر بـوو هەر وەک ئەم، بەڵام هـی ئەوان لەیبڵـی (شـەقڵ) باشـترین دروومـان کارەکـانی پێـوە بـوو. تەنـانەت دەکرێـت بڵێـین قاتەکانی ئەوان هەمووی تایبەتی و دەرزی‌دوور بوون. چوار پیـاو کە لە پەنجا ساڵە دەچوون تۆزێک لەولاتر دانیشـتبوون و وەهـا دیـاربوو کۆتایی ڕۆژێکی پڕ کـار و کێشـە یـان واژۆی گرێبەسـتێکی چاکیـان جێژن دەگرت. هەر چوار پیاوەکە لە پەرداخ‌گەلێکیان دەچەشـت کە لە باشترین خواردنەوەکان بوو، هەموویان بزەیکی دڵنیا و شـاهانەی پیاوانێکی سەرکەوتوویان لەسەر لێو بوو.

لە پشـت مێزێکـی دیـکەوە لە ژێـر چەنـدین ئـاوێنەی گەورەدا، خانمێکی هێژای جل سـوور و پـرچ خورمـایی، گـوێی تەکانـدبوو بـۆ قسەی پیاوێکی موو بۆر. دانییل تەنها لە پشتەوە پیاوەکەی دەبینی، پێدەچوو ژنەکە نیوە و ناتەواو گوێی لە پیـاوەکە ڕاگرتـووە، چـونکە بە جێگەی ئەوە ماق بێت بە پیاوەکەدا، هەر هەیتا و پەسا بەملا و بەولا ملەتاتکەی دەکرد و وادیار بوو ماندووە لە قسەکانی.

پـێش‌خزمەتـی خواردنەوەکـان بە سـەهۆڵدانێکی زیـوینەڕەنـگەوە هاتە پێشێ؛ بتڵی خواردنەوەکان لە ژێر خشتە سەهۆڵەکانەوە خـۆی دەنواند. چێوپەمەی بتڵەکەی بە فیزێکەوە هەڵچڕی و بە لای لووتیدا بردی و بۆنێکی پڕ بە سـییەکانی هەڵمـژی. دانییـل خـواردنەوەکەی تاقی کردەوە، پێ بـاش بـوو. ئەو لەو کەسـانە نەبـوو کە بچـووکترین

چێژەکان لێک بکاتەوە و بتوانێت بە جوانی لە سەری قسە بکات. پێشخزمەتەکە ئامادە بوو داخوازی مشتەریەکەی ئەنجام بدات. دانیێل بە نیشانەی ئەرێ سەری لەقاند هەتا بابەتی خواردنەوەکە کەرەمی باشتر بکات و پێشخزمەتیش بزەیکی بردەوە و پەرداخەکەی بۆ لیپ کرد.

چەند خولەک دواتر پێشخزمەتێکی دیکە هات و چوارپایەیەک بازنەیی لە ناوەڕاستی مێزەکەدا دانا، بە نیشانەی ئەوە کە دەوری و دەفری چێشتە دەریاییەکە بە زووترین کات دەگات. پاشان سەبەتەی نانی چەوان، پەنیری ڕامووکەنی سرکەیی و زیزک (مووسیر) لەگەڵ دەورێ کەرەی نایە سەر مێزەکە. دانیێل پارووێ نانی بە کەرە چەور کرد و ژەندی بە سرکەکەدا؛ نەریتێکە کەوا هەرکات لە ڕیستۆرانت چێشتی دەریایی دەخوارد بە جێگەی دەهێنا. تامی سرکەکەی بە قومێ خواردنەوەی سارد بردە خوارەوە. دانیێل هەناسەیکی خۆشی هەڵکێشا؛ بەڵێ، ئەو خۆی دۆزیبوویەوە. دەوریەکە گەیشت؛ چێشتی دەریایی لەسەر سەهۆڵی وردکراو، جێگەی خۆش کردبوو. دانیێل گوێچکەماسیەکەی هەڵگرت، بە هێمنی کوتێ لیمۆی گووشایە سەریا، دڵۆپێ لیمۆ کەوتە بان پێستی ناسکی گوێماسیەکە و خۆی کژ کردەوە. ئەوەندە بریقە و ڕەنگی گوێماسیەکە ڕای کشابوو بۆ خۆی، ئاگای نەبوو مێزەکەی تەنیشتی بۆ ئەولاتر براوە. کە سەری هەڵبڕی پێشخزمەتە سوێڵ قوتەکەی بینی کە بەدەم مشتەرییکی تازەوە پێدەکەنی. پیاوێ کە ملپێچێ سوور، پاشان کۆت و کڵاوەکەی دەرهێنا و لە مێزەکەی

تەنیشت دانیشتەوە دانیشت. پێش‌خزمەت خێرا پرسی: ئەتەوێ بیانکەمە مێخا.

"نا، نا. هەر لێرە لای خۆم دایدەنێم، ئەڵبەت کاکە ئەگەر بەردەستی ئێوە ناگرێت"؟

دانییل بە دەنگێکی کزەوە وتی:"نە" و هەناسەیکی هەڵکێشا و گوتی: "کێشە نییە، تکایە."

فرانسوا میتران[1] ڕێک لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو.

دوو پیاو لە بەرانبەری سەرۆک کۆمارەوە دانیشتبوون. یەکیان کورتەباڵایکی قەوی و قوڵ بوو، چاویلکە لە چاو و قژلوول؛ ئەویکەیان باڵا بەرزێکی ڕەقەڵەی موو بۆر بوو. ئەمەی دووهەمیان تۆزێ خۆی نەواندەوە و بزەیکی بۆ دانییل بردەوە. دەم‌وچاوی پیاوەکە ئاشنا هاتە پێش چاوی دانییل. کتوپڕ هاتەوە بیری کەوا کێیە. ئەوە ڕۆلاند دۆماس وەزیری کاروباری دەرەوە بوو. لە هەشت مانگی ڕابردوو کە میتران زۆربەی کورسیەکانی پارلەمانی دۆڕاند ئەویش دەسەڵاتی خۆی دابووە ڕکابەرەکەی. دانییل بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیگوت: " ئەمن خەریکم لای سەرۆک‌کۆمارەوە شێو دەخۆم". لەگەڵ خۆیدا خەریک بوو کە بڕوا بە خۆی بهێنێ کە ئەم ڕووداوە گەرچی دوور لە ئەقڵە بەڵام ڕاستییە.

ئەوەندە سەرقاڵی لای‌دەستییە تازەکەی بوو، نەیدەزانی چی دەخوات و چێژی لە گوێ‌ماسیەکە نەدەبرد. ئەم بارودۆخە ئەوەندە

---

١. میتران: بیست‌ویەکەمین سەرۆک‌کۆماری سۆسیالیستی فەرانسا بوو.

سەرسووڕهێنەر بوو بەلایەوە کە هەستی دەکرد ڕەنگە هەر چاوی بکاتەوە لە نێو پێخەفەکەیدا بێت لە ماڵەوە. لە ڕیستۆرانتیشدا هەمووان تێ دەکۆشان ڕاستەوخۆ چاو لە مێزی تەنیشت دانییل نەکەن. گوێماسی دووهەمی کە هەڵگرت بە سیلەی چاو بۆ لای چەپی ڕوانی. سەرۆک کۆمار چاویلکەکەی نابووە چاوی و مێنۆکەی دەخوێندەوە. دانییل ئەو ڕوومەتە بەناوبانگەی لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا تەنها لە گۆڤار، بڵاڤۆک، تەلفیزیۆن و بەرنامەی شەوانی جێژنی پاکی هەموو "۳۱"ی دێسامبری ساڵێ دیتبوو. ئێستا ئەم ڕوومەتە ڕێک لە هەمبەریەوە بوو، تەنانەت دەیتوانی دەستی درێژ بکاتەوە و بیهێنێ بە فرانسوادا.

پێش‌خزمەت گەڕایەوە و سەرۆک کۆمار دە دوازدە گوێچکەماسی و کەلووکی[1] ئەویست. پیاوە قەڵەوەکە پاتەی قارچک و ستەیکێ خاوکوڵی ئاوداری داوا کرد، کەچی ڕۆلاند دۆماس لە ویستی سەرۆک کۆمار پەیڕەوی کرد و ئەویش داوای ئەوانەی کرد. چەند خولەک دواتر پێش‌خزمەتێ کە خواردنەوەی دادەکرد بە دەفرێکی زیوینە ڕەنگی پڕ لە سەهۆڵەوە کە بتڵی خواردنەوەکانی تێدابوو دەرکەوت. سەری بتڵەکەی زۆر شارەزایانە هەڵچڕی و تۆزێکی کردە پەرداخەکەی سەرۆک کۆمارەوە. فرانسوا میتران قومێکی لێ خواردەوە و سەرێکی بۆ لەقان کە تەواوە.

---

۱. کەلووک: ماسی سالمۆن

دانییێل پەرداخێکی بۆ خۆی ڕشت و پێش ئەوەی سرکەی زیزک بکاتە گوێماسییێکی دیکەدا لاملی چاڵ کرد و بینگی نەدا هەتا چقی لە پەرداخەکە بڕی.

" حەوتەی ڕابردوو بە هێلمۆت کۆهێلم ئەوت[1]..." ڕستەیەک بوو دانییێل لە سەرۆک کۆماری بیست، لە حاڵێکدا کە خەریکی خواردنی گوێماسی بوو.

بیری ئەکردەوە کە ئیتر قەت ناتوانێت گوێماسی و سرکە پێکەوە بخوات و ئەم وشانەی گوێ لێبێت:" حەوتەی ڕابردوو بە هێلمۆت کۆهێلم ئەوت".

پێشخزمەتێک، گۆزەڵەیەک بچکۆلەی سووری نایە بەردەم پیاوە عەینەکییەکە، ئەویش خێرا کردیە پەرداخەکەوە، لەو کاتەدا پێشخزمەتێ‌تر بەرخواردەکانی هێنا. پیاوە قەڵەوەکە پاتەکەی تاقی کردەوە و گوتی: زۆر چاکە، پاشان باسێکی لەسەر پاتەی قارچکی کێوی گێڕایەوە. سەرۆک کۆمار گوێماسییێکی دیکەی خوارد و دانییێلیش گیرەی ئەو چێوپەمەیە کە سرۆڕێژ کرابوو کردیەوە و خۆیشی ئامادە کرد بۆ خواردنی شەیتانۆکەکان.

ڕۆلاند دۆماس[2] بە شێوازێکی مانادار وتی: "میشل خواردنەوەی چاکی لە ژێرخانی خانووەکەیدا هەیە".

١. ڕاوێژکاری وڵاتی ئەڵمان لە ساڵەکانی ١٩٨٢ هەتا ١٩٩٨. کۆهێل لە کەسانێک بوو کە هەر دوو ئەڵمانی یەکخستەوە و لە ژێر کاریگەری و ڕێبەرایەتی ئەمدا ئەڵمان چووە نێو بازنەی ئابووری یۆرۆوە. ئەو لەگەڵ میتراندا لە دامەزرێنەرانی یەکیتی ئەورووپا بوون.

2. *Roland Domas*

سەرۆک کۆمار سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کرد. میشل قسەکەی بە تاریفاتی ژێرخانی ماڵەکەی لە قەراخ شارەوە دەست پێکرد، شوێنێکە جگەرەی هەموو وڵاتانی تێدا هەڵدەگرت و سووسیسی وشک دەکردەوە. ئەو سووسیس و جگەرەکانی بە یەک ڕادە خۆش دەویست.

فرانسوا میتران لیمۆیەکی هەڵگووشی و گوتی: "وشک کردنی سووسیس، چ بیرێکی داهێنەرانە!"

دانییێل دەیەمین شەیتانۆکەیشی دا لە گوپ و جارێکی دیکە بۆ لای چەپی ڕوانی. سەرۆک کۆمار ئاخرین گوێ‌ماسیەکانی تەواو کرد و بە دەسەسرێکی سپی بێ‌پەڵە دەور دەمی سڕی و خاوێنی کردەوە.

وتی بە ڕۆلاند دۆماس:" پێش ئەوەی کە لەبیرم بچێتەوە، ژمارە مۆبایلی ئەو هاوڕێمانە وەرگرە".

ڕۆلاند دۆماسیش وتی:" بەڵێ بەچاوان" و دەستی برد بۆ گیرفانی کۆتەکەی".

سەرۆک کۆمار سووڕایەوە بەرەو کۆتەکەی. کڵاوەکەی هەڵگرت و نایە پشت ئەو نێوتانە داریـنەوە کە کورسیەکانی لێک جودا دەکردەوە. دەفتەرێکی بچووکی چەرمینەی لە گیرفانی کۆتەکەی دەرهێنا و هەم‌دیسانەوە چاویلکەکەی نایەوە چاوی و دەستی کرد بە پەڕە هەڵدانەوە.

پەڕاوەکەی بە دۆماس دا و وتی: " ئاخرین ناو، لە لای خواری لاپەڕەکەوە"، ڕۆلاند لێی وەرگرت، بێ قسە، نێو و ژمارەی نووسی، پاشان بە فرانسوا میترانی دایەوە، ئەویش نایەوە گیرفانی.

میشل سەبارەت بە پیاوێ قسەی دەکرد کە نێوەکەی هیچ بەلای دانییێلەوە ئاشنا نەبوو. پێدەچوو دۆماس چیرۆکەکەی پێ خۆش بووە. فرانسوا میترانیش پێکەنی و بە شۆخیان گوتی:" زۆر بۆی داچوویتە "، بەڵام بێژەری هاندا درێژە بدات بە باسەکەی.

پیاوە پانوپۆڕەکە مکوڕ بوو لەسەر ئەوە: " کە دڵنیاتان دەکەمەوە هیچ درۆی تێدا نییە. من خۆم لەوێ بووم"، و ئاخرین کەوچکی پاتەکەی ساوی بە پاروێ ناندا.

دانییێل گوێی بۆ چیرۆکەکە ڕاگرتبوو. هەستی دەکرد لە کۆڕێکی تایبەت و دڵنشیندا دانیشتووە و میوانەکانی دیکەی ئەویا بە هیچ دێنە ئەژمار و لەوێدا تەنها ئەو چوار کەسە هەن.

" دەی ئەتۆ چی دانییێل، تۆ ڕات چییە؟"

دانییێل ڕووی لە سەرۆک کۆمار کرد و قسانێکی دەکرد کە ئەو پێی خۆش بوو. سەرۆک کۆماریش بە نیشانەی ئەرێ سەری بۆ ئەلەقان. پاشان دانییێل دەگەڕایەوە بەلای ڕۆلاند دۆماسدا و بۆچوونی ئەوی دەپرسی، دۆماسیش بە سەر ئەرێ دەکرد و میشلیش بە تامەزرۆییەوە دەیگوت " لەگەڵ دانییێل هاوڕام".

فرانسوا میتران بە سووکێ وتی:" ئەو خانمە زۆر جوان و لەبەر دڵانە".

دانییێلیش بۆ مەبەستەکەی فرانسوای ڕوانی. سەرۆککۆمار سەیری هەمان خانمی پرچ خورمایی جلسووری دەکرد. دۆماس، لە گەیشتنی چێشتی سەرەکی چێژی وەرگرت و لە ژێرەوە سەیرێکی ئەولای کرد. پیاوە کەڵەگەتەکەش هەروەها.

وتی:" ژنێکی زۆر جوانە".

دۆماس لەبەر خۆیەوە وتی:" لەگەڵتام".

دانییێل هەستی دەکرد جۆرێ خاڵی هاوبەشی لەگەڵ سەرۆککۆمار هەیە. فرانسوا میتران هەمان خواردنەوەی داوا کردبوو کە ئەو پێشتر داوای کردبوو، ئێستاش چاوی لە ژنێ بڕیوە کە ئەو پێشتر چاوی تێ بڕیبوو. وادیارە مانایەکی هەبوو کە نەرین و بۆچوونی لەگەڵ پیاوی یەکەمی فەرانسەدا یەکێک بوو. لە ڕاستیدا ڕاگۆڕینەوەی دۆستانە، لە پێداهەڵچوونی ژنێکدا، دۆستایەتی پیاوانە قایمتر دەکات، و دانییێل لەو کاتەدا ئاواتەخواز بوو کەسی چوارەم بوایە لە پشت ئەو مێزەدا، و ئەویش دەفتەر یاداشتێکی بەرگە ڕەشی چەرم پۆشی ڕۆژانەی هەبوایەت کە وەزیری کاروباری دەرەوە بە تامەزرۆییەوە ژمارەی پێوەندی لە ڕووی هەڵبگرتایە. ژێرخانی ماڵی پیاوە قەڵەوەکە نەبوایتە نهێنی لەلای و جاروبار سەردانێ ئەویای بکردایەت و پێش ئەوەی بەناوبانگترین جگەرەی هاوانای چاخ بکردایەت لەو سووسیسانەی بچەشتایەت. سەرۆککۆماری لە پیاسە پاریسیەکانیدا، لە کاتی پەڕینەوە لە قەراخ ڕۆباری سێن یان گوزەرێ لەکن کتێبفرۆشەکانەوە[1] هاوڕێتی بکردایەت، هەردوویان دەستیان

---

1. *Bouquinistes*

بدایته پشـتیان و سـەبارەت بە کاروبـاری دنیـا بئاخاڤتـاین، یـان زۆر سـاکار و خۆمانیـانە ئـاوابوونی خۆریـان لە پـردی هـونەردا[1] چـاو لێکردبـایەت. ڕێبوارەکـان لە پیاسـە دەگەڕانەوە ڕوومەتـی ئاشـنای ئەمانیان چاو لێدەکرد و لەبەر خۆیانەوە دەیـانگوت: " ئەهـا، ئەرێ، دانییێل، فرانسوا میتران چاک دەناسێت....."

"هەموو شتێ بەدڵی ئێوەیە؟"

دەنگی پێشخزمەت خەیاڵەکانی دانییێلـی کـردە پـڵاو. بەڵـێ، لە ڕاستیدا هەموو شـتێک زۆر بـاش بـوو. دەیتـوانی خـواردنی چێشـتە دەریـاییەکەی بە دڵـی خـۆی درێـژ بکـاتەوە، تەنـانەت هەتـا کـاتی داخســتنی درکەکــانی ئەویــا، ئامــادە نەبــوو پــێش ڕۆیشــتنی سەرۆک کۆمار مێزەکەی چۆڵ بکات. ڕۆژێکی دەبینـی کە دەیتـوانی بۆ هەمووانی بگێڕێتەوە:

"مــن لە نــوامبری ١٩٨٦ لە تەنیشــت فرانســوا میــتران لە ڕیسـتۆرانتێکدا شـێوم خـوارد. ئەو ڕێـک لەپـاڵ مـن دانیشـتبوو، زۆر نێزیک. ئەوەندە ڕوون و ڕاشکاو دەمبینـی کە ئێسـتا ئێـوە دەبیـنم". دانییێـل لە مێشـکی خۆیـدا وشـەگەلێکی دەورووژانـد کە دەیویسـت چەند دەیەی دواتر هەر دووپاتی بکاتەوە.

---

1. *Pont des Arts*



دوو کاژێر و حەوت خولەک تێپەڕی. فرانسوا میتران، دۆماس و پیاوە کەڵەگەتەکە لە تاریکی شەودا ون بوون. دانییێل چاوی لێوە بوو کە پێشخزمەتەکە بەوپەڕی ڕێزەوە درکەکەی بۆیان کردەوە هەتا بڕۆنە دەرێ. هەر سێیان خواردنی خۆیان بە کریم بڕۆلە[1] تەواو کردبوو. پیاوە زلەکە جگەرەیکی لە قوتووەکەی دەرهێنابوو، بە نیشانەی ئەوەی کەوا لە دەرەوەی ڕیستۆرانتەکە لە کاتی پیاسەدا دایدەگیرسێنێت. دۆماس ٥٠٠ فرانکی دا.

سەرۆک‌کۆمار پرسی: "بڕۆین؟"

دۆماس هەستایە سەر پێ. کچە جلێرەکە بۆ لەبەر کردنی کۆتەکەی یارمەتی ئەم و میشلیدا. ئاخر میشل بە دەست پشت ئێشەوە ئەتلایەوە، بەڵام سەرۆک کۆمار خۆی کۆتەکەی لەبەر کرد و پاشان ملپێچەکەی خستە دەور ملی. دوای ئەوەی جلەکانی لەبەر کرد، گەڕایەوە سەیرێکی ژنە مووخورماییەکەی کرد. نیگایان تێکەڵی یەک بوو و ژنەکە پێکەنی، سەرۆک‌کۆماریش وەبێ دوودڵی بەڵام لەسەرخۆ بزەیکی بۆ بردەوە، بەس دانییێل نەیتوانی ڕوومەتی ببینێت. هەر سێیان بەرەو درکە ڕۆیشتن. لە ڕیستۆرانتەکە هەرکەسە لەگەڵ لای‌دەستییەکەی خۆیدا سرتەی دەکرد و

١. جۆرێک دێسری بەناوبانگی فەرەنسییە.

خەریکــی قســە و بــاس بــوون، بەڵام بــۆ چەنــد ســاتێ هەموویــان بێدەنگ بوون و ئاخاوتنەکان هێدی بوونەوە. تەواو بــوو! بێجگە لە دەوری خــاڵی؛ کــارد و چەنتەکــان، پەرداخ و دەسەسڕی مووچیــاوە شــتێکی دیــکە نەمــایەوە. دانییــل گــوتی: " ئێســتا ئەم مێــزە وەکــوو مێزەکانیتره." لە چەند خولەکدا کاسە و کەویلەکان کۆ دەکرانەوە، ڕوومێزیەکان دەگۆڕدران و چەند میوانی دیکە لەوێ دادەنیشتن بێ ئەوەی بە دڵیانا بێت و بـزانن سـەرۆک کۆمـار، نـزیکەی یەک کـاژێر پێشتر لە پشت ئەم مێزە دانیشتبوو. دانییێل ئاخرین گوێماسیە نەرم و شــلەکەی کەوا لانــیکەم بیســت خــولەکێ دەبــوو لەســەر وردە سەهۆڵەکاندا چاوەڕێ داکەوتبوو، هەڵیگرت. کەوچکێ چایخوەری سرکەی سووری پێ زیاد کرد و تۆزێک لە دەمیدا گوڵماندی. لە سەر زمانیــدا چێــژی ســوێر و سرکەی تونــد و تێــژ تــێکەڵ بــوو: " حەوتەی ڕابردوو کە بە هێلمۆت کۆهێلم دەوت..." ئیتر دڵنیا بوو ئەم وشانە بۆ تەواوی تەمەنی ئەداتە مێشکی و لەبیری ناکات.

دانییێل دوایین قومی خواردنەوەکەی نایە سـەرەوە و پەرداخەکەی دووبارە نایە سەر مێـزەکە. ئەم شـێو خـواردنە وەک ڕاسـتی نەبـوو لە خەون و خەیاڵ دەچوو. ڕەنگە دانییێل بە ئاسانی لە دەستی بدایەت. ڕەنگە بڕیاری بدایەت و بڕواتەوە بۆ ماڵ و خۆی شێو ساز بکـات یـان شوێنێکی دیکە هەڵبژێرێت، تەنـانەت ئەو کەسـەی کە مێـزەکەی لە پێشدا گرتبوو دەیتوانی لێی سارد نەبێـتەوە و خـۆی بێـت... ڕووداوە گرنگەکانی ژیانی ئێمە هەموو کات ئاکـامی ڕێچـکەیەک وردەکـاری بچـووکن. ئەم بیـر و ویـرانە تووشــی ژانە ســەری کــرد، نەیدەزانــی

ژانەسەرەکەی هی ئەم جۆرە بیرکردنەوانەیە یان هی ئەو یەک بتڵەیە کە خواردبوویەوە؟.

چاوەکانی بۆ چرکە ساتێ نووقاند. پڕ بە سییەکانی چەند هەناسەی هەڵکێشا. شان و پێلی هەڵتەکان و تۆزێک مل خۆی پرواند. دەستی چەپی هەتا ئاست نێوتانە مسییەکانی نێوان کورسییەکان بەرز کردەوە. قامکەکانی لەگەڵ چایی بوونی میلەکەدا، شتێکی دیکەی هەست پێکرد. شتێکی نەرم کە دەنووشتایەوە، شتێکە وەک گوێچکەماسی خۆی خڕ کردبوویەوە. دانییێل گەڕایەوە و سەیری کرد؛ کڵاوەکە هێشتا لەوێ بوو. بە ڕێکەوت چاوی لە درکەی ڕیستۆرانتەکە کرد. سەرۆک کۆمار چەند خولەک پێش ئەویای جێ‌هێشتبوو. کەسێک لە نێو درکەکەدا نەبوو.

فرانسوا میتران کڵاوەکەی لەبیر کردبوو. وشەکان لە مێشکیدا جێگەیان گرتبوو. ئەوە کڵاوی فرانسوا میترانە. لێرە، ڕێک لە تەنیشت تۆدا. بەڵگەیەک بوو بۆ ڕاستی ئەم شەوە و هۆکارێک بەرچاو بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ڕوویدابوو. دانییێل گەڕایەوە و هەم دیسانەوە چاوی بڕیەوە کڵاوەکە، کەوا لە نێوان میلە مسی و ئاوێنەکەدا دانرابوو.

بە جێگەی ئەوە کە سەرخزمەتکار بانگ بکات و پێ بڵێت: " پێم وەهایە مشتەری تەنیشت من کڵاوەکەی لەبیر چووە" و گوێ لە سپاس و پێزانینی بەڕێزانەی ئەوان بێت. هەستی ئاوەزی داگیر کرد و وەهای دەزانی بووە بە دوو کەس و ئێستا دانییێل مێرسیەیکی

دیـکە لە ناوەڕاسـتی ڕیسـتۆرانتدا ڕاوەسـتاوە و شـایەتی بـوویەرێکی سـادە و سـاکارە کە هەتـا چەنـد سـاتێکی دیـکە ڕووئەدات. دانییـل چاوی لە دەستی خۆیەوە بوو کە بۆ لای نێوتانە مسینەکە دەڕۆیشت، لێوارەی کڵاوە ڕەشەکەی گرت و خزاندی بۆ بان پای خـۆی، چـونکە ژێر ڕوومێزیەکە جێگەیەک بوو کە خەڵک چاویان لێوە نەبوو.

تەواوی ئەم ڕووداوانە زۆرتر لە سێ چرکە و نیـوی نەخایانـد، بەڵام بـۆ ئەم ئەوەنـدە سـووک ڕۆیشـتبوو کەوا کـاتێ سـەرلەنۆ ژاوەژاوی ڕیستۆرانتەکە هاتەوە گوێی، وەهای دەزانی کە دوای چەند خولەکی دوور و درێژ لە قووڵایی دەریایەکی بێ‌بـنەوە هـاتۆتەوە بـان. لەشـی گەرم داگیرابوو، دڵی خێرا خێرا لێـی‌ئەدا. بـۆ چـرکە سـاتێ، تـرس و دڵەڕاوکەیکی کتوپڕ هەموو گیانی داگرت. بۆ خۆی بیری دەکردەوە، نەکا ئێستا کەسیک بێتەوە بۆ کڵاوەکە. بادیگاردی تایبەت؟ خـودی سـەرۆک‌کۆمـار؟ ئەو کـات دەبێـت چـی بکـات و چـی بڵێـت؟ چـۆن پاساوی بدات کە ئەو کڵاوە لەخۆیەوە هاتۆتە سەر ئەژنۆی ئەم؟

ئەو ئێستا دزی کردبوو. دوایین جار کە شتێکی دزیبـوو سـەرەتای لاویەتـی بـوو لە ناوەنـدی کڕینـێ لە شـاری کۆربـوا، کە یەکێـک لە هاوپۆلەکـــانی قوتابخـــانەی هەڵـــی‌خڕانـــد و ســـەفحەی(٤٥) گرامافۆنێکی دزیبوو، " کە ئەویش سـترانی ئـالین"[1] بـوو؛ ئەو ئـاوازە بەناوبانگەی کەوا کریستۆف، ئەستێرەی پـاپ داینـابوو. لەو کـاتەوە، کە بـۆ ڕۆژێکـی سـاڵی ١٩٦٥ دەگەڕایەوە هەتـا ئێسـتا قەت ئاوەهـا کارێکی نەکردبوو.

---

1. *Aline*

ئەو کارەی کە ئێستا کردوویە زۆر خراپتر لەوە بوو کە سەفحەیکی مۆسیقا لە سۆپەرمارکەتێ بدزێت و بیخاتە جانتای قوتابخانەکەیەوە. دانییێل بێجموجووڵ لە جێگەکەی خۆیدا دانیشت، چاوی ئەگەڕان بە میوانەکاندا. دڵنیا بوو کە کەسێک چاوی لێ نەبووە. شتێک نەبوو لێی بترسێت، بەڵام دەبوایە پێش ئەوەی بویەرێکی ناخۆش ڕوو‌بدات ئەویا بە جێ بهێڵێ؛ پێش ئەوەی سەرۆک کۆمار بۆ دۆزینەوەی کڵاوەکەی داوا لە کەسێک بکات پێوەندی بە ڕیستۆرانتەوە بگرێت؛ پێش ئەوەی پێش‌خزمەتەکان لە ترسی سەرخزمەتکار هەڵتەک هەڵتەک بێن بۆ لای مێزەکەی ئەو.

دانییێل داوای حسابەکەی کرد وتی بە کارت پارەکە ئەدەم. پێش‌خزمەت بە ئامێری کارت‌خوێنەکەوە گەڕایەوە. دانییێل بە گۆترەیی سەرنجی گوژمەی پارەکەی‌دا. ئیتر هیچ شتێ بەلایەوە گرنگ نەبوو. کۆدەکەی لێدا و قاقەزی دایە دەرەوە. دەستی بە گیرفانیدا کرد هەتا دەست‌خۆشانەی بخاتە نێو دەوریە زیوینەکە. پێش‌خزمەت بۆ پێ‌زانین هێمنانە سەرێکی بۆ نەوی کرد و دوور کەوتەوە.

لەبەر خۆیەوە وتی ئێستا کاتیەتی. زاری وشک بوویەوە، پەرداخێ ئاوی ڕشت و نایە سەرەوە چقی لێ‌بڕی، پاشان بە جوانی کڵاوەکەی لە ژێر مێزەکە دەرهێنا و کردیە سەری. بەڵێ، ڕێک ئەندازەی سەری بوو، زۆر لێی‌دەهات. کۆتەکەی خۆی لەبەر کرد و بەرەو درکە کەوتە ڕێگە؛ هەستی دەکرد لاقەکانی لە شوێنی نایەت و سەرخزمەتکار ڕای‌دەگرێت: "داوای لێبوردن دەکەم موسیۆ! تکایە! کڵاو، کاکە..."

بەڵام وەهـا نەبـوو. دانییـل پـازدە فرانـک دەسخۆشـانەی دابـوو، پـێش‌خزمەتەکـان لە کـاتی ڕۆیشـتنیدا بە ڕێـزەوە سـەریان بـۆ نەوی دەکرد؛ تەنانەت سەرخزمەتکاریش تێکۆشا بزەیکی بۆ بکـات کە بـوو بە هـۆی ئەوە کلـک سـوێڵە بـاریکەکەی تۆزێـک بـڕواتە سـەرەوە. درکەیـان بـۆ کـردەوە و هـاتە دەرەوە بـۆ بەر هەوا ساردەکە، ئێخەی کۆتەکەی هەڵپێکا و بەرەو ترۆمبێلەکەی کەوتەڕێ. قسەی بـۆ خـۆی دەکرد و دەیگوت: "کڵاوی میتران وا لە سەر مندا".

ڕۆییە نێو ترۆمبێلەکە و دانیشت. هێشـتا کـڵاوەکە لە سـەریا بـوو. سەیرێکی ئاوێنەکەی کرد و چەند ساتێک لە بێ‌دەنگیدا ماق ڕاما بە ڕوومەتـــی خۆیـــدا. هەســـتی دەکـــرد تەواو ســـەری لە بەرامێکـــی شـــادیبەخشـــدا دەســـووڕێتەوە و وردیلەکـــانی هەوا، ئەو خانـــانەی مێشـــکیان کە دەمێـــک بـــوو ســـڕ ببـــوون ختـــووکە ئەدا. ســـلفی لە تـــرۆمبێلەکە هەڵســـووڕاند و هێـــدی هێـــدی خـــۆی نـــا بە ئـــامێزی شەوەوە.

دانییـل ماوەیـک لە شـەقامەکاندا لێخـوڕی و پـێش ئەوەی کەوا تـــــرۆمبێلەکەی لە پێنجەمـــــین نهـــــۆمی پـــــارکینگی ژێرخـــــانی باڵەخانەکەیاندا جێ بهێڵێت چەند جار لە دەوروپشـت گەڕەکەکەی خۆیان سووڕایەوە. دەیتوانی چەند کاژێر هەروەها درێـژە بەم کـارەی بدات، مێشکی لە هەموو شتێ پاقژ ببوویەوە. هەستی دەکرد لە بڕوا بەخـــۆ بوونێکـــدا ئەتلێـــتەوە کە بە ڕادەی وانێکـــی پـــڕ لە ئـــاوگەرم، ئارامکەرەوەیە.

لە بەرهەیوانەکەدا لە سەر قەنەفەیک دانیشت و لە نێو شووشـەی تەلفیزیـۆنە کـوژاوەکەدا مـاق ببـوو بە ڕوومەتـی خۆیـدا. بە دیتنـی پیاوێک کە کڵاوێکـی لەسـەردا بـوو و لەوێـدا دانیشـتبوو، بە ئـارامی سـەری دانەوانـد. کاژێرێـک هەروەهـا لەوێ دانیشـت، لە حاڵێکـدا بیری لە وێنەکەی خۆی دەکردەوە، تژی بوو لە هەستێکی ئاسوودە و پڕ لە نهێنـی. کـاژێر دووی بەرەبەیـان پەیـامی خێـزانەکەی لەسـەر پەیامگرەکە هەڵکرد و گوێ بۆ ڕاگرت. بارودۆخ لە نۆرماندی باش بوو، ڤێرۆنیکا و ژێرۆم سبەی دەگەڕانەوە و کـاژێر ٢١:٤٥ خـولەکی شـەو دەگەیشتنە وێستگەی قەتاری سەن لازار. دانییێل جلەکانی دەرهێنا و پاشان کڵاوەکەی داگـرت، بە سەرسـووڕمانێکەوە تماشـای ئەو دوو پیتە زێڕینەی کرد کە لە سەر سیرمەی چەرمی نێـو کـڵاوەکە نـووسرا بوو: ئێف. ئێم (f.m).



سەبارەت بە ئەو شەوە کە بەڕێی کرد، ئاگاداری بە خۆی ئەدا. دەبێت وریا بێت؛ ئەو دەوریە چێشتە دەریاییە شتێک نەبوو بێجگە لە بیستوچوار گوێچکەماسی، نیوەی قرژاڵێک و چەند شەیتانۆکەی دەریایی. دەیزانی ئەگەر خواردنی ئەو شێوە شاهانەیە شی بکاتەوە، ڤێرۆنیکا دەڵێت بۆ ئەو هەموو پارەیەت بە شێوێ داوە. ڕستەگەلێ وەکوو:" کە ئێمە نین چاک بە خۆتدا ڕادەگەیت"، یان " بۆ خۆت جێژن دەگریت و بەسات ڕێک دەخەیت"، لەگەڵ باسەکەی ئەمدا دێت بە زاری خێزانەکەیدا. لە مەبەستی داڕێژراوی دانییێلدا، گەیشتنی سەرۆککۆمار پیرۆزیێ بێ هەمپا بوو و ئەو وتەیە کە لە کاتی خواردنی شەیتانۆکەکاندا بیستبووی:" حەوتەی ڕابردوو بە هێلمۆت کۆهێلم دەوت..." لەلای، وەک فەرمانێکی یەزدانی بوو.

"هێشتا لە شۆکدام".

دانییێل وتی:" شۆک؟ بۆچی؟"

"لەوەی کەوا تۆ ئەو کڵاوەت دزیوە. ئەم کارە بە تۆ ناکەوێ."

دانیێل بە تووڕەییەوە وتی:" من نەمدزیوە"، هەر چەندە خۆیشی بیری وەهای کردبوویەوە. " بهێڵا بڵێین تەنها بۆمان نەگەڕاندۆتەوە."

باسەکە نێزیک دەبوویەوە لە مەبەستەکە، دانییێل تێدەکۆشا بڕوای پێ بهێنێت کە بە نەدانەوەی ئەم کڵاوە کارێ چاکی کردووە، چونکە پێدەچوو ئەو پێش‌خزمەتە سوێڵ قوتە بۆ خۆی هەڵبگرتایە. خرابتر لەوە، ڕەنگە ئەگەر دانییێل نەچوایە بۆی، مشتەرییێکی دیکە هەڵی‌دەگرتەوە بێ ئەوەی کەوا بزانێ خاوەنە بەناوبانگەکەی کێیە.

شێو کردن تەواو بوو. ژێرۆم خەوی لێکەوت، دیسانەوە هاتنەوە ژووری دانیشتن. ڤێرۆنیکا بە سەرنجەوە کڵاوەکەی هەڵگرت و دەستی پێدا دەهێنا، وەک بڵێی کتوپڕ خەمێ دایگرتووە. بە داخەوە بوو کە بۆچی دانییێل زووتر نەیزانی کە فرانسوا میتران کڵاوەکەی لە بیر چووە: ئەو دەیتوانی بڕوات بانگ لە سەرۆک‌کۆمار بکات و خۆیشی، بە بزەیکی لە سەر لێو، کڵاوەکەی پێ‌بداتەوە.

پاشان بە دڵ‌مەنییەوە وتی:" ڕەنگە دۆستایەتییێ لە نێوانتان دروست بوایەت".

"بەڵێ، بەڵام دوور کەوتبوویەوە".

دانییێل بەشی سەرەکی چیرۆکەکەی پێ خۆشتر بوو؛ ئەو بەشەی کە بە لەسەر کردنی کڵاوی سەرۆک‌کۆمار لە سەر خۆی تەواو دەبوو.



دانییێل لە کاتێکدا سەری ئەلەقان وتی:" بەڕێز ماڵتار، من لەگەڵ بۆچوونی ئێوەدا نیم". پاشان دەستێکی لە کڵاوەکەی‌دا، کە لە پێش خۆیەوە لە سەر مێزی گەورەی کۆنیشتەکاندا دانابوو.

ژان ماڵتار و دە ئەندامی دیکەی گرووپی دارایی کە بۆ دانیشتنی کاژێر یازدە خڕ ببوونەوە، زمانیان گرێ‌بەسی تێچوو؛ هەمووان بەودا ماق ببوون. دانییێل ئیزنی‌دا چەند ساتێ بە بێ‌دەنگی تێپەڕێت. پێکەنینێ زۆڵانەی کرد و پاشان دانە دانە تەواوی قسەکانی بەڕێوەبەرە نوێیەکەی ڕەت کردەوە.

چاوی لە خۆیەوە بوو، کە بە بڕوا بەخۆ بوونێکی بێ‌وێنە، سەبارەت بە شێوازە گرنگەکانی ڕاوێژ و ڕامیاری باسی دەکرد؛ ئەوەندە ساکار کە ڕاست وەک گاماسیێ کەوا لە نێوان شەپۆلەکاندا خۆی دەخلیسکێنێت. کاتێکە قسەکانی تەواو بوو، بێ‌دەنگیێ قووڵ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. بێرنار فالگۆ دەمی تاک مابوو، میشل کارناڤان، ترسی شکاند و کۆکەیێ بچووکی کرد و پاشان بە بێ‌هیوایی لە هاوکارە نەشیاوەکانی خۆی، سەر قسەی کردەوە.

" پێم وەهایە دانییێل دڵگرانییەکانی ئێمەی زۆر چاک بە کورتی شی‌کردەوە ".

بێرنارد فالگۆ وەک بڵێی بە تەزووی کارەبایی زرتیان کردبێتەوە، بە پەلە وتی:" زۆر چاک بوو".

ماڵتار بە نەرمیّ سەیرێکی دانیێلی کرد و بە شێنەیی وتی:" کارت باش بوو بەڕێز مێرسیە".

ژان بێرنارد دێزمۆن، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری دارایی، بۆ ئامادە بوونی لەم دانیشتنەدا بە تایبەتی هاتبوو، هەتا خاڵی تەواوکاری بۆ مسۆگەر کردنی مەبەستە نوێیەکانی لە بەشی پاریس‌گەڕی _ باکووری کۆمپانیای سۆژتێک بگەینێتە ئامانج. کاتێکە دانیێل قسەی دەکرد بە تەواوی گویّ بۆ تەکاندبوو و لەو کاتەی کەوا بە ڕاشکاوییێکی تەواو شرۆڤەی دەکرد و دەیگوت نابێت گرووپەکە بکەین بە سێ بەشەوە و هەر دوو بەش بێت تەواوە، ئەو خاڵە گرنگەکانی دەنووسیەوە.

ژان بێرنارد دێزمۆن وتی:" سپاستان دەکەم کە هاتن، دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆتان، بەڕێز ماڵتار، من چەند چرکە کارم بە ئێوە هەیە".

ماڵتار بە پێکەنینیّ ئارام بەڵام درۆینە، هاوڕایی خۆی پیشان دا و پاشان بە لاتیڕەوە بۆ دانیێلی ڕوانی.تەنها بێرنارد فالگۆ ئەو لاتیڕ کردنەوەیە بینی کە بەڕێوەبەری نوێی گرووپی دارایی لە جێگرەکەی خۆی کرد. هەر کە هەموان لە ژووری کۆنیشتەکە چوونە دەریّ، فالگۆ باڵ دانیێلی گرت.

وتی:" پۆرتیت شکاند! چاکت بە ماڵتارکرد!"

دانییێل لە حاڵێکدا چاوی پرتەپرتی دەکرد، گوتی:" نا، نا؛ وەها نییە".

فالگۆ مکوڕانە دەیگوت:" بۆچی نە، چاکت پێکرد. ئەو ئیتر دەرکراوە، گومانت لێ نەبێت. تۆ هەمووو باسەکەی ئەوت خراپ کرد".

هاوکارەکانی تەموورەیان لێدابوو هەتا پیاوێکی بە سام و هەیبەتی تێدا بدۆزنەوە کە دەیتوانی باشتر لە هەر نوێنەرێکی یەکێتی (ڕادیکال) یان باشتر لە زاناترین پارێزەر لە ویست و خواستەکانیان بەرگری بکات. ئەوان هەڵسوکەوتی هێدی و هێمنی دانییێلیان بەرز نرخاند، دڵنیایی و شێوازێ سەرنجڕاکێش کە بە ئەوپەڕی لێزانییەوە بۆ وتنی کەموکوڕییەکان بەکاری هێنابوو.

میشل کارناڤان وتی:" قسەی تێدا نەبوو".

دانییێل گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، لەسەر کورسیەکە دانیشت، دەستێکی هێنا بە کڵاوەکەدا کە ڕێک لە بەردەمیا بوو لە سەر مێزەکە؛ خەریک بوو لە ئاسوودەیی ژوورەکە چێژی دەبرد، چاوەکانی نووقاند. هیچکامێ لەو ترس و دڵەڕاوکانەی سەردەمی منداڵی کە لە مێشکیدا بوو بە بیریدا نەدەهاتەوە. بەرەڤاژی، هەستی بە ئاسوودەیێ تەواو دەکرد. چەند ڕۆژ لەمەو پێش بوو کە لە ترسی بەرەوڕوو بوون لەگەڵ ژان ماڵتار زەختی خوێنی هەڵکشابوو و ئاخرین پارووی نانی نیوەڕۆی لێ کردە زکێشە. بۆ دواوە گەڕایەوە و دیسانەوە ئەو دەمەقاڵەیە لە بیری خۆیدا لێکدایەوە. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بۆ پیت، وشە یان هۆکارێ کە ببوو بە هۆی ئەوە وتووێژەکە بە

ماڵتار بدۆڕێنێ هەر سەرکۆنەی خۆی دەکرد. لە کۆتـایی ڕۆژدا تەواو بێ گوڕ و تین داکەوتبوو.

ئێستا وەها نەبوو. هەستێکی باشی هەبـوو، وەک کەسـێک کە لە زەردەپەڕێکی هاوین لە کەناری بەسـتێنێکدا لەسـەر لم و زیخەکـان پیاسە بکات. تازە ئەم دۆخە زۆر نامۆ نەبوو. ئێژی دانییـل مێرسـیەی ڕاستەقینە لە کۆتاییدا پێی ناوەتە نێو ڕوونـاکی ڕۆژ. دانییێلـی پێشـوو تەنهـا نمـوونەیکی هەڵە و نـاتەواو بـوو. کرکـرەی پەنـجەرەی دابـان، هەتـا هەتـاوی زسـتانە بێـتە نێـو ژوورەکەی و جـارێکی دیـکە خـۆی خەریک کرد بە دۆسیە داراییەکانی کۆمپانیای سۆژتێکەوە.

کـــاژێر لە حەوت لایـــدابوو کە ژان ماڵتـــار بـــێ ئەوەی کە درکە بکوتێ، درکە شیشەییەکەی ژووری جێگرەکەی کـردەوە و بە سـارد و سـڕییێکەوە وتـی:" بە تەمـای شـەویش لێـرە بمێنیـتەوە؟ جێگرەکـان زیادەکارییان نییە..."

دانییێل سەیرێکی کرد:" دۆسیەی سـووفرێم تەواو بـکەم دەڕۆمەوە بۆ ماڵ".

ماڵتار قسەکەی پچڕی:" سبەی کـارەکەی بـکە. هەسـتە یـاریەکە تەواوە. تەواو بەشەکە چوونەتەوە ماڵ، تۆیش هەستە".

دانییێل بێ ئەوەی نکە بکات هەستا، سەری پێنووسـە پـارکرەکەی کەوا پیتی یەکەمی نێوی خۆی لە سەری هەڵکنرابوو و دیاریێ بوو بۆ پێنجەمـین سـاڵی ژیـانی هاوبەشـیان لە لایەن ڤێرۆنیکـاوە نـایەوە. کۆمپیتەرەکە و مینیتێلەکەی کوژانەوە و ئادابتۆرەکەی لە کارەبـاکە کێشا. کڵاوە نەوگینەکەی کـردە سـەری. بـۆ خـۆی بیـری دەکـردەوە

کـاتێ کـڵاو لە سـەر دەکەیـت لە هەمـبەر کەسـێکدا کـڵاوی نیـیە هەست بە هێز و دەسەڵات دەکەیت.

هەر وەهـایش بـوو، ژان ماڵتـار بە شـێوەیکی بەرچـاو بچـووکتر دەبینرا. پێدەچوو لە بەرچاوی دانیێل بەژنی دەچێـتە ئـاو (بچـووکتر دەبێـتەوە)، وەک مێـروێ کە دەکەوێـتە نێـوان تـووکی فەرشـێک و ناتوانێ بێتەدەرێ و بە تووڕەییەوە گیزەگیز دەکات. تەنها دەبوایە کە دانیێل پێی پێدا بنێت.

کتوپڕ ماڵتار وتـی:" دڵـت پێـوە نیـیە هەروەهـا بـڕۆی". پاشـان بە پێکەنینێکی ناخۆشەوە وتی:"چـاوەڕێی هەواڵێـک لە دێزمـۆنەوە بـێ بۆت، وەها نییە؟"

" پێشتر بانگی کردووم...".

ئەو قسـەیە بـۆ ماڵتـار، وەک ئەوە وابـوو دابێتـی بە سـەریدا. ئیـتر متەقی نەکرد و مـاق بـوو بە دانیێلـدا. بە نەرمە نەرم وتـی:" دێزمـۆن پێوەندی پێتەوە کرد".

دانیێل کە خەریک بوو کۆتەکەی لەبەر دەکرد، گوتی:" بەڵێ".

" چی ئەویست؟"

" ڕۆژی هەینی، پێکەوە نانی بەیانی بخۆین".

ماڵتار لە ژێر لچەوە وتی:" نان بەیانی لەگەڵ تۆ؟" ئێژی قسەیکی کردبوو کە بەرز وتنی پێدەچێت خراپ بشکێتەوە بە سەریدا.

"بەڵێ. هەر ئەوەی گوت".

دانییێــل خــۆی نەوانــدەوە بــۆ جانتــاکەی، هەتــا دۆســیەیەکی تێبخات. بێدەنگیــێ هــاتە گــۆڕێ، پاشــان بەنــی جانتــاکەی قــایم کردەوە و داخستنی هەڵگر و تەقەی دەرگاکەش هێمای ڕۆیشتن بوو. هەردوویان بە ئاسانسۆرەکە ڕۆیشــتنە خــوارێ، بــێ ئەوەیــکە پــێکەوە یەک قسە بکەن. لە بەر درکەکەدا بێ دەست دانەوە و تەوقە کــردن لێــک جــودا بــوونەوە. ماڵتــار دەیڕوانــی بە شــوێن دانییێلــدا کە دوور دەکەوتەوە، پاشــــان ڕۆیشــــت بــــۆ نێــــزیکترین کــــافە و داوای خــواردنەوەیکی تیــژی کــرد. وێــنەی جێگــرەکەی بە کــۆت و کــڵاوی ڕەشەوە بە درێژایی شەو هەر لە پێش چاویدا بوو.



سکرتێرەکە سەبەتەی نانی کرواسانی هێنا لەگەڵ هێلکەگەلێ کە ئێژی کڵاوی تووکینەیان لە سەردا بوو. دانییێل وەها بیری دەکردەوە کە ڕازاندنەوەی هێلکەکان بەم سنگ‌چنانە[1] بۆ ئەوەیە کە پلەی گەرمییان پارێزراو بێت. دەبوایە بۆ ڤێرۆنیکای باس بکات. ژان بێرنارد دێزمۆن لە هەمبەریەوە دانیشتبوو. هەردوویان لە نهۆمی هەژدەی باڵاخانەی سۆژتێک، کە دەیڕوانی بە سەر شاری پاریسدا، لە سەر کورسیێ سپی و چەرم‌پۆشی گەورە دانیشتبوون. بێ‌گومان، هەبوونی نووسینگە لە لووتکەی تاوەرێکی ئاوەها بەرز و بڵیندا، هەستی سەرتر بوون بە خاوەنەکەی ئەدات. دێزمۆن کڵاوی سەر هێلکەکەی لابرد و وتی: "دەست پێبکەین." پاشان پێکەنی و وتی: "من لەسەر ڕادەی کولاوییان زۆر هەستیارم".

دانییێل، کەوتەوە بیری کە نابێت وەک ئەو کاتە کە وا لە ماڵەوە، بە چەقۆیەک سەری هێلکەکە ببڕێت، لە پڕا بیر بردیەوە کە ئەمە باشترە. کڵاوەکەی هەڵگرت و کەوتە گیانی توێکڵە هێلکەکان.

---

١. سنگ‌چن: شتێکی بەنینە کە بە سووکە، سنگ یان قولاب بچنرێت.

"دێزمـۆن وتــی، نـامەوێ زۆر بـۆی دابچــم بەڵام زۆر کەوتمە ژێـر کاریگەری لێکدانەوەکەت سەبارەت بە داڕێژەکانی بەشی دارایی".

دانییێل وڵامێکی سـادە و شـیاوی پـێبـوو بەڵام پـێش ئەوەی کەوا قسە بکات، دێزمۆن قسەکەی پێبڕی و وتی: "پێویست ناکات شتێ بڵێی. بە درۆ خۆ خاکەڕا نیشاندانت لێ نایەت، منـیش لەو کەسـانە نـیم کە بە دوای پێـداهەڵچوون و تاریفـاتەوە بـم. قـاوە؟" سـەرۆک کـووپێ قـاوەی بـۆ ڕشــت. ئەگەر چەنـد ڕۆژ لەمەو پـێش کـاتێ کە دانییێل لە نهۆمی حەوتەم لە سـەرەی دزەگـای قـاوەڕێـژدا، چـاوەڕێ ئەوە بوو هەتا پەرداخێکی پلاستیکی دەستی بگرێـت، پێـت بگوتـایە کە ڕۆژێ دێزمۆن قاوەت بۆ ئەڕێژێ، تووشی سەرسووڕمان دەبوو.

دێزمۆن پارووێ نانی کرواسانی ژەند بە قاوەکەدا و پاشان لە زاری نـا و باشـتر لە هەر ئەسـتێرەگەر و کەلووناسـێ داهـاتووی دانییێلـی شـیکـردەوە بـۆی: "دەزانـی مـن شـتانێک سـەبارەت بە مرۆڤەکـان دەزانم". ئەو بـڕوا بەخـۆ بـوونێکی وەک ئەو کەسـانەی هەبـوو کە لە نهۆمە سەرووەکانی باڵاخانە گەورەکانـدا کاریـان دەکـرد. کەوتە نێـو بیر و خەیاڵان: "مرۆڤەکان و بازرگانی" و درێـژەی پێـدا: "لە ڕسـتەی کــاری ئـێمەدا سەرسـووڕمان زۆر نیــیە. کەسـەکان هەر لە سـاڵی یەکەمدا دەبنە بنێشتەخۆشەی دەمـی خەڵـک، پاشـان یـان پـێش-دەکەون یان پاشدەکەون، بەڵام کەلەجانی تێدا نیـیە. لە مەبەسـتم تێدەگەیت؟"

دانییێـل کە دەمـی پـڕ لە نـانی کرواسـان بـوو بە نیشـانەی ئەرێ سەری بۆ لەقان و لە مەبەستی دێزمۆن تێگەیشت.

دێزمۆن هەستا هەتا قاوەیکی دیکە بۆ دانییێل تێ بکات. لەو کاتەدا وتی: "قاوە خواردن زۆر گرنگە. بالزاک ڕۆژێ چەند لیتر قاوە دەخواتەوە. کار و کتێبەکانی بالزاکت خۆ خوێندۆتەوە."

دانییێل جەختی کردەوە: "هەڵبەت کە خوێندوومە". ئەو لە ژیانیدا قەت بالزاکی نەخوێندبوویەوە.

"تۆ کەسێکی ژیر و لێزانی. بۆچی کۆمپانیای سۆژتێک پۆستێکی گرنگترت ناداتێ؟ ئەتۆ دەبێت هەلێکی شیاوت هەبێت کە بگونجێ لەگەڵ هەبووەکانی خۆت".

"پلە و پایە، مەبەستت ئەوەیە کە..."

دێزمۆن قسەکەی پێ بڕی و وتی: "ماڵتار، کەرێک تەواوە. هەر کەسێ دەتوانێت لەمە تێ بگات. بەڵام بە چەند هۆکار کە پێوەندی بە تۆوە نییە و زۆریش من حەزم لێ نییە، ئەبێت لە شوێنەکەی خۆیدا داینێم. لە لایەکی دیکەوە، دەمەوێ پلەت بەرز بکەمەوە بۆ پلەی بەڕێوەبەری دارایی."

دانییێل ماق ببوو پێیدا. نانی کرواسانەکەی لە نێوان قاوە و کووپەکەدا شندل ببوو.

"دانییێل! ئەمەوێت بتکەم بە بەڕێوەبەری یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکانی کۆمپانیاکە. دەزانم تۆ دانیشتووی پاریسی، بەڵام ئەمە هەموو شتێکە کە دەتوانم پێشنیاری بکەم پێتان. پییێر

مارکوسی بەرپرسی بەشی شاری ڕۆئێنە[1]. بەڵام بە هۆی نەخۆشییەوە بڕیارە بڕوات. ئێستا ئەویا بەرپرسی نییە. ئەتۆ کارەکەت لە مانگی ژانقیەدا دەست پێدەکەیت".

کڵاوەکە هۆکاری ئەو ڕووداوانە بوو کە لە چەند ڕۆژ لەمەو پێشەوە بۆ دانییێل کەوتبوو. ئێستا ئیتر دڵنیا بوو لەو ساتەوە کڵاوەکەی کردۆتە سەری، بۆتە قەڵغانێک بۆی لە هەمبەر ناخۆشییەکانی ژیان، هەر بۆیە هێدی و هێمن‌تر ببوو. هزر و بیری کراوەتر ببوو و دەیتوانی بڕیاری گرنگتر بدات. ئەو بە بێ کڵاو نەیدەتوانی و ترس بەری نەئەدا وەکوو ئەو ڕۆژە لە کۆنیشتەکەدا لەگەڵ ماڵتار قسە بکات. قەت بیری نەدەکردەوە لەگەڵ دێزمۆن لە نهۆمی هەژدەی ئەو تاوەرەدا نان و هێلکە بخوات. ئەو بە شێوەیکی سەرسووڕهێنەر هەستی دەکرد شتێک لە بوونی سەرۆک کۆمار لەو کڵاوەدایە؛ شتێکە ئەقڵی تێناچێت، ڕەنگە خانەیەکی بچووک کە نابینرێت؛ بەڵام هەرچی هەبوو هێزی گۆڕانی چارە و قەدەری تێدا بوو.

دانییێل لە ژێر لچەوە بە کڵاوەکەی وت: "سپاست ئەکەم"، ئێژی لەگەڵ سەرۆکەکەی خۆیدا قسەی دەکرد.

دێزمۆن ئاخرین پاروەوە نانی کرواسانی خوارد و وتی: "وادیارە کارەکەت قبووڵە؟"

"قبووڵی دەکەم".

---

[1]. *Rouen*: شارێکە لە فەرانسا.

"زۆر باشە!"

ئەمەی گوت و دەستی بۆ داکێشا. پاشان خۆی نەواندەوە هەتا یەکێک لە هێلکە بێ کڵاوەکان هەڵبگرێت و بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەمەیان هی منە!" دیژمۆن بە شان کەوچکەکە چەند تەقەی لە نووکی هێلکەکە دا. لە سەریەوە کونێک دروست بوو، سەری خستە پشتا و هێلکەکەی نابە سەرەوە و هەڵیقوڕان. "هەموو ڕۆژێ بەیانی، هێلکەیەک خاو، چێژێکی بچووکە بۆ من". ژان بێرنارد دیژمۆن ئەم ڕستەیە بە شێوەیک وت وەک بێژی داوای لێبوردن دەکات.



پێش ئەوەی مانگی نوێ دابێت، دانییل، ڤێرۆنیکا و ژێرۆم لە وێستگەی شەمەندەفەر بوون. ئەم جارە چاوەڕێی قەتاری ژمارە ٠٦٧٨١ بوون کە بۆ لێهاڤر[١] دەچوو و یەکەم ڕاوەستانی لە شاری ڕوئێندا بوو. پێنج چەمەدانەکەیان وەها ئاخنی بوو لە شتومەک، لەوەدا بوو بەربن، کەل‌وپەلەکانی نێو ماڵەکەیان لە لۆریێ بچووک خست کە هی شەریکەیکی کۆچوبار گواستنەوەی برۆتانیایی بوو. دانییل بە کڵاوە ڕەشەکەیەوە سەیری ڕێگە ئاسنییەکەی لەو دوور دوورانە دەکرد و چاوەچاوی ئەو واگۆنانە بوو کە بڕیار بوو ئەوان ببات بەرەو شوێنی نوێی ژیانیان کە لە شوێنێکی دیکەدا بوو. ڤێرۆنیکا باڵی دانییلی گووشا. ژێرۆم لووتی هەڵماساندبوو و ئاوری دەکردەوە، چونکە ئیتر نەیدەتوانی هاوپۆلەکانی قوتابخانەی ببینێت.

لە درێژەی ڕێگەدا، دانییل بیری لەو ساڵانە دەکردەوە کە لە نهۆمی سێهەمی کۆمپانیای سۆژتێکدا کاری کردبوو. هاوکارەکانی، میوانییێکیان ڕێ‌خستبوو هەتا دیارییێکی پێ بدەن بە بۆنەی ماڵاوایی کردن و لەیەک جودا بوونەوە: ئابوونەی یەک‌ساڵەی کەناڵی تیڤی پلاس. لە دوو ساڵی ڕابردوودا، کردنەوەی ئەو کەناڵە پوولیە،

---

١. *LeHavre*: شارێک لە فەرانسا.

شۆڕشێکی لە ئاخاوتنەکانی نێو ئیدارەدا بەدی هێنابوو. لە بەشی ژمێریاری، دانییێل بۆی نەدەکرا لەسەر ئەو کاریگەرییە کتوپڕانەی کە لە سەر زانیاری گشتی هاوکارەکانی هەیبوو چاوی ببەستێ. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنەکان دەیگوت سەیر کردنی ئەم کەناڵە وەک بینینی فلۆرانس لەسەر هەموو کەسێکە. بێرنارد فالگۆ و میشل کارناڤان ڕۆیشتبوونە نێو بەرنامەکانەوە و دانییێلیش تەنها شتێکی نامۆی لە سەریان بیستبوو. لە تەنیشت دەزگای قاوەکوڵێنەکەدا باس باسی ئەو فیلمانە بوو کە یەک ساڵی ڕابردوو لە سەر پەردەی سینەما پیشان درابوون و ئێستا لەو کەناڵەدا نمایش دەکرانەوە. ئەوانەی کەوا کەناڵەکەیان هەبوو دەیانتوانی سەبارەت بە فیلمەکان بئاخڤن. خەڵکی دیکەش کڕوکپ تەنها گوێیان لە قسەکانیان دەگرت. ئەو کەسانەی کە کۆدشکێنیان هەبوو بە سەرسووڕمانەوە دەیانپرسی:" بەرنامەکەت نەدی؟"

"من کەناڵی تیڤی پڵاسم نییە".

ئەم بەرسڤەش دانپیانانێکی ناخۆش بوو کە دەبوایە خووی پێوە بگرێن. ئێستا دانییێل بڕیار وەها بوو کەناڵی تیڤی پڵاسی هەبێت. نامەی بەخێرهاتنی کەناڵەکەی پێ گەیشتبوو؛ بە سەردێڕی: "ئەم کەناڵە، کەناڵێکی ئاسایی نییە." بە ئەندام بوونی لە ڕیزەکانیدا پیرۆزبایی گوتبوو. تەنها کارێک کە پێویست بوو بیکات ئەوە بوو بڕوات بە شوێن یەکێک لە دابەشکارە فەرمییەکانیان لە شاری ڕۆئێن. هەر کە نامە و ژمارەی بەشدارییەکە پیشان بدات ئەوانیش کۆدی پیرۆزی ڕەمزشکێنی پێشکەش دەکەن. لەو ساتە بەدواوە،

دانییێلیش دەیتوانی لە سەرەی دەزگای قاوەکوڵێندا وەک هاوکارەکانی دیکەی سەبارەت بە بەرنامەکانی شەوی ڕابردوو یان فیلمی کاژێر ٢٠:٣٠ قسە بکات. تەنانەت دەیتوانی لە هەندێ کەسیش بپرسێ:" ئەو کەناڵەت هەیە؟ ئەی خوا، دەبێت وەری‌بگریت".

ئەو جۆرە کە پێیان وتبوو، خانووە تازەکە، یەک ژووری زۆرتری لە ماڵە کۆنەکەیان هەبوو؛ ئەو ماڵەی کە لە گەڕەکی پازدەیەم، دوازدە ساڵ تێیدا نیشتەجێ بوو. خاوەن ماڵەکە دەستی کردە بۆڵەبۆڵ و خوتە کردن کە بۆچی لە ناکاو دەڕۆن، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ژێرۆمیش لە خاوەن ماڵ خراپتر بە گژیاندا چوو. دانییێل لە وڵامی ئەم هەڵسوکەوتانەدا بەردەوام دەیگوت: "زۆر بەداخەوە، بەڵام لە ژیاندا بارودۆخی ئاوەها دێتە ئاراوە..."، وریا بوو کە وشەکان نیمە و ناتەواو و پڕ لە مانای نەوتراو دەرببڕێت. پیاوێکە ئەوەندە پێچ و خاوەن سڕ و نهێنی بێت بێ ئەوەی بەرگری بکات، دەتوانیت چی بڵێیت؟ بێ‌گومان هیچ.

کاتێ کە گەیشتنە ڕۆئێن ناوەندی نورماندی، دانییێل ناونیشانەکەی بە ئاژۆکاری تەکسییەکە دا. پاش چارەکێ ڤێرۆنیکا لای‌کردەوە بە لای دانییێلدا و تۆزێ ڕووی گرژ کردبوو و دانییێلیش ئاشقی ئەم شێوەیە بوو؛ وتی: "پێم بڵێ...کوانێ کڵاوەکەت؟"

دنیا رووخا بە سەریا. مووچرکێ هات بە گیانیدا، ئارەقێ ساردی دەردا، وەک بێژی فریشتەی گیان‌کێشی دیتبێت یان گیانێ لە لەشیەوە دەرچووبێت. بە جوانی لە بیریدا بوو کە کڵاوەکەی لە

شـوێنی کەلوپەلـی نێـو شـەمەندەفەرەکە دانـابوو، ڕێـک لە بـان سەریەوە. کڵاوەکەی خۆی، کـڵاوەکەی میـتران. دانیێـل کە هێشـتا خووی نەگرتبوو بە هەبوونی کڵاو، کاتێکە دابەزیبوو لە بیری کردبـوو هەڵیگرێت. ئەویش هەڵەکەی سەرۆک کۆماری دووپات کردبوویەوە. بە تـرس و تـووڕەییەوە ئـاخێزێکی کـرد: "دەبێـت بگەڕێیـنەوە. خێـرا بگەڕێـــوە." پــژۆی "٣٠٥" بە یەک ســووڕی خێـــرا گەڕایەوە بەرەو وێســـتگە. دانیێـــل لە تـــڕۆمبێلەکە خـــۆی هەڵـــدایە دەرێ و بەرەو وێســـتگەکە هەڵات. هەواڵێکـــی خـــۆش چـــاوەڕێی نەبـــوو. قەتـــار وێسـتگەی جـێ‌هێشـتبوو و کەسـیش کڵاوێکـی نەدابـوویە شـوێنی کەلوپەلە ونبووەکان.

ڕۆژ و حەوتە و مانـگ لەسـەر یەک تێـپەڕی. دانیێـل پێوەنـدی بە بەشی ناوەنـدی کەلوپەلە ونبووەکـانەوە گـرت. ژمارەکەیـانی لەبەر کردبوو ئەوەندە پێوەندی گرتبوو، ئیدی تێگەیشـت قەت کـڵاوەکەی میتران نابینێتەوە.



هەر ئەو شەوە، فانی مارکوانت سواری ئەو شەمەندەفەرە بوو کە لە لێهاڤێرەوە بەرەو پاریس سەن لازار دەڕۆیشت. جانتاکەی لە بان سەری کورسی ژمارە ٨٨ دانا. ڕێک لە هەمبەریەوە، لە سەر کورسی ژمارە ٨٦ پیاوێکی قژدرێژ دانیشتبوو بە واکمەنێک و چاویلکەیەکی شووشە ژووڤەوە[١]. میدالیای سەر کۆتە چەرمینەکەی هەر وێنەی ژەنیار و گۆرانیبێژە بژۆڵ و ڕەنگ هەڵپڕووسکاوەکان بوو کە ئەوانیش خۆیان جلی چەرمینەی ڕەشیان لەبەر دەکرد. فانی دەیتوانی لە هێدفۆنە نارنجیەکەی ئەو کابراوە زایەڵەی ئاوازی ئەو سەربەزمە بە ناوبانگەی ئەورووپای گوێ لێ بێت. ئەڵبەت فانی دەنگی میلێن فارمێری[٢] پێخۆش بوو. دەنگ و دنیای ئەو ژنە قژسوورە بە چاوە ئاڵۆزەکانیەوە، لە ژەنینی گیتاری ئەو گۆرانیبێژە قژدرێژانەی هاردڕاک زۆرتر بە دڵیەوە دەنیشت. مرۆڤ هەستی دەکرد میلێن فارمێر کەسێکی ڕۆشنبیرە و ئێدگار ئالێنپۆ[٣] و

١. شووشە ژووڤ: شیشە جیوەای
٢. ژنە سترانبێژ، نووسەر و ئەکتەری سینەمای فەرانسا. هەتا ئێستا ٢٥ ملوێن تۆماری لە گۆرانییەکانی خۆی فرۆشتووە و لەم بارەوە سەرکەوتووترین ژنی گۆرانیبێژی مێژووی فەرانسایە.
٣. نووسەر، شاعیر، هەڵەگر و ڕەخنەگری ئەمریکایی.

بۆدلێریش[١] چاک دەناسێت. شتێکە کە فانی خۆی پێی ناخۆش نەبوو، چونکە خۆیشی هیوایەتی خوێندن و نووسین بوو.

فانی لە جانتاکەیدا دەفتەرێ بەرگ سوور، کە یاداشتەکانی ڕۆژانەی تێدا هەڵدەگرت دەرهێنا. لە سێ لاپەڕەی سەرتای ئەم دەفتەرەدا چیرۆکێ خەماوی نوسیبوو بە نێوی"ئێدوارد" . کێبەرکێی چیرۆکنووسی بالبێک خەڵاتی سێهەزار فرانکی بۆ کەسی براوە دانابوو لەگەڵ چاپ کردنی لە پەراوێزی ڤێستفرانسدا.[٢] بڕیار وەها بوو مانگی مارس لە گراند هۆتێلی کۆبۆرگدا خەڵاتەکە بدرێت. فانی لەو ڕۆژەوە کە لەبیری بێت هۆگری نووسین بووە. سەرەتا لە دەفتەری بیرەوەریدا کە بەرگەکەی دائەخرا دەینووسی. پاشان شتی باشتری نووسی، بەڵام پیشانی کەسی نەئەدا هەتا لە ئاکامدا ترس بەریدا و هەناردنی بۆ کێبەرکێی چیرۆکنووسی. چیرۆکی "چەپکەگوڵ" هەنگاوێکی سەرکەوتووانە بوو، خەڵاتی نەبوو بەڵام هەتا پێش ئەوە ئەوەندە هەستی بە شادمانی و گەورەیی نەکردبوو. چیرۆکی "گۆڕانی ناوونیشان" لە کێبەرکێیکی ناوچەییدا پلەی سێهەمی هێنا و "داونیوەڕوێ لە لەنگەرگەدا" لە فستیڤاڵی شانۆی لێهاڤێر[٣] بە دەنگی بەرز خوێنرایەوە.

مژاری کێبەرکێی ئەمساڵی پریکس بالبێک "چیرۆکێکی ڕاستەقینە" بوو و فانیش دەیویست بۆ خەڵکانی داهاتوو بنووسێت

---

١. لە ناودارترین نووسەرانی ڕێبازی سیمبۆلیسم.
٢. *Ouest-France*: ڕۆژنامەیەکی پڕچاپ و فرۆشی فەرانسا کە لە شاری ڕێن چاپ دەکرا.
٣. *Le Haver*: شارێکە لە وڵاتی فەرانسادا.

کە چلۆن ئێدوارد هاتۆتە نێو ژیانیەوە. فانی سکرتێری دایەرەیکی دارایی بوو لە لێهاڤێر، دوو ساڵ و پێنج مانگ و دوو حەوتەیەک دەبوو کە لەگەڵ ئێدوارد لانییێر ئاشنا ببوو. ئێدوارد لانییێر لە پاریس، بەڕێوەبەری کۆمپانیای شیرەمەنی شامبۆرسی بوو، برەندێکی بەناوبانگ کە لە پڕوپاگەندەی تەواو بیلبۆرد و تەلفیزیۆنەکاندا ئەیدایە چاو. ئێدوارد ژن و منداڵی هەبوو.

سەرەتای ئاشنا بوونیان زۆر سەرەڕۆیانە بوو و بە فانی گوتبوو: "خۆشتم ئەوێ، ئەمەوێ لە خێزانم جودا ببمەوە و..." ساتێکی شێتانە لە یەکەمین خۆشییەکانی ئەویندارییدا. ئەو ئەوەندە بێ ئەزموون بوو بیری دەکردەوە ئەو جۆرە کە ئەو دەیەوێت ژیان تێپەڕ دەبێت، بەڵام کاتێکە لە وشە بەلاڕێبەرەکانی خۆی گەیشت بەردەوام دووپاتی دەکردەوە: پێویستیم بە کاتە. ببووە بنێشتە خۆشەی دەمی: "کاتم پێویستە... دەبێت لەسەرم ڕاوەستیت... تەنها کاتم پێویستە". ئێدوارد تەواو گشت لایەنەکانی لێکدابوویەوە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا، زۆرتر لە کاژێرسازە سویسییەکان لەگەڵ کات و سات تێکەڵ ببوو. پێویستی بە کات هەبوو هەتا لەگەڵ خێزانەکەی قسە بکات. پێویستی بە کات بوو هەتا تێبگەیەنێت لەگەڵ کەسێکی دیکە ئاشنا بووە. ئەم بابەتە ئەوینی شیرینی خۆی و فانی تفت و تاڵ دەکرد.

کاتێ ئێدوارد دەیویست بڕوات، خۆی دڵگران و زیز پیشان ئەدا و چاوەڕێ پرسیارێ بوو کە فانی بە شەرمێکەوە لێی دەپرسی: "بیر خۆت کردەوە، لەگەڵ خێزانت قسەت کرد؟" لەو کاتەدا دیسانەوە

ئێدوارد نێوچاوانی ئەداوە بەیەکدا و لە ژێر لچەوە دەیگوت: "دەزانی چیە، من تۆزێک کاتم پێویستە."

بەڵام فانی هێشتا ئاشقی ئێدوارد بوو. ئەو لەو کاتەوە کە ئێدوارد جانتاکەی بۆی نابووە نێو قەتاری لێهاڤێر ـ پاریس، ئاشقی ببوو. باڵابەرزێکی قژ تان‌وپۆ کە چاڵێ چناکەی بچووک و جوانی هەبوو. تەواو ئەو شتانەی کە پیاوێک بتوانێت دڵی فانی بخاتە لەرزەوە، لە ئێدواردا هەبوو. گۆڤارێک داکەوت، ئێدوارد نەویەوە و هەڵیگرت و بە بزەیکەوە دایەوە بە فانی و ئەمەش سەرەتای پێوەندییێکی گەرم‌وگوڕ بوو. ئەگەر فانی چاوەکانی دەنووقاند دیسانەوە ئەو کاتە دەهاتەوە پێش چاوی؛ ساتێکە ژیانی ئەوی گۆڕا. لە هەڵاڵە کردن بۆ عەتر دەچوو: پیاوێ سواری قەتار دەبێت، لەو واگۆنەدا ژنێکی جوان و ڕێک‌وپێک خەریک بوو گۆڤاری دەخوێندەوە. قەتار کەوتەڕێ، گۆڤار لە دەستی خانمەکە دەکەوێتە خوار، پیاوەکە دەنەوێتەوە و هەڵی‌دەگرێت. نیگایەکی پڕ لە مانا و ئەوین لە نێوانیان ئاڵ‌وگۆڕ دەکرێت. بەرامەیکی پیاوانە مێشکی ژنەکە پڕ دەکات و ژن لێی دەحەسێتەوە. ژیان یەکێک لەو ساتە دڵڕفێنانەی خەڵات کردبوو کە تەنها لە تەلفیزیۆنەکان و شانۆوە ڕۆمانسییەکانی ئەمریکادا دەبینرێت.

لەو کاتە بەدواوە ئیدی فانی ڕێگەی لێهاڤێر ـ پاریسی لەبەر کردبوو؛ هەندێ جاریش بۆ ڕۆئێن و ترۆڤیل ڕۆیشتبوو، دەمێکی کورت یەکتریان دەبینی. نزیکەی چل‌وپێنج سەفەر لە ساڵدا، کە ئێدوارد خەرجەکەی ئەدا بێجگە لە ڕۆژەکانی جێژنی پاک، پشووی

هاوینە و کریسمەس کە دوور لە فـانی، لەگەڵ بنەمـاڵەکەی بەسـەر دەبرد. فانی لە بیست‌وحەوت ساڵیدا ببـووە دڵـداری ئێـدوارد، بەڵام پرسیاری ئەوەی کە دەبێتە هاوسەری فەرمی ئەو یان نە هێشتا ڕوون نەبـوو؛ دروســت وەک ئەو پرســیارە کە ئایــا دەبێــت بە بەرپرســی بەڕێوەبردن و داڕشتنی دایەرەی دارایی یان نە. داخوازی ئەو بـۆ ئەو پۆستە لە ژێر لێکـۆڵینەوە و لێکـدانەوەدا بـوو. بگـاری تۆمـار کردنـی ڕۆڵی مەبەست لە ژیانیدا هەر لەم قۆناغەدا بوو؛ "لەژێر لێکـدانەوەی ورد" بە دەســـــتی ئێـــــدوارد، کە بەرگـــــری ئێـــــدوارد هەر لەو بەرگری کردنەی ئیدارەی دارایی دەچوو.

فانی ڕۆژێک بە تـووڕەییەوە وتـی: "تـۆ لەم بـارودۆخە خۆشـحاڵی، قەت لە ژنەکەت جودا نابیتەوە و دڵنیایشم بە جێی ناهێڵیت".

ئێدوارد وێڕای دژایەتی کردن وتی: "وەها نییە، من خۆشتم ئەوێ، نامەوێ لەگەڵ ژنەکەمدا بژیم. ئێمە جێگە خەومان لێـک جـودایە و هیچ شتێ لە نێوانی ئێمەدا نەماوە".

"دەی باشە تەڵاقی بدە!"

ئێـدوارد پـێش ئەوەیـکە ڕسـتە ناخۆشـەکەی بڵێـتەوە، سـەرێکی لەقانـدبوو: "تـۆ ئەبێـت کـاتم پـێ بـدەی". فـانی سـەری نـایە سـەر سـەرینەکە و مـاق بـوو بە میچـی هـۆتێلەکەدا. هاوکـات کە سـەیری دەکرد بۆ چەندەمین جار وتبووی: "ڕابـردووی ئـێمە دەگەڕێـتەوە بـۆ چاوپێکەوتنێک لە نێـو قەتـاردا و ئێستاشـمان لە ژووری هۆتێلێکـدا، کەوایە داهاتووێـک نیـیە." فـانی ڕاسـتی دەکـرد و هەق بە وی بـوو. تەنها دەیتوانی لەگەڵ ئێدوارد لە سووچێک دانیشێت. قەت نەدەکرا دەست لە نێو دەستی یەک پێکەوە پیاسە بکەن یان لەگەڵیـا بـڕوات بۆ دووکان. تەنها جارێک ئاخری حەوتە بوو لە ترۆڤیل پێکەوە بـوون، ئێـدوارد وەهـای دەزانــی کە هەمـوو دۆسـت و ئاشـناکانی، لەوانەش هەڤاڵانی خێزانەکەشی لەو کاتەدا وان لە نێو شار و شەقامدا. ڕەنگە هاوکارێک بـۆ پشـوودان هاتبێـت بـۆ لەنـگەرگەی نۆرمانـدی. ئەگەر

کەسـێک پـێکەوە دەیـانی‌بینـی چ ڕووی ئەدا؟ بـۆ ڕیسـتۆرانت ڕۆیشـتنیش هەروەهـا بـوو. ئەوان بـێجگە لە گەڕەکـی باتینیڤێـل کە ئێدوارد لەوێ کەسێکی نەدەناسی بۆ شوێنێکی دیکە نەدەڕۆیشـتن. بەڵام لەویاشدا بیری ئەوەیکە ڕەنگە کتـوپڕ ئاشـنایەک بێـتە نـاو هەر جیرەی درگا دەهات ئەم لایەکی دەکردەوە.

ئەو کاتانەی لە پاریس یەکتریان دەبینی ئێـدوارد بە خێـزانەکەی دەوت بۆ سەفەرێکی کاری دەڕوات بۆ شارێکی دیکە یان دەرەوە. بـۆ ئەم کارە دەبوایە کاتی بە ڕێکەوتنی شـەمەندەفەر، مـان گرتنەکـانی فڕۆکەخانە و گشت فستیڤاڵە ناوچەییەکانی ژێر و بان بکـردایە هەتـا شارێکی شیاو بدۆزێتەوە. فـانی پێـی زانـی، پیـداگرییەکانی لەسـەر ئێدوارد، تەنها کات‌گرتن بوو. لە لایەکی دیکەوە پێویسـتی نەدەکـرد کە فانی وڵامی کەسێک بـداتەوە. کەس چـاوەڕێی نەبـوو بـێجگە لە پەردەی بچـووکی مینـی‌تێـل[١] کە لەگەڵ ئێـدوارد لەوێـدا شـوێنی جێژوانەکانیـان دیـاری دەکـرد و هەنـدێ جـاریش بە درێژایـی شـەو نامەیـان بـۆ یەک دەنـارد. وەک بڵێـی ئەم ئـامێرە بـۆ ئەوانە دروسـت کراوە کە بە دزیەوە خۆشەویستی دەکەن.

پێوەنـدی کـردن بە ئێـدوارد، بـۆ مـاڵەوە نەدەکـرا و چوونیشـی بـۆ ئیدارە کارێکی ئاسان نەبوو؛ هەر بۆیە بە ناچار لە مینی‌تێلدا چاویان بەیەک دەکەوت. ناوی سیانییان، لە مانگێکدا جارێ دووان لە ڕیزی

---

١. لە نەوەدەکاندا کۆمپیتەری مینی‌تێل برەوی هەبوو و پێش سەردەمی ئینتەرنێت سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا.

ناوەکانی لای چەپی دەزگاکەوە خۆی دەنواند. ئێدوارد "ئاڵفا ٧٥" بوو و فانیش "شووپێت *Choupette*".

هەر کاتێ ئێدوارد هەلی بۆ دەڕەخسا، پەیامی بۆ شووپێت دەنارد: "بیست و دووهەم و بیست و سێهەم کاتم ئازادە و کارێکم نییە، ئەتۆ چی؟" شووپێتیش وڵامی ئەدایەوە: "دێم بۆ شوێنەکەی خۆمان، لە کاتەکەی جاراندا." کەمتر پێش دەهات لە شەودا ژوانێکیان هەبێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئێدوارد لەسەر خۆی لە پاڵ ژنەکەی لە پێخەفەکە دەهاتە دەرێ (هێدی هێدی دەڕۆیشت هەتا چرپە لە پایەوە نەیەت) و مینیتێلەکەی دەکردەوە، چاوەڕێی هاتنی هەواڵێ خۆی مت ئەکرد هەتا نامەیەکی بۆ بێت، شووپێت لە کاتی دانراودا لەوێ دەردەکەوت. قسەی خۆشیان دەکرد و کەین و بەینیان دەکرد کە لە داهاتوودا چی بکەن.

"ئێوە نامەتان هەیە" لە سەر دەزگاکەوە دەردەکەوت. بڕێ جار شووپێت دەیبینی کە ئەوەی نامەکەی هەناردووە ئاڵفا ٧٥ نییە و کەسێکی دیکەیە کە داوای خۆشەویستی لێ دەکات و فانیش بێزی نەدەهات ئاوڕی لێ باتەوە. ئاڵفا ٧٥ جار و بار نامەی بۆ دەهات کە ئایا بەرنامەیەکی هەیە، پێ‌خۆشە چاوی پێیان بکەوێت یان تۆزێ پێکەوە دەردەدڵ بکەن. هەست و نەستی ئاشقانە لە بازنەی تەموتاریکی پێوەندییە ئەلەکترۆنییەکاندا ڕێگەیەکی کردبوویەوە.

فانی لە پێوەندییێکی تاڵ و شیریندا چەقی‌بوو کە تەنها بەرهەمی چەند جار هەڤدیتنی شێتانە بوو لە مانگێکدا. ئاواتەخواز بوو، جارێکی دیکە کەوا ئێدوارد دەبینێت پا بنێ بە جەرگی خۆیدا و

هەموو شتێ لەگەڵیا ببڕێتەوە، بەڵام دەیزانی شتی وەهای لێ ناوەشێتەوە. ئەمە یەکەمجار نەبوو کە ئەوەندە بە دوودڵی و گومانەوە لە خۆی و ئاست و پلەی خۆی دەڕوانی. ئەگەر شتێ لە نێوانیاندا نەدەگۆڕدرا ئەم پێوەندییە هەتا ساڵانێ درێژەی هەبوو. شتێکی بۆ نووسین نەبوو لە دەفتەری بیرەوەریەکانیدا بینووسێتەوە، و سەری پێنووسەکەی نایەوە و ئاهێکی هەڵکێشا، دوو کاژێر دواتر، چاوەکانی کردەوە، گەیشتبوویە پاریس. باران لاتیری دەکرد و لە شیشەی قەتارەکەی ئەدا. هەناسەیکی هەڵکێشا، بیری هاتەوە چەتری پێ نییە، کتوپڕ کڵاوێکی ڕەشی بینی کە لە سەر کەنتۆری کەلوپەلەکان دانراوە. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد تەنها پێنج کەسی لێبوون کە زۆریش لە ئەم دوور بوون و کڵاوەکەش هی کەسیان نەبوو. قەتار جەڕی کێشا، فانی هەستایەوە و کڵاوەکەی هەڵگرت و کردیە سەری. لە نێو شیشەکەدا بۆ خۆی دەڕوانی. کڵاوەکە ئەندازەی سەری بوو. هەر ئەو شتە بوو کە بەحەوجەی بوو هەتا پرچی لە باران بپارێزێت و تەڕ نەبێت.



لێوارەی کڵاوە نەوگینە ڕەشەکە، وەک شەپکە نێوچاوانی داپۆشیبوو و مەودایەکی دیاریکراوی بۆ دروست کردبوو. لە باتینیڤێل، پیاوێک لەلایەوە تێپەڕی و بە سەرسووڕمانەوە دوو جار بۆی ڕوانی. خەڵکی چۆن بیریان لێ‌دەکردەوە؟ تەنها لە ژێر لێزمەی باران بە تەنوورەیکی کورتی چیندار، کەوشێکی پاژنەبەرز، جاکەتێ بۆر و کڵاوێکی ڕەش. وەک کچی هەشتاکان، گەنج، ئازاد و کەمێکیش سرت، بەڵام سۆزمانییێ سەرشێت ئەیدایە چاو... لە شووشەی دووکانێکی جل‌وبەرگ فرۆشیدا سەیرێکی خۆی کرد. کڵاوەکە خەت و خاڵی ڕوومەتی بە جۆرێ جیاواز دەرخستبوو. قژەکانی وەک دەسپێچکێ لێکرد هەتا کڵاوەکە لە سەریدا قایم‌تر بێت. ڕەنگە ئیدی هەموو کاتێ وەها جلی لەبەر دەکرد و هەر کاتێ دەهاتە دەرێ کڵاوێکی ڕەشی پیاوانەی لەسەر دەکرد. لەسەر کردنی ئەو کڵاوە جۆرێ بڕوا بەخۆ بوون و هێزی پێ‌دابوو. ئەو کاریگەرییە کەوا کاتێ جلی وێنەکێشە بەناوبانگەکانی دەپۆشی هەستی پێ‌دەکرد. بۆ نموونە تەنوورەی سەن‌لۆرانی[1] و کەوشە ناڵچە بەرزەکانی ڕیکیل[2]. هەر ئەوە بەس بوو تەنوورەی ئیسەن لۆران لەپێ بکات ئیدی هەستی دەکرد زۆر شازتر و قۆزتر بووە. بۆ پێڵاویش کە

١. *Saint Laurent*: وێنەکێشی ناوداری فەرەنسی.

٢. *Rykiel*: نووسەر و وێنەکێشی بەناوی فەرەنسی.

چواریەکێ لە مووچەکەی ئەدا بۆ کڕینی جووتێ هەر ئەم هەستەی هەبوو. هەر کە لە پێی دەکرد و بەنەکانی قایم دەکردەوە هەستی دەکرد باڵای بەرز و جیاوازتر بووە. بە دڵنیاییەوە هەنگاوی دەنا و عیشوەی دەنواند، تەنها خۆی دەیزانی ئەم هێزە شاراوەیە لە کەوشە ڕیکلیەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت.

باران خۆشی کردەوە، فانی کڵاوەکەی لابرد لە سەریدا. دوو پیتی زێڕینی بینی کە لە سەر دوێڵی چەرمینەی نێو کڵاوەکە دەزیدوور کرابوو: ئێف. ئێم. بڵێی چارە و قەدەر ئەم کڵاوەی پێ گەیاندبوو؟ ئەو دوو پیتە، سەرەتای ناو و پاشناوی خۆی بوو: فانی مارکوانت. هاوکات کە دەستی بە کڵاوەکەدا دەهێنا و دەیلاواند، گوتی: "زۆر باشە، کەوایە... ناهێڵم لە دەستم بێتەوە. نە ناهێڵم". پاشان قژەکانی لە بان سەری کۆ کردەوە و کڵاوەکەی کردەوە سەری و خێرا و بەوپەڕی دڵنیاییەوە شەقامەکەی کردە دوو هەنگاو بۆ خوارەوە. گەڕەکەکە چۆڵ و هۆڵ بوو تەنها لە دوورەوە تاپۆی چەند سێبەر دیار بوو هەر یەکە و خۆی دەکرد بە ماڵێکدا. هۆتێلەکە زۆر دوور نەبوو. ئێدوارد لە ژوورەکەدا چاوەڕێی بوو. پێدەچوو یان سەیری تەلفیزیۆن بکات یان ڕاکشابێت و ڕۆژنامەی لیمۆند بخوێنێتەوە.

لە تەنیشت زێرەڤانی هۆتێلەکەوە تێپەڕی، ئەویش بزەیکی بۆ بردەوە و سەری دانەواند، فانی خوەشی لە چرۆچاوی ئەو پیاوە زۆڵە نەدەهات، پیاوێکە بە سڕ و تڕی ژیانی دەزانی. هەستی دەکرد لە ڕێڕەوەکانی هۆتێلەکەدا دەسووڕێتەوە و گوێ بۆ قسەی ئەو ئاشقانە دەگرێت کە ناچار کەوتینە لەم هۆتێلە نغرۆ بووەدا دانیشن. خەریک

بــوو لە پلیکانەکــانەوە ســەردەکەوت، جانتــاکەی بەدووی خۆیــدا ڕادەکێشا و دڵنیا بوو ئەو پیاوە تماشای لاقەکانی دەکات.

نهۆمی دووهەم، ژووری ٢٦.

گەیشــتە پشــت درکەکە، دەنگــی تەلفیزیــۆنەکەی بیســت. دەمەقــاڵەیکی تونــد دەهــاتە گــوێی. زلەزلێــک کە بــاش لێــی تــێ نەدەگەیشــت. هەر ئەو بەرنــامەی " مــافی وڵام" بــوو کە ئێــدوارد حەزی لە بینینــی بــوو. میوانەکــان لە دەور مێــزێ دادەنیشــتن و جگەرەیان دەکێشا، دەیانقیڕاند و یەکتریان قەڵس دەکرد. باسـەکە گەرم دەبــوو میشــل پــۆلاکی پێشکەشــکار کە پێــدەچوو ســەرقاڵ بووبێت، تۆزێ قلیانەکەی ئەتەکان و چاوی قلینچ دەکـردەوە. فـانی کە درکەی لێــدا، بەرنــامەی وێنەکێشــی حەوتــانە دەســتی پێکــرد: سینێ، پلانتۆ، ڤۆلینسکی و کابۆ خەریــک بــوون بە وێــنەی کــارتۆنی هەواڵەکانیان شرۆڤە دەکرد. مۆنیک تاربسی دەورگێڕ، بە دەنگێکــی بەرزەوە گشــت ئەمــانەی گــوت و لە درێــژەدا: "حەوتەیکــی دیــکە دەتانبینمەوە". وەک چۆن مرۆڤ لە بازاڕی میوەفرۆشیدا گوێی لێیە "وەرە درکە کــراوەیە" ئێــدواردیش هەر وەهــا، گــوتی: "وەرە ژووری، درکەکە کراوەیە". هەر سەیری فانی دەکرد: "ئەو کڵاوە ئیتر چیــیە؟" فــانی گــوتی: "ســەرەتا ســڵاو بــکە." ئێــدوارد کــڵاوەکەی لە ســەریدا داخســت و فــانی کشــایە دواوە. "دەســت مەدە بە کــڵاوەکەمەوە" ئەویش بە سۆعبەتەوە وتی: "کــڵاوەکەت؟ پــێم بڵــێ ئەم کــڵاوەت لە کوێ هێناوە".

"نهێنییە، بەڵام خۆ ئێستا کڵاوی خۆمە".

لە تەلفیزیۆنەکەدا پیاوێک کە جگەرەیکی نابووە لایەک لە دەمیەوە، بە تووڕەییەوە شرۆڤەی شتە دیارەکانی دەکرد، پیاوێکی کورتە باڵای سەرتاس بوو، میشل پۆلاکی بە شایەت دەکرد، پێدەچوو خۆشحاڵە کە دیسانەوە گێچەڵی بۆ بەرنامەکە ساز کردووە. ئێدوارد گوتی: "ئەو کڵاوە پیاوانەیە". پاشان هەستا هەتا دەنگی تەلفیزیۆنەکە کز بکات. فانی دیسانەوە کڵاوەکەی لە سەریا ڕێک کردەوە و وتی: "ئەرێ؟"

ئێدوارد کە ماق ببوو پێیدا درێژەی دا بە قسەکەی: "یانی پیاوێ ئەمەی بە تۆ داوە".

فانی دایە ژێر کەنیندا و وتی: "ئیرەیی دەبەیت یان لێم دڵپیسی؟"

"ڕەنگە. تۆ بە دیاری پیاوێکی دیکەوە هاتووی بۆ ژوورەکەمان..."

ئێدوارد قەت ئیرەیی نەبردبوو بەڵام ئەو شەوە لە چاوانیدا دیار بوو دڵی پیس کردووە. فانی هەتا کەنگێ دەیتوانی بەو کڵاوەیە و کە دۆزیبوویەوە سەر بنێتە سەری؟ چون ئێدوارد وەهای دەزانی دیاری پیاوێکە. خۆیشی بەلاجەوی لێدەهات. کڵاوبۆرەکە کتوپڕ بوو بە بیانووێ کە دەمێک بوو چاوەڕێ بوو. پێی نایە جەرگی خۆیدا. بە تەواوەتی گشت ئەو ترس و لەرزە کە ببووە بەربەستێ بۆ نەدرکاندنی قسەی دڵی سەبارەت بە لێک جودا بوونەوە، ڕەویەوە. ئێستاکە لە میشل پۆلاک دەگەیشت: "هەتا سنووری تەقینەوە زۆری بۆ بهێنە، ئینجا بکشێوە و فەوتان و نەمان چاو لێ بکە". ترس هەموو گیانی فانی داگرتبوو. هەنگاوێ ڕۆیشتە دواوە، لە سەر مێزەکە دانیشت،

ملی لار کردەوە و قەیرێ چاوی بڕییە ئێدوارد. فانی خەریک بوو دەڕۆییە نێو دنیایەکی نامۆ و ئەمەش هەستێکی خۆشی پێدەدا، خۆشتر لە هەر پێکەوە بوون و دەست لەملانێ. بە هێمنی گوتی: "بەڵێ، ئەو کڵاوە دیارییێکە".

"کێ پێی داوی؟"

فانی وڵامی دایەوە:"پیاوێک" لە دەروونی خۆی دەنگێ هاتەوە گوێی: "پیاوێ کە لە نێو شەمەندەفەرەکە چاوم پێکەوت".

"وەک من؟"

"ئەرێ، وەک تۆ"

ئێدوارد بە دەنگێکی بەرز وتی: "تەمەنی چەند بوو؟" ئەوە کڵاوی پیاوێکی بەتەمەنە". فانی پێ وەها بوو ئاوەها بەرز ئاخاوتن بۆ ئەم کاتە لە شەو نەگونجاوە.

فانی دەمی هاتەگۆ: "بەڵێ، ڕاستە، لەتۆ گەورەتر بوو". سەیری نێو ژوورەکەی دەکرد." بەڵام گرنگ نییە. وەک تۆ قیتوقۆز نەبوو. هەڵبەت بە شێوەیکی دیکە جوان بوو، پیاوێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر دیار بوو. منی خۆش ئەویێت و پێخۆشە لەگەڵمدا بژیت. من کڵاوەکەیم بە قەرز وەرگرتووە. گەمەیەکی بچووکە لە نێوانماندا. لە شاری لێهاڤێر هەر لە سەرمدا بوو، تەنانەت جارێکیش کە پێکەوە بووین هەر لە سەرما بوو. کە ئەو کڵاوە لە سەر دەکەم هەست ئەکەم دەفڕم..."

ئێدوارد واقیوڕمابوو، چاوی تێبڕیبوو trووکەی لێ نەدەهات.

"بۆیە کڵاوێک وەک هێنەکەی خۆی هێنا بۆم. پیتی یەکەمی نێوەکەمی لەسەر کڵاوەکە نووسیوە هەتا لەبیری نەکەم".

فانی بە ئارامی کڵاوەکەی لەسەری داگرت و بە ئێدواردی دا هەتا ئەو دوو پیتە زێڕینە ببینێت.

"ئەتۆ قەت لە خێزانت جودا نابیتەوە ئێدوارد. منیش شتێک سەرتر لە کچێک نەبوومە بۆت کە کۆتایی حەوتەکان لە هۆتێلدا سەردانت دەکەم. وەک ئەو سترانە: "هاتووم پێت بڵێم ئیدی دەڕۆم".

فانی ئەم وشانەی بە ئاسوودەیی تەواو ئەدرکان بەڵام دەروونی زریانێک تێدا هەڵیکردبوو.

ئێدوارد بە دژواری هەناسەی لێ ئەدا، چاوی بڕییەوە فانی و بیر بردیەوە، چی بکات و چی بڵێت، ئەگەرچی ئەو بڕیارەی فانی هەڵبژاردنی لە ئێدوارد سنووردار کردبوو. ئەو دۆڕابوو. لە ڕاستیدا فانی لە دەستی چبوو. بە ڕووگرژییێکەوە وتی: "باشە، بۆ وتنی ئەمە پێویست نەبوو ئاخری حەوتەی من ناخۆش بکەیت و هەتا ئێرە بمهێنیت. دەتتوانی بە مینیتێل پێم بڵێیت".

لە نێو تەخت و پێخەفەکە هاتە خوارێ و جلەکانی لەبەر کرد. فانی هەستی دەکرد لە مەودایەکی دوورەوە تماشای دەکات، وەک سێبەرێ دەهاتە پێش چاوی، لە ژێر هەتاوی قەراخی بەستێندا. ئێدوارد پاتۆڵەکەی لەپێ کرد و بە تووڕەییەوە قۆبچەی کراسەکەی داخست. قامکی لەسەر قۆبچەکان تەتەڵەی دەکرد.

بە خورتە و بۆڵەوە وتی: "ئەبوایە هەتا شەو ڕاوەستی و ئینجا پێم بڵێی؟" پێش ئەوەی بنەوێتەوە بۆ کەوشەکانی لە ژێر تەختەکەدا، وتی: " ئەتەوێ بەجێم بهێڵی، بەڵام ئەو کەسەی کە لێرە ئەڕوات منم".

لەو تەم و تاوەی ژوورەکەدا کە ئەڵێی ئاوری گرتبوو، فانی بە پێچەوانەی ئەو تووڕەییە کە سەرتاپای ئەوی تەنیبوو ئەم لە ئاسوودەیی دەروونی خۆی بەڵاجەوی دەکرد. ئێستا گشت ئەو پرسیارانە لە سەر ژنەکەی ئێدوارد و وڵامە کوڵ و کورتەکانی کە دەیگوت کاتی زۆرترم پێویستە ئیدی تەواو ببوو. لە بڕوبیانوو هێنانەوە وەڕەز ببوو. بە جێی هێشتبوو، ڕاستیش ئەوە بوو ئەو جودا بوونەوە بارێک گرانی لە ئەستۆی هەڵدەگرت. کاتێکە ئێدوارد کۆتەکەی لەبەر دەکرد، لەوەیکە هەم خۆشحاڵ بوو هەمیش زیز، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد. ڕەنگە ئەوە ناخۆشترین بەشی باسەکە بوو.

"تەنانەت ناتەوێ بەرم بگری؟"

ئێدوارد بلەز وتی: "نە، تۆ ئەمەگدار نەبوویت بە من، ئەتویست بەجێم بهێڵی. باشە، خۆم دەڕۆم". کاژێرەکەی لە دەست کرد و ڕاست لە هەمبەر فانیەوە ڕاوەستا. بە سڕ و ساردیێ وتی: "ماڵاوا. دەتوانی هەتا سبەی نیوەڕۆ لە ژوورەکەدا بیت". پاشان جانتاکەی هەڵگرت. فانی بە شێنەیی لێی پرسی: "ئێستا دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟" هەرچەندە وڵامەکەشی زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو.

"ڕەنگە بڕۆم بۆ لیۆن، شوێنێکە هەمووان وەها دەزانن لەوێم". پاشان درگاکەی کردەوە و بە دوای خۆیدا توند پێوەی دا.

فانی خۆی نەواندەوە سەر مێزەکە و گوێی ڕاگرت بۆ دەنگی هەنگاوەکانی ئێدوارد کە لە نێو ڕێڕەوەکەدا دەڕۆیی و دوور دەکەوتەوە . سەری گێژی دەخوارد، کۆتەکەی لەبەر دەرهێنا و دواتر خۆی ڕووت کردەوە. لە ئاوێنەی حەمامەکەدا تماشای خۆی کرد تەنها کڵاوەکە لە سەریدا بوو.

عەتری سالستیسی لە نێو جانتاکەی دەرهێنا پرژاندی بە بالیف و پێخەفەکاندا هەتا بۆنی ئێدوارد نەدات. کڵاوەکەی لە سەر داگرت، نایە سەر تەختەکە و چراکانی کوژانەوە. مەلافەکەی کێشا بە سەر خۆیدا و چاوەکانی نووقاند. ڕێک لە تەنیشتییەوە لە بان تەختەکە کڵاوەکە لە ژێر تریفەی مانگدا داکەوتبوو. فانی پێش ئەوەیکە چاوەکانی بچێتە خەو، دەستی هێنا بەسەر لێوارەی کڵاوەکەدا.



له نێوان کرِکرِەی ستاتیەکەوە تیشکی سارد و سرِی هەتاوی زستانە ئەیدایە نێو ژوورەکەدا و فانی چاوەکانی کردەوە. ڕووداوەکانی شەوی ڕابردوو بە گەورە و بچووکیەوە هاتەوە بیری، بە پێچەوانەی ئەو خەوانە کە لە درێژەی شەودا دەیبینین و دواتر لە بیرماندا کاڵ دەبنەوە و بیرمان نایەتەوە. ئێدوارد کە لە ژێر مەلافەکانەوە گوێی بە قسەکانی فانی ئەدا،. ئێدوارد کتوپڕ هەستایەوە، ئێدوارد کە سەرنجی دوو پیتی نێو کڵاوەکەی ئەدا. دەنگی ئەو درگایە کە بە توند پێوەدرا و "بۆ وتنی ئەم قسەیە پێویستی نەدەکرد ئاخری حەوتەکەی من خراپ بکەی و هەتا ئێرە بمهێنیت". پاشان دەنگی چرپەی هەنگاوەکانی لە ڕێڕەوەکەدا.

کەوایە هەموو شتێ تەواو بوو. خەو نەبوو، بە ڕاست هەموو شتێ تەواو ببوو. ئیدی فانی قەت نەدەگەڕایەوە بۆ ژووری ئەم هۆتێلە لە باتینیڤێل. قەت بە دزیەوە نەدەچووە ژوانی پاریس و لەنگەرگەی نورماندی. قەت قەت نیوەی شەوان لە سەر پەردەی مینیتێلەکەی بە شوێن نێوی ئاڵفا٧٥ نەدەگەڕا. هەموو شتێ تەواو ببوو. چۆن دەبێت بەو ئاسانییە لە ژیانی کەسێک شوێن بزر بیت؟ ڕەنگە، ئەو کاتەی کە هەموو کارەکانت بە ئەنجام گەیاند و هەموو شتێکت وت، ئەو کات بەو ئاسانییە کە هاتوویە ژیانیەوە، دەڕۆیتە دەرێ. تەنها

ئەوە بەستە کە چارە قەڵەمێکی لێدابێت و چەند وشە قەڵەمی چارە بێنێتە گۆ هەتا پێوەندیێ بپچڕێت. وەک بڵێی نە شتێ بووە و نە دەبێت. لە ئێدوارد چ شتێ بەجێگە مابوو؟ هیچ. نە دیاریێ کە هەستێکی پێوە گرێ درابێت، نە چەرخی جگەرەیێ، نە دەستەی کلیلێ، نە مل پێچێ؛ تەنانەت وێنەیەکی دوو کەسیش یان نامەیەک کە ئەو نووسیبێتی نەبوو.

فانی ماوەیکی دوور و درێژ لەوێ دانیشت. تیشکی هەتاوەکە سینگ و بەرۆکی گەرم کردبوویەوە، بۆ لای چەپی ڕوانی، کڵاوەکەی لەسەر تەختەکە بینی، تەنانەت یەک سانتیم جێبەجێ نەکرابوو. پەندێکی کۆن هاتەوە بیری کە دەیگوت: نابێت کڵاوەکەت لە سەر تەخت دانێی، هەر وەک ئەو چیرۆکەی کە ئێژن نابێت تماشای پشیلەی ڕەش بکەیت. فانی بڕوای بەم بیرکردنەوە کۆنانە نەبوو. بیری دەکردەوە، گشت ئەمانە بەهۆی کڵاوێکەوە ڕوویداوە؟ ئێف. ئێم کێیە؟ ئەگەر دەیزانی کڵاوبۆرەکەی چ بەزمێکی ناوەتەوە... فانی تێدەکۆشا سیمایەک بۆ ئەو پیاوە لە زەینی خۆیدا بکێشێ کە شەوی ڕابردووی بۆ ئافراند. ئاشقێکی بێوێنە کە کڵاوێکی وەک کڵاوەکەی خۆی پێداوە و پیتی یەکەمی ناوەکەی بە نیشانەی دلۆڤانی و خۆشەویستی لەسەری نوسیبوو. هیچ کامێ لەو پیاوانە کە ئەم دەیناسی ئاوەها کارێکی بۆی نەدەکرد. کەسیان ئەو تێگەیشتن و فەرهەنگەی نەبوو، ئاوەها هەڵس‌وکەوتێ شکۆمەندانە! بالابەرز بوو یان قۆل، لەڕ بوو یان قەوی و قۆڵ؟ قژی خورمایی، هووڵ بوو یان بۆر؟

سـیمایەک لە زەینیـدا شـێوەی نەدەگـرت. هەتـا ئەو جـێگەی لە بیری بێت یەکەم جار بـوو درۆی لـێ ئەدا و درۆکەشـی کارسـاز بـوو. ئێـدوارد نەی گوتبـوو: "بـڕوام بە قسـەکانت نیـیە، و خەریکـی درۆ لێ ئەدەی". بیریشی نەکردبوویەوە کە فانی ئاوەها قلیان تێ بکـات و درۆی وەها ساز بکات. بەوە گەیشـت کە ئێـدوارد هـیچ کـاتێ گـوێی نەداوەتە داستانەکانی. داستانی کێبەرکێی نووسەرانی بیر کەوتەوە: "چیرۆکێکـی ڕاسـتەقینە". چیرۆکـی فـانی و ئێـدوارد تەواو ببـوو، ئەویش بە هۆی کڵاوێکەوە. ئەمە بابەتێک بوو کە دەبوایە بینووسێت.



لەوەتی لە پشت مێزێکی بچووکی کافەی گۆڕەپانی فلیکس لوبلیژوا دانیشت، ئیتر پێنووسەکەی دانەنا. بە نووسینەکانی تێکڕای لاپەڕەکانی دەفتەرە بەرگ ئاڵەکەی پڕ کردەوە. وشەکان، داستانی جودا بوونەوەی لە ئیدواردیان دەگێڕایەوە، لێکنەگەیشتنێ کە بە هۆی کڵاوێکەوە بەدی هاتبوو و تەواوی ئەو هەستانەی کە لەو کاتەدا ئەزمەی کردبوو: ئاسوودەیی، دڵەڕاوکێ، خەم و چێژی ڕەسەن (نوستالۆژی). کاتێك گەیشتە کۆتایی چیرۆکەکەی، نووسی: "ئەو کڵاوە ئیدی بەکەڵکی من نایەت. مەبەستی خۆی بە ئاکام گەیاندووە و گەرچی دوو پیتی یەکەمی نێوی منی لەسەرە بەڵام ئەمەوێت لە شوێنێکی شاردا فڕێی بدەم".

فڕێدانی کڵاوەکە؟ فانی تۆزێ قنگ پێنووسەکەی جوی، وەك بێژی بیرێکی ناوازەی بە مێشکدا هاتبێت. لە ڕاستیدا ئەگەر پێش ئەوەی سواری قەتار بێت کڵاوەکەی لە شوێنێکی پاریسدا بەجێ بهێڵێت داستانەکەی باسێکی ڕاستەقینەی ئەدایە نیشان. فیداکردنی شتێ با بچووکیش بێت، دەیتوانی چانسی بۆ بهێنێت. هەموو گیانی پڕ بوو لە گومان و دوودڵی؛ سەری هەڵبڕی، ژنێکی قەرەچی و کچەکەی چاو پێکەوت کە بەرەولای دەهاتن. فانی پێکەنی بە دەمیانە و سووکێ هەڵگەڕایەوە. ژنەکە قژە بۆرەکانی لە ژێر لەچکێ سوورەو داپۆشیبوو و وتی:" شتێکم ناوێت. من

کەلووناسم. ئەمەویٚ داهاتووی خۆتت پیٚ بڵـیٚم." لە نیٚـو چـاوانی و هەروەها ژیٚر لیٚویەوە خاڵی کوتابوو. فانی دیسانەوە پیٚکەنی".

"نا، نامەویٚ. بە ڕاستی نامەویٚت". پاشان سـەیریٚکی کچـۆڵەکەی کرد کە بە شیٚوەیکی سەرسووڕهیٚنەر چاوی تیٚبڕیبوو.

"بۆچی، دەبیٚ پیٚت بڵیٚم".

فانی سەریٚکی هەڵتەکـان و تـۆزیٚ کشـایە دواوە. ژنەکە، دسـتە ڕەش و لاوازەکانی نایە سەر کڵاوەکە بەڵام بە پەلە دەستی لابـرد. وەك بڵیٚی دەستی سەر شـتیٚکی گەرم نابیٚـت. "ئەم کـڵاوە بـۆ تـۆ نابیٚت". دەنگی گۆڕا؛ پیٚـدەچوو ترسـاوە. دەسـتی لەسـەر کـڵاوەکە هەروەها تەتەڵەی دەکرد. "ئەم کڵاوە پیاوانەیە، خاوەنەکەی زۆر بە هیٚز و دەسەڵاتە". ئەمەی گوت و لە سەر سینگی سـیٚ ئەقنـوومی وەك خاچ لیٚدا.

پـیٚشخزمەتـیٚ کە ڕیشـیٚ بـۆر و تەنکـی هەبـوو بـانگی کـرد: "ئۆهۆۆۆۆی، کیٚشە ساز مەکە بۆ مشتەریەکانمان".

فانی پیٚی وت: "کیٚشە نییە".

"خانمە جوانەکە! ئەم کارە دروست نییە، ئیٚرە بـانیژەی کـافەی منە، من ئەم شتانە ببینم خۆم پیٚ ناگیریٚ".

فانی وتی: "ئەو پیاوە کیٚیە؟"

"تۆ ئەو دەناسی، هەموو کەسیٚ دەیناسیٚ".

"نە، هەڵە دەکەیت، من نایناسم."

"بۆچی نە، دەیناسی".

"باشه، نێوەکەیم پێ بڵێ".

"پارەکەی بده، بیست فرانك دەکات".

"من بیست فرانکم نییه بابەتی وەها شتێ بیدەم".

"پازده فرانك بده".

"زۆر بەداخەوەم".

"ئەو خانمه گەنجه به جێ دەهێڵن یان نه؟"

کاوڵییەکـان له بەردەم ئەو پـێش‌خـزمەتەوە که دەسەسـڕەکەی ڕادەوەشاند وەك بێژی پشیله دەڕفێنێت دوور کەوتنەوە و ڕۆیشتنه دواوە. بۆڵەبۆڵ وتـی: "ئەوانه تەنهـا هەڵیـتوپەڵیـت ئیـژن، کتـوپڕ دەبینی پریسکەی[1] پارەکەت نەماوە. حەوتەی پێشوو منیان چزاند."

فانی هەر به دوای ئەو ژنه و کچەکەیدا دەیڕوانـی که له قەراخ شەقامەکەوە له پێش چاوی دوور دەکەوتنەوە. " تۆ ئەو دەناسیت". به لایەوە گاڵته بوو. چۆن دەبێت خـاوەنی کـڵاوێ بناسـێت که له شەمەندەفەرێکدا دۆزییەتەوە؟ نەدەبـوو ئیـزن بـدات له درێژەدانـی کارەکه هـاڵی بـکەنەوە، دەبـوایه داسـتانەکەی تەواو بکـردایه. دوو ساڵ‌ونیـو له تەمەنـی خـۆی لەسـەر ئەو کـارە دانـابوو. بـردنەوەی خەڵاتی پریکس بالبێك باشترین زاخاو بوو بۆ ئەو دڵه شکاوەی، که ژەنگی خەم و خەفەتی ئەوینێکی بێ ئاکام له بریقەی خستبوو.

---

١. پریسکه: کیف پووڵ. پێشتر که پاره زۆرتر سکه بوو هەرکەسێ توورەکەیک بچکۆلەی هەبوو بۆ هەڵگرتنی پاره و پووڵ. ئەو توورەکه سەرەکەی پزی هەبوو و بەنێکیان تێدەکرد هەتا بیکێشن بێته یەک و پارەکانی لێنەکەوێت، که پێیان دەوت پریسکه.

یەك کاژێر و چارەکێ دواتر، فانی بەو ئاکامە گەیشت کە بویەر و ڕووداوە باشەکان لە پارکە گشتیەکاندا دەکەون. لاقەکانی ئەویان هەڵدا بۆ سەراوردی گەڕەکی باتینیڤێل، بلواری کورسێل، ڕێك تەنیشت مەعجەرەکانی پارکی مۆنێسۆ. ڕۆییە نێو پارکەکە، سەیری بەشی باخچەی ئاژەڵانی کرد. لە تەنیشت بەشی سەرەکیدا ڕاوەستا و سەیرێکی کورسیەکانی کرد. کەوتە دڵیەوە کڵاوەکە لەسەر یەکێکیان دابنێت. چوارەمین دانە لە کورسیەکان چۆڵ بوو. لەسەر یەکیانی دانا و بە پارێزەوە ڕۆیشتە دواوە هەتا لە بەرانبەریەوە سەیری بکات. لەو کاتەدا کەسێك نەیبینی. هێشتا، دەبوایە تەنها لەسەری بوەستێت بەڵام کەسێك لەو ساتە بەدواوە لەوێدا نەوەستا و تەنانەت نەیش گەڕایەوە هەتا سەیرێکی کڵاوەکە بکات. ئیدی زۆر دڵنیا نەبوو لەو کارە شاعیرانەی خۆی. بەس خۆ کڵاوەکە هی خۆی بوو. دوو پیتی یەکەمی نێوەکەی لە ناو کڵاوەکەدا نووسرابوو، ئیدی چ گرنگییێکی هەبوو کۆتایی چیرۆکەکەی ڕاستی بێت یان نە؟ڕێك ئەو کاتەی دەیویست بڕوات هەڵیبگرێت، پیاوێکی ڕیشن بە پاتۆڵێکی جین و جاکەتێ بەنینەی کەنەدیەوە لەکن کورسیەکە ڕاوەستا. چاویلکەیکی ڕەشی شووشە گردی لە چاودا بوو و شێست ساڵان ئەیدایە چاو. گەڕایەوە هەتا سەیرێکی کڵاوەکە بکات، جۆرێ تماشای دەکرد وەك بڵێی شتێکی سەیر و سەمەرەی بینیوە. پاشان بە جووڵەیکی سەرسورهێنەر کڵاوەکەی هەڵگرت، بردیە لای لووتی و بۆنێکی پێوە کرد. پێکەنی؛ سەیرێکی کاژێرەکەی کرد، پاشان ڕاوەستا، دیسانەوە سەیرێکی کڵاوەکەی کردەوە، یەك تۆز دەسیدەسی کرد و کڵاوەکەی هەڵگرتەوە. فانی دەیڕوانی بە دوایدا. پیاوەکە کڵاوەکەی بە دەستەوە بوو و لە درکەی پارکەکەدا لە چاو ون بوو.

فانی پێنووسەکەی خۆی هەڵگرت و نووسی: "پیاوێکی ڕیش بۆر، کڵاوەکەی برد. ئەو کێ بوو؟ هیچ کاتێ نازانم کێ بوو؟". قەت نەیدەزانی ئەو پیاوە کێیە. لە ناکاو هەستی کرد ماندوو بووە. ڕەنگە ئەو کاتە ئیتر لە ڕۆیشتنی ئێدوارد تێگەیشتبێت. دوای ئەو تۆزە سەرێشەیە کە توانای نووسینی نەبوو، لە سەر کورسیەکە هەستا و بەو شوێنەدا کە پیاوەکە بە کڵاوەکەوە ڕۆیشتبوو ئەمیش بەڕێکەوت. لە مەعجەرە ئاسنینەکانەوە تێپەڕی و لە پیادەڕێگەیەک ڕاوەستا. قەرچیەکە لە کاتی خاچ لێدانەکەدا وتبووی، "زۆر بە هێز و دەسەڵاتە، تۆ ئەو دەناسی، هەموو کەس دەیناسێت". فانی چاوی بڕیبووە بەرگی گۆڤاری "نۆڤێل ئۆبزێرڤاتیۆر[١]" کە پۆستەرەکانی هەموو شوێنێکی ڕۆژنامەفرۆشیەکەی داشاردبوو. پۆستەر، فرانسوا میترانی پیشان ئەدا کە ملپێچێ سووری خستبووە دەور ملی، کۆتێ مەیلەو ڕەشی لەبەردابوو بە کڵاوێکی ڕەشی نەوگینە و بزەیك لە سەر لێوەکانی. ئەو جۆرێك چاوەکانی لە وێنەکە دەرکەوتبوون کە فانی هەستی دەکرد سەرۆك کۆمار سەیری ئەم دەکات.

---

1. *Nouvel observateur.*



لیمۆی سیسیلی، تورەنج، لالەنگی سەوز، نارنج، ڕێحان، سـەوڵی کێوی، زیرە، چێوی سەندەل، موشکی سپی، داری کانانگا، نەعنای هێنـدی، عەنـبەر و کارەبـا و وانیـل. پییێـر ئەسـلان تـوانی عەتـری ئادۆئادریان، لە گیراوەکانی ساڵی ١٩٨١ کۆمپانیای ئانیک گۆتاڵ[1] بجەڕبێنێت و بۆنەکـانی بناسـێتەوە. بەڵام بـۆنی عەترێکـی دیـکە لە کڵاوەکە دەهات، عەترێکە تازە لێی درابوو: تۆرەنج، یاسەمەنی ئـاڵ، وانیـل، زەمەق و تـۆی توونکـا... . پییێـر تـوانی ئامێتەکـانی عەتـری دووهەم زۆر و کەم بێنێتەوە بیر. ئەمە عەتری شاهانەی سالستیسـە. عەترەکەی خۆی. داهێنانی خۆی بوو، پییێر ئەسلان، پیاوی بۆزەن.

خۆیشی نەیـدەزانی بـۆ ئەو کـڵاوەی هەڵگرتـووە. دەمێـک بـوو بە دوای هۆکاری کارە سەیرەکانیدا نەدەگەڕا، کارگەلێ کە زۆرتر سەری لێدەشێواند. دیسانەوە بۆنی کڵاوەکەی کردەوە: گومانی لـێ نەبـوو کە بەرامەی دوو عەتری جیاوازی لـێ دێـت، ئادۆئادریـانی پیـاوانە و سالستیسی ژنـانە. نەوگـی کـڵاوەکە ئادۆئادریـانی لـێدرابـوو؛ بەس سالستیس خەریک بوو جێگەکەی دەگرت.

١. ئانیک گۆتاڵ: پیانیست، مۆدێلی ناودار و عەترگیر، کە یەکەم عەتری خۆی لە ساڵی ١٩٨١ گرتەوە و دایە بازاڕ.

پییێر ئەسلان، کە هەشت ساڵێک ئەبوو شتێکی نوێی دانەهێنابوو وادیار بوو کتوپڕ ڕێگەی نەکەوتۆتە پارکی مۆنێسۆ. پێنج ساڵێک دەبوو دەچووە کن دەروونناسێ. دکتۆر فریمێن‌بێرگ. هەر حەوتە پێش دەست‌پێکردنی ڕاوێژی دەروونناسەکە بۆی، ئەم وەک خووی پێوە گرتبێت چارەکە سەعاتێ یان کەمێ زۆرتر لە پارکدا پیاسەی دەکرد. پێنج ساڵ، حەوتەی شەشسەد فرانکی ئەدا بەڵام ئاکامێکی بەرچاوی نەبوو بۆی. کەمتر لە دە خولەک مابوو بۆ دەست پێکردنەوەی دانیشتنێکی دیکەی مات و بێدەنگی دەروونناسی. فریمێن‌بێرگ قەت قسەی نەدەکرد. ئەو بژیشکێ بوو لە سەر ڕێبازی فرۆید، لە شێوەی خۆ بەدەمەوەدان کەڵکی وەردەگرت. جۆرێ تەکنیک بوو لە گوێ ڕاگرتن، کە نەخۆش هەستی دەکرد شرۆڤەکاری دەروونناس خەریکی بیرکردنەوەیە لە شتێ‌تر یان خەوی لێکەوتووە. بە کورتی خۆ ئەدا بە دەم نەخۆشەوە کە چی پێ‌خۆشە بڵێت و چۆنی پێ باشە بیر بکاتەوە.

دە خولەک مابوو دانیشتن دەست پێ‌بکات. پییێر لە سەر کورسیە مەخمەڵ‌پۆشە سەوزەکەی ناپلیۆنی سێهەم ڕاکشابوو، سەیری پەیکەرێکی سەیر و سەمەرەی ئەفریقایی دەکرد لە سەر تاقەکە، کە لە لای چەپی ستاتییەکەوە بوو. پەیکەرێ دارینەی ڕەش، پیاوێ بوو بە ڕووتێکی زۆر درێژ کە لە تابلۆی جیغ موونک[1] دەچوو بێ ئەوەی موو لێ‌بدات. لەشێکی بچووک ڕازێنرابوویەوە بە یەرەق کردنەوە[2].

---

١. جیغ موونک: ناوی کۆمەڵێ وێنەیە کە چواردە تابلۆن و ئێدوارد موونک کێشاونی.
٢. یەرەق/ ڕەق کردن(بەل کردن): راست کردن آلت تناسلی.

شەوقی چراکە سێبەری پەیکەرەکەی ئەخستە سەر تاقەکە و گەورەتر لە ڕادەی خۆی پیشانی ئەدا.

فریمێن‌بێرگ هونەرە سەرەتاییەکان بەتایبەت پەیکەرسازی، چیخ و حەسیر چنی و هتدی بەلاوە جوان بوو و حەزی لێ‌بوو. ژووری ڕاوێژەکەی پڕ بوو لە ئاسەواری وەها؛ ئەو هۆزە سەرەتاییانە کەوا بڕوایان بە سێحر و جادووکاری هەبوو سازیان دەکردن. ئەم ئەنتیکانەی لە سەر پاچکەی بەردینەی مەڕمەڕ و وەرشەوی گرنج‌دار و پاچکەی شووشەیی دادەنا. لە چاو پیێرەوە ئەوانە شتانێکی ناحەز و بەدەر لە شێوە و خشتەی نژنین بوون.

تەنها بوونی ئەم پەیکەرانە لە ماڵێکی بوورژوایی بە شێوە نژیاری هەوسمانی[1] نەبوو کە ناشیرینیانی کردبوو، پێدەچوو بە هۆی ئەوەیکە لە نێو تەلیسمەوە سەریان هەڵێنابوو ئازاریان دەچەشت. ئێریکی کوڕی کە تەنها هۆگری ئێسکیت بۆرد و *ToP٥٠* بوو، دەیگوت ئەوانە سەیر و سەمەرەن. فریمێن‌بێرگیش دەستی بە گەروویدا دەهێنا هەتا خۆی مت بکاتەوە، پیێر لە بەرخۆیەوە وتی وادیارە هەق بە کوڕەکەی منە، ئەو ڕاست دەکات.

سەرتا کە پیێر دەهات بۆ دانیشتنە ڕاوێژکارییەکان، تێدەکۆشا خۆی بدا بە دەستەوە. ژنەکەشی پێ وتبوو: "تۆ دەڕۆی بۆ ئەوێ کە قسە بکەی، دەرووی دڵت بکەوە و بڵێ کێشە لە کوێیە". و پیێریش قسەی کرد. سەبارەت بەو بۆن و بەرامانە ئاخاوت کە ئیدی کاریگەر

---

١. بارۆن هەوسمان: شارساز و نژیارڤانی ناوداری فەرەنسی لە سەدەی نۆزدەدا.

نەبووون و کەس حەزی لێیان نەبوو. ئەو "نۆتانە"[١] کە لێک نەدەبوونەوە، تەنانەت بۆن و" بەرامی فریشتە"یش وەهای لێهاتبوو. ئەم نۆتە بەرامی شەراوی کۆنە یان کنیاک بوو. تەنانەت ئەگەر چێوپەمەکەشی هەڵنەچڕی هەر بۆنی خۆی بڵاو دەکاتەوە. بەڕای پییێر بەرامی فریشتە هەبوو و دەهاتە لووتدا لە بۆ کردندا بەڵام تێکەڵیَ پێکهاتەی عەتر نەدەبوو. ئەم مادەیە لە هیچ شوێنی نەناسێنرابوو. بێ ئەوەیکە هەبێت بەڵام لەوێدا هەبوو. متمانە کردنەکەی بۆ ساتێ بێدەنگیێ خەمناکی لەخۆ گرت. ئەسلان بۆ یەکەمجار کە دەیبینی کارەکەی هیچ هۆگری و تامەزرۆییێ دروست ناکات، هەستی بە بێهیوایی دەکرد. ڕێگەیەکی دیکەی هەڵبژارد. باسی زەماوەندەکەی کرد، تاریفی خێزانەکەی دایەوە. ئیستێرکرۆیتز پیانیستی بەناوبانگ، شارەزا لە ژەنینی پەردەی باخ؛ کە هەموو دنیا گەڕابوو و لە هەموو شوێنێ کونسێرتی جیاوازی کردبوو و وێنەکەی بە زۆری لە سەر بەرگی گۆڤارەکانی مۆدە خۆی وێنا دەکرد. چاوە جوان و سەوزەکانی لە ئیل، ڤۆگ، لۆفیگارۆ و مادام، نیتیفێر و ئیگوایست خۆنوێنی دەکرد، جێگەیکە هێرب ڕیتس[٢] بە وێنەکەی دەستەکانی ئەوی لە سەر کلیلی پیانۆکە نەمر کرد و هەتاهەتایە دەمێنێتەوە.

---

١. عەتریش وەک مۆسیقا، سێ تیپ نۆتی هەیە و پێکەوە بۆنێکی یەکدەست ساز دەکەن. یەکەم بۆنێکە لە عەترەوە دێت نۆتی سەرووە، دوای ئەمە نۆتی نێوەڕاست هەست دەکرێت و پاشان نۆتی بنەڕەتی یان خواری دەردەکەوێت. ئەم نۆتانە لە درێژەی سازبوونی عەترەکەدا ئەگەر سەرنجی وردی تێبدەیت، بەدی دێن.

٢. هێرب ڕیتس؛ وێنەگری مۆدی ئەمریکییە.

دانیشتنەکانی دواتری لە سەر منداڵی خۆی قسەی کرد کە چۆن لە چێشتەکانی باپیریدا بۆن و بەرامـی خۆشـی ناسـییەوە کە لە نێـو کەوێڵی هەوارەکەی، لە باشووری فەرانسا لێی‌دەنـا. نە باسـی بـۆنی تێژی گەڵای کـوتراوی تەمـاتە کە بـۆنی نەعنایشـی بـێ بانـدۆر کـرد لەسەر دەروونناسەکە کاریگەر بوو، نە بـاس کـردن لە سـەر ئێریکـی کوڕی کە چەندە دڵ لەمشتی داهاتوویە. کەچی دکتۆر هەر مێشـێ میوانی نەبوو. لە سێ مانگ و نیـوی ڕابـردوودا یەک وشـەی لە زاری دکتـۆر نەبیسـتبوو. لە هەر دانیشـتنێکدا زۆر بە پـارێزەوە دەسـتێکی لەگەڵ ئەدایەوە و بە سەرەلەقێ بەخێر هـاتنی دەکـرد. هـیچ قسـە و باسـێک ئـاڵوگۆڕ نەدەکـرا. چـاک و چـۆنی و ئێوارەبـاش بە زمانـدا نەدەهـات. لە کۆتـایی هەر دانیشـتنێ گـەڵایـەک سـەدی و دانەی پانسـەد فرانکـی ئەدا، ئەم کـارە دەبـووە هـۆی ئەوە فـریمێن‌بێـرگ ناوچاوی کرچ بکات، وەک بێژی پارە وەرگرتنی بەلاوە نـاخۆش بـووە بەڵام ناچاری دەستی لێ نەدەکردەوە.

جارێـک ئەسـلان بە نـۆدڵانە هـات بـۆ دانیشـتنەکە و لە حاڵێـکـدا فیزێکی نابوو بە خـۆیەوە لە سـەر قەنەفەکە هەڵاژیـا. "دەبـێ پێتـان بڵێم دوێنـێ شەو زۆر خراپ خەوتووم". بێـدەنگی ژووری ڕاوێـژەکە بە دەنگی دەروونناسەکە شکا: "خەوی خراپت بینیوە؟" ئەسلان وەهای بە بیردا هات کە فریمێن‌بێرگ وەک پێش‌خزمەتێ کە باسـی دسرێ دەکات دەئاخڤێت. شێوەیێ تـێکەڵ لە ڕێـز و هێـز کە چاوەڕێ بـوو بیسەر بێ نق‌وجێڕ وڵامی بداتەوە.

پیێـر ئەو خەوە ناخۆشـەی کە خەوی لـێ تێـک‌دابـوو، گێـڕایەوە. گیـای گۆشـت‌خـۆر لە پیـانۆی خێـزانەکەیەوە دەڕوان و باڵەخانـە و

ژوورەکانیان تەنی بەیەکدا و گەیشتن بە کەنتۆری عەترەکان. لاسک و گەڵاکان ئاڵیان لە شووشەی عەترەکان، شووشەیەکیان داخست و شکا، بەڵام هیچ بۆنێکی نەهات. پییێر شیشە شکاوەکانی هەڵگرت و بۆنی کردن. هیچ بۆنیان نەدەهات. هەر بۆیە سەری گشت بتڵەکانی کردەوە و زانی کە ئاویان تێدایە. لە ناکاو لەو ڕوەکانەوە خوێن بەربوویەوە و گیاکان سیس بوون و داکەوتن. ئەو کات پییێر خەمی دایگرت. ئەو دەبوایە گیاکان ڕزگار بکات ئەگیناماڵەکە لە ئاوردا دەسووتا. پییێر بە دیتنی یەکەم بڵێسەی ئاور کە لە ژووری خوێندنەوەکەیدا هاتەدەرێ لەخەو ڕاپەڕی.

خەو گێڕانەوەکەی کە دوایی هات، هەڵگەڕایەوە و سەیرێکی فریمێنبێرگی کرد. ئەو خەریک بوو لە دەفتەری مۆنتبلانک میسترشۆکدا[1] شتانێکی دەنووسی. هێدی و هێمن دیار بوو، لە ڕاستیدا خەریک بوو پێدەکەنی. دەمێک بوو پییێر وەهاینە نەبوو بە هۆکاری دڵخۆشی کەسێک و ئەمەش بڕوابەخۆ بوونی پییێری زیاد کرد. "دەزانی چییە، فریمێن کەسێکی تایبەتە، هەموو کەسێک ئێژن _ ئەو نووشدارێکی زۆر باشە؛ ئەو دەیەوێت یارمەتیت بدات. تۆ شادمانتر دەبیت". ئەم قسانە ئیستێر وتبووی. ڕاستی کرد، لەو کاتەدا پییێر هەستێکی باشتری هەبوو.

---

١. مۆنتبلانک میسترشۆک، برەندێکی بەناوبانگی قەڵەم و دەفتەر (نووسنەیی) بوو لە فەرانسا.



چەند حەوتەی دواتر دانیشتنە بێدەنگەکانی لای دکتۆر دەستی پێکردەوە. هیچ خەوێ نەمابوو نەیگێڕێتەوە، ئەگەرچی هەر خەویشی نەدیتبوو. خۆی بە تاوانبار دەزانی لە بێهیوا کردنی فریمێنبێرگدا. لە سەر قەنەفەکە ڕاکشا. ئەیتوانی بوونی فریمێنبێرگی ناڕازی لە پشتسەر خۆیەوە هەست پێ بکات. گەڕانەوە بۆ خاڵی دەسپێک لە هەموو کات بێهیواتری دەکرد. "بێهیوایی" خرابترین ڕووداوی ژیانی بوو کە پییێر بڕوای بە خۆی هێنابوو کە هێمای بێهیوایی هەموو دنیایە. ئەوێکە ڕۆژێ ئەستێرەی ئاسمانی عەتر و بۆنی فەرانسە بوو ؛ کەسێکە لە نۆزدە هەتا چلوچوار ساڵەیی لە بازاڕی بۆن و بەرامدا ئەدرەوشایەوە.

ئەو سێ ساڵی نەخایاند لە بەردەستێکی نێو تاقیگەوە بوو بە "پیاوی بۆزەنی" فەرانسە و بە تێکەڵە ژیرانەکان و زانستێکی پوخت و پەتی لەسەر عەترەکان و هەروەها بۆنە جیاوازاەکان، هاوکارە عەترسازەکانی خۆی بەجێ هێشت و بوو بە پلە یەک. ئەو دەیتوانی زۆرتر لە هەزار بەرامە لێک جودا بکاتەوە و بە باشی بیناسێت و ڕیزبەندییان بکات. تەنانەت زمانێکی نوێی بۆ وەسفی عەترەکان داهێنابوو، ئێسپراتۆیەکی زێڕین و تایبەتی: کراکاک، بۆ عەتری دارەتەڕەی سووتاو. ڤارڤین بۆ بەردە قسڵی هەتاو لێدراو. پێرگاز، بۆ قەوزەی دەریایی کە لە ئێوارلندا لە قەراخ بەستێن فڕێ دراوە...

ئەو حەوت عەتری دروست کردبوو؛ ئەڵبەت پێش ئەوەی وزەی وێناکردن و بەرامەی بشکێت و ببێتە هۆی بێهیوایی و سەرشۆڕی. تەنانەت ببووە هۆی بێزاری و بێهیوایی پاڵپشتە دارایییەکانیشی و ئیدی لەو پیاوەدا خولقێنەری سالستیس، ئالبا و شێرازیان نەدەبینی. هەروەها بێهیوایی خێزانەکەی کە پیاوەکەی تەنها وەک ناوێکی بێناوەرۆک یان وەک سێبەر و تاپۆیێ دەبینی کە لە نێوان شوێنی نان خواردن و ژووری دانیشتن بەردەوام دەهات و دەچوو؛ بەڵام لە سەرووی ئەمانەوە خۆی لە هەمووان زۆرتر لەخۆی وەڕەز بوو و هەستی بە ڕووخان و بێهیوایی دەکرد. برەندگەلێکی بەناوبانگ کە دەهاتنە کنی و قاقەزێکی باریکیان لە عەتر هەڵژەندبوو، پێیان ئەدا هەتا بۆنێکی بکات. ئیدی ئەو ڕۆژانە ئاوا ببوو و خۆری سەرکەوتنی نیشتبوو. دوای هەشت ساڵ کە هیچی دانەهێنابوو و کەسیش ئیتر چاوەڕێی شتێکی لێ نەدەکرد. پێیر ئەسلان پیاوێکی مەزن بوو بەڵام ئێستا ئەو گەورەییەی نەمابوو. هەندێ جار بۆ ئەوەی دکتۆرەکەی شاد بکاتەوە خەونێکی ساز دەکرد. ئەگەرچی ئەو خەونەی شەوی ڕابردووی قەد وەبیر نایەتەوە کە لە دانیشتنە دەروونناسییەکەدا گێڕایەوە، بەڵام بەمانەشەوە زۆر چاک چیرۆک و دیرۆکی بۆ فریمێن بێرگ دەئافراند. دوایین جارێ کە وەهای کرد خەونەکەی ئەمە بوو: شەمشەمەکوێرەیکی بەنەوش هەڵفڕی و خۆی کرد بەئەشکەوتێکدا و ئەیدا بە توورەکەی پڕ لە گوڵ و گەڵای سیس و ژاکاودا. فریمێن بێرگ حەزی لە خەونەکانی بوو. هەندێ جار لە بازنەی خەیاڵی خۆیدا دەیبینی کە قسەکانی کاری تێدەکەن و دڵی دەڕووشێنن. ئەمجارە لەوەتی لەسەر قەنەفەکەدا هەڵاژیابوو، هیچ

شـتێک بە مێشـکیدا نەدەهـات. کـڵاوەکەی نـابووە سـەر لاقـی و بە ئارامی قامکی لێ‌ئەدا هەتـا کـات بـڕوات. جموجـووڵی پەنجەکـانی لەسـەر کڵاوبـۆرەکە، وێـنەی کچـۆڵەیکی دەهێنـایە بەرچـاوی: کە هەرجار باران دەباری و خۆر لە ژێر هەورەوە گۆشەنیگایەکی لە زەوی دەخست ئەم خۆی ئامادە دەکرد هەتا پەلکەزێڕینە بکەوێت و میـزی بەسەردا بکات هەتا ببێت بە کوڕ. کوڕ بوون هیوایەتی ئەو کچـۆڵەیە بوو کە دەبوایە میـز بەوە هەسارەزەڕینەدا بکـات هەتـا بێـتەدی. ئەم بیرەی ئەگەر گـرێ بـدایە بە ئەو کـڵاوە و کە لە پارکـدا دۆزیبـوویەوە ڕەنگە ڕای فـریمێن‌بێـرگ بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت. بەوەشـەوە بڕیاریـدا قسەی دڵی بە فریمێن‌بێرگ نەڵێت.



له ڕێگه که بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، لە تەنیشت ئەو کورسیانەوە تێپەڕی و چەند چرکە ساتێ ماتی کرد. باشتر نەبوو کڵاوەکە لێرە دانێت؟ ڕەنگە خاوەنەکەی بە هیوای دۆزینەوەی بگەڕایتەوە بۆ ئێرە. ژنێکی گەنج کە پاڵی بە کالسکەی کۆرپەکەیەوە دەنا لەوێ ڕاوەستا. سەرەتا سەیری نێو کالسکەکەی کرد کە بزانێ منداڵەکەی نووستووە، دواتر دانیشت و گۆڤاری تێل_پاشی کردەوە. وێنەیەکی جوان و ڕازاوە لە جۆئان کالینز[1] لەسەر بەرگەکەی خۆی دەنواند. بۆ ئێستا دەکرێت بۆ لای ئەو کورسیە بڕوات، کڵاوەکەی لەسەر دانێت بێ ئەوەی قسەیەک بکات ئەویا بە جێ‌بهێڵێت و خەڵک بەشێتی نەزانن؟ پێی وەها نەبوو بتوانێت ئەو کچە کە پێدەچوو زڕکچی ماڵێ یان خانمێکی بیانی بێت تێ‌بگەیەنێت کە کاژێرێ لەمەو پێش ئەم کڵاوەی لەسەر ئەم کورسیە دۆزیوەتەوە. لانیکەم باشتر وەها بوو جارێ کڵاوەکە لەلای خۆی هەڵبگرێت. پییێر دیسانەوە سەیرێکی نێو کڵاوەکەی کردەوە. ئەمجارە دوو پیتە زێڕینەکە خستیەوە بیر شەپۆلی "ئێف. ئێم." بابەتێک تێکەڵ و بەڵاجەوی کە پێدەچوو بۆ فریمێن‌بێرگ سەرنجڕاکێش بێت" پاشان کڵاوەکەی لەسەر کرد و بە سووکێ لێوارەی کڵاوەکەی لە نێوان دوو قامکی دۆشاومژە و

١. جۆئان کالینز؛ ئەکتەر و نووسەری ئینگلیسی.

ئەسپێ کوژەیدا ڕاگـرت. دەمێـک بـوو کە قامکەکـانی ئاوەهـا لەسـەر قـولەتی نەوو/ نەوگ نەخزابـوون هەتـا هێڵێکـی خەیـاڵی لە پـێش چاوەکانیەوە بکێشت. هەر کە ویستی بکەوێتە ڕێگە کەوتە بیر یەکەم کڵاوەکەی کە کڵاوێکی نەوگینەی بۆر بوو بە بەنێک باریکەوە، ساڵی ١٩٦٧ لە دووکانی هارۆدێسی لەندەن کڕیبووی. کڕینـی ئەو کـڵاوە پێوەندیێ گەرموگوڕی لەگەڵ تۆنی کۆرتیس[1] ڕێخستبوو بۆی. کاکی دەورگێـڕ کـڵاوەکەی لەنێـو کڵاوەکـانی دیـکە دانـابوو و ئەسـلانیش هەڵیگرتبوویەوە هەتا تاقی بکاتەوە. تۆنی کۆرتیس دەنگی هەڵبڕی و گوتی من ئەمویست بیکڕم، بەڵام ئەسلان لە دژی وەستایەوە و وتی: "کڵاوەکە لەسەر مێزەکەوە بوو، ئەگەر ئەم بەڕێزە دەیویست بیکڕێـت دەبوایە بە دەستیەوە بایەت". بەرپرسـی فرۆشـگاکە لەم دەمەقـاڵەیە دەڕوانی بێ ئەوەی قسە بکات، پاشان داوای لێبـوردنی لە ئەسـتێرە سینەماییەکە کرد. نەیدەزانی چلۆن ئەم کێشـەیە چارەبکـات ئـاخر لەوێـدا کڵاوێکـی دیـکە لەو شـێوەیە نەبـوو. دەمەقـڕەی ئەسـلان و کۆرتیس کێشای بەلای ئەوەدا کە لە بەر ئاوێنە تاقی بـکەنەوە بـزانن لەکامیان زۆرتر دێت. کاکی دەورگێڕ وتی: "لە ڕاسـتیدا لە تـۆ زۆرتـر دێــت و جــوانترە"، پاشــان زۆر بەڕێــز و گەورەیــیەوە کــڵاوەکەی پێشکەشـی ئەسـلان کـرد، ئەویـش چـون نەیدەویسـت منەتێکـی لەسەر بێت ڕۆیشـت بـۆ بەشـی عەترفرۆشـیەکە و عەتـرێکە کـۆرتیس لەخۆی ئەدا و ئەم لە بۆنەکەیەوە دەیزانی چیـیە کـڕی و پێشکەشـی کرد.

---

١. تۆنی کۆرتیس؛ دەورگێڕێکی ئەمریکی بوو.

"فەرانسی وتەنی، ئیتر برۆین؟". ئەمەی گوت و بەڕێز کـۆرتیس بە نیشانەی ماڵاوایی کردن کڵاوەکەی لەسەری دەرهێنا.

چەنــد ســاڵ دواتــر لە هــۆتێلێکی لۆسانجلێســدا دیســانەوە ئەکـتەرەکەی بینـیەوە. "کـڵاوەکەت لە بیرچـوو، پیـاوە بـۆزەنەکە". دەنگێــک لە پشــت ســەریەوە ئەمەی وت و بە کەیــف خۆشــییەوە بیرەوەرییەکــانی فرۆشــگەی هارۆدێســیان دەگێــڕایەوە؛ ئەو کــاتە ئەسلان هێشتا پیاوی نێـو پیـاوان بـوو و کـۆمەڵێ وێنەگـریش لەوێ ئامادە بوون هەتا ئەو سات و کاتە لە چاوی کامێراکانیانەوە بکێشن. ئەو جلێکی فەرمی تایبەت بە میوانی لەبەر کردبوو و چڵێ گوڵیشـی لە سەر سینگی دابوو و ئیستێریش کراسێکی درێژ و باڵاپۆشی لەبەر بوو. لەو شکۆ و جوانییە چی بۆ مابوویەوە؟ هیچ. شەش ساڵێ ئەبـوو کە ڕیشی ئەهێشتەوە. تەنها سێ مانگ جارێ دەسـتێکی ئەهێنـا بە خۆیـدا و بە جـێگەی ئەو جـلە خەڵـووزی ڕەنـگە بـێ لـۆچ و پـۆچە، جاکەتێکی بەنینەی لەبەر دەکرد کە بۆ باخەوانەکانی پارکیش شیاو نەبـوو. لە سـەرەتای خەمـۆکییەکەیەوە بڕیـاریدابـوو جلکەکـانی ببەخشێت. گشت قات و کـۆت و کڵاوەکـانی بە ئەرتەشـی ڕزگـاری بەخشی. هەندێکیان کۆنە بـوون بەڵام ئەوانـیکە بەکەڵـک دەهـاتن. تەنها شتێ کە پیێر حەزی لێبـوو داینێـت بـۆ خـۆی "کـڵاوی تـۆنی کـۆرتیس" بـوو بەڵام چەنـد سـاڵ لەمەو پـێش لە فڕۆکەیەکـدا لێـی بەجێ مابوو.



"ڕەنگە لەگەڵ ڕیشت نەیەت". کاژێر سێی بەیـانی چـاویلکەکەی لەسـەر مێـزەکە هەڵگـرت و بـێ ئەوەی ئیسـتێر لە خەو ڕابێـت ئەو هەسـتا. کـاتێکە لە چـاوپێکەوتنی دکتـۆرەکەی دەگەڕاوە، ئیسـتێر کـۆپلەی یەکەمـی تۆکاتـادێمینـۆری دەژەنـد لە پەردەی باخـدا و ڕاهێنانی لەسەر ڕستەیەکی تایبەتی دەکرد. پییـر بە شـوێن دەنگـی ئێشتنۆیددا[1] ڕۆیشت هەتا گەیشتە ژووری دانیشتن. ئیسـتێر پشـتی لە درکەکە بوو و قژی لە پشتەوە گرێ دابوو. چوار پێنج نـۆتی چەنـد جـار ژەنـد. هەر جـارە و دەنەگەکەی پێشـتری هەبـوو بەڵام بەڕای ئیسـتێر بە هەڵە دەژنـران. یـان کێشــە لە کـاتی قامـکـنـانە بە کلیلەکاندا کە خێرا و ڕێکوپێک نیـیە، بەڵام ئیسـتێر هەر ئارخەیـان نەدەبـوو. بـێکەم و کـۆڕی، تایبەتمەنـدی کـاری هەردووکیـان بـوو. بچووکترین کێشە وەک گەورەترین لەمپەر بـوو بۆیـان و هەتـا چـاک کردنی، دڵیان دانەدەمەزرا. دووپات کردنەوەی ئەم چەند نۆتە تەنها چەند خولەکی خایاند یان دەکرا ئەو دوانیوەڕوە هەر خەریکی بێت. ڕەنـگە عەترێـک بە چەنـد حەوتە، چەنـد مانـگ یـان چەنـد سـاڵ تـوێژینەوە دروسـت بێـت. تـێکەڵەی شـالیمار بە هـۆی چانسـێکی

1. مارکی جۆرێک پیانۆی دەستسازی دەستی ئێشتنۆی، پیانۆسازی بەناوبانگی ئەڵمانی – ئەمریکییە.

باشەوە داهێنرا. ژاک گوارلین[1] لە کاتی تاقیکردنەوەدا، چەند دڵۆپە ڤانیلی سنتتیکی کردە نێو شووشەیێ عەتری جیکی و شالیماری دروست کرد، عەتری پاتۆ ١٠٠٠ بە چەندین ساڵ و هەزار جار تاقیکردنەوە بەرهەم هات و ناوەکەشی هەر لەم ژمارە تاقیکردنەوەیە وەرگرت. ئیستێریش دەیتوانی ئەگەر پێویست بکات ئەو پەردەیە هەزار جار بژەنێت. پییێر دەیویست بێ ئەوەی پچڕانێ بێتە نێو کارەکەی بگەڕێتەوە بەڵام یەکێ لە تەختەپۆشەکانی ژێرپێی جیرەیکی لێوە هات. ئیستێر لایەکی کردەوە.

"ترساندمت. ئەو کڵاوە چییە ئیدی؟"

"کڵاوێکی ڕەشە".

"خۆم دەیبینم، بەڵام لەکوێت هێنا؟"

"لە دووکانێکی بچووکی کۆنەفرۆشی لە بلواری کارسێل".

"پێم وەهایە تەنها شتی ژنانە دەفرۆتن".

"منیش وەها بیرم دەکردەوە. بەڵام ئەمەم لە ویترینەکەدا بینی، تازە هێنابوویان".

ئەم بیرۆکە تازە بە مێشکیدا هاتبوو. بە دڵنیاییەوە ژنەکەی ڕازی نەدەبوو کە کڵاوێ لەسەر بکات کە لەسەر کورسیێ لە پارکدا دۆزییەتەوە. بووتیکی دێمارک ئێڤۆ لە سەر ڕێگەی فریمێنبێرگەوە بوو. ئیدی دەکرا بە تەواوی بڕوا بکات کڵاوەکەی لەو ویترینەدا دیتووە و تاقی کردۆتەوە. ئیستێر وتی: "دەمێکە کڵاوت لەسەر نەکردووە و بە سەرنجەوە لێ ڕوانی. "بەڵام لێت نایە..." ناوچاوی دا

---

١. عەترسازی ناوداری فەرەنسی.

بە یەکدا، سەری تۆزێ دانەواند و وتی: ڕەنگە لەگەڵ ڕیشیشت لێک نەیەت کە بۆتە هۆی ئەوە تۆزێ..."

"تۆزێ چی؟"

"جۆرێکت لێ دەکات".

پییێر ڕۆیشت بۆ بەر ئاوێنەی پشت کوورەکە. لە چاو خۆیەوە کە هیچ سەیر و سەمەرە نەبوو. ئیستێر دیسانەوە دەستی کردەوە بە ژەنینی نۆتەکانی باخ و لێی پرسی: "دانیشتن لەگەڵ فریمێن‌بێرگ چۆن بوو؟" پییێر بێ ئەوەی تەون و تەشی لێ بنێتەوە، وتی: "باش بوو". لەو کاتەدا هەستی کرد کە دەتوانێ هەموو تەمەنی لەوێ ڕاوەستێت. خۆی بخات بە لای کوورەکەدا و لە کاتێکدا کڵاو وا لە سەریدا لە نێو ئاوێنەکەوە لە خێزانەکەی بڕوانێت کە پەردەی باخی دەژەند. دووپات بوونەوەی نۆتەکان وێنەیکی دڵنیاکەرەوەی هەتاهەتایی پێ دەبەخشی.

"ڕەنگە لەگەڵ ڕیشت جوان نەبێ". تریفەی نووری مانگ لە لای کرکرەکانەوە دەهاتە نێو ژووری دانیشتنەکە. پییێر ئەگەر چاوی بە ڕەشی قەنەفە گەورەکە نەکەوتبایە بەر دەبوویەوە بە سەر مێز و شتەکەدا. لە درکە هاتە دەرێ، و لە بەرهەیوانەکەوە تێپەڕی و لە بەر ژووری خەوتنی کوڕەکەیەوە ڕۆیشت، گەیشتە حەمام، و درکەکەی بە دوای خۆیدا داخست. گڵۆپەکە پرتەیکی کرد و هەڵبوو. پییێر چاوەکانی نا بەیەکدا و کوژاندیەوە. مۆم. لە دۆڵابی گسکەکاندا چەند دانە مۆمی دانابوو. لە حاڵێکدا بە هۆی تیژی نووری گڵۆپەکەوە چاوەکانی باش نەیدەبینی لە حەمامەکە هاتەدەرێ و بۆ

لای دۆڵابەکە ڕۆیی. چەن دانە مۆم و چەرخێکی مارک بیک لەنێو کارتۆنێکی بچووکدا بوون لە دۆڵابەکەدا. یەکەم مۆمی داگیرساند و لەلای ئاوێنەکەوە داینا. وتی ئێرە باشترە. یەکێکی دیکەی هەڵکرد و پاشان مۆمی سێهەمی ڕۆشن کرد. چەکمەجەیکی کردەوە و دوێردییێکی زەردی بچکۆلەی دەرهێنا و لەبەر ئاوێنەکەدا تۆزێ خۆی نەواندەوە و چناکەی نایە نێوان دوو قامکی. مووی ڕەش و بۆر وەک باران دەباری بەسەر کاسەی بەر شێرەکەدا.

پاش بیستوپێنج خولەک یەک تۆز ڕیشی بە ڕوومەتەوە مابوو. بەلۆعەکەی کردەوە و بە ئاوی گەرم ڕوومەتی شوشت. فلچەی ڕیشەکەی تەڕ کرد و هەڵیژەند لە ساوندا و ڕیشی جوان خووساند. کەفی ساونەکە بە ڕوومەتییەوە وەک لۆکە بمەڵەی کردبوو، بە قامکی لێوی سڕی. لەلای گوێچکەیەوە هات پیایدا، بای کردە گوپی و هێدی هێدی هەتا خوارەوە ساف و لووسی کرد ڕیش و چڵک و ملکی داخستە بەر ئاوەکە و چوو بە زێرابەکەدا. پیێر هەڵمی سەر ئاوێنەکەی سڕی و پاشان چووە سەروەخت ئەو لاکەی تریەوە، ژێر مل، سوێڵ، چناکە. زمانی کرد بە ژێر لێوی خواروویدا و بەرزی کردەوە هەتا ئاخرین تاڵی ڕیشی بتاشێت. ئێستا تەنها پەڵە پەڵەی ساون بە ڕوومەتیەوە مابوو. خاولییێکی هەڵگرت، بە ئاوی گەرم تەڕی کرد و نای بە ڕوومەتیەوە و بە چاوی بەسراو چەند خولەک وەها ڕاوەستا. پاشان لەسەرخۆ خاولیەکەی لابرد هەتا سەیرێکی ئاوێنەکە بکات. وەک بڵێی کتوپڕ دۆستێکت چاو پێکەوتبێت کە چەند ساڵە نەتبینیوە. ئاوێنە ڕوومەتی پیاوێکی بەناوبانگ ئەنوێنێت. پیاوێکە لە پیێر ئەسلان ئەچێت.



لە دووەریـیەکەوە هەتـاو ئەیـدایە نێـو ژووری ڕاوێژکـارییەکەدا و زریوەی ڕووبەندە کۆنەکـان کە هەڵواسرابـوون، ئەکەوتە سـەر دیـوارە سپییەکەدا. پییێر وتی: "ڕیشم تاشی"، پاشان درێژەی پێـدا: "ڕیشـم تاشـی و کڵاوێکیشـم هەیە"؛ وەک هەمـوو کـاتێ کە قسـەی دەکـرد بێدەنگی پێشوازی لێدەکرد. پییێر بە دەنگێکـی بەرز وتـی: "ئەگەر ئەو چەند دڵـۆپە مـۆرەم زیـاد نەکـردایە، سالسـتیس ئێسـتا شـتێکی جیاواز بوو. ئەگەر ئەم کڵاوەم نەدیبایەت ئێسـتا ڕیشـم نەتاشـیبوو". پاساوەکانی خۆی بە دڵخۆشکەر دەبینی، ڕوون و ڕاشـکاو بە ڕادەی فرمۆڵێکی بیرکاری، کە دەیتوانی تەواو لایەنە هەبووەکـانی گەردوون لە چەند دێـڕدا بسـەلمێنێت. ئیسـتێر بە دیتنـی ڕوخسـاری ڕازاوەی پییێر، فرمێسک زاییە چاوەکانی؛ سەرێکی لەقاند و پێکەنی. پییێـر لە ئامێزی گرت و لێی پرسـی: "بۆ دەگریت؟"

"ناگریم، خۆشحاڵم کە لەخۆت دەچیت و دیسانەوە تۆم دۆزیەوە".

ئیسـتێر چەنـد ڕۆژ دواتـر، بـۆ بەڕێـوەبردنی چەنـد کۆنسـێرتێک دەڕۆیشـت بـۆ نیۆیـۆرک و کوڕەکەشـیان لەگەڵ هەڤاڵەکـانی بـۆ خلیسکانێ دەچووە چیاکانی ئارک. پییێر دەمایەوە و چەند ڕۆژێ تاق و تەنیا لە بەرەبەرەکانی ساڵی نوێدا. خێزانەکەی وەک ئەوە منـداڵێ جێ بهێڵێت بەردەوام ڕایدەسپارد ئەمە بـکە و ئەوە مەکە، "لەبیـرت

نەچێت بەیانیان زوو لە خەو هەستیت". هەتا ئەم دواییانە هەمووان دەیان‌زانی هەتاکوو کاژێر یەکی نیوەڕۆ دەنوێت و لە ژێر لێفەکەیدا کاتێکە نووچەی نیوەڕوانەی ئیۆمورۆسی و مری‌لۆر ئاگری گوێ ئەدات قاوەکەی دەخواتەوە.

" وەبێ ڕوو کردن بە ماریا بڵێ یەکێک لەو خواردنانەی کە زۆر حەزت لێیە، لەبۆت ساز بکات، بۆ نموونە چێشتی گۆشتە گا کە وەرزیشی بوو، چێشتێکی خۆشە"؛ ئەڵبەت لەبیرت نەچێت ڕۆژی هەینی بڕۆیتە کن دکتۆر فریمێن‌بێرگ. باڵەخانە گەورەکەی شەقامی ڤیلییێرس بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشابوو، وەک ئەو کاتانەی کە ئیستێر بۆ سەفەر دەچوو. ئەم جارە ئێریکیش نەبوو. هەڵبەت ئەو دووانە زۆر چێر نەبوون پێکەوە، ئاخر پیاوێکی پەنجاودوو ساڵە چی لەگەڵ کوڕێکی پازدە ساڵان بڵێت، کوڕەکەش هەروەها. ڕەنگە چەند ساڵی دیکە بتوانن زۆرتر پێکەوە قسە بکەن و سەبارەت بە مژاری جیاواز وتوویژ بکەن، بەڵام لە ئێستادا بارودۆخی ئێریک بۆ دایک و باوکی وەک لاوەکانی هەموو دنیایە، کەوا کەم‌قسە دەکەن و حەزیان لە تێکەڵی لەگەڵ ڕەفیقەکانی خۆیانە.

"خزمەتکارەکەمان پێی وتم وەهاینە دە ساڵ گەنج‌تر دیارم". ئەسلان بەم ڕستەیە بێدەنگیەکەی شکاند. "یانی چل‌ودوو ساڵ ئەدەمە چاو. بەڵام بە ڕیشەوە هەر ئەو تەمەنی خۆمە دەردەکەوم. ڕەنگە بە ڕیشەوە شەست ساڵان بەمە چاو". فریمێن‌بێرگ وتی: "وەهام دەزانی شەست ساڵە بیت".

وتەکانی فریمێن‌بێرگ ئەوەندە دەگمەن بوو هەر کات دوولچەی ئەکردەوە، پییێر دڵی خێراتر لێی‌دەدا. ئەم زەخت و تەنگژەیە

لەسەری ڕەوییەوە، پییێر لای کردەوە بەلای فریمێندا و بە دەنگــی بەرز گوتی: "پێت وابوو ئەمن شەستساڵمە؟" فــریمێنبێــرگ بــێ ئەوە چاو بترووکێنێت ماق بوو بە پییێردا و ئەوەندە لێی ڕوانی هەتا لە ئاکامدا ڕووی لێ هەڵگێڕاوە. ئەو ماوەیە کە لە دانیشتنەکە مابوو یەك وشە ئاڵوگۆڕ نەکرا.



لەو ڕۆژانەدا کە تەنها لە ماڵ بوو، دوزەنەی ڤەترسینی نەخۆشییەکەی درێژەی هەبوو. کاژێر دەی بەیانی کە لە خەو ڕادەچەنی، ڕیشی سێ‌تێخە دەکردەوە. پاشان بەرنامەی هەواڵێ لەگەڵ ئیۆمورۆسی گوێ ئەدا و دواتر ئەو فراوینە[1] کە ماریا بۆی ساز کردبوو دەیخوارد. پاش‌نیوەڕۆ بە شادی و خۆشییەوە گۆڤاری دەخوێندەوە یان بۆ کڕینی شتانێکی بچووک وەک پیلی کونترۆڵی تەلفیزیۆن، گڵۆپ یان ناوە بۆ کەوشەکانی دەڕۆییە دەرەوە. خاوەنی ڕێنۆڤیکس، کە پزیشکێکی دەرمان‌ساز بوو لە لۆڤیس، بڕوای وەها بوو پییێر چاک بۆتەوە. بە خۆیشی وتبوو. ئەو ژنە تەنانەت پێی وتبوو کارێکی باشی کردووە لەو ڕیشە ڕزگاری بووە و کڵاوەکەشی زۆر لێ‌دێت.

ئەم پیاهەڵچوونە چاوەڕوان نەکراوە، بوو بە هۆی ئەوە لە چاوی خەڵکانی دیکەدا بژێیتەوە. ئیدی ئەو پیاوە بێکار، ڕەنگ هەڵپڕووسکاو و بێدەنگە نەبوو کە کەس قسەی لەگەڵ نەدەکرد. ئەم گۆڕانە نادیارە، ڕێک کاتێ دەستی پێکرد کە دیسانەوە کڵاوی کردەوە سەری. کڵاو، ڕۆژە خۆشەکان و سەرکەوتنەکانی دەهێنایەوە

١. فراوین: وشەیکی بادینییە واتە نەهار، کە ئێمە پێ ئەڵێین نیمەڕۆژە.

بیری، و بوو بە هۆی ئەوە هەست بکات هەمان پییێر ئەسلانی پێشوو لە دەروونی ئەو پیاوە ڕووخاوە سەری هەڵێناوە.

کڵاوبۆر، تەنها شتێک بوو کە پاش ماوەیەک دوور و درێژ ببووە مڵکی پییێر. شتێکە خۆی هەڵیبژاردبوو، ڕەنگە کڵاوەکە ئەمی هەڵبژاردبێت؛ کڵاوێکە لەسەر کورسیێ فڕێ درابوو و هەرکەسێ چاوی پێبکەوتایەت هەڵیدەگرتەوە. ڕاستی ، چەندێ لەوێ بوو؟ گەرچی نەیدەزانی خاوەنی سەرەکی ئەو کڵاوە یان هەمان ئێف. ئێمی ڕمووزن کێیە، بەڵام هەرچی بوو لەو کاتە بەدواوە هی ئەو بوو.

ئەو کڵاوە هاتە ژیانی پییێر، گۆڕانێکی دیکەی پێوە بوو؛ ئەم جارە لە دۆلابی جلەکانیدا پییێر کۆتێ بەنینەی کۆنەی هەبوو لەدڵی دەرکرد. یەکشەمانێک، پاش سەیر کردنی زنجیرە درامای مەگنۆم[1]، بە تامەزرۆییێکەوە کە بۆ خۆیشی سەیر بوو، بڕیاریدا بڕوات بۆ پارک پیاسە بکات. ئەم بڕیارە، بەرنامە داڕێژراوەکەی تێک ئەدا کە ڕۆژانی هەینی پێش ئەوەی بڕوات بۆ لای فریمێن‌بێرگ، بۆ پارک دەڕۆیشت.

هەوا زۆر سارد بوو، لەوە دەچوو بەفر ببارێت. لە ڕاستیشدا "ئیۆ مورۆسیش" ئاگاداری دابوو کە پێدەچێت ڕۆژی دووشەمە بەفر ببارێت. دەستی لە گیرفانی کردبوو و کڵاوی لەسەر نابوو، پیاسەی دەکرد. کەم و کز پارک خەڵکی لێبوو. تەنها کەسانێک کە لە تەنیشتیەوە تێپەڕین چەند ڕاکەر بوون کە لە سەرما ددانیان لێک هەڵپێکابوو و گۆنایان سوور ببوویەوە و هەمووشیان واکمەنیان لە گوێ نابوو.

---

١. مەگنۆم؛ زنجیرە درامایەکی پۆلیسی ئەمریکی بوو.

لەلای پیستی پاتیناژەکەوە تێپەڕی، منداڵەکان بە تەپوتل کردن تیایدا دەسووڕانەوە و ڕاهێنانیان دەکرد، بۆ ئەوەی بەر نەبنەوە خۆیان لە مەعجەرە ئاسنیەکان هەڵواسیبوو. لە ناکاو بۆنی کراکاک هات بە لووتیدا؛ بۆنی داری سووتاو. ڕۆیشت بە دوای بۆنەکەدا هەتا گەیشتە سووچێکی پارکەکە، کە بۆ هەموو کەس نەبوو بڕواتە ئەوێ. لە پشت یەکێک لە دەوەنەکانەوە تۆپڵاخەی دووکەڵی بینی کە بەرز دەبوویەوە.

پییێر چووە ئەودیوی دەوەنەکە. باخەوانێکی بینی کە گەڵا و دارە وشکەکان دەسووتێنێت و بە کرەیەکیش ژێروبانی دەکرد. باخەوان چاوی بە پییێر کەوت. وتی: "بۆت نییە بیتە ئێرەوە."

"داوای لێبووردن دەکەم، بۆنی ئەو دارە سووتاوە منی ڕاکێشا بۆ ئێرە".

"تۆش حەزت لێیە؟ کەوایە دەتوانی بمێنیتەوە. خۆ کەس لێرە نییە. سبەینێ بڕیارە بەفر بباریێت."

"دڵنیایت؟"

باخەوان سەرێکی بۆ لەقاند و دەستی نایە سەر کڵۆکی. "من هەستی دەکەم. کەش‌ناسێکم بۆ خۆم". پاشان بە کرەکە هەندێ‌تر گەڵاوشکەی کۆ کردەوە و کردیە سەر ئاورەکەدا. هەردوو پیاوەکە، بێدەنگ لە قووڵایی خەیاڵی خۆیاندا، ماوەیک سەیری قرچەقرچی بڵێسەی ئاور و دووکەڵی سپییان دەکرد کە بە سەما کردن بەرز دەبوویەوە. پییێر گوتی: "دەتوانم داوای شتێکتان لێ‌بکەم.".

باخەوان وڵامی دایەوە: "کەرەمکە".

" ئەکرێت ئەو کۆتە کەنەدییەی منیش بخەیتە ئەو ئاگرەوە؟"

"ببوورە؟"

"پێت وایە کۆتەکەم بسووتێ؟"

"بۆچی ئەتەوێ بیسووتێنیت؟"

"چونکە... پێویستم بەم کارەیە."

پییێر گیرفانەکانی چەک‌چن کرد و گەڵایێ ٥٠ فرانکی بە پیرەپیاوەکە دا و پاشان کۆتەکەی سووتاند. کەوتە بیر نەریتە هێندۆسییەکان، کە تەرمەکانیان لەسەر لێژینەی دار دادەنا و دەیان‌سووتاند و دەیان‌کردە خۆڵەمێش.

تۆپڵاخەی دووکەڵی ڕەش کۆتەکەی لە خۆیدا ون کرد. هەرکە چڵۆسکەکان لە کۆتەکە کەوت ئاوری تێبەردا. باخەوان لە نێوان دار و گەڵا سووتاوەکانەوە بۆ میوانە سەرسووڕهێنەرەکەی دەڕوانی و ئەمیش ماق ببوو بە بڵێسەی ئاورەکەدا و سەرقاڵی سووتاندنی کۆتێک بوو کە شەش زستانی پێ بەڕێ کردبوو. کڵاوەکەی هەڵگرت و بە دوو دەستی لە نێزیک ئەژنۆکانییەوە ڕایگرت.

کە بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، ڕۆیشت بۆ سەر دۆڵابی جلەکانی و گەڕا بە شوێن قاتە ڕەشە ئیۆسێ لۆرێنەکەیدا[١] بەڵام نەیدۆزیەوە. پێدەچوو لەگەڵ جلکەکانی دیکە بە ئەرتەشی ڕزگاری دابێت. بەڵام قاتێکی

---

١. کۆمپانیایەکی فەرەنسی بەناوبانگ لە بواری جل‌وبەرگ و مۆدەدا کە ئیۆسێن لۆرێن دایمەزراند.

دیکەی دۆزیەوە، یەک دەست لانڤینی[1] خەڵـووزی کە پێـدەچوو لەو لەدڵ دەرکردنە گەورەیە خۆی دەرکردبوو. ڕەنگە ئیسـتێر بـێ ئەوەی پێی بڵێت هەڵی گرتبـوو. لە تەبەقێکـی دۆڵابەکەدا کراسـێکی سـپی دییەوە کە ساڵانێ بوو لەبەری نەکردبوو. لە چەکمەجەیکـی دیـکەدا چەنـد قـۆبچەیێ سـەرقۆڵی زەرد و سـپی کە لە زێـڕ و دوڕ بـوون دۆزیەوە. پییێر جلکەکـانی دەرهێنـا. پـاتۆڵەکەی گلـۆڵە کـرد و فڕێـی دایە سەر قەنەفە مەخمەڵـیەکە، جلـی لەبەر کـرد و کـڵاوەکەی نـایە سەری. چەند ساتێکی خایاند هەتا کڵانەکانی داخست. لە ئاوێنەی کەنتۆرەکەدا سەیرێکی خۆی کرد. بێ ڕیـش، قـات و کراسـی سـپی لەبەریدا. کراسەکە تۆزێ بچووک بوو بە بەری بەڵام زۆر گرنگ نەبوو. درکەی کەنتـــۆرەکەی داخســـت. تـــۆزێ لە نێـــو مـــاڵەکەدا گەڕا. کڵاوەکەی کردە سەری و چووە دەرێ.

---

١. کۆمپانیایەکی چەند پشکەی مۆد و جل‌وبەرگ بوو لە فەرەنسە، کە ژان لانڤین بەردی بناغەکەی دانا.



چەنەوەری دەهـات؟ سـاڵانێک بـوو ئاوەهـا کـارێکی نەکردبـوو. دوایین جـار لە بەهـاری ١٩٨٢ ئەم ڕاهێنـانەی کـرد. ڕۆژێـک لە بەر درکەی بـاخی تـۆیلێری هەتـا تـاقی ئـازادی کارۆسـێل، گشـت باخەکـانی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵاتـی بە پـێ پێـوا بـوو هەتـا گەیشـتبوویە لووڤر. پاشان لە گۆڕەپانێکی بچکۆلەدا لەسەر کورسیێ دادەنیشێت، شـوێنێ کە دواتـر لەوێـدا قووچەکێـک لە شیشـە و پـۆڵا دروسـت دەکـرێ. بیـری کـردەوە: "کـارم تەواوە. تەنـانەت چـواریەکێ لەو عەترانەی کە لەلایانەوە تێپەڕیم نەناسیەوە".

گێچەڵێکی بۆ خۆی داتاشی لەپڕا، بەڵام هەسـتێکی خۆشـی لـێ هەبـوو. دەیویسـت عەتـری گشـت ئەو کەسـانە کە لە تەنیشـتیەوە تێـدەپەڕن بناسـێتەوە. هەناسـەیکی پـڕ بە سـییەکانی هەڵمـژی و چاوەکانی نووقاند. وەک هیپنۆتیزمکارێـک کە دەیەوێ شـتێ بکـاتە ڕاستی، ئەژماردی: پێـنج، چـوار، سـێ، دوو... یەک، پاشـان پلێکـی تەقاند و چاوەکانی کردەوە. لێواری کڵاوەکەی گرت و دەسـتی کـرد بە ڕۆیشـتن بەو ڕێـگەیە کە لێـیبـوو. یاسـای یـارییەکە ئەوە بـوو کە نابێت ڕاوەستێت یان لاکاتەوە. ژنێک بە پرچێکی ڕەشی میسرییەوە، کە جلی یەکدەسـت و چـاویلکەیەکی گەورەی لە چـاودا بـوو بەرەو ڕووی دەهات. پێگەیشـت و لە تەنیشـتییەوە تێـپەڕی. چـرکەی، دوو چرکە... هەوایکی توند و تیژ خێرا بە لووتیا هات. وتی: "فیجی". بێ

ئەوەیـکە لە خێرایــی خـۆی کەم بکــاتەوە، چــاوەڕێی پیــاوە جانتــا بەدەسـتەکەی دەکـرد. پیـاوەکە کراسـێکی خـان‌خـانی شـەترەنجی بـۆری لەبەردا بـوو و مـووی سـەری لە پشـتەوە بەسـتبوو. دوو چـرکە تێـپەڕی و بە دوایـدا بەرامەیـێ بەربـوویەوە. "پـاکۆ ڕابـان، عەترێکـی پیاوانە".

ئێستاکە سێ کچـی گەنجـی سـی سـاڵان بەرەو لای دەهـاتن. بە گوێرەی یاساکەی خۆی کە داینابوو نەدەبوو ڕاوەستێت یان لاکاتەوە و بۆ کەسێک بڕوانێت، دەبـێ لە نێوانیـانەوە بچـوایەت. بـۆ ئەوەیـکە تێپەڕێـت مەودایەکـی خسـتە نێـوان ژنەکـان. خێـرا وتــی: "داوای لێبوردن دەکەم." کچە سەوزەڵەکەیان کە قژی هەتـا ڕادەیەک درێـژ بوو عەتری "فیرستی" لەخۆی دابوو کە هی کۆمپانیای "ڤـان کلیـف ئەند ئارپلێز" بوو. ڕەفیقەکەی کە قژێکی درێژی هەبوو و لە پشـتەوە قوتی کردبوویەوە لە کۆتەکەی پیێریش کەوت، زانی عەتـری "لێـردۆ تێمپز"ی پرژاندووە بە خۆیدا کە دەسکاری کۆمپانیای نینـا ڕیسـییە؛ و سـێهەمین ژن کە لە تەنیشـتیەوە تێـپەڕی، ئـافرەتێکی قژکـورتی خورمایی بوو؛ "ئێدۆ ڕۆشاسی"، لە خۆی دابوو، بە پییێری وت: "شڕ و شێت". بیری کردەوە، جادووی کردووە. هەر لەو کاتەدا ژنێکی گەنج بە شەڵواری جین و کڵاوێکی سوورەوە بە پەلە لە تەنیشتیەوە ڕابورد؛ " پۆیزۆن". پیاوێک کە پاتۆڵێکی مەخمەڵ و کۆتێکی چەرمی لەبەردا بـوو، شیشـەی چـاویلکەکەی دەسـڕی، شـەفتوور لایەوە تێـپەڕی. عەتـری نەدابــوو لە خــۆی؛ تەنهــا بــۆنی ئەساســی تەڕی (کــرێم) لێ‌دەهات کە دوای ڕیش تاشین لە خۆی دابوو ئەویش بۆنی یاس و نەعنای ئەدا و تێکەڵی بۆنی ناخۆشی جگەرەش ببوو.

لە پشت چراسووری هاتووچۆوە ڕاوەستا، هەڕاکەرێ لە جێ خۆیەوە هەڵەهات؛ ئارەقەی جەستەی ئامێتەی عەتری "ئۆساوج" ببوو. لەولای بلوارەکەوە بە تەنیشت ژن و مێردێکی پەنجا ساڵەدا ڕۆیشت کە لە گەشتیار دەچوون و لەنێو نەخشەدا بە شوێن جێگەیەکدا دەگەڕیان. ژنەکە عەتری شالیماری لەخۆی دابوو و پیاوەکەش بۆنی سپرای قژی ئێلنتی ئەدا. پییێر بیری کردەوە، وەها دیارە ئەم پیاوە سپرای قژی ژنەکەی بە دزیەوە لەخۆی داوە و بۆی نەچەلییە سەیری بکات. بۆنی عەتری ئارپێجی ژنێ کە قژی گرتبوویەوە پەلکە و دەسێ جلی جوانی لەبەردا بوو سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا؛ دواتر عەتری هابیناتای ژنێکی چاوشینی هووڵ.

پاشان چەند عەتری دیکە، یەک دانە لێردۆتێمپزێن، دوو دانە سالستیس، لاکوستی پیاوانە دانەی، مۆنتانا، کوارتزی کۆمپانیای مۆلینێکس، ئاناس و پۆیڤێر لە کۆمپانیای سیکیم؛ ئیۆسێن لۆران ڕیۆ گۆچێ لە کۆمپانیای جۆی. لانکۆم و ئێپیلۆجووی سەرسووڕهێنەر لە کۆمپانیای کۆریسێ سالۆم.

کاتێکە گەیشتە سەراوردی گۆڕەپانی سەن ئاگۆستین، لەسەر کورسیێ دانیشت و چاویلکە و کڵاوەکەی داگرت. سەری مرۆژانەی ئەکرد. کار خۆی کردبوو. پێشخزمەتی یەکێک لە کافەکان هاتە دەرێ و هاتە کنی.

"هەموو شتێ بە دڵی ئێوەیە بەڕێز."

"داککاری ڕەش، کۆمپانیای گای لارۆچێ[1]".

کلوکلو بەفر دەباری، لەپڕا توندی کردەوە. کە گەیشتەوە ماڵ هەموو گیانی خووسا بوو و بنگووسێ بەفر لەسەر کڵاوەکەی نیشتبوو. کڵاوەکەی ڕاوەشاند و بەفرەکەی داتەکاند. نایە سەر ڕادیاتۆری ژووری دانیشتنەکە.

1. *Guy Laroche.*

ڕۆژی ١٨ ئاوریلی ١٩٨٢، قاقەزدانەکەی دانا، سەری پێنج شووشەی عەتری ئاخری بەست و نایە جێگەکەی خۆی لەسەر مێزی عەترەکان. پاشان لە ژوورەکە چووە دەرەوە. درکەکەی داخست و هەڵیگرت، پێش ئەوەی بڕوات بۆ سەر خواردنەوەی بوومۆری ١٩٦٧[1]، کلیلەکەی هەڵدایە سەر ئاخرین تەبەقەی دۆڵابەکە. بەم داخستنە هێماییە، کۆتایی بە چالاکی بیست ساڵەی هێنا و درکەی کارکردنەکەی گاڵەدا. کەسێ زاتی نەبوو دەست بدات بەو کلیلەوە. فەرمانەکان ڕوون بوو: نابێ ئەو درکە بکرێتەوە و هەر جۆرە "لێپرسینەوەیێ" قەدەغە بوو؛ هەر بۆیە درکەی ئەو ژوورە هیچکات نەکرایەوە تەنانەت بۆ خاوێن کردنەوەش. چوار ساڵ و هەشت مانگ کەس سەری پیا نەکرد. ئەو ژوورە گۆڕی بیرە ناوازە و داهێنەرانەکانی بوو، کۆشکی شینە ڕیش[2] کە مێزی عەترەکانی لەوێ نووستبوو.

ئەسلان خۆی نەخشەی ئەو مێزەی کێشابوو. بەشێوەی نیوبازنەیی کە چەکمەجەکانی هاتوچووی دەکرد و لە هەرکامیاندا سێسەد بتڵی بەرام جێگەی دەبوویەوە. ڕەفیقیکی دارتاشی هەبوو لە گەڕەکی گابۆرگ سەن ئانتوانەوە، نزیکەی ساڵونیوێ کاری لەسەر

١. بوومۆر، لە کۆنترین و بەنرخترین خواردنەوەکانی دنیایە.

٢. ئاماژەیە بە ڕۆمانسێکی فەرەنسی بە ناوی ڕیش کەوە لە نووسینی چارلێز پرۆت.

کردبـووو و تێیـدا لە باشـترین دار کەڵکــی وەرگرتبـووو. پەیکەرێکــی فریشــتەی دەریـایی کە پەیکەرسـازێکی شـارەزا دروسـتی کردبـوو نمـوونێکی جـوانی بە مێـزەکە دابـوو؛ ژنێکـی ئەفسـانەیی بە کلکـی ماسییەوە، دەسـتی چەپـی نـابووە سـەر دڵـی و بە دەسـتەکەی تـری قاقەزدانێ هێمایی وەک تاج نابووە بان سەریەوە. فریشتەی دەریایی هـێمای تـایبەتی ئەسـلان بـوو. خـاتووخودایەکە وێـنەکەی لە سـەر هەموو نامە و مۆری سەر پاکەتەکانی هەبوو.

بڕیار وەهـا بـوو ٣١ دێسـامبر بە تەنهـایی بەڕێ بکـات. ئیسـتێر و ئێریــک پێشــتر پێوەنــدییان کردبــوو، پییێــر ئەو شــەوە لە بەر تەلفیزیـۆنەکە دانیشـت و بەرنـامەی پێـداچوونەوەی ڕووداوەکـانی دوازدە مـانگی ڕابـردووی سـەیر دەکـرد، کۆتـا سـەعاتەکانی سـاڵی ١٩٨٦ لە تەواو بووندا بوو: مـانگی ژانـویە؛ تیێـری سـابین و دانییێـل بـالاڤۆین لە پـاریس، لە کـاتی کێبەرکێـی ڕاڵـی داکـاردا کـوژران، و کۆپتەری چەلێنجێر چەنـد سـاتێ دوای هەسـتانەوە لە بەرنـامەیکی ڕاسـتەوخۆ و زینـدیـدا تەقیـیەوە. مـانگی مـارس؛ ژاک‌ژیـراک بـۆ دووهەمین جار بوویەوە بە سـەرۆک وەزیرانـی فـەرانسـا. بۆمبێـک لە گەلەری پۆینت‌شەو لە شەقامی شانزلیزەدا تەقییەوە کە بوو بە هـۆی کــوژرانی دوو کەس و برینــدار بــوونی بیســت ونــۆ کەس. مــانگی ئاڤریل؛ ڕاکتۆری ئەتۆمی چرنۆبیل تەقییەوە و با جۆرێ هەڵی‌کرد کە فەرانسەی لە تیشکی ناوەکی پاراست.

ژووئەن؛ کولـۆش ئەسـتێرەی سـتەندئاپی کۆمێـدی فەرانســە لە کوێرە ڕێگەیکی باشووری فەرانسە بە هۆی کەوتنی ماتۆر سایکلێتەوە گیانی بەخت کرد. سپتامبر؛ چەندین هێرشـی خۆکـوژی پـایتەختی

شڵەژان. ئەم هێرشانە، ئیدارەی ناوەندی پۆست لە هۆتێل دێڤیل، کلووپێکی کۆمپانیای ڕنۆ، شارەوانی لیل‌دولاسیتە و شەقامی ڕێنی کردە ئامانجی خۆی.

نوامبر؛ گرووپی ئێکسیۆن دیرێکت[١]، ژرێژبس، سەرۆکی کۆمپانیای ڕێنۆی لەبەر ماڵەکەی خۆیدا کوشت. هەر لەو مانگەدا تییری لۆلارن، پێشکەشکاری تەلفیزیۆن گیانی لە دەست دا. هەتا دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، ٣١ دسامبر، بارمتە فەرانسیەکان لە لوبنان، یانی مارسل کارتۆن، مارسل فانتین، ژان ـ پال کافمەن و ژان ـ لویس نورماندین هێشتا ئازاد نەکرابوون.

ئەسلان سەری بتڵە شامپاینێکی هەڵچڕی و پەرداخێکی بۆ خۆی ڕشت؛ شامپاین فرۆشەکان زۆرتر لە کەسانی ڕستە باڵای ئەرتەشی فەرانسا بوون. پەرداخەکەی بەرەولای تەلفیزیۆنەکە گرت و وەک چۆن خووی پێ گرتبوو و بەردەوامیش دەبووە هۆی سەرسوڕمانی ئیستێر ـ ئەو دروشمە بەناوبانگەی تیپی سوارەی لەشکری فەرانسەی وتەوە:" بە خۆشی خێزانەکانمانەوە! بە خۆشی ئەسپەکانمانەوە! و بە خۆشی ئەوانەی کە سواریان دەبن!"

ئەسلان یەکەم قومی خواردەوە، تەلفیزیۆنەکە وێنەیکی جوانی کۆشکی ئێلیزەی لە شەودا بڵاو دەکردەوە. مۆسیقای فلکلۆریان ژەند و " باشترین ئاواتەکان لە لایەن فرانسوا میترانی، سەرۆک کۆمارەوە"

---

١. گرووپێکی شۆڕشگێڕی بوون کە لە ساڵەکانی ١٩٧٩ هەتا ١٩٨٧ تیرۆری زۆریان کرد و بە کارەکانیان خەڵکیان تۆقاند.

خوازرا بـۆ خەڵـک و بە پیتـی زەرد لە خـوار پەردەی تەلفیزیـۆنەکەوە پیشان‌درا.

پاشـان وێـنەکە وردەوردە لەچـاو ون بـوو و لە حاڵێکـدا سـەرۆک کۆمـار لە پشـت مێـزەکەی خـۆیەوە لە کۆشـکی ئێلیـزە دانیشـتبوو و ئاڵای فەرانسـە لە پشـت سـەریەوە و جـێگەی مەرکەبە زەردەکەی لە بەر دەستیدا بوو دەرکەوت. "هاووڵاتیانی خۆشەویستی من، سپاسی خـودای گەورە دەکەم کە هەلـی بە مـن داوە بـۆ شەشـەمین سـاڵ لەسەر یەک پیرۆزبایی ساڵی نوێتان پێ بڵێم". لەم کاتەدا کـامێراکە بە هێمنی چاوی داگرتبووە (زووم) سەر سەرۆک کۆماردا و "بە نێـوی ئێـــوە پەیـــامی دۆســـتی بگەیەنـــم بە کەســـانێک کە لە نەبـــوونیێ تـــاقەت‌پـــڕووکێن، بێکـــاری و تەنهـــایی‌دان، هەروەهـــا ئەوانەی کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی خۆشەویستەکانیانن. ئاواتە باشەکانی من بـۆ ئێـوە وەک هەمیشـە وەهـایە و نەگـۆڕدراوە" و بە شـێوەیکی سـەیر و سەمەرە درێژەی پێدا: "کە فەرانسە لە قەیرانە قووڵەکانـدا یەکگرتـوو بێت، بەهاکـانی دیمۆکراسـی و ئـازادی بەرز ڕابگرێـت و پەرەی پـێ بدات، و لە بشێویەکانی دنیای نوێ پارێزراو بێت".

"ڕووداوەکـانی سـاڵی ١٩٨٦ پیشـانی دا یەکیتـی و یەکگـرتن چەندە بۆ ئێمە گرنگ و بنەڕەتییە و زۆرتر لە هەموو شـتێ دەبێـت بـۆ ڕیشـەکێش کردنـی بێکـاری تـێبکۆشـین. پیشـانی ئـێمەی دا کە دەبێت..." دەنگی سەرۆک کۆمار خەریک بوو بەرەبەرە لە گوێی پیێر دوور دەکەوتەوە و بیرێـک مێشـکی خەریـک کـرد بە خـۆیەوە. ئیـتر گوێی لە هیچ نەبوو. لە حاڵێکدا لەسەر قەنەفەکە پـاڵ و پشـتی لـێ دابوویەوە بێ ئەوە جمەی لێوە بێـت، بە ئـارامی چـاوی گێـڕا بە نێـو

ژوورەکەدا. ڤانیـل و کراکـاک... بەڵام لەگەڵ یاسـەمەندا. هەسـتا و چاوەکانی نووقاند... مۆری شیرین... بەڵام لەگەڵ بەرامەیکی تیووڵ لە چەرم... بـۆنی عەترێکـی تـازە بـڵاو بـوویەوە. تێکەڵێـک سـەیر لە بۆن‌گەلێک کە هەتا ئەو کاتە نەی‌ناسیبوو. عەترێکی نەرم و نیـان‌تـر لەوەی کە بــۆنی عەمارەتێــک بگرێــت. تێکەڵێکــی نائاســایی لە نوت‌گەلێ کە هەردەم ڕێک‌وپێک‌تر خۆیان دەنواند.

پییێــر چاوەکــانی کــردەوە. بۆنێــک لە لووتیــدا نەبــوو، گشــت ژوورەکەشــی پــڕ کردبــوو. بەرەو ڕادیــاتۆرەکە ڕۆیشــت . کــڵاوەکەی خەریک بوو وشک دەبوویەوە. بەڵێ خۆی بوو!

لەسەر خۆی دەڕۆیشت وەک بڵێی نەی‌دەویست یەک وردیـلە لەو هەوایە تێـک بـدات. نێزیـک بـوویەوە. ئادۆئادریـان و سالسـتیس بە هـۆی شــێ و تەڕی بەفـرەکەوە تێکەڵـی یەک ببــوون و بــۆنی دارە ســـووتاوەکەی پــارکی مۆنێسۆیشــیان هەڵگرتبــوو. " هاووڵاتیــانی خۆشەویشتی من ! کاتێکە ژنـان و پیـاوانی فەرانسـە دەبینـین کە چ توانـاییێکی گەورە و گرانیـان هەیە لە بـوارە جیاوازەکانـدا، لە بەشـی زانستییەوە بگرە هەتا هونەر، پیشـە و ورەزش؛ وەختـایەک چـۆنیەتی کــاری کرێکــاران، بەڕێـوەبەران و وەرزێڕانــی وڵاتەکەمـان دەبیـنم؛ کاتێکە ڕۆڵی فەرانسە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا چاو لێ‌دەکەم دڵنیا دەبمەوە ئێمە هەرچـی کە پێویسـت بێـت بـۆ سـەرکەوتن هەمـانە، و پێکەوەش سەرکەوتوو دەبین. ساڵی نوێی ١٩٨٧ لێتان پیرۆز بێـت. بژی کۆمار، بژی فەرانسا!"

سێ بۆن تێکەڵی یەک ببوون و لەنێزیکی گەرماکەوە یەکتریان تەڤکۆ و تەواو کردبوو؛ ئامێتە بوونێکی بێوێنە،پێوەندییێکی ئەوپەڕ باش. پییێر هەناسەی ڕاگرت، پاشان لووتی بردە نێزیک کڵاوەکە. بە بۆنی ئەو عەترە هەستی کرد کات وەستاوە و خەریکە دەبوورێتەوە. سەرسووڕهێنەر، ئاسمانی، کێشێکی یەکسان لە تێکەڵەی سالستیس، ئادۆئادوریان و داری سووتاو. بۆن و بەرامێک بێ کەموکورتی. ئەسانسێکی فریشتە ئاسا.

ئەسلان دەستەکانی دەلەرزی. هەشت ساڵ بوو کە وەها شتێک ڕووی نەدابوو بۆی. لەم کۆتایی ساڵەدا خودا دەرووی خێری لێ کردبوویەوە. چاوەکانی نووقاند و هەناسەیکی پڕ بە سییەکانی هەڵمژی هەتا ئەم تێکەڵە نەبینراوە بڕواتە لەشیەوە. بچێتە خوێنیەوە، و لە نێو ڕەگەکانیدا هاتووچۆ بکات. ئامێتەی خانەکانی خوێنی ببێت و دەروونی سەرلەنۆ بژینێتەوە. سەرجەم ئەو زانستە نووستوانەی پەرتووکخانەی ئەسکەندەریەی دەروونی کە لە شەوێکی کۆتایی حەفتاکاندا سووتاندبووی سەرلەنۆ بژووژێنێتەوە و زریانی خۆڵەمێشەکان دیسانەوە بیری پییێر ئەسلان بهێنێتەوە.

هەستی دەکرد دیوارەکانی باڵەخانەکە دەچنە قەراخەوە، تابلۆی وێنەکان، فەرش، تەلفیزیۆن و تەختەپۆشەکان، باڵەخانەکان، کۆڵان و گەڕەک، ترۆمبێلەکان، خەڵک و شەقامەکانی شار و تەنانەت بەفریش لە چاوان ون دەبن، هیچ شتێ بوونی نەبوو؛ نە ساڵی ١٩٨٦، نە کاژێر و نە خولەکەکان.

چاوە ماقەکانی پیێر شتێکی نەدەبینی بێ جگە لە ڕیزێکی هەزاران ناوی لە ڕابردوو: ناوی گوڵ و ڕەگ و ڕیشە، ئەلکول و هەڵماوەکان(تقطیر)، پاشان فرمۆڵێکی ناوازە، ڕوون و ڕاشکاو، بەهێز وەک فرمووڵێ کە کارادانەوەی (زیچ) ناوەکی شی و شرۆڤە دەکاتەوە. تێکەڵەی عەترێک، کە بڕیار بوو لە دوو ڕستەدا تەمەن و مۆد و ژن بناسێنێت.

کاتێکە کلیلی لە قفڵەکە دا و کردیەوە دەستەکانی دەلەرزین. پیێر کڵاوەکەی وەک ئاسەوارێکی کۆن و ئەنتیکەیکی چاخە سەرەتاییەکانی ژیان لەسەر مێزەکەوە دانا. لەسەر کورسیە گەورە چەرمینە ڕەشەکەی دانیشت. چاوە ماندووەکانی بڕییە فریشتە دەریاییەکە و پاشان قاقەزدانەکەی هەڵگرت و فوویەکی لێکرد هەتا تۆزەکەی سەری لاچێت.



پیاوانێ بە جل‌وبەرگی بـۆرەوە لە ژوورێکـی گەورەدا دانیشـتبوون، بە وەرگرتنـی ئەو پـاکەتە نـوقمی گێـژاوی سەرسـوورمان و بێـدەنگی بوون دەمێک بوو لەوەی کە پاکەتێک بە مۆری فریشتەی دەرياییەوە کە تاجی لەسەر بێ تـێدەپەڕی. دەمێـک بـوو ئەسـلان ژیـوای ئەو پەریـیە دەریـاییەی بڕیبـوو. سـێ سـاڵ؟ شـەش سـاڵ؟ یەکێـک لە پیاوەکان شانێکی هەڵتەکان و وتی تەنانەت لە بیریشم نەماوە.... .

پیاوێکی‌تر بە زیز و زویرییەوە گوتی:" پێوەندیش ناکات پێمانەوە، لە پۆسـتە کەڵـک وەردەگرێـت." ئەو پیـاوە قـژ بـۆرە کەوا مـۆری پـاکەتەکەی کـردەوە بتڵێکـی شووشـەیی مـۆرکراوی پێچـراو لە پەڕۆیەکـی مەخمەڵـی دەرهێنـا؛ نە نووسراوێـک، نە شرۆڤەیەک، نە تێکەڵەیەک. پیاوەکە کاردێکی قـاقەزبڕی هەڵگـرت، لۆگـۆی برەنـدە بەناوبـانگەکەی پچـڕی و سـەری شووشـەکەی کـردەوە. کـاتێکە شووشـەکەی دەکـردەوە هەمـووان تاونەیـان (تەمـووره) لـێدابـوو. پیاوەکە چاوی نووقاند؛ دواتر بە فەرمی بەو پێنج پیاو و سێ ژنەی دا کە لە تەنیشـتیەوە ڕاوەسـتابوون هەتـا بـۆنی بـکەن. مـاوەیکی درێـژ کەس متەقی نەکرد ، پاشـان لە ناکـاو وەک ئەوەی بە کارەبـا وشـک کرابێتن چاویان لەیەکتر هەڵ‌نەدەگرت.

ئەو پیاوە قژ بۆرە لەسەر خۆ گوتی: پێوەندی پێوە بکەن، ئینجا وتی:" خێراکەن پێش ئەوەی ئەمە بدات بە چەنێل یان سێن لۆرێن تەلیفۆنی بۆ بکەن". دواتر بۆ شووشەی بۆنەکەی ڕوانی و پێکەنی. وەک پێکەنینی ئەو بازرگانانە کە ناچارن خۆیان بسپێرنە دەستی هونەرمەندێ و لێشیان دڵنیا نین. ملیۆنان فرانک کە بڕیار بوو بکرێتە خەرجی ئەم عەترە؛ بەرهەمهێنان، شووشەکان، دروست کردن و پرۆسەی دارایی و تەنانەت ڕێژەی پشکەکانی، کە تەنها دەسکەوتی گومان و گریمانەی پیاوێک بوو کە لە پەرجۆیەک دەچوو. بەرهەمی بیرکردنەوەیێ کە بەیانییێک کەوتبووە مێشکی پیاوێکەوە.

ئەمەش نهێنی گەورەی پیشەسازی و ئابووری بوو، سەرجەم ئەو شکۆ و گەورەییە لە شتێکی توویر و نەبینراو و تا ڕادەییێک عیرفانی دەچوو.



پێشخزمەتێک بە بەرەڵبێنەی سپییەوە لە پێشیانەوە دەڕۆیشت و لە نێوان ئەو مێزانەوە تێدەپەڕی کە لە پشت هەموویانەوە خێزان وماڵبات یان گەشتیارانێک دانیشتبوون و بە دەمی پڕەوە خەریک وتوویژ، پێکەنین و سەرلەقاندن بوون. ئەسلان کاتی ئەوەی هەبوو دەوریێک خواردنی دەریایی، ستەیک لەگەڵ پەتاتەی کوڵاو و گۆشتی گا لەگەڵ سۆسی بێئارنێز لێکبداتەوە لە نێو مێشکی خۆیدا . چەند ڕۆژ پاش واژۆی گرێبەستی عەترە نوێیەکەی، بڕیاریدا ژن و کوڕەکەی بۆ خواردنی شێو ببات بۆ ڕیستۆرانتێک. سەرخزمەتکار، پیاوێکی قژ بۆری سەر شانەکراو لێیان هاتە پێشێ و پرسی ئێوە مێزتان گرتووە؟ ئینجا لە سیاهەی نێوەکاندا بە شوێن ئەسلاندا گەڕا.

"ڕێگەم پێ بدەن بڵێم هاریکاریتان بکەن" بە سەر ئاماژەی بۆ پێشخزمەتێ کرد. گەنجێک بلەز هاتە پێشەوە. لیستێ بەرگ چەرمینەی سووری کردەوە و دەستی بە خوێندنەوەی کرد. دێڕی "دەوریێ خواردنی شاهانەی دەریایی بۆ سێکەس" بە خەتێکی خۆش و جوانەوە لە ناوەڕاست لاپەڕەکەدا خۆی دەنواند. گوێچکە ماسی تازەی کراوە، قرژاڵ، گوێچکە ماسی دوو چەپاڵە، شا مەیگووی نەرویجی، شەیتانۆکەی دەریایی، مەیگووی بچکۆلە،

تووتیـــای دەریـــای، شـــەیتانۆکەی بچـــووک" ئەســـلان لیســـتەی خواردنەوەکانی وەرگرت و بە دوای شەراوی سپی کاڤالیر _ مۆراشدا گەڕا.

پێش‌خزمەتێک کە خواردنەوەکانی ئەڕشت وتی: "بژاردەیەکی زۆرباش بوو بەڕێز".

پاش چەند خولەک گەڕایەوە، چێوپەمەی بتڵەکەی هەڵگرت، بە گوێرەی نەریتی باو بۆنێکی پێوە کرد. ئەسلان قومێکی لێ چەشت و بە دڵخۆشییەوە سەری لەقاند؛ پێش‌خزمەتەکەیش بە بزواندنی سەر هەستی ئەوی پەسند کرد و پەرداخەکانی بۆیان پڕ کرد و مێزەکەی بەجێ هێشت. ئەسلان تێگەیشت چەند کەسێک بۆ مێزەکەیـان دەڕوانـن، لەوانەیە هـۆگرانی مۆسـیقا بـووبێتن کە ئیستێریان ناسیبوویەوە. ئیستێر گوتی: "فریمێن‌بێرگ دەیتوانی یارمەتیت بدات، ڕەنگە دەبوایە دانیشتنەکانت ئاوا کتوپڕ تەواو نەکردایەت". پییێر بە شێنەیی بەرهەڵستی کرد: "بۆچی؟ دەبوایە تەواوی بکەم" لە ئەو شەوە و کە پییێر دیسان درگای ژووری خوێندنەوەکەی کردەوە و لە بەرانبەر ڕیزی عەترەکانیەوە دانیشت؛ ئیتر بۆ دانیشتنی ڕاوێژکاری نەچوو. هەینیێ دواتر بە ئیستێری گوت سەرقاڵە و کاتی ئەوەی نییە چاوی بە فریمێن‌بێرگ بکەوێت. ئیستێر بە پەشۆکاویەوە وڵامی دایەوە: "بەڵام پییێر، ئەتۆ شەش ساڵە تەنانەت یەک دانیشتنت پەک نەخستووە".

پییێر بۆ خۆپاراستن لە هەر باسێک کە لەوانە بوو کارەکەی پەک پێ بخات، هەستایەوە، بەرەولای ئیستێر چوو و لە حاڵێکدا ماق ببوو

پێیدا بزەیکی بۆ بردەوە و نێوچاوانی ماچ کرد پاشان بێ ئەوەی مەتەق بکات گەڕایەوە و خۆی بە کارەکەیەوە خەریک کرد؛ ئیستێریش بەجێی هێشت. حەوتەی دواتریش نەچوو بۆ دانیشتنی ڕاوێژکاری، چونکە ڕێک لەو کاژێرەدا کە لەگەڵ دکتۆرەکەی دانیشتنی هەبوو، دەبوایە هەڵماوێکی لە تاقیگە هێچاندبات، ڕۆژانی هەینی دواتریش هات و ئیتر سێبەری ئەسلانیان لە پارکی مۆنێسۆدا نەبینی.

بەیانییێک ژمارەیکی نەناسراو پێوەندی پێوە کرد. دەنگێکی ژنانە پێی گوت ئەمە چوار مانگە لەگەڵ فریمێن‌بێرگ هیچ چاوپێکەوتنێکی نەبووە و ئەگەر دەیەوێ ڕەوتی چارەسەری درێژە پێ بدات دەبێت پارەی سەرجەم دانیشتنە لە دەست چووەکانیش بدات. پییێر خۆشی لە فریمێن‌بێرگ نەدەهات داواکردنی پارەیش بابەتی خزمەتێک کە پێی نەکرابوو هێندەی‌تر لە بەرچاوی خست. بە ڕاستی جێگەی پرسیار بوو؛ لە لایکەوە ڕەوا بوو داوای پارە بکات چونکە ئەم وەبێ ئاگادار کردنەوە دانیشتنەکانی سڕ کردبوو بەڵام لە لایەکی دیکەوە چاوەڕێ ئەوەتان لێ ناکرێت مێزێ کە گرتووتانە و لە بیرتان کردووە بڵێن نامانەوێ جاری دواتر کە سەردانی ڕیستۆرانت دەکەن پارەکەی بدەن. بە ڕاستی چ دەینێکی فریمێن‌بێرگ لەسەر شانی بوو؟ هیچێ. ئەو دانیشتنە درێژخایەن و بێدەنگانە کە شەش ساڵ درێژەی هەبوو هیچ یارمەتییێکی نەدا. ئەم کڵاوە بوو کەوا لە خەمۆکی ڕزگاری کرد. ئەگەر لە سەر کورسیەکەوە هەڵی‌نەگرتبایە هیچ شتێک نەدەگۆڕدرا.

پییێر سەبارەت بە گشت ئەم ڕووداوانە نەرینی ئەوە بوو، کە ئەو "ژیانێکی هاوتەریبی" هەبوو کە لەو ژیانەدا ئەگەر لەسەر کورسیەکەی پارکی مۆنێسۆ کڵاوێکی هەڵنەگرتایە، ژنەکەی سەبارەت بە ڕیشی هیچی پێ نەوتایەت، ڕیشی نەتاشیبایەت و هەڵبەت ئەگەر لە شەوی ٣١ دێسامبردا کڵاوەکەی نەنایەتە سەر ڕادیاتۆرەکە.

لەو "ژیانە هاوتەریبە" ئەو هێشتا جاکەتە بەنینە کەنەدیەکەی لەبەر دەکرد. ڕیشی هەبوو، قەد درکەی ژووری خوێندنەکەی نەدەکردەوە و هێشتا هەموو هەینیێ دەچووە کن دەروونناسەکەی.

ئەو شتەی کە ئەسلان بە "ژیانی هاوتەریب/ هاوئاراستە"ی دەزانی، وێنایەکی تەواو بوو لە میکانیکی کوانتۆمی و ئەو گۆڕانکاریانەش هەمووی گرێدراوی تیۆری ئێحتماڵ بوو؛ بە گوێرەی ئەم گریمانەیە هەر کارێ کە لە ژیاندا دەیکەین دنیایەکی نوێ دەئافرێنێت کە بە هیچ شێوەیەک دنیای پێشووتر لەنێو نابات.

دەتوانین وەهای بۆ بچین کە ژیانی ئێمە وەک دارێکی شاراوەیە لە دارستانێکی پڕ لە ژیانە هاوتەریبەکان. لەو ژیانگەلەدا ئێمە ڕێک ئەو شتەی کە ئێستا هەین، نین، هەڵبەت بە تەواوی جیاوازیش نین. لە بڕێ لەو ژیانگەلەدا لەگەڵ ئەو کەسەی پێشوودا زەواج ناکەین، یان هەر لەو شوێنەدا ناژین، یان هەمان کسم و کارمان نییە... . بە درۆ خستنەوەی ئەوەی کە فریمێنبێرگ بچووکترین ڕۆڵی لە چاکبوونەوەدا نەبووە گرفتێکی گچکەی هەبوو: ئەگەر ئەو وادە دانانەی لەگەڵ دکتۆر نەبایەت قەد لەسەر ئەو کورسییە لە نێو

پـارکی مۆنێسـۆدا دانەدەنیشـت. هەر بـۆیە پیێـر بڕیـاریدا پـارەی دانیشتنە لە دەستچووەکان بدات، چەکێکی بە گوژمەی ئەو پارەیە کە قەرزدار بوو هەنارد بۆیان. وڵامێکی پـێ نەگەیشـت بەڵام بەیـانی دوا ڕۆژ چەکی ژمارە *CiC* ٤٥٦٧ *YL* نەخت کرایەوە.

لە ژن و کـوڕەکەی پرسـی:" ئەم خواردنەوەتـان پـێ چـۆن بـوو؟" ئیسـتێر گـوتی: "زۆر بـاش بـوو" و ئێـریکیش وشـەی "*Cool*" بەکـار هێنا. چەند خولەک دواتر، پێش‌خزمەت پاچکەی چەرخی(گرد) نایە سەر مێزەکە، هـێمای گەیشـتنی دەوری چێشـتە دەریاییەکـان بـوو. پاشـان سـەبەتەی نـانی چەوانـی (نـانێکە سۆسـی "پێسـتی" هەیە) هێنـا، جـامێ بچـووکی سرکە و زیـزک (مووسـیر) لەگەڵ پیاڵەیـک کەرەی هێنـا بۆیـان. ئەسـلان پـارووێ نـانی بە کەرە چەور کـرد و بە پـارێزەوە ژەنـدی بە سرکەکەدا. ئێـریکیش لاسـایی بـاوکی کـردەوە. ئیستێر ناوچاوی دا بەیەکدا. ئاخری دەوری چێشتەکانیشیان هێنـا. چێشـتی دەریـایی لە جـۆری جیـاواز لە سـەر جێگەیـێ پـڕ لە وردە سەهۆڵ. ئەسـلان گـوێچکە ماسـیێکی هەڵگـرت، قاشـێ لیمـۆی بە شـێنەیی گووشـی بە سـەریدا. دڵـۆپێ لە لیمـۆ ترشـەکە کەوتە سـەر کەڤڵی گوێ‌ماسییەکە و ئەویش گورجێ خۆی بردەیەک.

کـچە جلێـرە[١] گەنـجەکە کـڵاوەکەی بە ئەسـلاندا و یـارمەتی‌دا کۆتەکەی لەبەر کرد. پاشان چارۆکە ئاوریشمیەکەی ئیستێری کـردە کۆڵی و چەند ساتێ چاوی لێ هەڵنەگرت. بە هێمنی وتی: "منـیش

١. جلێر: جامەدار

لە سێل‌پلیل[1] بووم... ئەو کونسێرتەی مانگی مارستان ئەڵێم. پێرلۆد و فۆگ لە لامینۆر[2]...."

ئیستێر بە پێکەنینێ شەرمێونانە وڵامی دایەوە: "سپاست دەکەم". زۆر جار کە تاریفیان لێ دەکرد، لەخۆی دەبوویەوە. ئەم جۆرە وەختانە تەنها کاتێک بوو کە ئەسلان خێزانەکەی ڕووگیر دەبینی.

ئیستێر وتی: "بە ڕاستی کارتان تێ کردم". و دەستی کچە گەنجەکەی گووشا. کچەکە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا.

پییێر گەڵایکی دە فرانکی نایە قول مشتی کچەکە و ئەویش زەردەخەنەیکی بۆ پییێر بردەوە، بەڵام ئەمە ئیستێر بوو کە نەیدەتوانی چاوی لە کچەکە هەڵبڕێت، و ئەم سەیر کردنەش هەتا لەو تاریکانەدا لە چاو ون بوون هەر بەردەوام بوو.

پییێر، ئێریک و ئیستێر لە سەندەڵی پشتەوەی ترۆمبێلەکە دانیشتبوون و ترنجابوونە یەکتر، چونکە سەگێکی کوڵکنی بچووک کورسیەکەی پێشەوەی قۆرەخ کردبوو. ژمارەی ئاژۆکارە ژنەکان، بە تایبەت لە شەواندا، زۆر کەم بوون و پێدەچوو ئەو سەگە کوڵکنە بۆ هاوڕێیەتی یان ڕەنگە بۆ پاسەوانی لەوێدا بوو. شتێک بوو بۆ ترساندنی کەسانی قولچماخ و وەیخڕ. ئەسلان لە حاڵێکدا لێو بە بزە لە پشت شیشەی ترۆمبێلەکەوە سەیری شاری دەکرد، کوڕەکەی دەستی برد کڵاوبۆرەکەی لەسەر ئەژنۆی باوکی هەڵگرت.

---

١. *Salle Pleyel*: هۆڵ کونسێرتێ لە پاریسدا

٢. یەکێک لە بەشەکانی ئاواز و مۆسیقای باخ لە پیانۆدا.

"بی. ئێڵ. کێیە؟"

"چی؟"

"بی. ئێڵ؛ دوو پیت کە لە سەر کڵاوەکەتان نووسراوە، هی خۆت نییە؟"

"باوکت لە کۆنەفرۆشییێکدا کڕیویە".

ئەسلان بە سووکێ کڵاوەکەی سەند لە کورەکەی و دوێڵە چەرمەکەی نێوی سەیر کرد. بەڵێ وابوو، دوو پیتی زێڕین هەر لەو شوێنە نووسرا بوو، بەڵام پیتەکانی پێشوو نەبوو. دوو پیاو لە ڕیستۆرانتەکەدا کە کڵاوەکانیان وەک یەک بوو. بەس کچە جلێرەکە هەڵەی کردبوو.

***

**کاکە گیان**

پێش ئەوەیکە دەست بکەم بە قسەکانم و دڵخۆشیتان پێ بدەم، ئیزنم بدە هەر سەرەتا بڵێم کە پێم ناکرێ شتێکە ڕێکلامتان بۆ کردووە بۆتان بگێڕمەوە. کڵاوەکە ئیتر بەلای منەوە نییە. بەوەشەوە بڕیارمدا ئەم نامەتانە بۆ بنووسم چونکە ئەو کڵاوەی کە تۆ بە دوویا دەگەڕی بۆ منیش مانایکی تایبەتی هەیە. من بۆ ماوەی بیست‌وچوار کاژێر ئەو کڵاوەم لەسەردا بوو. دروستتر بڵێم، شەوێك، بەیانییێك و دوانیوەڕوانێك. لە ڕێکلامەکەتدا ئاماژەت بە قەتاری پاریس ـ لێهاڤێر ژمارە ٠٦٧٨١ داوە بەڵام ژمارەی ئەو قەتارە کە منی لێ‌بووم جیاواز بوو(ژمارە ٦٧٨٥٤) من کاژێر ٢١:٢٥ خولەکی ئەو شەوە لە وێستگەی لێهاڤێر سواری شەمەندەفەرەکە بووم. من لە کەنتۆری کەل‌وپەلەکانی ژمارە ٨٨ دیتمەوە. کاتێکە گەیشتمە پاریس

پێم‌زانی، چون باران دەباری، لەسەرم کـرد؛ هەر بە ڕێکەوت ئەو کارە بچووکە ژیانی منی گۆڕا، سیرمەی زەردی کڵاوگەڕە جوان و خوەش‌پێکەوتیەکە پیتی یەکەمی ناوی منی پێوە بوو، بە هاتێکی باشم زانی بۆ خۆم. وتم جۆرێ هێمای شـانس و پێوەهـاتن ڕووی تێم کردووە.

چیرۆکێکە ئەمەوێت بۆتانی باس بکەم زۆر تایبەتیە و هیوادارم وەڕەز نەبیت لە خوێندنەوەی. ئەو شەوەی کە کـڵاوەکەی ئێـوەم هەڵگرت بـۆ جێژوانـێ دەچـووم، بـۆ دیتنـی پیاوێـك کە خۆشـم دەویست. ئەڵبەت هەمیشـە دەچـوومە دیتنـی ئەو کەسـە. تکـایە خراپ لێم تێ‌نەگەیت: من کۆمەڵێ ئاشـق و ئەوینـدارم نیـیە کە خۆیان بە قوربان و ساقەم بکەن. من لە جـوانی خـۆم دەڤـچەری ناکەم. وتم "هەمیشە" یانی یەکەم جارم نەبـوو دەچـوومە دیتنـی ئەو پیـاوە. ژوانـی ئەو شـەوە، ژوانێـك بـوو وەك هـی پـێش‌تـر و پێشووتر.

زیاتر لە دوو ساڵ بوو لەگەڵ پیاوێکی ژندار پێوەنـدیم هەبـوو. ئەم دوو ساڵە هەر گفت و سـۆزی ئەدا کە لە خێـزانەکەی جـودا دەبێتەوە و من دەخوازێت بەڵام قەت ئەو کارە ڕووی نەدا... کاتێ زانیم کە هەستم کرد هیچ داهاتوویەکی هاوبەشمان پێکەوە نییە. هەرچی زۆرتر ڕۆژژمێری ڕۆژانەکەم بـۆ وادەدانـان لەگەڵـی ڕەش دەکـردەوە، بە کۆتـایی ئەو پێوەنـدییە نێزیکتـر دەبـوومەوە. ئەمە ئەساسی پێوەنـدییێکە کە بڕیـار نیـیە درێـژەی هەبێـت؛ هەر ئەو دەمکی بوونەی، خۆشی دەکـات و تـێ‌کۆشـان بـۆ بەردەوامیشـی شتێك جگە لە بێ‌هیوایی لە دوو نیـیە. ببـوورە لە بـابەتەکە دوور کەوتمەوە. ئەو شەوە لە باتینیڤێل، شوێنی جێژوانەکانمان، چونکە نێزیکی سەن‌لازار بـوو و هۆتێلەکـانی نـرخەکەی هەرزان بـوو – کڵاوەکەی ئێوە مۆری کۆتایی کوتا بە سەر پێوەنـدییەکەی مـن و ئێدوارددا و نیشانی‌دام کە ئەو هیچ گرنگیێ بە من نادات. لێـرەدا باسی وردەکاری ئەو تەواو بوونە ناکەم، چون دەتوانیت هەر کـات

ورینگــت دا هەڵــبەت گەر حەزت لێــی هەبێــت لە چیــرۆکە کورتەکەم بە ناوی " کڵاو" کە لە ڕووی گۆڤاری وێست- فرانسـی مـانگی مـارس کـۆپیم کـردووە و پەیوەسـتی نـامەکەم کـردووە بیخوێنیتەوە. گشت وردەکارییەکـان بە ڕووداو و شـوێنەکانەوە بە گوێرەی ڕاستییە.

بەڵێ، بە یاری کڵاوەکەی ئێوە ئێدوارد لە ژیـانی مـن سـڕیاوە. بۆیە دەڵێم سڕیاوە، چونکە لەو شەوە بەدواوە ئیدی هیچ شـتێکم سەبارەت بە ئەو نەبیستووە. ڕۆژەکانی پاش جودا بوونەوە بەردەوام پەیام‌گری تەلیفۆنەکەم دزگـین دەکـرد، هیـوادار بـووم بۆچـوونی بگۆڕێت یان لانیکەم بۆ ڕاڤە کردنێك بێـتەوە. هـیچ، هەتـا ئەوڕۆ، تەنانەت یەك وشەم لێ نەبیستووە و وەهایش نازانم تـازە شـتێکی لێ ببیسم. بە سەروسەنەمەی کڵاوەکەتانەوە، چیـرۆکێکم نووسـی و بـووم بە بـراوەی خەلاتـی بە نرخـی پـریکس بالبێـك. ڕەنـگە شتێکت لەسەری نەبیستبێت، مەراسمێکە هەر دوو سـاڵ جـارێ لە ناوەڕاستی مانگی مارسدا لە هۆتێل کوبۆرگ بەڕێوە دەچێـت و ئەم نەریـتە مارسـێل پـرۆس نووسـەری بەناوبـانگی فەرانسـی بناغەکەی داڕشتووە و هەرمانی کـردووە. لێـژنەی داوەرەکـان لەو ڕۆژەدا پێکهـــاتبوون لە بەرپرســـانی نـــاوچەیی، نووســـەر و ڕۆژنامەنووسەکان. لە نێوان ئەو جەماوەرەدا کە لە دەور مێزەکـان و لەســەر کورسـیەکان دانیشــتبوون لەناکــاو پیـاوێکی بـالابەرز هەستایەوە و ڕاوەستا.

قـژی بـۆر بـوو و لە سـەر شـەقەیدا سـپی ئەیـدایە چـاو. زۆر تەڕپۆش بوو و قاتێکی بۆری مەیلەو سپی لەبەر بـوو بەڵام جـودا لەمـانە گشـتی، کڵاوبـۆرەیکی پـێ‌بـوو کە هەر ئەو ڕەنـگە بـوو. ئەزمموونی من لە کڵاو، بوو بە هۆی ئەوە سـەرنجم بـۆ لای تەنهـا کەسێك بڕوات کە بە کڵاوێکی وەهاینەوە لەویا ڕاوەستابوو.

مــن بە درۆ ســەبارەت بە پیــاوێکی بەتەمەن کە کڵاوێکــی بە دیاری بە من داوە لەگەڵ ئێدوارد قسەم کردبوو. ڕەنـگە بـۆ ئێـوە

بەلاجەوی بێت، بەڵام ئەو چاوپێکەوتنە ڕوویدا، هەڵبەت یەکەم جار نییە کە یەکێك لە چیرۆکەکانم ڕاست دەردەچێت، بۆ نموونە چیرۆکی "گۆڕینی ناوونیشان" (کە لە کێبەرکێی "دیمۆ ـ ئۆن کومۆن" ساڵی ١٩٨٤ پلەی سێهەمی هێنابوو) چوار مانگ پێش گۆڕینی شوێنی ژیانم نووسیم؛ و "پاش نیوەڕوێ لە لەنگەرگەدا " (کە لە فستیڤاڵی شانۆی لیهاڤێر، ساڵی ١٩٨٥ بە دەنگ بەرز خوێنرایەوە) و لە سەر ژنێکی جوان دەئاخڤێت کە لە کافەیەکی ڕووبەڕووی دەریا، چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکەی دەکات ـکە کاپیتانی گەمیەیکی بازرگانییەـ باس لە پێوەندی ئەویندارانەی منە لەگەڵ پیاوێکی ماسیگیردا. شەش مانگ دواتر خۆم وەك ئەو ژنە لە کافەیەکدا چاوەڕوان دانیشتم.

ئەم جارە، کەسایەتی پیرەمێردێ کە کڵاوێکی هەبوو و نازانم لە کوێوە سەریهەڵێنابوو، ئێستا من دوای ڕێوڕەسمی خەڵات بەخشینەکە، دانی پێدا دەنێم بۆتە گرنگترین بەشی ژیانم، و بە هۆی ئەوە و ژیانی من لە گۆڕاندایە.

پێم وەها نییە ئیتر لە لیهاڤێر بمێنمەوە، ڕەنگە ئەم کسمە بگۆڕم و درێژەی پێ نەدەم. زۆریش هیوادار نیم ببم بە نووسەر ـ ژیان بەڕێ کردن لە ڕێگەی نووسەرییەوە زۆر دژوارە، ئەوەندەش جەوهەر و هۆی ئەم کارەم تێدا نییەـ بەڵام بیرم کردۆتەوە لە کردنەوەی پەرتووکفرۆشیێ.

دووکانێکی جوان و بەرژەوەندار لە یەکێك لە شەقامە سەرەکییەکانی کابۆرگ خەریکە دەکرێتەوە و هەرچی زۆرتر بیر لەو دووکانە دەکەمەوە فرەتر خۆم وەك کتێبفرۆشێ دەبینمەوە. میشل (نێوی ئەو پیاوە خۆشەویستەم کە کڵاوی لەسەردا بوو) پێشنیاری کردووە لە بۆمی بکڕێت. هەروەها دەیەوێت ژیانێکی نوێ لەگەڵما دەست پێبکات. تەنانەت پێشنیاری هاوسەرگیریشی پێداوم، بەڵام ئەمجارە من دوودڵم، چونکە هەموو شتێ خێرا ڕوویدا.

ئەگەر ئەو شەوە تۆ کڵاوەکەت لەو شەمەندەفەرە بەجێ نەدەهێشت، ژیانی من هێشتا هەر بەو شێوەیە بوو و گومانم لێ نییە کە هێشتا چاوەڕێ ژوانێ‌تر لە باتینیڤێل بووم.

نازانم بۆچی نامەیکی ئاوا دوور و درێژم بۆ ئێوە نووسی، ڕەنگە بۆ ئەوەی پیاوێك لە ژیانمدایە کە کڵاو لەسەر دەکات. لەم بارەوە بەحەوجە بووم ئەم شتانە لەگەڵ پیاوێ‌تردا باس بکەم کە ئەویش کڵاو لەسەر دەکات و بۆتە هۆی ئەم هەموو بوویەرە لە ژیانمدا. بە داخەوە کۆتایی داستانەکە وەك ئەوەیە کە تەواو بوو، کڵاوەکەی ئێوە ئیتر لەلای من نییە. شتێ‌تریشم بۆ وتن نییە.

باشترین هیوا و ئاواتتان بۆ دەخوازم و هیوادارم هەموو مرازی دڵتان بێتە دی و بە چی ویستی باشتان هەیە بگەن.

فانی مارکان(مارکوانت)

***

**دانیێل مێرسیە**

**ژمارە پلاکی ٨، شەقامی هێنری لۆ سك دیتۆرنێ، ٧٦٠٠٠ ڕۆئێن**

خاتوونی بەڕێز،

نامەکەتانم پێگەیشت و وێڕای سەرسووڕمان دڵخۆشی کردم چونکە ئیتر چاوەڕێ وڵامێ نەبووم سەبارەت بە ڕێکلامەکەم و بە تەواوی بێ هیوا بووم لەو ئاگادارییەی کە لە ڕۆژنامەی نەتەوەییدا بڵاوم کردبوویەوە و ئەمویست هەڵیبۆشێنمەوە، کەچی نامەکەی ئێوە گەیشتە دەستم، ئیدی دڵنیام کە ئەو کڵاوەی من لە قەتارەکە بەجێم هێشتبوو ئێوە هەڵتان‌گرتووە و کەوتۆتە دەستی ئێوە.

چیرۆکەکەی ئێوەم چەندین جار خوێندەوە و لە جێ خۆیدایە بە بۆنەی قەڵەمی ڕەوان و خەڵاتی پریکس بالبێکەوە پیرۆزباییتان

لێ بکەم. بەسەرهاتی ئەو ڕۆژ و نیوە کە کڵاوەکەتان لەسەردا بووە زۆر کاریگەری لەسەرم داناوە و سەلماندنێکیش بوو بۆ ئەزموونێکی هاوشێوەی خۆم. بڕوا بکەن ئەمە کڵاوێکی ئاسایی نییە. هەروەها کە ئێوە نهێنی خۆتان بۆ من گێڕایەوە منیش هی خۆمتان بۆ باس دەکەم . بۆ خۆیشم چاکە، ئاخر دەمێکە دەروونم ئاڵۆز و شێواوە.

خانمی بەڕێز، بڕوام پێ بکە ئەم کڵاوە ژیانی منیشی گۆڕا. ئەگەر ئەو کڵاوە نەهاتبایتە ژیانمەوە، هەنووکە ئەم کارەم نەبوو و لە شارە جوانەکەی ڕۆئێندا نەدەژیام. نێوی من دانییێل مێرسیەیە. ئەو پیتانە، سەرەتای نێوی من نین بەڵام کڵاوەکە هی منە و بە چەند هۆکار کە ناتوانم لێرە باسی بکەم زۆر لەبۆم گرنگە. ئەوەندە خووم پێوە گرتبوو کاتێ کە ونم کرد دوای پازدە ساڵ، دیسانەوە بۆسیم[1] کردەوە. سەردانی دکتۆرەکەم کرد و لێی پرسیم ئەرێ تووشی "دۆڕان یان بێ هێوایی" بوومە؟ کاتێ گوتم کڵاوەکەم لێکەوتووە، بڕوای نەدەکرد ون بوونی کڵاو، هۆکارێك بێت بۆ دۆڕانێکی" نائۆمێدانە" و سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی نەخۆشی پێستم. ئیتر دوای ئەوە، سەردانیم نەکردەوە. ئێستاکە بۆ ڕاوێژ دەچمە کن دکتۆر گان پارت[2]، سەرۆکی نەخۆشخانە و فێرخوازی پێشووی نەخۆشخانەکان. ئەو سەبارەت بە پێوەندی دڵەڕاوکێ و هەستیاری لەگەڵ مندا هاوڕایە. لە نەخۆشی دیکەدا دۆخی هاوشێوەی منی دیتووە. بەتایبەت، ئاماژەی بە کەسێ کرد کە ئەو پیاوە بێ‌بەینەکی دوای ون کردنی حەڵقەی هاوسەرگیریەکەی لە نێو دەریادا، خێرا تووشی جوانەزمە و زیپکەی زەرد دەبێت.

خانمی بەڕێز لە بابەتی سەرەکی  دوور کەوتمەوە، سەرتان بە ئازارەکانی پاش ون بوونی کڵاوەکەم ناهێنمە ئێش. چیرۆکە جوانەکەی ئێوە، "کڵاو"، بۆ من وەك کۆتایی بەسەرهاتە

---

١. بۆسی: حساسیت پوستی.

2. *Gonpart*

تــایبەتیەکەم بــوو لە گەڵ کــڵاوە ڕەشــەکەدا. وتــت کۆتــایی چیرۆکەکەت ڕاستییە، کەوایە هیوام بە دۆزینەوەی نییە.

چلـۆن دەتـوانم شـوێن ئەو کـابرا ڕیشـن و کـۆت کەنەدیـیە هەڵبکەم کە لەسەر کورسیەکەی پارکی مۆنێسۆدا هەڵیگرتووە؟

تێـــدەگەم کە پێتـــان خـــۆش بـــوو تەواو ڕووداوەکـــانی چیرۆکەکەتان بە گوێرەی ڕاستی بێـت بەڵام هێشـتا بـڕوا نـاکەم کڵاوەکەت لەوێ دانابێت. لە هزر و بیری خۆمدا حەزم دەکرد ئەو کڵاوەت بۆ خۆت هەڵدەگرت، ڕێکلامەکەی ئەمنت دەخوێندەوە و ئەتتوانی بۆمی بنێریتەوە.

بەداخەوە ئـێمە لە دنیـای خەون و خەیاڵـدا نـاژین. گەمەی چارەنووس لەوێـدایە کە خەڵاتـی پـریکس بالبێـک (٣٠٠٠ فرانـک) هەمان گـوژمەیە کە مـن ئەمویسـت بـۆ هەنـاردنەوەی کـڵاوەکە بیدەم.

هیوادارم لە تەنیشت "ئەو پیاوە کە کڵاوی" هەیە –پیاوێکی قژ و بـژ بـۆر– خـۆش بژیـت و پیرۆزبـایی کـردنەوەی پەرتـووک فرۆشیەکەشـــتان لێـــدەکەم کە لە شـــارە جـــوانەکەی کوبـــۆرگ کردووتـــانەتەوە، گەرچـــی مـــن هێشـــتا ئەو شـــارە ناناســـم. چیرۆکەکەتانم پیشانی خێزانەکەم دا و زۆر کـاری تێکـرد و لێـی پرسیم لە کوێ دەکرێت ئەو دوو چیرۆکەکەتان – "پاش‌نیـوەڕوێ لە لەنگەرگەدا" و "گۆڕینی ناوونیشان" وەدەست بخەم؟

باشترینەکانت بۆ ئاواتەخوازم

دانییێل مێرسیە

***

کاکە گیان،

وڵامەکەتانم پێگەیشت گەلێـک دڵخۆشـی کـردم. تێـدەگەم لە دەست‌چوونی وەها شـتێکی بەنـرخ ئەوەنـدە ڕەنـج و ئـازار بەدی

بیێنێت، وەك چۆن بـوو بە هـۆی ئەوە بۆسـیەکەت بگەڕێـتەوە. لە ڕاستیدا بەداخم بۆ ئەوەی کڵاوەکەم لە پارکی مۆنیێسـۆدا فـڕێدا. کـارەکەم ئـاقڵانە نەبـوو. ئەو دەمە کەوتبـوومە ژێـر کـاریگەری نووسراوەکەم و حەوتەکـانی دواتـر زۆر پەژارەم خـوارد لەمەڕ ئەو بابەتە. هۆگریم پەیدا کردبـوو بەو کـڵاوە و کـاتێ ڕۆیشـتم دانەی لەوە بکرِم تازە زانیم ئەوەندە پارەم نییە کڵاوێکی وەهاینە بکرِم.

بەم بۆنەوە بـۆ لێبـوورین و هەروەهـا یـارمەتی خێزانەکەتـان، لەگەڵ نـامەکەدا دەستنووسـی چیـرۆکە کورتەکـانم دەنێـرم. هیچکامیان بڵاو نەبۆتەوە بۆیە لە کتێبفرۆشی دەستتان ناکەوێت. هیوادارم هەردووتـان چێـژ لە خوێنـدنەوەیان وەربگـرن و ئـاواتی بەختەوەری و کامەرانیتان بۆ دەخوازم.

فانی مارکوانت

❋❋❋

خانم گیان،

بە گەیشـتنی نامەکەتـان شاگەشـکە بـووم. لە خوێنـدنەوەی چیرۆکەکانتـان چێژێکـی زۆرم وەرگـرت. شـێوەی نووسـین و کەسـایەتی نێـو داسـتانەکە زۆر سـەرنجڕاکێشـە. چیرۆکـی حەزلێکراوی من " پاش‌نیوەڕۆێ لە لەنگەرگەدا " بـوو. بە تەواوی لە هەستی ئەو ژنە تێدەگەم کە لە کـافەی دوو مـری دەریاییـدا، چاوڕێی مێردەکەی دانیشتبوو و بیری لە ژیانی خۆی لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو دەکردەوە. وادەزانم زۆرێ لە ژنان دەتوانن خۆیان بنێنە جێگەی کەسـایەتی مووریێـل. چیرۆکێکـی زۆر بـاش بـوو. سپاس بۆ ئەوەی کەوا چیرۆکەکانت هەنارد بۆم.

ڤێرۆنیکا مێرسیە

پ.ر: کە ناخۆشە ناتوانیت کڵاوی مێردەکەم بگەڕێنیتەوە.! جگە لە باسی ئەو کڵاوە قسەیێ‌تر ناکات!

***

**کتێبفرۆشی مامراوی**

فانی مارکان

ژمارە پلاکی ١٧ شەقامی مارسێل پرۆست

کاکە گیان،

ئێمە چەند مانگ لەمەوپێش سەبارەت بە کڵاوێ کە ئێوە لە شەمەندەفەری پاریس – لێهاڤێردا لێتان کەوتبوو نامەمان بۆ یەکتر هەنارد. پێم خۆش بوو هەرچی خێراتر ئەم نامەتە لەبۆ بنێرم. دیمانەیەك کە لەگەڵ نامەکە دەینێرم دوو حەوتە پێشتر لە گۆڤاری پاریس مەچدا بڵاو بوویەوە. ئەمڕۆ بەیانی لە ئاڕایشگەیکی ژنانەدا بووم بەرگێ لەو گۆڤارە لەوێ بوو لێم‌کردەوە. پیاوێکە لە وێنەکەدا دەبینرێت سەرەتا بەلامەوە نامۆ بوو، بەڵام کاتێ زانیم ئەو پیاوە داهێنەری عەتری سالستیسە کە منیش لەخۆمی ئەدەم، خوێندمەوە و زۆریش شاگەشکە بووم. کاتێك وڵامەکانی ئەو پیاوە لەسەر پرسیارەکانی خوار لاپەڕەی٤٦ لەلای چەپەوە بخوێننەوە لە مەبەستم تێدەگەیت. سەیرێکی وێنەکەم کردەوە، پێنووسێکم لە ئارایشگەرەکە وەرگرت و لە سەر ڕوومەتی ئەو پیاوە کە سێ‌تێخەی کردبوویەوە ڕیشم دانا. من پێشتر ئەو چاویلکە گردەم دیتبوو. بیرم کەوتەوە کە لە چیرۆکەکەدا ئاماژەم پێ‌نەداوە: ئەو پیاوە کاتێ کڵاوەکەی لە سەر کورسیەکە هەڵگرت بۆنی کرد. بەڕێز مێرسیە! پیاوێك کەوا کڵاوەکەی هەڵگرت و پیاوێك کە لە وێنەکەدا دەیبینیت هەردوویان یەك کەسن و هەر ئەوەن کە ئێمە مەبەستمانە.

لەگەڵ باشترین ئاوات و ئومێدم بۆ ئێوە،

فانی مارکان

پ.ر: چون پێنووسی ئارایشـگەرەکە شـین بـوو ئەمە بـوو بە هـۆی ئەوە بە شێوەی چاوەڕوان نەکراو وەك " ڕیش کەوەی" لێ‌بێت.

**هەستی شەشەم:**

## وتووێژێ تایبەتی لەگەڵ پییر ئەسلان "پیاوی بۆزەن"

## وتووێژکار: مێلانی گالتییێر

## وێنە: ماریان ڕۆزنێستیل

ئەو بە سـتانلی کـوبریکی[1] بـۆن و عەتـر ناوبـانگی هەیە. پییـر ئەسلان " پیاوە بۆزەنەکەی" فەرانسە بە بۆنێکی تازەوە گەڕاوەتەوە کە چاوەڕوان دەکرێـت یەکێـك لە کـاریگەرترین عەترەکـانی ئەم دەیە بێت. ئێمە ئێستا هاتووینەتە خزمەت ئافرێنەری ئەفسـانەیی سالستیس و شێراز.

**ئێمە دوایین وتووێژمان لەگەڵ ئێوە کۆتایی ١٩٧٠ بـوو لە دوای نوتە دارینەکانی عەتری ئالبا. عەترەکانی ئەم دەیە چۆن پێناسـە دەکەن؟**

وەك ژنەکـانی ئێسـتا کە ئێـوەش یەکـێکن لە باشـترینەکانی: خڵەتێنەر، ئازاد، سەربەخۆ، پێشکەوتوو، سەرسوڕهێنەر، تەڕپـۆش و سەرنجڕاکێش، هەڵبەت ڕەنگە فێتکاریش بن؟

**ڕای ئێوە چۆنە؟ یەك چرکەش گومان نەکەن بەڕێز پییر ئەسلان.**

بەڵام من گومـانم هەیە! (پێکەنـین). پیاوەکـان هەمـوو کـاتێ گومانیان هەیە. بـۆیە دەتـوانن عەتـر دروسـت بـکەن. بە دیـاری عەترتان پێ ئەدەن هەتا دڵتان بەدەست بێنن.

---

١. ئامادەکار و دەرهێنەری ئەمریکی بە ڕەچەڵەک جوولەکە.

**گوورانی خۆتان لەم ساڵانەدا چلۆن شرۆڤە دەکەن؟**

شـرۆڤەی تـۆزێ دژوارە... عەترێـك دەبێـت تایبەتمەنـدیەکانی سەردەمی خۆی دەربڕ بکـات، لە هەمـان کاتـدا بتوانێـت لەوەش سەرووتر بچێت. ئەمە خانمەکانن کەڵکی لێ وەردەگرن، و گیـانی پێ دەبەخشن و پەرەی پێ ئەدەن. بۆ میناك هابانیتـا بێـنە پـێش چاوی خۆت. ئەم عەترە سـاڵی ١٩٢١ داهێنـرا و ئەمـڕۆ لە سـاڵی ١٩٨٧ زۆرێ لە خانمەکان بەکـاری دێـنن. بە شـێوەیکی جیـاواز تخونی دەکەون و بە شێوەی جیاوازیش بەکاری دەهێنن.

**مەبەستتان چییە؟**

خانمەکان گۆڕاون، بۆیە عەترەکانیش گۆڕاون....

**لە چ بارێکەوە گۆڕاون؟**

پێسـت و ڕەنـگ و ڕوویـان گـۆڕاوە، لە زۆر لایەنەوە جـوانتر بوونە. پێستی کچێکی هەژدە ساڵەی ١٩٨٠ وەك پێسـتی کچێکـی هەژدە ساڵەی بیستەکان نییە، چونکە لە ساونی ئەو کـاتە کەڵـك وەرناگرێ، لەو کرێم و سووراو سپیاوانە بەهرە ناگرێـت. تەنـانەت فـافێکە مەلافەکـانی خـۆی پـێ دەشـوات گـۆڕدراوە. بـۆنی شـار پێوەنــدی بەم شــتەوە نیــیە. پــلەی شێداریەکەشــی هەروەهــا کاریگەری لەم مژارەدا نەکردووە. بۆ نموونە ئافرەتێـك لە کۆشـکی لـوویی هەشــتەم وەك ژنێکــی ئەمــڕۆژی نــاتوانێ یەك بــۆن لێــك بکەنەوە و ئەمەش بە هۆی ئەو عەترەوە نییە کە بەکاری دێنێـت، بۆ گۆڕانی پێستیان دەگەڕێتەوە.

**یانی پێستی خەڵك بە تێپەڕینی کات دەگۆڕدرێت؟**

بەڵێ. سەدەی هەژدەیەم بێنەوە بیر خۆتان. بۆن وبەرامەی ئەو سەردەمە چی بووە؟ بەرامەی بەرد، پرشنگی هەتاو، گەڵا، پەیـن، ئاسن و کانزاکـان؛ بەڵام ئەمـڕۆ گـاز و بەنـزین، ڕێـگەی قیرتـاو، ڕەنگی متالیك و پلاستیك...... کارەبا.

**کارەبا بۆنی هەیە؟**

بەڵێ، بەڵێ. تەنانەت شووشەی تەلفیزیۆنەکانیش بۆنیان هەیە.

**چی بوو کە پاش هەشت ساڵ دیسانەوە گەڕانەوە بۆ عەتر دروست کردن؟**

بە هۆی کڵاوێکەوە .... کە لەسەر کورسیێ لە پارکی مۆنێسۆدا دۆزیمەوە.

**لە مەبەستتان تێناگەم...**

گرنگ نییە. پڕوپێچتر لەوەیە کە بکرێ شرۆڤەی بکەی. ئیزنم پێ بدە پشت‌گوێی بخەین. پرسیاری دواتر.

(....).

***

**کاکە گیان،**

بەشی ئیداری گۆڤاری پاریس مەچ، نامەکەی ئێوەی سەبارەت بە وتوویژی من لەگەڵ پییێر ئەسلان، گەیاندە دەستم. دەبێت بڵێم زۆر بە لامەوە سەیر بوو. من تازە وەك هەواڵنێر دەستم بە کار کردووە و نامەکەی ئێوە یەکەم نووسراوە بۆ من دێت. حەزم نەکرد لە بیری ببەمەوە.

لە ڕاستیدا تەنها هۆکارم بۆ گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز ئەسلان، خوشکە بچکۆلەکەم بوو کە هاوپۆلی کوڕەکەی کاك ئەسلانە. ئێریك حەزی لە خوشکمە و پێم‌وەها بوو ئەو وتوویژە ڕێگە چارەیەکە بۆ نێزیك بوونەوەی ئەو کوڕە بە خوشکمەوە.... سێزدە ساڵێکە پییێر ئەسلان دیمانەی لەگەڵ کەس نەکردووە، هەر بۆیە کاتێ چووم بۆ چاوپێکەوتنی ترس و لەرز هەمووگیانی داگرتبووم.

بگەڕێینەوە سەر نامەکەی ئێوە. بە ڕاست دڵنیایت کڵاوێکە لەسەر کورسی پارکی مۆنێسۆ بە جێگەت هێشتووە هەمان ئەو کڵاوەیە کە بەڕێز ئەسلان لەسەری ئاخافت؟ من بۆ خۆم لەو وڵامەی بەڕێزیان سەرم سوڕما و ڕاستت دەوێ هێشتا بەلامەوە سەیرە. بۆچوونم وەها بوو کە دەبوایە ئەو بەشەی دیمانەکە بسڕینەوە بەڵام سەرنووسەرەکە مکوڕ بوو لە سەر دانانی، چون پیشاندەری کەسایەتی پێچ و ئاڵۆزی پییر ئەسلان بوو.

بەداخەوە سەبارەت بە داخوازییەکەتان دەبێت بڵێم، پێم ناکرێ ناونیشانی ماڵی ئەو بەڕێزەت پێ بدەم. من لە ماڵەوە چاوم بەوان نەکەوت بەڵکوو لە کافە هۆتێلی ڕیتز یەکترمان بینی. بەڵام ئەگەریش ناونیشانیم هەبوایەت ئیزنم نەبوو بۆتانی بنێرم. لەگەڵ ئەمەشدا وردەکاری پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕێکلامەکانی ئەوانتان لە گەڵ ئەم نامەیەدا بۆ دەنێرم. پێم وەهایە لە ڕێگەی ئەمەوە دەتوانی نامە بۆ بەڕێز ئەسلان کل بکەیت.

هیوادارم لە گەڕان و تۆژینەوەکانتدا سەرکەوتوو بیت.

لەگەڵ ڕێزم:

مێلانی گالتییێر

❊❊❊

**ئەسلان**

**کاکە گیان،**

نامەکەی ئێوە یەکێك لە بەڵاجەویترین نامەکانە کە هەتا ئێستا بە دەستی من گەیشتووە. ئەو نیشانەگەلە کە تۆ لە کڵاوەکەی خۆت دات، ڕێك هەمان شتە کە لەو کڵاوە ڕەشە نەوگینەدا بوو کە من لە سەر کورسیەکەی پارکی مۆنێسۆ هەڵم‌گرتەوە. لە ڕاستیدا هەر ئەو کڵاوە بوو کە لە دیمانە لەگەڵ پاریس مەچدا باسم لێوە کرد. بەداخەوە کە کڵاوەکە ئێستا لەلای

من نییە و لەم بارەوە گەلێك دڵگرانم و پەژارە دایگرتووم چونکە زۆر خووم پێوە گرتبوو. ژیان هەروەهایە؛ شتەکان دەستاودەست دەکرێن و تەنها مرۆڤەکان و عەترەکان دەمێننەوە.

به هیوای کامەرانیتان
پییێر ئەسلان

**ئەسلان**

**کاکە گیان،**

ڕاویژکاری ڕێکلام و پێوەندییە ڕۆژنامەوانییەکانم نامەیکی ئێوەی پێدام. لەوەی کە دیارە زۆر مکوڕی لەسەر دۆزینەوەی ئەم کڵاوە بە پێویستم زانی هەتا ئەو جێگە بۆم دەکرێت وڵامێکی ڕوون و ڕاشکاوتان پێ بدەمەوە: کڵاوەکەی ئێوە ئیتر بە لای منەوە نییە چونکە لە ڕیستۆرانتێ ونم کرد. ڕاشکاوتر بڵێم ئەو شەوە بە داخەوە لەگەڵ هی کەسێکی دیکە گوڕدرا بوو. جلێرەکە[١]، کڵاوێکی ڕەشی بە من دایەوە کە ڕێك لەو کڵاوەی ئێوە دەچوو، تەنها لە جێگەی پیتی زێڕینی نێو کڵاوەکە (ئێف. ئێم) بی، ئێڵ نووسرا بوو. من کاتێ زانیم کە ئیدی زۆر دێر ببوو. ڕۆژی دواتر من سەردانی ڕیستۆرانتم کردەوە بەڵام کڵاوەکە لەوێ نەبوو.

هیوادارم بابەتەکەتان بۆ ڕوون بووبێتەوە و تکایە ئیتر نامەم بۆ مەنێرن. من حەزم لە تەنهایی خۆمە و بە دەگمەن پێوەندی کەسێك هەڵبگرم یان وڵامی نامەی کەسێك بدەمەوە.

هاوڕێتان
پییێر ئەسلان

❋❋❋

١. جلێر: جل + ێر(پاشگرە لە زاراوەی هەورامیدا)؛ بە ناوێکەوە دەلکێت و ناوەکە دەکات بە بکەری کارێ؛ جلێر یانی بەرپرسی جل و بەرگ.

**ئەسلان**

**کاکە گیان،**

لە لاپەڕەی سێهەمدا ئەو شتەی کە دەتانویست هەناردم بۆتان: ناونیشانی ئەو ڕیستۆرانتە کە کڵاوەکەم لەوێدا ون کرد و بۆ ئێوە زۆر گرنگە. هەروەها وردەکاری ڕۆژ و کات و ساتی دروستی ئەو ڕووداوەم بۆ ناردووی. ئەمە ئاخرین نامە گۆڕینەوەی ئێمە دەبێت.

شووشەی لەو عەترەی کە تازە دروستم کردووە لە بۆتان دەنێرم و ئێوەش بەدیاری بیدەن بەو ژنەی کە خۆشتان ئەوێ. ئەم نامەیە پێویستی بە وەڵام نییە.

ئەسلان



بێرنارد لاوالییر درکەی پژۆکەی (٥٠٥) خۆی دیسانەوە بە سووکێ پێوەدا. میوانی و شێو خواردنەکە ببوو بە ژانیان. خێزانەکەی دوای دەمەقرەی نێو ترۆمبێلەکە، دەنگۆڕ ببوو لەگەڵیا. پییر و مێری لوێردیڤانۆی؛ ئەمان و سێ ژن و مێردی دیکەیان بانگهێشتی شێو کردبوو بۆ ماڵی خۆیان لە چامپ دومارس. هەموو شتێ وەک میوانییە ڕازاوە و شاهانەکان، بێ چێژ وەرگرتن لە دەورییە پڕەکان تێپەڕی . لە شاردا، خواردنەکان باش نین، بە تایبەت لە نێو چینی باڵادەست و خواپێداوەکاندا. گەرچی ئەوان لە زێڕ و زیو، دەفر و دەوری مارکە و ئەنتیکەی بەنرخ کەمیان نییە، بەڵام هەندێ جار حەز ئەکەن لە نێو کاسە و کەویلی وەها چێشت بخۆن کە پینەچی و پێڵاودوورەکانیش لووتی پێدا ناهێنن.

بێرنارد کە دەیان ساڵ دەبوو لەگەڵ کەسانی ئاسایی نانی نەخواردبوو خووی پێوە گرتبوو کە بڵێت مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا باشتر نانی بۆ دەخورێت. بیرەوەرییەکانی منداڵی خۆی کە حەزی لە چێشتەکانی زێرەڤانی مڵکە گەورەکەیان بوو لە شاری بۆن[1]، هەر لەبیری مابوو. بیرەوەریێ کە کەسێک نەبوو گوێ لێ

١. Beune: بۆن شارێکە لە شارەکانی فەرەنسە.

بگرێت بۆی باس بکات و برێ جار کاتێک چێشتێکی تامساری دەخوارد، چێژەکەی دیسانەوە هەست پێ‌دەکردەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا چێشت‌لێنانی خاو و بێ‌خوێی بنەماڵەی ڤۆنۆی بە تەنهایی نەیدەتوانی ڕووداوەکانی ئەو شەوە پاساو بدات. ئانتوان بولای دێلامۆرت هەر کە هەواڵی کوژرانی دووک ئانگەنی لە خەندەک وێنسێندا پێ‌گەیشت بە ناپلیۆنی گوت:" گەورەم، ئەمە لە کەتن خرابترە، هەڵەیەکی گەورەیە". بێرنارد لاوالییێر کەسی گولەباران نەکردبوو، بەڵام بەمەشەوە هەڵەکەی کاتی شێو خواردنەکە وەک ئەوە وابوو دەس‌ڕێژی لێیان کردبێت.

هەموو شتێک بە کلووچە وشکەکە و بە پەرداخێ شامپاینی نە چەندان باشەوە دەستی پێکرد، تەنها پەرداخێ؛ نەیکردە دوو پەرداخ، کە خانمی خاوەن ماڵ لە دووکانی فلیکس پۆتەن کڕیبووی و سووریش بوو لە سەر ئەوە کە بڵێت لە کوێ کڕیویەتی. میوانەکان جودا جودا و لە کاتی خۆیدا گەیشتبوون. چەند کەسێک تۆزێ دێرتر هاتن. کە درکەیان کوتا بەم شێوەیە پێشوازییان لێکردن: "بەڵێ، ئاخری هەر هاتن، فەرموون بێنە ژوورێ". یان ئەوەی "ئۆی ئۆی؛ بزا کێ هاتووە، وەرە ژوورێ. چاوەڕێت بووین..." لەو خوڵک کردنە نابەدڵانەی مێری دێڤانۆ کە بە دیتنی هەرکام لە میوانەکان وەها خۆی دەرەخست کە گوایە لە دیتنیان شاگەشکە بووە و وەک بێژی هەموویان بەختەکی بۆ ئێرە هاتوون.

ژنەکان شاڵ و جانتاکانیان لە پشت درکەکە دادەنا، ئینجا دەچوونە دیوەخانەکە، لەوێدا پیاوەکان تەوقەیان دەکرد و چاک و

چۆنیان لەگەڵ یەکتر دەکرد و لەوەی کە دیدارەکەیان هەتا ئێستا دووری خایاند گلەییان دەکرد و ئاخیان هەڵدەکێشا.

بێرنارد کە ڕۆژەڕێگەیەک بە ترۆمبێل هاتبوو، پێ‌وەها نەبوو دیسانەوە ماڵ دێڤانۆ مریشک و هەڵووچەیان لێنابێت. دوای چەشە و بەرخواردێک کە لە خەیار و سەرتۆ ساز کرابوو، کچێکی ئێسپانی کە بەرپرسی خزمەتکردن بوو دەفرێکی گەورەی زیوینەی نایە سەر مێزەکە. شانازی ئەوە درابوو بە مریشک، لە نێوڕاستی دەفرەکە دانیشێت بەڵام سۆسێکی بەڵاجەوی دایشاردبوو و بە دەوریشیدا کۆڵێ هەڵووچەی سیس و چرچ کەوتبوو. بێرنارد پەلێ لە سینگی مرەکەی هەڵگرت کە زۆریش وشک ببوو. بۆیە لە درێژەی شەودا زۆر هەستی بە تینوویەتی دەکرد.

بەختەوەرانە خواردنەوە لە بەردەستدا بوو. بێرنارد بڕیاریدا فێڵێ بەکار بێنێت: خواردنەوەکەی گێڕا بە هەمواندا و لە کۆتاییدا لەلای خۆیەوە داینا هەتا هەرچی دەیەوێت بخواتەوە. قسە و باسەکان لەمەڕ بابەتگەلێ وەک شانۆ، سینەما و ئەو کۆنسێرتانە بوو کە ڕۆیشتبوون.

لێرەدا بوو کە شارلۆت لاوالییر وتی: "ئێمە دوێنێ شەو لە مێزێکی تەنیشت ئیستێر کرۆیتزەوە شێومان خوارد". دڵنیا بوو ئەم قسەیە کاردانەوەی ئەوانی دیکەی پێوەیە. تۆزێ ماتی کرد هەتا هەمووان کڕوکپ بوون پاشان باسی کرد دوێنێ شەو لەگەڵ چەند کەس لە هەڤاڵان لە ڕیستۆرانتێ شێومان خوارد کە چەند مێز

ئەولاتـر خـانمی نـاوداری پیـانۆژەن لەگەڵ مێـردەکەی و کـوڕەکەی شێویان دەخوارد.

مێری ـ فرانس چەستاینێر ئیرەیی پێ بـرد و وتـی: "چ فەڕوفیتـێ کە ئەونـــدە بە وەهـــا هونەرمەنـــدێکەوە نێزیـــک بـــوویتە!". بە تامولامەیکەوە باسی شەوێکی دەکرد کە سـێ سـاڵ پـێش چبـوو بـۆ کۆنسـێرتی ئیسـتێر کرۆیتـز لە سـل‌پلەییێلـدا[1]. هاوسـەرەکەی زۆرتـر حەزی لە ڕۆبینشـتاین[2] بـوو. مێـری ـ لـۆرێنس دو ڕاچـۆرتیش لە وڵامیدا گوتی: "ڕۆبینشتاین ژەنیاری باخ نییە".

ژان ـ پاتریـک لوبۆسـیە نیـوی گلـێن‌گوڵـدی[3] هێنـا. کولێنێـل لارنیەش گوتی دەبێت ئەم ڕاستییەمان لەبیر بێت کە گشت ژەنیـارە گەورەکان جوولەکە بوونە.

ژێرار پرۆناتیش وتی: "ئیستێر کرۆیتز ژنێکی زۆر شۆخ و شـەنگە". خێـزانەکەی لاتیرێکـی لێکـردەوە و پاشـان باسـیان کێشـایە سـەر منـداڵەکانیان. بە چڕوپـڕی لەسـەر بەرنـامە بەراییەکـانی کـچ و کوڕەکەیان لە کۆتایی حەوتەدا و هەروەها ڕاز و نیازەکانی سەن ژەک دوکامپۆستێل[4] ئاخاوتن. هەمووان چاکەی باوە هامبێرتیـان دەوت و دانیان پێدا دەنا چەندە بە هەڵس‌وکەوتی شیاو منداڵەکان پەروەردە دەکات و هەروەها لارییان نەبوو لەوەی کە پیـاوێکی پـاک و پیـرۆزە.

---

1. *Salle Pleyel.*

٢. *Rubinstein*: ژەنیاری پیانۆ، پۆڵۆنی، ئەمریکی.

٣. *Glenn Goyld*: پیانۆژەنی کەنەدی، یەکێک لە بەناوبانگ‌ترین ژەنیارەکانی سەدەی بیستەم.

٤. زیارەتێکی کاتۆلیکەکانە، کە بۆ گەیشتن بە مەزاری سەن ژەک دوکامپۆستێل لە ئیسپانیا بەجێی دەهێنن.

(کەسێک بە بیریشیدا نەدەهات شازدە ساڵ دواتر، پۆلیسی ناوەندی لە هەڵمەتێکی بەرفراواندا کاکی قەشە قۆڵبەست دەکات و زۆرتر لە ٨٧٠٠٠ وێنەی سووک و ترۆ لە بەرچاوی خەڵک، کە سەبارەت بە منداڵان بوو لە نێو کۆمپیتەرە تایبەتەکەیدا ئەدۆزنەوە).

وتوویژ سەبارەت بە پەروەردەی منداڵان بابەتەکەی کێشا بە لای تەلفیزیۆن و لۆمە کردنیان لە کاری خراپە؛ ئامێرێکی ئەهریمەنی کە شتێک نەبوو جگە لە ئاوێنەیەک لە بەردەم کۆمەڵگایەکی لە سەر هەڵدێردا.

ستیڤان کولارۆ[1] لە خراپکاری گشتگیری قسەی کرد. بنەماڵەی لارنیێ دانیان پێدانا تەلفیزیۆنەکەیان تەنها بۆ بەرنامەی "ئاپاسترۆف" هەڵدەکەن. بەرنامەی کلتووری ئەو حەوتەیەش ببووە هۆی خۆشحاڵییان. تێکڕای ئەو پەرتووکانە کە لە بەرنامەکەی دکتۆر پیڤۆدا ناسێنرابوون خوێندبوویانەوە. هاوسەری کلۆنێلیش بە ڕەوای زانی کە بۆچوونی خۆی سەبارت بە گشت ئەو کتێبانە کە لەو بەرنامەیە ناسێنران بێژێتەوە، هێشتا نەیانی کڕیبوو بەڵام بە زووترین کات دەیکڕی. دێسامبری ساڵی ڕابردوو، ئامادە بوونی سێرژ گێنزبۆرگ[2] لە بەرنامەی تەلفیزیۆندا، بە خواردنەوەی پاستیس ٥١ و جگەرەی ژیتانەوە لەگەڵ بەڕێز گۆی بێئار وەک گوندییێکی ڕووسی دەئاخڤی ببووە هۆی سەرسووڕمانیان. هەر بۆیە بڕیاریاندا

١. ئەکتەر، ڕۆژنامەنووس، کۆمێدی کار، نووسەر و پێشکەشکاری فەرەنسی، لە دایکبووی ١٩٤٣ .
٢. *Serge Gainsbourg*: *مۆسیقارێکی فەرەنسی*.

تەلفیزیۆنەکەیان لە کۆڵ بکەنەوە بەڵام بەرنامەی ژان دورمێسۆن لەگەڵ فیلیپ سولێرزی نووسەر بڕیارەکەیانی هەڵوەشاندەوە.

هەر کە باسی میشێل پوولاک[1] هاتە بەرەوە میوانەکان گشتیان تووڕە بوون بەڵام لە خواییەوە فرانسیس بۆیگ[2] فەرانسەی لە دەست بەرنامەی " مافی وڵام[3]" ڕزگار کردبوو. هووبێرت و فرێدریک دولاتۆر بەشداری ئەم قسە و باسە نەبوون و بەداخیش نەبوون لەم بابەتانە چونکە فیزیان بەوە و دەکرد کەوا هەر تەلفیزیۆنیان نییە.

سوور بوونی ماڵباتێکی فەرانسی لەسەر نەکڕینی تەلیفزیۆن وەک ئەوە وەهابوو نکۆڵی لە بوونی میشێل درۆکێر[4] بکەن و جۆرێ خۆیان بنوێنن وەک بێژی نێوی بیرکارێکی هێندی چاخی چوارەمیان بیستبێت . هەر ئەوانە چاک دەیانزانی مۆرۆزییەکان کێن: ماڵباتێکی خواپێداوی یۆنانی کۆن کە شێنی گەڕەکی فێنێر[5] بوون لە ئەستامبووڵ، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵک پێنۆتسی لای تەرابزۆن بوون و قەت بیریان لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک لە بنەماڵەکەیان ببێتە پێشکەشکاری هەواڵی کاژێر یەک. قەت بۆ سینەماش نەڕۆیشتبوون. ئەوان لە جێگەیەک لە نێوان

---

١. نووسەر، پێشکەشکاری هەواڵی ڕادیۆ و تەلفیزیۆن، ئامادەکار، ڕەخنەگر و دەرهێنەری فەرانسی کە ساڵی ١٩٣٠ لە پاریس لەدایکببوو.

٢. بازرگان و بەڕێوەبەرێکی گەورەی فەرەنسی بوو کە ساڵی ١٩٥٢ کۆمپانیای بۆیگی دامەزراند.

٣. *Droit de re ponse*: لە دەقە فەرانسییەکەدا هاتووە.

٤. ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی کە ساڵی ١٩٥٦ وەک پێشکەشکاری وەرزشی دەستی بەکار کرد و هەتا ساڵی ١٩٨٦ کایەکانی تۆپی پێی ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت ئەکرد.

٥. نێوی گەڕەکێکە لە ناوچەی فاتێحی ئەستامبووڵ. ئەم شوێنە پڕە لە کۆشک و کڵێسەی دارینە،کە هی سەردەمی ڕۆمانییەکان و عوسمانییەکانە. کۆشکەکانی شەقامە سەرەکییەکان و بەستێنی زەریا زۆرتر لەو دارانە ساز کرابوون کە لە پێنۆتس و ڕەخی دەریای ڕەشەوە هێنرابوون.

سەردەمی نیپێس[١] و نادار‌دا[٢] بە خۆشـییەوە دەژیـان. لێـرەدا بـوو کە پییێر دوڤێنوا، کـاکی خـاوەن مـاڵ، بە ڕای خـۆی ڕیگەیکـی دۆزیەوە هەتـا ئەم باسـی تەلفیزیـۆنە ببـڕێتەوە:" بڵـێم چـی، چـاوەڕێ چـی دەکەن؟ هەموو ئەمانە بەرهەمی چەپەکانە".

ژان ـ پاتریک ترایلێ وتی: "ڕاستە، بەڵام ئەمە کۆتایی نییە. تۆزێ دان بەخۆتانا بگرن: گرەو دەکەم دیسـانەوە میـران دەنـگ دێنێـت و دەیباتەوە."

"تکایە ئەکرێ ئەو ناوە دروست بدرکێنیت".

بێرنـــارلاوالییێر قســـەکەی کردبـــوو. کـــاتێ ئـــاخرین قـــومی خـــواردنەوەکەی هەڵقـــوڕان و پەرداخەکەی نـــایە ســـەر مێـــزەکە، بێدەنگییێ باڵی بە سەر ئەویادا کێشا و هەمووان ماق ببوون پێیدا.

---

١. *Nie pce*: داهێنەری فەرەنسی کە زۆرتر وەک داهێنەری وێنەگرتن ناسراوە.
٢. *Nadar*: وێنەگر و وێنەکێشی بەناوبانگی فەرەنسی، لە دایکبووی ١٨٢٠ کە بە ناوی سیانی نادار دەناسرێت.



"میران" کەسێکی چەپ بوو کەوا کاری کردبووە سەر هەندێ لە ئەندامە کۆنەکانی حیزبی ڕاستەکان و لە خۆیشیان ڕانەدەبینی کە دانی پێدا بنێن لە ترس ڕاستە بناژۆخوازەکان.[١] یەکەم جار نەبوو کە ئەم وشەیە بەم شێوە دەبیست. لە سێ گەڕەکی (ناوچە) حەوتەم، شازدەیەم و هەشتەم لە نێو گەڕەکەکانی فەرانسەدا بەردەوام لە کاتی شێو خواردندا ئەم وشەیان بەکار دەهێنا. ئەوان لایەنگری هەتاهەتایی شارێل دووگوڵ، ئەندامی بەرەی نەتەوەیی و پاشایەتیخوازی خۆپەسەند بوون. بێ ئەوەی کە خۆشیان هەستی پێ بکەن بۆچی ئەم کارە دەکەن، تێدەکۆشان نێوی سەرۆک کۆمار بە خراپە بزڕێنن.

"میران" ناوێکی ڕەمزی و نهێنی بوو لە نێوان ئەواندا. دەستەبرا ڕاستەکان، هەر لە بەڕێزترین لایەنگران هەتا بێنرخترینیان ئەم وشەیان بە ئەنقەست بەکار دەهێنا و پەرەیان بە بەکارهێنانی ئەدا. قسە لە ناکاوەکەی بێرنارد هۆڵی میوانەکانی کتووپڕ ساردوسڕ کردەوە. مریشکی سەر سفرەکە چەندە سارد بوو ئەوەندەیتر سارد

١. لێرەدا ئاماژەی بە پێوەندی میتران یەکەم سەرۆک کۆماری چەپی فەرانسا کردووە لەگەڵ ڕەیگان یەکەم سەرۆک کۆماری سۆسیالیستی توندڕەوی ئەمریکا.

بوویەوە و هەڵووچەکانی پاڵی مرەکە چرچ‌تر و پەرداخەکانیش ئەڵێی سەهۆڵیان بەستبوو.

بێرنـارد خۆیشــی شــتێکی نەبــوو لە ســەر ئەم بـابەتە بڵێـت. ئەو ڕستەیە کە لە زاری هاتبوویە دەرێ بەڕادەی پێویست ڕوون و ڕاشکاو بـوو. تـۆ بڵێـی بە هـۆی خـواردنی ئەو مـامرە تـۆپیەوە بووبێـت کەوا کەوتەوە بیـر بیرەوەرییەکـانی منـداڵی و ئیـتر ئەو وشـەیە بە زمانـدا هات؟ یان ڕەنگە بەو بۆنەوە بوو کە هێشـتا ژان ـ پاتریـک ترایلـێ بە پێچەوانەی ئەو هێشتا خاوەنی باخەکەی ئەمان بوو لە پواتۆدا؟ یـان ڕەنگە تەنها بەو بۆنەوە بووبێـت کە زۆری خواردبـوویەوە؟... نە، هـیچ وڵامێکی بۆ نەبوو.

ژان ـ پاتریک ترایلێ بە ساردوسڕییەوە وتـی: "مـن هەمـوو کـاتێ ئەو نـاوەم وەهـا درکانـدووە، لێـرە بەدوایـش هەروەهـا ئەیـدرکێنم. هەڵبەت ئەگەر بە پێچ کڵاوەکەت بەر ناخوات کاکە بێرنارد!" کلۆنێل لارنیەیش ماق بوو پێیدا. چەناکەی دەلەرزی و ئەڵێی لە دادگایەکی سەربازیدا سەیری دادگایی کردنی خەیانەتکارێکی کردبوو.

پییێـر چەسـتاینێر بە بڕشـتەوە پرسـیاری کـرد: "بـوویتە بە چەپـی، هەڤاڵی خۆشەویست؟"

فریدریک دولاتۆر پێکەنی و گوتی: "شێوەی ژیانتان گۆڕی؟"

بێرنارد هەستی بە شتێ کـرد لە دەروونـی خۆیـدا کە نەیـدەتوانی باسی بکـات؛ هەسـتێکی پڕاوپڕ لە ئاسـوودەیی و خۆشەویسـتی کە هەموو گیانی داگرتبوو. لە گازەرای پشتیەوە دەچـووە بـان، گەیشـتە

ملی و سەریشی تەنی. لەم کاتەدا بوو کە بزەیکی سەرسووڕهێنەر لە سەر لێوی نیشت.

بە شێنەیی پرسیاری کرد:" ئێوە چ کێشەیکتان لەگەڵ میتران هەیە؟ ئێمە هەموومان ئێستا لە پشت ئەم مێزە کۆبووینەتەوە، بە شێوەیەک کە سێ ساڵ پێشتر، شەش ساڵ پێشتر، هەشت ساڵ، دە ساڵ یان پازدە ساڵ پێشترکۆ دەبووینەوە. ١٠ مەی ١٩٨١ چ شتێکی لە ژیانی ئێمەدا گۆڕا؟"

لە ژوورەکەدا، بۆ ساتێکی دوور و درێژ بێ دەنگیێ هاتە گۆڕێ.

بێرنارد وتی: "بیر بکەنەوە لە سەری. هیچ شتێکی نەگۆڕاوە".

پییێر چەستاینێر بە دەنگێکی بەرز گوتی: "وەزیرە کومۆنیستەکانی دەوڵەت لەبیر نەکەیت؟"

"لەبیری ناکەم! حیزبی کومۆنیست وەک شەکەر لە ئاودا دەتوێتەوە. بەڵام میتران لە ماوەی شەش ساڵدا بە شتێ گەیشت کە ڕاستەکان لە سی ساڵدا پێیان نەکرا."

"خەریکی پاکانە بۆ شەیتان دەکەی!"

"میتران شەیتان نییە.. بەڵام پارێزەرێکی باشە!"

پیاکێشانی نووک و ناڵچەی ئاسنی کەوشی ژنانە لە بەرقولی پیاوەکان، چەکێکە کە بە زۆری پیاوەکان گرنگی پێ نادەن. لەو کاتەدا دەربێکی توندیان کێشا بە بەرقولیا و ئەمە بوو بە هۆی ئەوە سەری هەڵبڕێت و لاتیری شارلۆت بەدی بکات. ژان پاتریک ترایلێ

بۆڵەیەکی لێوە هات، "بەڵێ، ئەو نوێنەری فەرانسەیە لە هەموو دنیادا و من چاوم پێیدا هەڵنایەت!" هوبێرت دولاتۆر بە توانجەوە گوتی: "بە سەرۆک کۆمارێکی سۆسیالیستەوە بڕیارە چ وێنەیەک لە فەرانسە پیشانی دنیا بدەین؟"

بێرنارد بە سەرسوورمانەوە لە کاتێکدا لاقی دەشێلا، گوتی: "چ وێنەیەک؟" میتران بۆ هەر کوێ دەڕوات خۆشەویستە. هەر بۆیە پێوەندی باش لەگەڵ هاوتاکانی خۆی ڕێک دەخات. جا ئەو کەسە هێلمت کۆهێل بێت یان بەڕێز ڕەیگان و گوورباچۆف، یان تەنانەت مارگارێت تاچێر. ئەو لە فەرانسەدا خۆشەویستە، خەڵکیش خۆشیان دەوێت".

هۆبێرت دولاتۆر بە تووڕەییەوە وتی: "خەڵک؟ کام خەڵک؟!"

بێرنارد. بە پێکەنینەوە وتی: "هەموو خەڵکی..."

پییێر دوڤێنوا بە دەنگ بەرز وتی: "ئەو بیروبڕوای ماکیاولیستی هەیە".

بێرنارد نێش‌خەنێکی لێدا و گوتی: "ئاوەها، ئێوە دەبێت دیسانەوە پەرتووکی شالیار[١] بخوێننەوە."

"شالیار؟"

---

١. Le Prince: نێوی پەرتووکی بەناوبانگی نیکۆلۆ ماکیاولی، بیرمەندی ئیتاڵی و دامەزرێنەری ڕێبازی ڕامیاری ماکیاولیستیە. ئەم کتێبە ٢٦ وەرزی هەیە.

"شالیار، نووسراوی ماکیاولی. گشت ئەمانەی لەوێدا شرۆڤە کردووە."

شارلۆت بە خاو و خێچییەوە گوتی: "تۆ قەت ئەو کتێبەت نەخوێندووە". بێرنارد چاوێکی داگرت و وتی: "ئەمن تەنها بەوە گەیشتووم کە شالیارێک دەبێت پشتی بە خەڵکەکەی گەرم بێت ئەگینا لە کاتی قەیراندا کەس پاڵپشتی لێ ناکات."

"من تێگەیشتم..."

هەمووان ڕوویان لە کلۆنێل لارنیە کردەوە کە هێشتا چەنەی دەلەرزی. لە حاڵێکدا توورەیی بینگی پێ بڕیبوو وتی: "بەڕێز، من نامەوێ لێرە دانیشم و گوێ ڕابگرم بۆ تاریف و پیاهەڵچوونی ئێوە بە باڵای فرانسوا میتراندا. ئەو جۆرە کە ئێوە قسەتان لە زاری بەڕێز ترایلێ بڕی دروست و شیاو نەبوو. لە ڕابردوودا پیاوەکان شەڕی خۆیان لە سەر باخ و بۆلاخەکەیان دەبڕییەوە!."

کابانی ماڵەکە دەکۆشا هەتا کلۆنێل هاڵ بکاتەوە لە سەر ئەو باسانەی کە هێشتا سەبارەت بە سروودی نەتەویی فەرانسە، ژەنراڵ دووگوڵ و ئەو داگیرکەرە لەحنەتیانە دەیکرد. پاشان بێدەنگی گەڕایەوە و دوای هێمن بوونەوەیان خزمەت و پێڕاگەیشتن دەستی پێکردەوە.

کاتی ڕۆیشتن کە گەیشت، بێرنارد سپاسی کاکە و کابانی میوانداری کرد و لەگەڵ میوانەکانی دیکە ماڵاوایی کرد. خێزانەکەی

بێ ئەوەی ئەم تێبگات لە خانمی خاوەنماڵەکە داوای لێبووردنی کرد بە هۆی ئەو دەمەقڕە کە هاتە گۆڕێ.

بێرنارد لە ڕێڕەوەکەدا کۆتە بێربێریەکەی لەبەر کرد و یارمەتی شارلۆتیشیدا چەتفەکەی کردە کۆڵی. کڵاوبۆرە[1] ڕەشەکەی کردە سەری، بێ ئەوەی کە بزانێت ئەو پیتانە کە لە نێو کڵاوەکەدا نووسراوە تۆزێک لەگەڵ پیتەکانی نێوی خۆی جیاوازە.

---

١. کڵاوبۆرە: کلاه نمدی.



نیوه شەو، کاتێ خێزانەکەی بەزۆرییەوە خەوی لێکەوتبوو، وێڕای ئەوەیکە حەبی ترس‌بڕی مۆگادۆنی[1] خواردبوو _ بێرنارد تاق و تنیا لە دیوەخانەکەدا دانیشتبوو و کنیاکی دەخواردەوە. بۆچی کاتێ دەیویست نێوی سەرۆک کۆمار دروست بدرکێت کەس پاڵپشتی لێوە نەدەکرد و ژنەکەشی بە دزیەوە پێ‌لەقەیکی کێشا بە لاقیدا؟

شۆخی کردنەکەی هەر خێرا بوو بە ڕق و قینێ ڕوون و ڕاشکاو. کلۆنێل لە کاتی ماڵاوایی کردندا بە لاتێرێکەوە بۆی دەڕوانی کە لە منداڵییەوە هەتا ئێستا لە بیری نەبوو کەسێک ئاوەها هەڵس‌وکەوتێکی لەگەڵیا کردبێت. "لە ڕابردوودا پیاوەکان شەڕ و شۆڕەکانیان لە نێو باخ و مەزراکەیاندا دەبڕیەوە". شەڕێکی دەستەویەخە؟ پاشان چی؟ بێرنارد سەرکۆنەی خۆی دەکرد کە بۆچی لەهەمبەر ئەو سووک بوونەیدا بێ‌دەنگ بوو. لە ئاسانسۆرەکەدا وڵامێکی شیاوی بۆ دۆزییەوە: "ئێوە ڕاست دەکەن کلۆنێل، پیاو لە سەر مەزرا و باخدا کۆمەڵە کەرێ وەک تۆ دەبینێت." شیاوترین شتێکە دەیتوانی باشتر لە گولە کەلەکەی

1. Mogadon

ڕاستی ئەم پیاوە سوپاییە بسمێت ئەم وڵامە بوو. کلۆنێل، تۆ هەر ئێستاش مێشکت مەرگوژی[1] بووە.

لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، ژنەکەی بە تەشەر و توانجەوە گوتی: "بە سای سەری جەنابتەوە ئێستا هەموو دۆست و ڕەفێقەکانمان لێمان تۆراون".

"دۆستەکانمان؟"

بێرنارد پەرداخەکەی نایە سەرەوە و چقی لێبڕی و دیسانەوە پڕی کردەوە: "تۆزێ بیری کردەوە، کە چی؟ هەمووان خەوتوون، هەرچیم پێ خۆش بێت دەیکەم."

چلۆن دەکرێ ئەم کەسانە بە ڕەفیق بزانم؟ ئەم وشەیە، بۆ پێوەندیێ کە بێرنارد لەگەڵ ئەواندا هەیبوو، زۆر مەزن بوو. دەبێت کەسانێ بە هەڤاڵ بزانین کە لە پۆلێکدا خوێندبێتیان، بۆ یەک کێبەرکێی ڕالی چووبێتن یان لە زانکۆیەکەوە دەرچووبێتن. دۆستایەتی ئەمان بێبنەما بوو، ئەمان تەنها لە یەک چین بوون و ئەمەش هەموو لێکچوونی نێوانیان بوو. دۆستایەتی شتێکی دیکە بوو، شاعیران و نووسەران دەیانتوانی شرۆڤەی بکەن و لێکی بدەنەوە. سێنت ئێگزوپێری[2] لە چیرۆکەکەی ڕێوی لینیدا کە ئێمە بەرپرسی ژیوای ئەوین زۆر جوان نووسیەتی. میوانەکانی ئەو شەوە ڕێویێ جوان و بزێویان لە دڵدا نەبوو، بەڵکوو چەقەڵگەلێکیان لە دڵدا بوو کە بۆنی برین و خوێنیان بەلاوە بۆن و بەرامەدار بوو. ئەو

۱. مەرگوژی؛ یانی ژیانێ لە نیوان مەرگ و ژیاندا. ف: مرگ مغزی

۲. *Saint- Exupery* نووسەر و فڕۆکەوانی فەرەنسی.

شەوە لە چەند چرکەدا، پیاوێکە پلەیکی گرنگی لە کۆمپانیایەکی ئاکسا هەبوو و ڕێزێکی بەرچاویان لێدەگرت، بوو بە پیاوێکی "گومان لێکراو".

بێرنارد بیری کردەوە، جۆرێک تماشایان دەکردم وەک بێژی من نێچیریانم. ئەڵبەت ئەوان هەموویان ڕاوچی بوون. منیش هەردەم کە بانگهێشتیان دەکردم بۆ کۆڵیت و کەوێڵ لە هەوارەکانیان، نەدەڕۆیشتم. کەوایە چ لێکچوونێکم هەیە لەگەڵیان؟ ئەم پرسیارە کە هەتا ئێستا نەکەوتبووە مێشکیەوە لە ناکاو ژهەڤ[1] کردنێکی قووڵی لە پێش چاوانیەوە نواند.

سکی دەیقۆڕاند و هاژوهووژی دەکرد کتوپڕ دیمەنی مریشک و هەڵووچە چرچەکان هاتەوە بەرچاوی. چاوی پرواند و تێکۆشا هەتا بیر لە هێنریت و چێشتەکانی بکاتەوە لە تەنیشت وجاخەکەدا. هێنریت لە ماڵێکی بچووکدا لە بەرایی مولکەکەیانەوە دەژیا. شوێنەکە لە نێوان لوکلۆ دوپی و مولکی ڕیواڵدا بوو. بنەماڵەی گەورەی لاوالییر لە باوک و دایکەکان، کچەزا و کوڕەزاکان، مامۆ، باپیرە و داپیرەکان هەموو ساڵێ چەند جار لە کاتی پشووی قوتابخانەکاندا لەویا کۆ دەبوونەوە.

بێرنارد قەت مێردەکەی هێنریتی نەدیتبوو، چونکە بیست ساڵ پێش‌تر لە نێو ئەو کۆخە کە لەگەڵ براکەی مارسێل دەژیا، مردبوو. مارسێل، هەموو کارێکی دەکرد، لە باخەوانی بگرە هەتا دارتاشی. ئەو قەت لەگەڵ ژنێکدا نەبینرابوو. ساڵانێ دواتر، دەنگۆی داکەوت

---

١. ژهەڤ کردن؛ مەودا تێخستن. ف: فاصله انداختن.

کە ئەو زۆرتر حەزی لە پیاو دەکرد، واتە پیاوێکی تیرۆمی[1] بووە بەڵام ئەم وتە نەسەلمێنرا.

ئیزنی چوون بۆ ماڵی هێنریت پشکێ بوو کە هەموو منداڵەکانی بنەماڵەی لاوالییر ئەم پشکەیان بەرنەدەکەوت. هەندێکیان یان زۆر گەورە بوون یان زۆر چکۆلە؛ باشترین تەمەن لە بۆ چوونە ئەو ماڵەوە، حەوت هەتا دوازدە ساڵەیی بوو. نێزیکەی دە منداڵ بۆ نیوەڕۆژە خواردن بانگهێشتی ماڵیان دەکران و نەریتەکەش هەر بە یەک شێوە دەستی پێدەکرد: منداڵەکان لە دێبەری تەڕەکاڵیەکەی هێنریتدا سووڕێکیان دەخوارد؛ لەوێدا لەگەڵ کەسکایی و گیا بۆنخۆشەکان ئاشنا دەبوون و هەندێ جاریش ئیزنیان هەبوو تاقییان بکەنەوە.

مارسێل چەقۆیەکی ئۆپینێلی[2] لە گیرفانیدا دەرهێنا؛ تەماتە و گوێزەری لە بەرچاو منداڵەکاندا ئەنجن ئەنجن دەکرد و پێیانی ئەدا. پاشان هەموویان لە دەور مێزێکی بازنەییدا دادەنیشتن کە سەرمێزیێ دڵقینەی سپی و سووری لە سەر بوو. ئینجا هێنریت بە مەنجەڵێکی فافۆنیەوە دەگەیشت و دەفر و دەورییەکانی پڕ دەکرد لە پاتەی جگەری[3]، کە زۆرێک لە ڕیستۆرانتەکان شەرمیان دەکرد ئەم چێشتە ببینن و بڵێن ئێمەش چێشت لێدەنین. بڕێ جار برێنج و گۆشت، مازە و پشتمازەی ئیتاڵی و دۆڵمەی گەڵا کەلەرمی ساز دەکرد. ئەو چێشتە خۆماڵیانە کە پەساگرتنەوەیان دەساودەس

---

١. تیرۆمی: همجنس‌باز.
٢. *Oppinel*: کۆمپانیایەک بوو چەقۆی بەناوبانگ و دەستسازی فەرانسەیی دروست دەکرد.
٣. چێشتێکی فەرەنسی.

هاتبوو لە بەرەیکەوە بۆ بەرەیکی دیکە و دایکی هیچکام لەو منداڵانە نەیدەتوانی تەنانەت هیوایشی بەوە بێت لە چێشتخانە پاریسیەکەیدا لێی‌بنێت. هەڵبەت ئەوان چێشتی تایبەتی خۆیان ساز دەکرد بەڵام هیچکامیان نەدەبووە چێشتەکانی هێنریتەوە.

کات تێپەڕی و پاش مەرگی داپیرە و باپیرەی بێرنارد، ئەو مڵکەیان فرۆشت و کردیانە سەربەشماڵی میراتگرەکان. هەڵم و هاڵاوی ئەو چێشتخانە و بۆنە خۆشەکانی سەردەمی منداڵی بۆ هەتاهەتایە کەوتە نێو بیرەوەرییەکانەوە. میوانەکانی ئەو شەوە، زۆر چاک دژمنایەتی شاراوەی چەندین ساڵەی چینی مامناوەند و نەجیمزاکانیان بەرجەستە کرد.

بۆ نموونە ژیسکار دێستێن[1] وێنەیکی باش بوو لەو چینە باڵادەستە خۆ بەزل‌زانانە بوو کە باپیرانی ساڵی ١٩٢٢ ئەم پلەیان کڕیبوو و هەڵبەت هاوسەرگیریش زۆرتر ئەوی بەم ئاستە نێزیک کردبوویەوە. ئەمە میتران بوو کە لە دەورەی دووهەمی هەڵمەتی خۆپاڵاوتندا پێی وتبوو:" پێش هەموو شتێ من شێوەی ئاخاوتنی تۆ پەسند ناکەم. من قوتابی و بەردەستی تۆ نیم و ئەتۆش لێرە سەرۆک‌کۆمار نیت، تەنها ڕکابەرێکی". قسەکانی نیشت بە دڵی خەڵکەکەوە.

بێرنارد بیری کردەوە:" دەڵێن من دەنگم بە ژیسکار داوە". وشەی "فۆسیل" هات بە مێشکیدا، وشەیەکە مانای تانشینی کۆنە ئەدات. لە دڵ خۆیەوە ئەیوت: "بە ڕاستی ئەوانە فۆسیلن" هەندێک هێشتا

١. بیستەمین سەرۆک کۆماری فەرانسا.

تەلفیزیۆنیـــان نیـــیە و شـــانازیش دەکەن. فۆســـیلەکان لەو مـــاڵە داڕووخـاوانەدا و بەو کەل‌وپەلە کۆنـانەوە ژیـان دەکەن و بڕوایشـیان وایە نابێ هیچ شتێ بگۆڕدرێت.

بێرنارد سەری هەڵبڕی، چاوی بە پۆرترەی چارلز ئێـدوارد لاوالیێـر باپیرەی خۆی کەوت کە دوو بەرە بوو لە سەر بوخاری نێو دیوارەکەدا هەڵواسرابوو. لە سای سەری ئەم پیاوە قـژ تـان‌وپـۆیە و ئەم‌قەڵافەتـە زۆردارە بوو کە لە ئیمپراتۆرە ڕۆمییەکان دەچوو، ئێسـتا بنەمـاڵەکەی بەشـێکی گەورەی دارایـی و سـامانی خۆیـان لە بەردەسـت‌دایە. باڵەخـــانە و بینـــا ئیـــدارییەکان لە پایتەخـــت، قەوارەی زەمیـــنە ســـەرەکییەکان کەوا بـــاوەگەورەی لە ســـەردەمی نـــۆژەن‌کـردنەوە و گۆڕانی هۆسمانیدا[1] دروستیانی کردبوو. چاوی بە دۆڵابەکەی لوویی شازدەیەم و دوگوڵدێن مینگ کەوت. سەری بۆ لای بوخارییە مەڕمەڕ تاشـەکە گێـڕایەوە و سـەیرێکی بـانی کـرد، کـاژێری زێڕینـی لـوویی شازدەیەم لەگەڵ وێنەیەکی دیانا _ ئیزەدبـانووی نێچیرڤـانی لەگەڵ بێچـووە کەڵێکـی لـێ‌بـوو. لای‌کـردەوە بە لای دۆڵابەکەی لـوویی سێزدەهەمدا لە تەنیشت پەنجەرەکە؛ پەردەگەلێ درێژ بە مارکی لۆرا ئێشـلی[2]، پەردەی تـۆڕی، شـەش دانە قەنەفەی دانیشـتنی لـوویی چواردەیەم، قاڵیچەیکی ئێرانی، پاچکەی سێ‌لنگەیـی هـی لـوویس فیلیپ و مێزێکی دیکە هەر هی ئەو سەردەمە. لە سەر دیوارەکانیش تابلۆیەکی وێـنە، لە دیمەنـی سرووشـتی سـاڵی ١٨٠٠ و خەڵکـانی

---

١. نژیارڤان و گەڵاڵەداڕێژی شاری پاریس.
٢.کۆمپانیـایەکی ڕسـتن‌وچنـین، کە بێرنـارد ئێشـلی و هاوسـەرەکەی لـۆرا ئێشـلی لە سـاڵی ١٩٥٣ دایان‌مەزراند.

لادێیی لە جل‌وبەرگی شوانیدا هەبوو. تابلۆیەکی پاستل‌کیچ کە تۆزێک جوانیش بوو خۆی دەنواند بەڵام مێژووەکەی دیار نەبوو، وێنەی ژنێکی پیشان ئەدا کە چاوی لە ئاسمان بڕیبوو وەک بڵێی خەریکە تماشای تاپۆی مەریەمی پاکیزە دەکات. کەسیش نەیدەزانی ئەم ژنە چ ڕۆڵێکی لە نێو شەجەرەی ئەماندا هەبووە، پاشان زەنگیانە و پووڵەک کوتاننی ئۆبسۆن لەسەر دیواری بەرانبەر و لووستەری (گڵۆپ ئاوێز) کریستاڵی کە هی چارلزی دەیەم بوو دانرابوو.

بێرنارد بە پەشۆکاویەوە کەوتە نێو بیر و خەیاڵی خۆی و زانی کە ماڵەکەی خۆیشی لەگەڵ هی ئەواندا زۆر جیاواز نییە. بۆ نموونە ئەو تابلۆگەلەی پشت قەنەفەکە لە بەرچاو بگرە؛ دیمەنێکی دێهاتیانەی پاڵ جۆگەلەیەک بە کڵێسەیکیش لە پشتیەوە. لە سەر پەردەی وێنەکە، لە بان خاچی کڵێسەکەوە، چاڵێکی بازنەییان کۆڵی بوو و تێیدا کاژێرێکی ڕاستەقینەی ئەنتیکەیان تێ‌خستبوو. لە ڕاستیدا ئەم کاژێرە بڕیار وەها بووە کات پیشان بدات، بەڵام دەیان ساڵ بوو کە ئیدی کاری نەدەکرد. بێرنارد بە میرات لە باوکیەوە پێگەیشتبوو، ئەویش لە باوکی خۆیەوە؛ و کەسیش نەیدەزانی سەرەتا هی کام لە لاوالییێرەکان بووە. لەوێدا وەک شتێکی بێکارە و بێ‌کەڵک مابوویەوە. ئەو کاژێرە بێ میلە، ئێژی ڕاوەستانی کاتی تۆمار دەکرد.

وەک بڵێی پەردەی وێنە لە بەرورووو کەوتووەکە، پێی دەوت:" ئەتۆیش بۆرژوایەکی ئاساییت و هەتاهەتایەش هەر وەها دەمێنیتەوە. تۆیش هەر وەک ئەو میوانانەیت. وەک ئەوان دەوروپشتت پڕە لە شتانێ کە خۆت هەڵیانت‌نەبژاردووە و شتێکی

نـوێی پـێ زیـاد نـاکەی. منـداڵەکانی تـۆش هەر بەم شـێوازە دەڕۆن ومنـــداڵەکانی ئەوانـــیش هەروەهـــا، یـــانی ئەو تەونەی کە باپیرانـــت نابوویـانەوە ئەمـانیش هـێلمە هـێلمە لەسـەر یەک هەر بەو شـێوازە دەیکەن و دەیبڕن. کەوایە شتێک نیت بێجگە لە کەسێک لە بازنەی شـتەکانی دەوروبەرتـدا. ئاوەڵنـاوێکی دیـارت نیـیە، وەک باوکـت، باوەگەورەت و گشت نەوە و بەرەکـانی دیـکە. تـۆ هـی ئەم سـەردەمە نیت. چاوێک لە چاوکەی ئەو کاژێرە بکە، هێشتا نازانیت لە چ کـات و ساتێکدا دەژیت.

بێرنارد هۆگرییێکی زۆری بۆ پەرتـووکی شـالیاری ماکیـاولی لە دڵ کەوتبوو. "گەر خۆت خوێنـدبێتتەوە". شـارلۆت وەبـێ شـەرم و شـکۆ تانەی لـێدابـوو: "تـۆ قەت ئەو کتێـبەت نەخوێنـدووە" هەڵـبەت ئەو کاتێ خوێندبوویەوە کە خوێندکاری بەشی ماف‌ناسی بوو، بەڵام لەو کاتە بەدواوە ئیدی لـچ ئەو کتێـبەی نەکردبـوویەوە. ئەو ڕاسـتییە کە توانیبووی ئەو ڕستەیەی نێو ئەو پەرتووکە بێتەوە بیری لە کـاتی شـێو خواردنەکەدا هەموو تەمەنی جێگای شانازی بوو بۆی.

چوو بۆ نووسینگەکەی، لە دۆڵابی کتێبەکاندا بە دووی کتێبەکەدا دەگەڕا. پازدە خولەک دواتر، کتێبی شالیاری بینـیەوە کە بەرگێکـی قاقەزی نەرم و لاپەڕەی زەردی هەبوو. کتێبەکەی کـردەوە و دەسـتی بە خوێندن کرد.

"شـــالیاری ژیـــر و ئاقـــڵ کـــاتێکە زەرەر و زیـــان بێـــتە بەرەو یـــان هۆکارگەلێ کەوا بە گوێرەیان قسەیکی کردووە و لەنێو چووە، نابێـت لە سـەر قسـەکەی خـۆی بوەسـتێت. ئەگەر خەڵـکەکە گشـتی دڵ و

دەروونێکی پاک و خاوێنیان هەبێت ئەوە قسەکە جۆرێکتره بەڵام چونکە خەڵکی خراپیش هەن و بە سۆز و بەڵێنی خۆیان ئەمەگدار نین تۆیش نابێت لە سەر بەڵێنی خۆت بمێنیتەوە".

"شالیار، بە تایبەت ئەو شالیارەی کە تازە لە سەر تەخت دانیشتووە، دەبێت بزانێت کە ناتوانێت گوێڕایەڵی شتانێ بێت کە پێناسەی خەڵکانی چاکەکار و باشە. پاشا بۆ ڕاگرتن و ڕێکخستنی وڵات بە زۆری دەبێت دلۆڤانی، مرۆڤایەتی، سۆز و بەڵێن و دروستکاری بنێتە ژێر پێ. دەبێت بەهەر لایەکدا بای دێت شەن بکات تەنها بۆ ئەوەی خێری گشتی تێدا بێت؛ گەر دەتوانێت و بۆی دەکرێت خۆی لە خێر نەدزێتەوە و لای نەرم و نیانیش بەر نەدات بەڵام توندوتیژیش بۆ کاتی خۆی پێویستە و دەبێت پەیڕەوی بکات".

بێرنارد لە کاتێکدا ئەم وتوویرەی لە مێشک و زەینی خۆیدا دەهێنا و دەیبرد، هەستی بە ژانە سەرێ توند دەکرد. هەستا چووە نوێنەکەی و خەوی لێکەوت.



ڕۆژنامەفرۆشە سوێلیەکە بە دوودڵیەوە لێی پرسی: "دڵنیایت قوربان؟"

بێرنارد، هەموو ڕۆژێ، بەیانی زوو لە خەوێ ڕادەبوو و بۆ کڕینی ڕۆژنامەی لۆفیگارۆ[۱] دەچووە دەرێ. هەڵبەت دەیتوانی پارەی ساڵێک بدات و بۆی بنێرن بەڵام ئەم پیاسە کوڵ و کورتەی دەمبەیانی بە دڵیەوە دەنیشت و هەر کە دەیکڕی، دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، هەتا پێش ڕۆیشتنی بۆ ئیدارە لەگەڵ بنەماڵەکەی ناشتا بکاتەوە و بەردڵێک بخات. ئەو سێ ڕۆژنامەفرۆشی دەناسی و لەگەڵ هەر سێیان پێوەندییێکی باشی هەبوو. هەموو ڕۆژێ چارەکێ بە حەوت لەکن ڕۆژنامەفرۆشەکە بوو. هەموو کات لە پێشدا لوفیگارۆی دەکڕی و پاشان هەر دوو گۆڤاری مادام[۲] و ماگزینیش کە هی کۆتایی حەوتەکان بوون دەیکڕی.

بێرنارد بە شێنەیی گوتی: "بەڵێ دڵنیام!"

---

۱. *Le Figaro*: ڕۆژنامەی بەیانیان، کە ساڵی ۱۸٦۲ دەستی بەکار کرد و کۆنترین ڕۆژنامەی نەتەوەیی فەرانسایە و هەنووکەش ناوبانگی نێونەتەوەیی هەیە.
۲. *Madame*: پەیوەستی ڕۆژنامەی لۆفیگارۆ کە ناوەرۆکی سەرەکی لەمەڕ ژنان بوو.

مارسێل شوەسۆن بۆ یەکەم جار لەو سێزدە ساڵەدا کە بێرنارد سەردانی هۆلکی[١] شەقامی پاسی دەکرد، بەرگێک ڕۆژنامەی "لیبراسیۆنی" بەو مشتریە هەمیشەیەکەی بەیانیانی فرۆشت. شتێکی وەها قەت ڕووی‌نەدابوو.

مشتەرییەکانی ئەو دوو دەستە بوون: تاقمێک لەوانە جارێک دەهاتن ڕۆژنامەیان دەکڕی و دەڕۆیشتن ئیدی تماشای پشت سەری خۆیان نەدەکرد؛ ئەو دەستەکەی دیکە ئەوانە بوون کە بەردەوام هەموو ڕۆژێ لەوێ ئامادە دەبوون و وەک هاودڵێ پێوەندییان لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیەدا ڕێخستبوو. هەڵبەت ئەو کەسێک بوو کە هیچ کات کاری بە مشتەرییەوە نەبوو و بۆچوونیشی لە سەر کەسیان نەبوو.

هەروەها شوەسۆن هەموو پێنج‌شەمانێک دوو مشتەری هەبوو بۆ حەوتەنامەی"نەشنال هێبدۆ"[٢] و "*Le canard Enchainé*" بە سەرنووسەری ژان ـ ماری‌لۆپێن. پیاوێک کە سی ساڵان ئەیدایە چاو و سەری دەتاشی، و پیاوێکی پیری گاڵۆک بەدەستیش کە زستانان کۆتێکی ماهووتی لەبەر دەکرد و دەسکێشی لە دەست هەڵدەکێشا.

سەبارەت بە گۆڤارە خاپینۆک و خراپەکانیش هەروەها بوو. خوێنەرەکان بە پارێزەوە بەڵام وەبێ شەرم کردن گۆڤارەکەی خۆیان هەڵدەبژارد و ئەویش بێ ئەوەی بەڕوویاندا بهێنێت ئەیدایە

---

١. هۆلک: دەکە، کیووسک

2. National Hebdo

دەستیانەوە؛ وەک بێژی بەرگێکی " لیۆپۆینت" یان " ڤالۆس ئاکچۆلایان" پێ بدات.

بیهێننە پێش چاوی خۆتان کە پیرەپیاوێکی خاوەن کەسایەتی داوای لۆفیگارۆ بکات؟ یان هەر ئەو جوانە سەر ڕووتە " لوکراپی" بوێت، یان هۆگرانی گۆڤارە سێکسییەکان لەپڕا بێن و "فرانس دیمانێش" یان "پۆینت دێڤۆئۆیان" بوێت؟ مشتەرییە هەمیشەییەکی فیگارۆ پەشێو دیار بوو و مارسێل شوەسۆنیش ئەو ڕۆژە ئیتر بەدەماخ نەبوو.

کاتێ نەوییەوە بۆ گۆڤاری "ڤی ئێس دی" ، تێگەیشت کە گۆڕانی مشتەرییەکەی هەر ئەم پەشێوییە نییە. ئەو وەک ڕۆژانی پێشوو نەڕۆیشت بۆ ئەو شەقامەی کە هەموو ڕۆژێ دەچوو، ئەمجارە کڵاوەکەی لەسەر کرد و لە بانیژەی کافەیەک دانیشت هەتا وارەوارە قاوەکەی بخواتەوە و لە بەریەوە ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن" بخوێنێتەوە.

گەرچی مارسێل شوەسۆن نەیدەتوانی ئیتر ئەو دیمەنەی ببینێت _ لە ڕاستیدا ئەو خەریک بوو وتارێکی لە سەر ژاک ژیراک دەخوێندەوە. وتارێکی بەپیت و پێز کە هەڵەکانی سەرۆک وەزیرانی لە کاتی گەیشتنیەوە بۆ ئۆتێل ماتینیۆن[1] لێک ئەدایەوە.

پاش چارەکە سەعاتێ، بێرنارد گەیشتەوە ماڵەکەی خۆی. درکەوانەکە بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکی بێرناردی کرد. بە هەڵەدا نەچووبوو هەر خودی بەڕێز لاوالییر بوو کە ڕۆژنامەیکی بەیانیانی

---

١. شوێنی وچان و وەحەسانی فەرمی سەرۆک وەزیرانی فەرانسا لە گەڕەکی ٧ پاریس.

گرتبـــووه بەرچـــاوی خۆیـــدا و ئەمەش لە لۆگـــۆی ســـووری گەوهەرنیشانیەوە زیاتر دیار بوو.

لەم باڵاخـانەدا تەنهـا یەک کەس "لیبراسـیۆنی" دەخوێنـدەوە کە ئەویـش ئەو دراوسـێیە تـازەیە بـوو "موسـیۆ دیـژان"، کە هەمـان رۆژنامەی دەخوێنـدەوە. "دیـژان" دە مانـگ پـێش هـاتبوویە نهـۆمی دووهەمی ئەم باڵەخانەوە. لە تەنیشت ئـایفۆنی بەر درکەکەدا نێـوی کەسێک لەکن نێوی دانیشـتوانی ئەم باڵەخـانەوە نـووسرا بـوو کە بە پـێچەوانەی ئەمـان کە هەموویـان ئەعیـان و خواپێـداو بـوون ئەو لە کاری هاوردە و هەناردەدا بوو.

چی هەناردە و هاوردە دەکرد؟ کەس نەیدەزانی چی دەکات بەڵام هەرچی بوو ئەوەنـدە دەبـوو کە بتوانێـت چەنەوەری ژیـانی ببێـت و ترۆمبێلی رۆڵز ـ رۆیسی هەبێـت، بە وتەی درکەوانەکە کەوا ئەویـش لە بەرێـــز دیژانـــی بیســـتبوو؛ گـــوایە لە رەفـــیقەکەی خـــۆی ژاک سیگالەی[1] کڕیوە.

دراوسـێکان ئەم تـرۆمبێلە دەسـکردەی بەریتانیایـان بە ئەوپەڕی پێشکەوتووییشـــەوە هەر بە خـــراپ و تـــڕۆ دەزانـــی. ئەوان بەردەوام بنەماڵەی باریتیەیان کە لە ماڵبـاتە کۆنەکـانی ئاکسـیۆن فرانسـس[2] بوو نفرین دەکـرد و جنێویـان بـۆ دەنـارد کە خـانووەکەی بە ئاوەهـا پیـاوێ فرۆشـتووە و خـۆی بـۆ گەرەکـی حەوتەم رۆیشـتووە. گەرچـی کاتێ پێی دەگەیشتن سڵاویان لێ‌دەکرد و چاک و چۆنییان دەکـرد

---

١. دامەزرێنەری بنکەی ڕێکلام و پروپاگەندە کردن لە فەرانسا.
٢. فرانسس ئاکسیۆن، جمشتێ بوو بە ڕیبەری زانای فەرەنسی شارل موراس، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە بەراییەکانی ١٨٩٥ کەوتەڕێ.

بەڵام قەت داوەتیـــان نەدەکــردە مــاڵی خۆیــان و لووتیــان پێــدا نەدەهێنا.

کــاکە "دیــژان" هەمــان ڕۆژی یەکەم، بە گەرموگــوڕی گشــت دراوسێکانی بانگهێشتی ماڵی خۆی کرد هەتا پێکەوە عەسرە نانێـک بخۆن و شتێ بخۆنەوە، بەڵام هەموویان بە بڕوبیـانوو هێنـانەوە کە لە شوێنێکی دیکە داوەتن و ناتوانن نەڕۆن؛ خوڵکە گەرمەکەی ئەمیـان ڕەت کردەوە، هەڵبەت "دیژان" ڕقی لێیان هەڵنەگرت.

ئەوان گەرچی هێشـتا ئەمیـان بە بیـانی و غەریـبە دەزانـی، بەڵام لووتەلا نەبوون لەوەی کە ئەم پیاوە خاڵی بەهێزی هەیە و کەسـێکی ڕەسەن دیـارە. ئەو لە حسـاب کردنـی پـارەی شـارژی باڵەخـانەکەدا وێـنەی نەبـوو. گەرچــی بەڕێـوەبەرەکە هەتـا ئەو کـاتە کێشـەی لە خاپاندن و هەڵخەڵەتانی خاوەنماڵەکاندا نەبوو بەڵام ئێسـتا لەگەڵ پیـاوێکی شـاری ملەمـلەی دەکـرد کە لە هەمـوو شـتێکدا خـۆی بە خاوەن بڕیار دەزانی.

دیـژان بە بـێ شـەرم کـردن و بەوپەڕی دەمسـوورییەوە بەڵـگەی حسابەکانی دەگرتە ئەو دەستەیەوە کە کـاژێرکی زێڕینـی ڕۆلێکسـی تێـدا بـوو؛ ڕایدەوەشــاند و بە کاســبکار و نــۆژەنکەر و بــۆیەچی و تەکنەسیەنەکانی کارەبا و ئاسانسۆری دەگوت:" شەرم بکەن"، "دز و دەسبـڕانە"، "پارەپەرەسـتانە". پێیـانی دەگـوت سـیاهەی تێچـووی کارەکانتان بهێنن و هەڕەشەی دەکـرد ئەگەر لانـیکەم بیسـتوپێـنج فرانک داشکاندن نەکەن گرێبەستە کۆنەکە هەڵدەوەشـێنێتەوە. ئەم پیاوە بە ڕواڵەتیش کەسێک بە سام و هەیبەت بوو و مادام پرۆسـەن،

ئەرکداری کۆمپانیای خانووبەرەی فۆنسیایش لێی دەترسا و لە چاوی ئەودا دیژان هەر لە "پۆل لۆ سۆلیتێرز" بازرگان و نووسەری فەرانسی دەچوو.

کرێکار و کاسبکارەکانیش کە نەیاندەویست گرێبەستەکانیان هەڵوەشێتەوە، بە کلکەسووتێ کردن بە دەوریدا هەموو ویستێکیان قبووڵ دەکرد. بەم شێوەیە دیژان توانی لە ساڵی یەکەمدا، سیوهەشت هەزار فرانک بە قازانجی دانیشتوانی ئەم باڵەخانە پاشەکەوت بکات. هەڵبەت لە چاوپێکەوتن و دیتنەکاندا باسی نەدەکرا و ئەو خەڵکەش دەسخۆشبوونیان لێ نەدەکرد. تەنها لە میوانییەکاندا چەند کەس کە لە تەنیشت یەک کۆ دەبوونەوە بە سرتە و چپە دەیانگوت: "دەبێت بهێڵین دیژان وریای ئەم شتانە بێت..."

بێرنارد لەبەر ئاسانسۆرکە چاوەڕێ بوو، ئاسانسۆری دەسکردی کۆمپانیای ڕۆکس کۆمبلوزێر لە ساڵی ۱۹۱۱ کە ئەم دواییانە بە سی فرانک کەمتر لە پێشوو نۆژەن کرابوویەوە. لەو کاتەدا دیژانی لێوە هاتەدەرێ. بێرنارد بە دڵئاوەڵاییەوە پێشوازی لێکرد: "بەیانیت باش دراوسێی خۆشەویست".

دیژان کە ئاوەها پێشوازی و چاک و چۆنیێ گەرموگوڕی نەدیبوو لە هاوسێکانی، بەلاجەوی لێهات؛ وڵامی دایەوە: "بەیانیت باش!"

"دەمویست بە ناوی دانیشتوانی ئەم باڵەخانەوە سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی ئەم ئاسانسۆرە سپاستان بکەم و بڵێم ماندوو نەبی".

ئەویش قسەی لە دەمی بڕی و گـوتی: "وەهـا مەفەرمـوون، ئەمـن کە ڕۆڵێکم لەم کارەدا نەبووە".

بێرنـارد بە دڵنیـاییەوە وتـی: "بـۆچی نە، هەتـان‌بـووە". بە قـامکی ئامــاژەی بــۆ کــرد و درێــژەی پێــدا: "بە بــۆنەی ئێــوە و بــوو کە تێچووەکانمان کەمتر بووەتەوە و جاری یەکەمیش نییە کە وەهـایە، ئێوە خێرێکن بۆ بەڕێوەبردنی ئەم باڵەخانە کۆنەی ئێمە؟"

دیژان کە تێدەکۆشا چەند وشە بۆ پێزانین و سپاس لە بێرنـارد بە زمانـدا بێنێـت، کتـوپڕ چـاوی بە ڕۆژنـامەی "لیبراسـیۆن" کەوت بە دەست بێرناردەوە، خۆیشی بەرگێک لەو ڕۆژنامەیە پێ‌بوو. "ئێـوەش لیبراسیۆن دەخوێننەوە بەڕێز لاوالیێر؟"

"بەڵێ. زۆریش چێـژی لـێ وەردەگـرم. مـرۆڤ دەبێـت ڕوانینێکـی قووڵی هەبێت. دەبێـت لۆفیگـارۆ، لۆمۆنـد و لیبراسـیۆن بخـوێنێتەوە هەتا تێ‌بگات کە چ شتانێک لە دنیادا ڕوو ئەدەن".

دیژان ڕێگەی کردەوە بۆ ئەوەی بێرنارد سواری ئاسانسۆرەکە بێـت و ئەویش گوتی:"هاوڕاتم".

"ڕاسـتی چەنـد مـانگێ لەمەو پـێش بـۆ عەسرەنـانێ ئـێمەت بانگهێشت کردبوو، سپاست دەکەم، من ئەو کات زۆر سەرقاڵ بووم و گیرۆدەی کارێ بووم".

دیــژان بە دڵــمەن بــوونێکەوە وتــی:" بەداخەوە، هەمــوو کەس وەهایە".

"بە هەرحاڵ، شانازییە بۆم لە خزمەتتان ببم. ئەم ڕۆژانە کارێکی وەهام نییە. تەنها کەی دەتوانن".

دیژان کە خڵەفا بوو بە قسەکانەوە، گوتی: "هەینی باشە؟"

"هەینی زۆر باشە".

کاتێکە بێرنارد گەیشتەوە ماڵ، کۆت و کڵاوەکەی کردە مێخا. لە بەر کاژێرە وێنەییەکەوە تێپەڕی و بە مرێکەوە سەیری کرد، ڕۆژنامەکەی لەسەر مێزی نانخواردنەکە لە تەنیشت کرواسانەکەوە (جۆرێک نان) دانا. چای دارچینەکە پەڕییە گەرووی شارلۆت. دوو کوڕەکەی بێرنارد بە سەرسووڕمانەوە سەیریان دەکرد.

شارلۆت بە پەشۆکاوی پرسی: "چیت لە لۆفیگارۆ کرد؟"

"نەمکڕی. باشتر وەهایە مرۆڤ جاروبار گۆڕانێک لە خۆیدا بخوڵقێنێت".

هەر چلۆن ماڵباتەکەی بەلاجەویانە سەیریان دەکرد، دانیشت و قاوەیەکی بۆ خۆی ڕشت و ئەو ڕۆژنامەیە کە پێشتر بە "قاقەزە شڕەی چەپییەکان" و دەسەسڕی سێرژ جوولی[1] دەزانی کردیەوە، ڕاستیێ کە چارلز ـ هێنری، کوڕە گەورەکەی خێرا ئەم قسەیە بە بیر هێنایەوە و ئاماژەی پێکرد.

ڕۆژنامەکەی لە بەر چاوی هێنایە خوار و لە کوڕەکەی پرسی: "هەتا ئێستا خوێندووتەوە؟" کوڕەکەی کە متەقی نەکرد ئەم دەمی

---

١. ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەی لیبراسیۆن.

هێنــایە گــۆ، مــرۆڤ دەبێــت شــتانێک بزانێــت لەو شــتانەی کە دوژمنایەتییان دەکات یانی زانیاری لە سـەر هەر شـتێ هەبێـت هەر باشە. پاشـان وتـی: "هەینـی دەڕۆیـن بـۆ دیتنـی خـاوخێزانی بەڕێـز دیژان و عەسرەنانێکیش لەوێ دەخۆین".



بێرنارد هەر لە دانیشتنەکەی شەقامی ئۆپێرا هاتەدەرێ بڕیاریدا نەگەڕێتەوە بۆ نووسینگەی ئاکسا. دەیتوانی ئەو کارانەی کە مابوو داینێیت بۆ سبەینێ. کاژێر چارەکێ بە پێنج دوای ئەوەی کە چەند ساتێ لە ژێر دالانی بیناکە چاوەڕێ بوو هەتا زریانەکە بنیشێتەوە، بیری کردەوە کە ڕنگە تۆزێ پیاسە کردن، حاڵی چاک بکاتەوە و هێدی بێتەوە.

گەیشتە کۆشکی پالایس ڕۆیاڵ[1]. کتوپڕ چاوی کردەوە وا لە نێوان کۆڵەکەکانی دوپلاتۆدا، ئەو شوێنەی کە بە کۆڵەکەکانی بۆرێن[2] بەناوبانگە. نۆژەنکردنەوەی حەوشەی وەزارەتی فەرهەنگ، جەنجاڵێکی میدیایی خستبووە ڕێگە. لۆفیگارۆ، بەیداخداری ئەم خوڵووە بوو کە نابوویانەوە. هۆکاریشی ئەوە بوو کە نۆژەنکردنی ئەویا ڕووخاندنی ئاسەوارە مێژووییەکان ئەژمێردرا. بینای کۆڵەکەکان، بوو بە دەمەقاڵەیکی پاڕلەمانی و یاسایی؛ کەمپەینی چەند سەد کەسی بێ‌ئەژمار کەوتە ڕێگە و بۆ شەرمەزار کردنی ئەم کارە دەستیان دایە واژۆ کۆکردنەوە.

---

١. کۆشکێکی مێژوویی لە گەڕەکی یەکەمی پاریس. ئەم کۆشکە بەرانبەری باڵی باکووری مۆزەخانەی لووڤرە و لە ساڵی ١٩٨٦ بە کۆڵەکەکانی دەنییێل بۆرێنەوە ڕازاوەتەوە. بەردی بناغەی ئەم کۆشکە ساڵی ١٦٢٢ بە فەرمانی کاردیناڵ ڕیشلیۆ دانرا.

٢. ئەم ناوە لە نێوی دانییێل بۆرێن نەخشەکێش و نژیارڤانی مەزنی فەرانسەیی وەرگیرابوو.

فرانسوا لیئۆتارد[١] کە بە ڕواڵەت لە سەرکردەیکی سەربازی ماندوو دەچوو، سەرکەوت بە سەر جەک لانگی[٢] قژ و بژ بۆردا. یەکەم کارێکە کردی ڕاگرتنی ئەو کارانە بوو بەڵام زۆری نەخایاند لە بڕیاری خۆی پاشگەز بوویەوە، چونکە لەوە تێگەیشتبوو کە تەواو کردنی کارێکی نیمەکارە لە ڕاگرتنی ئاسانترە و کەمتریشی تێدەچێت.

بێرنارد لە ڕووبەڕووی کۆڵەکەکانی بۆرێنەوە ڕاوەستا. قەت لە نێزیکەوە نەیانیدیتبوو. سێبەری کۆڵەکە ڕەش و سپییەکان لە ئاوی حەوزەکەدا و جوانی بەرز و نزمییان، دیمەنێکی زۆر دلڕفێنی ئافراندبوو؛ بەس بۆچی وەها ئاسەوارێکی هونەری ئەوەندە باس و دەمقڕەی لێکەوتەوە؟

کەوتەوە بیری کە حەوشەی ئەویا پێش نۆژەنکردنەوە چلۆن بووە: پارکینگێ کە بێجگە لەو ترۆمبێلانەی کە تێدا ڕاگیرابوون شتێکی دیکەی لێ نەبوو. یانی بۆ پارکینگێ ئەوەندە حەراوحوولیان دانابوو؟

چەند منداڵ لە تەنیشت یەکێ لە نزمترین کۆڵەکەکان کۆ ببوونەوە و لێی دەچوونە سەرێ و دەهاتنە خوار. لە دوای ئەوانەوە چەند گەشتیارێ لە لای مەعجەرە ئاسنینەکان ڕاوەستابوون و سکەیەکیان هەڵدایە سەرکۆڵی یەکێک لە تەژەکان کەوا پاچکەکەی پێنج مەتر خوارتر لە نێو باریکەیێ قیر و چەو چەقیبوو و لە تەنیشتیەوە فوارە ئاوێک کفەی دەکرد و ئاوی دەپرژاندە ئاسماندا.

---

١. فرانسوا لیئۆتارد؛ سیاسەتوانی فەرەنسی. وەزیری فەرهەنگ و ڕاگەیاندن لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٦ هەتا ١٩٨٨ و وەزیری بەرگری لە ١٩٩٣ هەتا ١٩٩٥.

٢. جەک لانگ؛ سیاسەتوانێکی فەرەنسی بوو کە چەندین جار لە کابینەی دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی فەرانسادا وەزیری پەروەردە و پێگەیاندن بووە.

ژنێکـی ژاپـۆنی سـەرکەوت سـکەیەک هەڵبـاتە سـەرکۆڵی تەژەکە و دەستی ڕاوەشاند بۆ بێرنارد و پێکەنی بە دەمیەوە .

بێرنـارد هەر کە لە دووەریەکـانی لـووڤرەوە تێـپەڕی لە ناکـاو لە جێگەکەی خۆیدا ڕاوەسـتا. لەوێـدا قـووچەکێ سـەری لە زەمیـنەکە هەڵێنـابوو. ئەگەرچـی هێشـتا زۆری مـابوو تەخـتە شووشـەییەکانی کۆمپانیـای " سـەن گـۆبەن[١]" تێـدا بنێـنە کـار، بەڵام هەیکەلـی هەرەمەکە دروست کرابوو. کە بۆت دەڕوانی، بیناکە و داربەسـەکانی دەوری، وەک مەزاری سـەقارەی[٢] لێکردبـوو. بێرنـارد کـڵاوەکەی لە سـەر لابـرد هەتـا باشـتر ئەویـا ببینێـت. دیمەنێـک لە پێشـکەوتن و نوێکاری لە پـێش چاوانیـدا تەواو بەژن خـۆی دەنوانـد. ئەو دەیزانـی هەمـوو ئەمـانە بە هـۆی بـوونی پیـاوێکە کەوا بەرگـری لە نێـوەکەی کردبوو. باڵەخانەی گەورە و بەشـکۆی مۆزەخـانەی لـووڤر ئاسـەواری وەهـای تێـدا بـوو بـۆ سـەردەمی نێئۆلسـیک دەگەڕایەوە. لە هەمـان سەرەتای هەڵکۆڵینەکانەوە ئاسەوارناسەکان بەخت یاریان بـوو هەتـا پاریسی ون بوو لە ژێر خۆڵ و خاک دەربهێنن.

هەموو ئەم کارانە لە سای سەری کێوە بوو؟ بێ گومان، میـتران و نەخشەی بەرزەفڕانەی " گراند تـراوا[٣]" کەی کەوا ئـۆپێرای پاسـتیل، سێ کـۆچەی لـووڤر و عەمـارەت دیفنێسـی لەخـۆ دەگـرت و بێرنـارد ئێستا دەیبینی کە دروست کردنـی ئەوانە گشـتیان خەریـکە دوایـی دێت.

---

١. گەورەترین کۆمپانیای کەرستە و کەلوپەلی بیناسازی و نژیارڤانی لە فەرانسا.
٢. سەقارە: شوێنێکی بەربڵاو بوو بۆ ناشتنی مردووەکانی مێمفیس، لە میسری کۆندا.
٣. لە زمانی فەرانسەییدا بە مانای کاری گەورە و گران دێت.

فرانسوا میتران چاک دەیزانی چۆن خۆی لە بەرچاو خەڵکیدا شیرین بکات، ناو و ناوبانگ بۆ خۆی دەربکات و لە پەرتووکە مێژووییەکان و چوارچێوەی نێونەتەوەییدا نێوی خۆی تۆمار بکات. هەرەمە شووشەییەکەی بەرانبەر لووڤر، کۆڵەکەکانی تەنیشت پالایس ڕۆیاڵ و ئەو دەروازە پێشکەوتووە هێمای بیر و هزری تاپۆشکێن و دوور لە پارێزکاری ئەو پیاوە مەزنە بوو.

حەوشەکەی، گەنجینەیەکی گەورەی شوورەکێش بوو. ئاسەوارگەلێ کە کۆ کرابوونەوە هەتا دیوارێکی گەورە و سەرسووڕهێنەر بەدی بێنن. بێرنارد بە سەرنجەوە سەیری یەکێک لە دیوارەکانی دەکرد. نەخشەکەی زۆرتر لە وێنەیەک دەچوو هەتا شوورەکێش[1]. کەریەدەمێ بە ڕەنگی ئاڵ کە وێنەکێشەکە کەریەدەمی بچکۆلەتری بە ڕەنگی شین لە نێو زکیدا کێشا بوو. کەریەدەمە گەورەکە زمانێکی لوول و پێچخواردی ئەلەکتریکی زۆر سەرسووڕهێنەری هەبوو. لەو لاکەیترەوە پیاوێکی وارۆک سەر دەوانچەیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو و لە سەریشیەوە پشیلەیەکی زەرد بە دوو چاوی زیتەوە قنگەڵفسی دابوو.

ئەم ئاسەوارە شکۆدارانە، نائاسایی بەڵام بەرز و بەرجەستە ئافرێنرا بوون. بێرنارد لە حاڵێکدا بە دەور مەیدانی ناپلیۆندا دەسووڕایەوە و سەیری شوورەکێشەکانی دەکرد بیری کردەوە:" چ ئافراندنێ! چ خەیاڵێکی بەهێز و بەرفراوان!". تەنانەت ئەگەر کاژێرێکی دیکەش لەوێ بمایتەوە نەدەگونجا بۆی کە گشت ئەو بینا پڕ لە نەخش و

---

١. شوورەکێش: نەخش و نیگاری کێشراو لە سەر دیوار. ف: دیوارنگارە.

نیگارانە چاو لێ بکات. چەند هەنگاوێ بە دوا گەڕایەوە سەرلەنۆ سەیرێکی هەیکەلی ئەو سێ گۆشە گەورەیە کرد.

"هەڵەیە، مەگەر نە؟"

بێرنارد هەڵگەڕایەوە پیاوێکی ڕیش درێژی بینی لە تەنیشتیەوە ڕاوەستا بوو، کوتێ بەنینەی لەبەر بوو بە کوڵکی حوشتر دروست کرابوو. پیاوەکە بە تیتاڵییەوە گوتی: " هەر ئەم سێ کۆچەی بەردەم لووڤرمان کەم بوو". بێرنارد کە تێدەکۆشا دان بە خۆیا بگرێت، گوتی:" بۆچی نە. هەر ڕێک لێرە پێویستمان بە هەرەمێک بوو. کۆڵەکەکانی بورێنیشمان پێویست بوو، پێویستیمان بە گشتی هەبوو. ئەتۆ و کەسانی دیکە لەم شتانە تێناگەن یانی نازانن بۆچی ئەبێت و خەڵک لەبەرتان هەڵدێت!.

پیاوەکە بە بۆڵەبۆڵ وتی: "ئەها، دەزانم تۆش کەسێکی لەوانە؛ بە کڵاوە ڕەش و مل‌پێچەکەتا دیارە، ڕەنگە خێرت لەمەدا بێت کەس چووزانێت. دەبوایە هەر لە سەرەتاوە تێ‌بگەیشتایەم. باشە، خۆشی لە باڵاتان!" ئەمەی گوت، تێگورێزا و مل‌ڕێگەی گرت و چوو.

بێرنارد هەتا لە چاوان ون بوو هەر تماشای کرد. سەرەتا ئەو پرسیارە زۆڵانەیە: "تۆش بوویتە بە چەپی بێرنارد؟" ئەمجارە گومانێک نەمابوو کە خەڵکی دەوروپشتی ئیتر ئەویان لە خۆیان نەدەزانی و لووتیان پیایدا نەدەهێنا.

هەندێ جار، ژیان بەرەو لایەک ڕاتدەکێشێت کە خۆت ئاگات لە هیچ نییە کەوا بە کام ڕێگەدا تێپەڕبوویتە. هەموو کات شتەکان بە دڵی مرۆڤ نابێت و هیچ ئاماژەیکیش نییە کە بڵێت ڕێگەیەکت

پێواوە و گەڕانەوەت بۆ نییە. سێ گۆشی بەرمووودای ئەم ژیانە هەم ڕاستییە، هەم پڕە لە ڕازی شاراوە و نهێنی.

یەک شت مسۆگەرە: کاتێ ئاوەها پەشێوی و پەژارە دایگرتی و کەوتیتە نێو شەپۆلەکانی، قەت ناتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ئەو شوێنە کە سەرەتا دەستت پێکردووە. بە ڕای ئەو خەڵکە، ئەم ئێستا کەسێک بە ئاقیدە چەپ بوو. سارتر[1]، گەورە پیاوی چەپ ڕاستی گوتبوو: "ئەو خەڵکانە چاویان دەرەهات، بڕۆن بە جەهەنەم، چی دەڵێن با بڵێن. ئەو ڕاستی دەگوت: ڤینوا و ژان ـ پاتریک ترایلێ و کلۆنێلەکان هەرچی دەڵێن بە جارِ و جەحانم و سەریان دای لە بەرد، سەرسەریانە.

ئەو گەنە پیاوانە کە وەک زەری چۆن دەنووسن بە لاشەدا؛ هێندە بیرکورت و گێل بوون چەشنی گوێ‌ماسییە ڕەشە کە دەنووسێت بە کەوڵەکەیدا، ئەمانیش لەو بیرە چەق و چەوتانەیان نەدەبوونەوە. بڕوایەک کە سەردەمانێ بێرناردیش باوەڕی پێ هەبوو، بەڵام ئێستا دەڕووخا و گۆڕانکاری بای گوێچکەی ئەدا. ماکیاولی چی گوتبوو؟ "شا و شالیار دەبێت مۆراڵێکی هەبێت کە بتوانێت بە ڕۆژ بگۆڕدرێت و بە هەر لایەکدا بای دێت بەخێری خۆی شەن بکات".

هەروەها کە بە پەلە لە ژێردالانەکانی لووڤرەوە تێدەپەڕی، هەستی کرد ئاڵ‌وگۆڕێکی تێدا بەدی هاتووە، شتێک سەرتر لە گۆڕانێکی بچووک؛ بەڵکوو ژێروبان کردنێک بوو لە دەروونیدا. دەستی گرت بە کڵاوەکەیەوە هەتا دانەکەوێت. پێدەچوو هەرچی

---

١. *Sartre*: فەیلەسووف، ڕۆمان‌نووس، شانۆنووس و ڕەخنەگری فەرانسەیی ١٩٨٠-١٩٠٥.

زۆرتر دەست بەو کڵاوەیەو بگرێت مێشکی زۆرتر دەکرێتەوە و باشتر دەحەسێتەوە، وەک بێژی خەریکە سەفەر بۆ ڕابردوو دەکات، بۆ کاتێ کە هێشتا ئاوەها ژیان بۆی ئەوەندە بەربڵاو نەبوویەوە و مسۆگەر بوونی هەر شتێکیش زۆر دوور و دژوار نەبوو بۆی.

کاتێ بۆ ڕودۆپاسی گەڕایەوە، شارلۆت هەواڵی پێدا، کە بەڕیز "دیژان" پێوەندی کرد و میوانییەکەی هەڵوەشاندەوە. بێرنارد بە بێهیواییەکەوە پرسی: کاتێکی دیکەی بۆ میوانی دانەنا؟

خێزانەکەی وڵامی دایەوە: "بریا نەی‌گوتبایە. بۆ میوانی ژاک سیگالە بانگهێشتی کردووین!"



کاک دیژان کاتی میوانییەکانی لێ تێکچوو بوو، هەڵبەت کە هەینی کاتی نەبوو. شەوی هەینی "سیگالە" بە بۆنەی گەیشتنی تابلۆی ئەندی وارهۆڵەوە[1] میوانییێکی گەورەی ڕێخستبوو. لە پارەکەوە، پاش مەرگی هۆنەرمەندەکە، ئەو تابلۆیە لە ستۆدیۆکەیدا، (فاکتۆری)[2] لە نیۆیۆرک دەپارێزرا. بەڕێوەبەری ڕێکلامەکان دەستی دابوو بۆی، کە ئەو تابلۆیە بخاتە چنگ خۆی و ئەم هۆکارەش ببووە هۆی ئەو جێژن و شاییگێڕانە. بیرکردنەوە لەوەی کە میوانییەکەی نیوەڕۆی هەینی هەڵوەشاندبوویەوە بەڕێز دیژانی ئازار ئەدا؛ هەتا ئەوەیکە شتێ هات بە مێشکیدا: دەیتوانی لە دۆستەکەی ئیزن وەربگرێت و میوانەکانی ببات بۆ جێژنەکەی ئەو. بێگومان سیگالەیش دەستی بەڕوویەوە نەدەنا.

دەربڕینی ئەم بیرۆکەیە، دۆخی ماڵاوسێکەی شڵەژان بە یەکدا. شارلۆت بە تووڕەییەوە گوتی: "ئەگەر پێت وەهایە من کاتی خۆم لە ماڵێکدا لەگەڵ کۆمەڵێ ئاقیدە چەپی تازە پێگەیشتوو بە فیڕۆ ئەدەم

---

١. ئەندی وارهۆڵ: هونەرمەند، دەرهێنەر و نووسەری پێشکەوتووی ئەمریکی، کە لە دامەزرێنەرانی هونەری پاپ بوو لە پەنجاکاندا(١٩٥٠). ئەو لە کەسایەتییە هەرە دیارەکانی هونەری پاپ بوو.
٢. فاکتۆری: ستۆدیۆی تایبەتی ئەندی وارهۆڵ بوو لە نیۆیۆرکدا.

بزانە زۆر بە هەڵەدا چوویتە. تۆ دەتوانی وە بێ من بڕۆیت و لەگەڵ هەڤاڵە نوێیەکانتدا خۆش ڕایبوێریت."

چارلێز هێنری کوڕە گەورەی ماڵەکە گوتی:"دەکرێت من لەگەڵت بێم؟" بەڵام دایکی دایخوڕی بە سەریا و گوتی: ئێوارەی هەینی نۆرەی ڕالییە. هەتا هەینی کەس باسی میوانی نەکرد. بێرنارد لە پێش چاوی تەوس و تووڕەی ژنەکەیەوە قاتێکی پرێنس والێزی لەبەر کرد. باڵتەیکی بارانی جۆری بێربێری کردە ملیا و کڵاوە ڕەشەکەی کردە سەری، پاشان بە لالووتێکەوە وتی: "من ڕۆیشتم".

شارلۆت کتێبەکەی داگرت و بێ ئەوەیکە متەق بکات ڕۆیشتنی ئەوی چاو لێکرد. بێرنارد دوو قات ڕۆیشتە خوارەوە و درکەی ماڵی "دیژانی" کوتا و گوتی: "خێزانەکەم تۆزێ نەخۆشە، ناتوانێ بێت".

ڕۆڵز ڕۆیسە سەرتاکەکەی دیژان لە شەقامەکانی پاریسەوە تێدەپەڕی. خێزانەکەی لە سەندەڵی پشتەوە دانیشتبوو، با ئەیدا بە پرچیدا و مووەکانی کەروێشکەی دەکرد. سەیری دوورەوەی دەکرد، ڕوومەتی بێ ڕەمەقی ئەو خانمە، بێرناردی دەخستەوە بیر ئەستێرەکانی سینەمای ئیتالیا لە شەستەکاندا. بەڕێز دیژان دیسکێ زیوینەیی ئاوازی گیتاری خستە سەر و دەنگی گیتار و ئامێرە ژێدارەکان نێو ترۆمبێلەکەی نابوویە بان سەرەوە. دیژان لە حاڵێکدا جگەرەیکی نابوو بە لایەکی دەمیەوە، گوتی: "گرووپی ئیماژە[1] لە ڕەفیقەکانی کچەکەمن، کچە گەورەکەم. بۆتە یەکێک لە پەنجا سترانی هەڵبژاردە".

---

1. *Images*

ڕۆڵز ڕۆیس لە کاتی تێپەڕاندنی چراسوورێکی هاتووچۆدا کەوتە تەتەڵە کردن و بێرنارد دایە ژێر پێکەنیندا. بەڵاجەوی هات لەو کارە بۆیە پێکەنی. دەمێک بوو وەها نەکەنی بوو، ڕەنگە قەت وەها نەکەنیبێت. دەنگی گرووپی ئاوازەکە ترۆمبێلەکەی خستبوویە زڵە: "من دەبەن بۆ قووڵایی شەو/ شەیتانەکانی نیوەشەو." بێرنارد خێرا نێوی گرووپی مۆسیقاکەی لەبیر چوویەوە بەڵام پێدەچوو تەواو ماڵەکانی بەرانبەری خەریکن لەگەڵیا دەیڵێنەوە، تەنانەت ئاسمانی بێ ئەستێرەی پاریسیش لەگەڵ زرمەوکوتی ئاوازەکەدا هاودەنگ ببوو. دیژان بە هەر ئاواز و چرینێکی مۆسیقاکە سەرێکی دەلەقاند. بێرنارد هەستی دەکرد تەنانەت ڕۆلز ڕۆیسیش لە سەر ڕێگە قیرەکەوە بە زرمەوکوتی مۆسیقاکە هەڵەی بۆ دێت. چرای ئەو ترۆمبێلانەش کە هاتووچۆیان دەکرد بەترووکەترووک شادی و خۆشییان بڵاو دەکردەوە.

شەوێک بوو وەک شەوانی تافی گەنجی، پڕ لە جوانی و شتی سەیر و سەمەرە، دنیایەک پڕاوپڕ لە شایی و خۆشی، سەربەستی و دۆڕاندن، گشت ئەو سنوور و قەدەغانەی سەر ژیان. شەوانێ کە تەنها لە خەونی ئێمەدا شکڵ و شێوە دەگرن. ئەو لە ڕۆڵز ڕۆیسدا دانیشتبوو و بۆ دیداری یەکێک لە پایەبەرزترین قەشەکانی پڕووپاگەندە و ڕێکلامی وڵات دەڕۆیشت و پیاوێک جەڕ و گێڕی ترۆمبێلەکەی بە دەستەوە بوو و دەیئاژۆت کە دەیتوانی نرخی هەر شتێ سیوپێنج فرانک دابەزێنێت. ئەوان براوە بوون. هەتا زۆرتر بە شوێنی میوانییەکە نێزیکتر دەبوونەوە، مۆدێلی ئەو ترۆمبێلانەی کە لە تەنیشتیانەوە تێدەپەڕین، ئەگۆڕدرا. وەک بڵێی ئەو ماڵە بەرز و

جوانە وزەی ڕاکشانی هەبێت، هەموو ترۆمبێلێکی دەکردە پۆرش کارێرا، ڕۆلز ڕۆیس سیلڤێر و لامبۆرگینی.

دوو پیاو لەبەر درکەی چوونەژوورەوەدا زۆر بە ڕێزەوە داوای کارتی بانگهێشتکردنەکەیان لێکردن. نێوەکانیان لە پێڕستەکەدا ڕەش کردەوە و درکەیان بۆ ئاوەڵا کردن. لە درگانەی مەڕمەڕیدا کۆتەکانیان دایە دەست کۆمەڵێ کچی قول هەڵکراو و باڵابەرزەوە و خۆیان ڕۆیشتن بەرەو ئەو شوێنەی کە دەنگی مۆسیقای لێوە دەهات. مۆسیقای ڕاکیان زۆرتر دەژەند هەتا پاپ. لە خشتەی کۆردا سترانێکی ئەڵمانی دەبێژرا. هەتا ئەو ڕادەیە کە بێرنارد تێگەیشت کە سترانی "ڕۆک می ئامادێئۆس" بوو.

لانیکەم سێسەد کەس دەبوون کە لە هۆڵێکی زۆر گەورەدا کۆ ببوونەوە و بە دەنگی بەرز وتووێژیان دەکرد. هەرکەسە و پەرداخێ خواردنەوەی بە دەستەوە بوو. دوو کەسی ساکسیفۆنیست بە چاویلکەی ڕەش و قاتی ئاورێشمی سپییەوە، لەسەر چوارپاڵۆی زەرد و زێڕینەوە بە سەر پێوە خەریکی ژەندن بوون. تۆپێ شیشەیی گەورە وەک بێژی بە ڕادەی گەڕستێرکێ بێت لە سەر سەریانەوە دەسووڕایەوە. پێشخزمەتەکان جلی یەکدەستی سووری ئاگرکوژێنەوەیان لەبەر کردبوو و بە کەشەفەیکی پڕ لە لفە و دوورمەوە لە نێو میوانەکاندا هەڵەسووڕان.

هەر کە گەیشتنە نێو جەماوەرەکە، دیژان گوتی: "وەرە هەتا پێتی بناسێنم".

کچانێ کە پرچیان تان‌وپۆ شین و بۆر کردبوو و لە پشتەوە گرێیان دابوو و بە زۆریش هەر گوێچکەیکیان گوارەی تێدا بوو، وەک کەفز و کەزی لە نێو دەریا چۆن هەردەم لە شوێنێکە ئەمانیش لە نێو میوانەکاندا ئەملا و ئەولایان دەکرد. زۆرێک لە پیاوەکانیش قژی خۆیان لە پشتەوە بەستبوو و قوتیان کردبوویەوە و هەندێکیش هێمای ڕەگەزپەرستی دەستی زەردیان بە نووسراوەی بەناوبانگی "دەست بە هەڤاڵی منەوە نەدەی[1]" لکاندبوو بە کۆت و کراسەکەیاندا.

لە ناکاو ژاک سیگالە لە بەردەمیاندا ئاسەڵا بوو. بەڕێز سێزاری[2] پەیکەرتاشی لەگەڵ بوو کە پێدەچوو لە ڕاستیدا بە بەراورد لەگەڵ وێنەکانیدا جەستەیەکی بچووکتری هەبێت. ڕیشی ئەوەندە پڕ بوو کە دەکرا کرەی تێخەیت.

سیگالە کۆتێکی بنەوش و جاکەتێکی ملیوان بەرزی تەنک و ڕەنگ ڕەشی لەبەر کردبوو. لە پشت سەری سێزارەوە ڕاوەستا بوو و هەردوو دەستی نابوویە سەرشانی. باسی ئاسەوارە هونەرییەکانی سێزاری دەکرد کە لە قوتووی خواردنە لە قوتوو کراوەکان دروست کرابوو، لەم قسە و باسەدا بوو چاوی بە دیژان کەوت.

بە دەمە کەنینێکەوە کەوا گوپە خڕ و سەوزەڵەکانی بەل دەکردەوە گوتی:"ئاخری هاتی"، پاشان وتی: "با، با؛ باشترین فریشتەی سەر ئەم زەمینەش لێرەیە" و خانمی دیژانی ماچ کردەوە.

---

١. ئەم درووشمە ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن دامەزراوەی بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕەگەزپەرستی لە فەرانسادا دانرا.
٢. سێزار؛ پەیکەرتاشی بەناوبانگی فەرەنسی بوو. ساڵی ١٩٨٨ مرد، ئەم پیاوە ئافرێنەری پەیکەری برۆنزی سێزارە لە سینەمای فەرانسادا.

دیژان گـوتی: "بەڕێـز لاوالییـر". خـاوەنی کۆمپانیـای سـیترۆئێن، وڵامــی دایەوە: "بەخێـر بـێن" و پاشـان گـوتی: "هێشـتا شـتێکتان نەخــواردۆتەوە؟" و بــانگی کــرد: "شــامپاین بێــنن". یەکێــک لە پێش‌خزمەتە جل سوورەکان بلەز بەرەو لایان هەڵات.

دیژان گوتی: "من خێرا دەگەڕێمەوە. ئاگات لە خێزانەکەم بێت". بێرنارد لە بەر خۆیەوە گوتی: "ئێرە ناوەندی هەموو شتێکە. جێگەیکە دەبێت منی لـێ‌بـم، ڕاسـت لە جەرگەی هەمـوو شـتێکدا". لە ناکـاو چەند دڵۆپە خواردنەوە ڕژایە سەر کۆتەکەیدا.

بێرنارد تاپیێ گوتی: "داوای لێبـوردن دەکەم. خەمـت نەبـێ پەڵە ناخـات، بە خۆشـیتەوە!" هەر دوو بێرنـاردەکە، پەرداخەکانیـان دابە یەکـدا. ئەو تەنهـا خـۆی بە لێزانــی چەنـد کـاری وەک ئاژۆکـاری کێبەرکـێ، گـۆرانی‌بێـژی، بەڕێـوەبەری تیپـی پاسـکیل سـواری، بەڕێوەبەری یانەی تۆپی پـێ و پێشکەشـکاری تەلفیزیـۆن دەزانـی و هەڵـبەت بڕیـاری دابـوو سـەرێکیش لە سیاسـەت بکوتێـت. لاوالییـر هەسـتێکی سەرســووڕهێنەری هەبــوو، پاشــان لە خەڵــکەکە دوور کەوتەوە بێ ئەوەی بیەوێ دیژان بدۆزێتەوە.

"زۆر باشە کەسێک وەک وارهـۆڵ وێـنەت بکێشـێ، وا نیـیە؟" ئەم ڕستەیە پیاوێ گوتی کە تی‌شرتێ ڕەشی کردبووە ژێـر کـۆتەکەیەوە و جگەریکیشی لە نێـو دوو قـامکی گرتبـوو. ئاشـنا ئەیـدا چـاو. ڕەنـگە بێرنـارد لە تەلفیزیـۆن دیتبێتــی، بەڵام ئەگەر هەتاهەتـایە بیریشــی بکردایەتەوە نێوەکەی نەدەهاتەوە بیری. قژێکی جوان و ڕێـک‌وپێـک،

هەروەها پێکەنینێکی سەرسوڕهێنەری هەبوو. بێرنارد بە ڕێزێکەوە ئاوڕی دایەوە: "بەڵێ، شانازییێکی گەورەیە."

پیاوەکە وڵامی دایەوە: "هەر وەهایە! منیش ئەمویست هەر ئەمە بڵێم. شانازییێ گەورە. لە بیرما دەمێنێت." پاشان ڕۆیشت بۆ لایەکی دیکە. خێرا بە پیاوێکی قژ تان‌وپۆ سپی کە لە پشتیشەوە قژی بەستبوو، گوتی: "شانازییێکی گەورەیە کەوا کەسێک وەک وارهۆڵ وێنەت بکێشێ." ئەویش سەرێکی لەقاند و قسەکەی ئەرێ کرد.

دەست و نەخشەکەی وارهۆڵیان نابووە سەر چوارپاچکەیکی مەخمەڵ پۆشەوە لە نێو شووشەی گولەنەبڕدا دایان‌نابوو و دەیان‌پاراست. ڕوومەتی قەشەکە چوار جار لە وێنەکەدا دەبینرا و بە ڕەنگی نارنجی و سپی دیمەنێ‌تری پێدرابوو.خەتی هەندەسی سوور و بنەوش بەرەو سەرەوە یەک‌دەست کێشرا بوو و نەخشێکی وەک خەرمانەی خۆری بە جوانی خولّقاندبوو.

"ئێوە وەکوو ئاردیسۆنن، شەیدای وارهۆڵیت؟" بێرنارد هەر کە هەڵگەڕایەوە پیاوێکی لاواز و ڕەقەڵەی چاو پێکەوت کە ڕیشی گاڵ و گەنم ڕەش و سپی کردبوو و تازە سەری لە پێستەکە دەرهێنا بوو، ڕوومەتی وەک پاشۆر و سماتە زبر دیار بوو. بێرنارد لە حاڵێکدا سەیرێکی دیکەی تابلۆکەی کردەوە وتی: "دڵنیا نیم"، پاشان گوتی:" وارهۆڵ تۆزێ کۆن بووە و سەردەمی بەسەر چووە، وەها نییە؟" تێدەکۆشا جۆرێک قسە بکات کە وەک بێژی دەزانێت لە سەر چ شتێ بئاخڤێت هەتا ئەو متمانەی پێ بکات.

پێـــدەچوو پیـــاوەکە حەزی لەم قســـەیە بێـــت. هەر بـــۆیە بێرنـــارد درێـــژەی بە قســـەکانی دا و ســـەبارەت بە دۆزیـــنەوەکەی لە ســـەر کۆڵەکەکانی بۆرێن، هەرەمی بەر درکەی لووڤر، شـــوورەکێش و وێـــنە تازەکانی دەور کـــارگەکە و کەریەدەمەکە قسـەی کـرد. بەڵاجەوی لە خۆی دەهات کە بەردەوام وشـەی " ڕادیکـاڵی" دووپـات دەکـردەوە. لەو کاتە کە سێهەمین پەرداخی خـواردنەوەی هەڵقوڕانـد قسـەکەی ئاوەها دوایی پێ‌هێنا: " منیش دەبێت گراندتراواکەی خـۆم دەسـت پێ‌بکەم." مەبەستی ئەوە بوو چاکسازی لە خۆیدا بکات.

ئەو پیاوەی کە تازە ڕیشی چۆی هاتبوویەوە، بە جەردەوە (بڕشـت) وتی: "باسکیت بە کەڵکی ئێوە دێت. لەگەڵ کارەکـانی ژان میشـێل باسکیت[١] ئاشنایەتیتان هەیە؟"

بێرنارد سەری لەقاند، نا. نایناسم.

"هەنـــووکەش دەکـــرێ بەڕادان بـــدەن، فەرمـــوو ئەوەش کـــارتی گەلەریەکەی من."

پیـاوێ قسـەکەیانی نیمەچـڵ کـرد: "دیسـانەوە باسـی باسـکیت دەکەی؟" پیاوێ دیکەش هەر ئەو کاتە هات بە سـەر قسـەکەدا. ئەو بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە خەریک خواردنەوە بوو.

---

١. باسکیت؛ یەکەم نیگارکێشی ئەمریکی بە ڕەچەڵەک ئەفریقاییە کە نێوبانگی نێونەتەوەیی دەرکرد. سەرەتا وەک گرافیست لە نیۆیۆرکدا و پاش ١٩٨٠ وەک هونەرمەندێکی ڕێبازی نێئۆ ئێکسپێرسیۆنیسم ناوی ڕۆیشت. ١٢ ئووتی ١٩٨٨ لە تەمەنی ٢٧ساڵیدا بە هۆی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەری هێرۆئینەوە گیانی لەدەست دا.

"گوێ بە قسەی ئەمانە مەدە، ئەمانە هیوایەتیان مۆزەخانە و ئەنتیکەیە."

ئەو جۆرە کە بێرنارد لە وتەکان گەیشتبوو بابەتێکی ڕاستەقینە لە گۆڕێ بوو. پیشانگایەک بە ناوی "کات، مۆدە، ئاکار، حەز و خولیا" بڕیار بوو لە ناوەندی پۆمپیدۆدا بکرێتەوە و ئاسەوارەکانی هونەرمەندە بەتواناکانی هەشتاکان پیشانی خەڵک بدات. هەڵبەت کەسێک بیری نەدەکردەوە ئاسەوارێکی بەڕێز باسکیتیش لەو پیشانگایەدا بێت. ئەو پیاوە کە چۆی ڕیشی وەک پاشۆر بوو گوتی: "ئەک داوەشێن یاخوا!"

بێرنارد ئەو سێ پیاوەی بە قسەکانیانەوە لە سەر ئەو وێنە پڕ لە ڕاز و نهێنیانە بەجێ هێشت. جارێکی دیکە، پەرداخێ خواردنەوەی هەڵگرت و کەوتەوە بیر باوەگەورەی خۆی. لە ژیری و وریایی چارلێز ئێدواردا گومانی نەبوو بەڵام ئەویش وەک زۆرێ لە هاوتاکانی لووتی بە ئاسەواری ئمپرسیۆنیستەکاندا نەدەهێنا. ئێستا ئەگەر باسێک لە گووگێن[1] یان ڤان‌گۆک[2] نەکەین، ئاسەوارێکی موونە[3] و ڕێنۆیر[4] سەد ئەوەندەی میراتە بە جێماوەکەی ئەو بەنرخ و بایەخ‌ترە. لاوالییێرەکان هەموو کاتێ حەزێکی زۆر ئەڵبەت دوهۆیان لە سەر ئاسەوارە وێنەییەکانی کەلاوە و کوندەنشینەکان هەبوو. کاتێک

---

١. گووگێن: پەیکەرتاش و نیگارکێشی فەڕەنسی، کە لە کاریگەرترین کەسایەتییەکانی شێوازی ئمپرسیۆنیسم بوو.

٢. ڤان‌گۆک: نیگارکێشی گەورەی هۆڵەندی لە سەر ڕێبازی ئمپرسیۆنیسم.

٣. کلۆد موونە: دامەزرێنەری نیگارکێشی ئمپرسیۆنیسم. ئەم ناوە لە یەکێک لە نیگارەکانی ئەمەوە وەرگیراوە.

٤. ئاگۆست ڕێنۆیر: نیگارکێشی بەناوبانگی فەڕەنسی.

نەخشێکی ڕۆمانسی نێوی دەهاتە ناووا، هـۆگری و حەزیـان پیشـان ئەدا بەڵام مایەیـان لە سـەر دانەدەنـا. کتـوپڕ وێنەیەکـی بێـزراو لە مێشـکی بێرنـاردا زینـدوو بـوویەوە: ئەو تـابلۆ وێـنە بچکـۆلەیە کەوا کاژێرێکی شکاوی لەسەر بوو.

قومێکی خواردەوە و گوتی:" زۆر باشە، مـن یەکێـک لە کارەکـانی باسکیتم ئەوێ." کەسێک گوێی لێ نەبوو.

"تێنەگەیشـتن چـیم گـوت؟ مـن ئەمەوێ یەکێـک لە تابلۆکـانی باسکیت بکڕم. هەر ئێستا، ئەم ساتە."

پیاوە گەلەریدارەکە گوتی: "دەتەوێت ١٥٠٠٠٠ فرانک بدەی بۆ کارێکی باسکیت؟"

بێرنارد وڵامی دایەوە: "بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئەمەوێ ئەو کارە بکەم.

ئەو پیاوە کە ڕیشی زبر بوو پێ وت چـارەکێ دان بەخۆیـا بگرێـت هەتا ترۆمبێلەکە ئامادە بکات.

کەشـەفەی پـڕ لە ماسـی لە بەردەمـیەوە چـوو، بێرنـارد یەکێکـی هەڵگـــرت. میوانەکـــان تێکـــڕا ئەو گۆرانییەیـــان دەوتەوە کە لەو گۆرانییەدا ژنێک داوای لە کەسێک بە نێوی ئەندی دەکـرد بە جێـی نەهێڵێت و لەکنی بمێنێتەوە. سەدوپەنجا هەزار پارەیکی کەم نەبوو، بەڵام بەلایەوە گرنگ نەبوو. ئەگەر گیرفان تـڕۆیش بـوایەت یەکێـک لەو ماڵە کاولبووانەی کە میراتی پێگەیشتبوو دەیفرۆشت، هەڵـبەت زۆرتـر لە ١٥٠ هەزار فرانکـی دەستئەکەوت. ئەوەنـدە کە بتوانێـت چەند کاری جیاوازی باسکیتی پێ بکڕێت. خواگیان چەن خۆشە لە

ساڵ ٨٠ بیت و چێژ لە هەموو چرکەکانی ببەیت. دەمێک بوو خـۆی ئاوەها شاد و بەکەیف نەدیتبوو.

لەو ســـات و کـــاتەدا دیـــژان وردەوردە دەرکەوت. بـــابەتی دێرهـــاتنەوەکەی داوای لێبـــوردنی کـــرد و گـــوتی دەبـــوایە لەگەڵ هەنـدێک لە میوانەکانـدا چـاک و چـۆنیم بکـردایەت بـۆیە بەجـێم هێشتی.

گوتی:"هیوادارم وەڕەز نەبووبێتن."

" نا نا. بڕیارم داوە تابلۆیەک بکڕم."

بەڕێز دیژان گوتی:" زۆر چاکە!" و دیسانەوە بەجێی هێشتەوە.

تۆزێـک لەولاتـر، جەک‌لانـگ سـەرقاڵی قسـە کـردن بـوو لەگەڵ ژنێکـدا کە جـگەرەی سـۆبرانی دەکێشـا. پێـدەچوو ئەکـتەر یـان گۆرانی‌بێژ بێت بەڵام بێرنارد ئەمجارەش نەیتـوانی ئەو ڕوومەتە کە لە پـێش چاویـدایە نێـوەکەی بێنێـتەوە بیـر خـۆی. هەر کە ژنەکە دوورکەوتەوە، بێرنـارد هەلـی بـۆ ڕەخسـا و لە جەک‌لانـگ نێزیـک بوویەوە. جارێکی دیکە باسی کۆڵەکەکـانی بـۆرێنی کـرد. پـێ‌گـوت لەوێـدا کـۆمەڵێ منـداڵم بینـی کە لە دەور کۆڵەکەکانـدا خەریکـی یاری‌کردن بوون و گەشتیارە بیانییەکـانیش سـکەیان هەڵەدایە بـان سەرکۆڵی ستوونەکان، ئەم چیرۆکانە وەک ئەوە وابوو ڕیواڵە لە گوێی وەزیـری پێشـووە و بێـت. لانـگ مـاق ببـوو بە چـاوی بێرنـاردا و بە پێکەنینێکـی مانـادار و بەسامەوە گـوتی: " حکوومەتەکـان دێـن و دەڕۆن، ژیان قووڵتر لەم شتانەیە" دەستی نایە سەر شـانی بێرنـارد و گوتی: " گشت ئەمانە بەشێکە لە شەپۆلی داهێنان کە لە سەردەمی

ئێمەدا گەشە و نەشەی کردووە، لـووتکەی گەشـەی سـەردەمێک کە ئێمەی تێدا دەژین. تۆ دەبێت ببیتە نێو ئەو بزافەی[١] منەوە." ئەمەی گـوت و لە گیرفانیـدا لەیبلێکـی دەرهێنـا کە وێـنەکەی خـۆی بە شێوازی وارهۆڵی پێوە بوو.

جەنابی وەزیر لێی دوور کەوتەوە. وەها دیار بوو بـزاڤ و جمشـتی جیاواز لە نێوان میوانەکانـدا هەبـوون. بێرنـارد کە هـاتەوە بە خۆیـدا بینـی لەکـن ژاک سـیگالەدایە کە دەیگـوت:" پـارە بیرکـردنەوە سـاز ناکات، ئەوە بیرکردنەوەیە پارە بەدی دێنێت... و کـاری ئـێمە ئەوەیە کە بیر و ڕامان بخوڵقێنین".

بێرنـــارد کە بـــۆ دەم درگـــای‌دەری دەچـــوو لە تەنیشـــت ســـێرژ جـــوولایەوە[٢] تێـپەڕی، دامەزرێـنەری ڕۆژنـامەی " لیبراسـیۆن"، کە قسـەی بـۆ پیـاوێ گۆچـان بەدەسـت دەکـرد؛ سـەردەمێ بە سـەردا هاتووە کە نـاتوانین بڵێـین فەرهەنـگ لە کوێـوە دەسـت پێـدەکات و ڕێکلامەکـان لەکـوێ دواییـان دێـت. بێرنـارد کەل‌وپەلەکـانی خـۆی هەڵگرت، کۆتە بێری‌بێرییەکەی لەبەر کرد و کڵاوەکەی لەسەر کـرد. بە شێنەیی هاتە نێـو جەمـاوەرەکە و لە نێـوان میوانەکـانەوە تێـپەڕی هەتا لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا مالاوایی بکات.

ژاک سیگالە قسەی بۆ کۆمەڵێ گەنج دەکـرد کە بە تـامەزرۆییەوە گوێیان بۆ ڕاگرتبوو:" هەر وەک مائۆ تسەتوونگ ئەڵێت؛ وێنەیەک بە ڕادەی هەزار وشـــە بـــایەخی هەیە " کە چـــاوی بە بێرنـــارد کەوت.

---

١. *Allons zidees* کەمپەینێ بوو، لە سەردەمی جەک لانگ کەوتەڕێ هەتا بۆچوونی شارۆمەندان بکەن بە بەردی بناغەی پێشکەوتنی پاریس.

٢. سێرژ جوولای: ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی، دامەزرێنەری ڕۆژنامەی لیبراسیۆن " ئازادی ".

پیاوێکە وە پاڵدان بە لێهاتووییەوە بازرگانی دەکرد کتووپڕ شتێ بە مێشکیدا هات.

ئاماژەی بە کڵاوەکەی کرد و بە دەنگ بەرز گوتی:" ئەوە کڵاوی میترانە " و پاشان هەمووان بە نەرمێ بەو سوعبەتە هاتنە پێکەنین.



خاوەن گەلەرییەکە، گڵۆپە شەومەکەی[1] هەڵکرد. چەند ساتێ پرتەپرتی کرد و پاشان جوان هەڵ بوو و لە پرتەپرتە کەوت. بێرنارد کە هێشتا کڵاوەکە هەر لە سەریدا بوو و دەستەکانی لە گیرفانیدا دەرنەهێنا بوو، چاوەڕێ ڕاوەستا هەتا گەلەریدارەکە ئاسەوارەکانی باسکیت بێنێت.

کاتێ کە هات پرسیاری لێکرد: "بۆچی تابلۆکانی لە مۆزەخانەکاندا نییە؟"

ئەویش وڵامی دایەوە: "چونکە هەم گەنجە و هەمیش ڕەشە".

"هەڵبەت زۆرتر بەو بۆنەوەیە کەوا ڕەش پێستە".

کابرای گەلەریدار ئاماژەی بۆ وێنەیەک بچووک کرد لە سەر دیوارەکە و وتی: "ئەوە وێنەکەیەتی".

بێرنارد ڕوومەتێکی گەنجی زرتەچاوی بینی کە قژی ئاڵۆز و سنگ‌سنگ بوو.

"ژان میشێل، ئەم نێوە خۆ فەڕەنسییە".

---

١. گڵۆپی شەومە: ف؛ لامپ مهتابی. شەومە: مهتاب.

"دروستە، بنەماڵەکەی لە هۆزەکانی هائیتین".

"فەڕەنسی قسە دەکات؟"

"گەلەریدارەکە بە تیتاڵیەوە پێکەنـی و گـوتی: "هەر کـاتێ حەزی لێ‌بێت." پاشـان سـێ تـابلۆی دەرهێنـا کە بێرنـارد تەنها دەیتـوانی لەنگەرەی پشت قاپەکانی ببینێت.

"چاوەکانت بنووقێنە. خۆت ئامادە بکە بۆ دیتنی کاری بلیمەتێک کە تازە خەریکە گەشە دەکات".

سـێ تـابلۆکە، ڕەنگـدانەوەی ئاسـەواری لووڤریـان تێـدا بـوو کە لێیـانەوە وزەیکـی سەرسـووڕهێنەر بـڵاو دەبـوویەوە؛ وزەیـکە هەم سەرەتایی بوو هەمیش شارستانی و پێشکەوتوو. بێرنارد قەت لەگەڵ شتی وەهادا بەرەوڕوو نەببوو. ئەو کە بە دیتنی دیمەنەکانی سەدەی هەژدە گەورە ببوو بە هیچ شێوەیەک ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبـوو ئەو ئاسەوارە کە لە سەر تابلۆکە نەخشێنرا بوو قبووڵی بکات. وزەیک لەو تابلۆیـانەوە بەر دەبـوونەوە وەک تیشـکی نـاوەکی وەهـا بـوو. هێـڵ، سێبەری ڕەنگەکان، فڕۆکەگەلی بچووک، دێڕگەلی ڕەش‌کـراوە وەک پەیامێکی شـێڵەوپێڵە، شارسـتانیەتێ ون بـوو لە هەمـوو شـوێنێکەوە سەری هەڵێنا بـوو و ئێـژی نهێنیـێ پێـنج هەزار سـاڵەی ئەدرکانـد و بانگەوازی بۆ دەکرد؛ ژیاری ون‌بووی ئێمە.

تابلۆکان، وێنەی داب و نەریتی ئۆلی خەڵکە سـەرەتاییەکان بـوو. جادووکاری ڕۆژانی جێـژن و شـین‌نـامەی پـڕ لە ڕاز و نهێنـی مـرۆڤە سەرەتاییەکان کە لە دڵی کاتەوە دەهاتن لەگەڵ هاڕەی فڕۆکەکان و هـۆڕنی ترۆمبێلـی پۆلیسـەکان تـێکەڵ ببـوو. پیاوانێـک بە ڕوومەتـی

ڕەشەوە وەک بێژی لچکن، ماق ببوون بە بینەرانی تابلۆکاندا. فڕۆکە بچووکەکـان لە هەڵفڕینـدا بـوون و ئەیانـدا بە وشـە تـێکەڵ و پێکەڵـەکانـدا، وەک بێـژی شـێتێک پـارچەی لێکچنەکـانی (پـازل) لەکن یەکەوە دانابێت. بێرنارد چەند خولەک لە بێدەنگیدا ماق بوو پێیاندا. نەیدەتوانی چاویان لـێ هەڵگرێـت، ڕێـک وەک مشـکێ کە چلۆن کتوپڕ مارێک دەبینێت و لە جێگەکەی خۆیـدا وشـک ئەبێـت ئەمیش وەهای لێهاتبوو.

ڕێگەی گەڕانەوەی نەبوو. ئەو شەوە بێرنـارد لاوالیێرێکـی دیـکە لە نێـوان چیمەنتـۆی سـارد و شـێداری دیوارەکـانی ئەو گەلەریـیە پێشـکەوتووە هـونەرییەوە لەدایـک دەبـوو. گومـانی نەبـوو کە دۆستەکانی و بنەماڵەکەشـی بە دیتنـی ئاسـەوارەکانی باسـکیت لە ترسان هەڵدێن، ڕێک وەک چـۆن شەمشـەمەکوێرەیێک لە ڕوونـاکی هەڵـدێت. هەڵواسـینی ئەو تابلۆیـانە بە سـەر دیـواری ژووری دانیشتنەوە ئاکامێکی ڕوونی هەبوو.

بە سووکێ پرسی:" نێویان چییە؟"

فرۆشیارەکە لە چەپەوە بۆ ڕاست ناوی هێنان: "گۆشت و خـوێن[1]، واکس وینگ[2]، ڕادیۆم."

"ئەگەر هەر سێیان ببەم دەبێت لە سەتا سی داشکانم بۆ بکەی".

بفرۆشەکە وڵامی دایەوە:" پازدە..."

---

١. *Sangre Corpus*: نێوی زۆربەی تابلۆ وێنەکانی باسکیت جێ‌گومان و پڕ لە پرسیار بوو.
٢. واکس وینگ: جۆرێک مەل بوو لە ماڵباتی پاسارییەکان، کە پەڕوپۆیەکی نەرم و هەورێشمی هەبوو و زۆرتر لە دارستانەکانی باکووردا دەژیان.

بێرنارد، حەوتەیەک دواتر، "گراند تراواکەی" دەست پێکرد. گۆڕانە بنەڕەتـیەکەی زەینـی هاوکـات بـوو لەگەڵ ئامـادەبوونی کـۆمەڵێ لە نیگارکێشەکان.

خێـــزانەکەی بە تـــرس و دڵە بـــاوڕمەکە ســـەیری هەڵکەنـــدنی نازک کـارییە گەچییەکـان و دڕانـدنی قـاقەزە دیوارییەکـانی دەکـرد. بڕیـار بـوو بە جـێگەی ئەوانە ڕەنگـێ سـپی و خـاوێنی لـێبـدات. کۆنەسێنەکانی بازاڕی مەزادی درۆئۆ هاتن بۆ کەل‌وپەلی نێو ماڵەکە و بێرنـارد بـێ ئەوەی کێچـێ میـوانی بێـت سـەیری بـردنەدەری شتەکانی دەکرد: گەنجەکەی لوویی شازدەیەم و دوگوڵـدان مینـگ. کارتێلی برۆنزی دیانای ڕاوچـی و ئاسکەکەی پـاڵ دەسـتی، قەنەفە بچووکەکەی لـوویی سـێزدەهەم. شـەش دانە کورسـی حەسـانەوەی لوویی شازدەیەم، سێ‌پاکەی لویس فیلیپ یان ئەو مێزە کە هەر هی ئەو سەردەمە بوو. دیمەنەکانی سەدەی هەژدە و وێنەی پاسـتل، ئەو ژنەی کە سەیری ئاسمانی دەکرد. پەردە نەخشدارەکانی ئوبۆسۆن و ئاوێزە شووشەیەکی  شارلی دەیەمیشی فرۆشت.

ئەو تەنـانەت تـابلۆ _ کاژێریەکەشـی بە بـێ هـیچ چەنەبەچەنە کردنێ فرۆشت و زۆریش خۆشحاڵ بوو بەم کارەی. شارلۆت لاوالییێـر کە هەتـا پـێش هاوسـەرگیری نـاوی شـارلۆت دوگرامـۆن بـوو، تەواو میـرات و کەلەپـووری بـاوانی خـۆی جـودا کـردەوە و نەیهێشـت مێردەکەی تخونیـان بکەوێـت؛ هەر بـۆیە بردیـانیە ژوورێکـی پەڕەوە. شتەکانی دیکە چێو تالانیان لێدا و بردنیان.

تەنها شتێکە لەو تاڵان و بڕۆەدا مایەوە، پۆرترەی شارل ئێدوارد لاوالییێر بوو کە دیمەنی سەیرکردنێکی یەکێک لە ڕۆژەکانی ١٨٨٣ی هەرمان کردبوو. بەیانییێک، لە پێش چاوی ئەو نیگا هەرمانەوە تابلۆکانی باسکیت هاتنەماڵەوە.

شارلۆت هەڕەشەی لە مێردەکەی کرد لێی جودا دەبێتەوە بەڵام لە سەری نەچوو. لە ئاکامدا بەم شێوەیە ڕێکەوتن: یەکێک لە باسکیتەکان لە ژووری دانیشتن، ئەو دووانەکەی دیکە لە نووسینگەکەی بێرناردا هەڵواسن. ئەمە یەکەم کاری هونەری بوو لە نێو ئەو هەمووەدا کە بێرنارد لەوە بەدواوە دەبووە خاوەنی. لە ڕێگەی دامرکاندنی حەزی کڕینی ئاسەوارە هونەرییەکاندا ئەو ماڵە بچووکەش کە لە باوە گەورەیەوە بۆی مابوویەوە فرۆشرا.

لە هەر دەرێکەوە سرکەسرکی ئەوە دەهات: "بیری لێ بکەوە کە چەپەکان دیسانەوە ساڵی ٨٨ سەر بکەون. بێرنارد دەبێتە کەسێکی بەنرخ و بایەخ".

هەندێک دەیانپرسی: "لاوالییێر سۆسیالیستە؟"

"خەڵکی دیکە وڵامیان ئەدایەوە: "هەڵبەت کە سۆسیالیستە. هەموو کاتێ لایەنگری میتران بووە."

حەزی لەناکاوی بێرنارد بۆ کۆکردنەوەی ئاسەوارە هونەرییەکان، کارەکەیشی گەشە پێدا. هەر خێرا لە کۆمپانیادا پێشکەوتنی مسۆگەر کرد. زۆرجار وێنەی لە گۆڤارەکانی ڤۆک و ئێلدا بڵاو دەبوویەوە.

سـکرتێرەکەی بە فیـزێکەوە لە کۆمپانیـادا دەیگێـڕا و پیشـانی خەڵکی ئەدا.

هەندێ جاریش بە پەرداخێ خواردنەوە و لە تەنیشت جەک لانگ و پییێر ئاردیتی[١] ئەکتەری سینەماوە دەبینرا. کەین‌وبەینێ چاکیشـی لەگەڵ کلۆدبێریـدا[٢] هەبـوو، ئەگەرچـی قەت لەسـەر نیگـارە یەک ڕەنگەکانی ڕابێرت ڕیمێن[٣] قسەیان یەکی نەگرت.

تەنانەت جـارێکیش دەرهێنەرێکـی نـاودار بـردی بـۆ مـاڵی سێرژ گێنزبۆر[٤]، بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ حەزی لە کەسایەتی ئەو نەهـات و کەیفی لێ نەبوو، چونکە تاریفی نیگارەکانی کرانـاخی[٥] ئەدایەوە و لە مێژووی هونەردا ئەوی لە هەموو نیگارکێشێ سەرتر دەزانی.

سـەرلەبەیانییێ کە بێرنـارد بـۆ کڕینـی ڕۆژنـامەی " لیبراسـیۆن" چبوویە دەرێ، یەکێک لەو  بوویەرە کتوپڕ و بێ مانـاگەلە ڕوویـدا کە هەندێ لە نووسەرەکان کەوا زانیارییێ کەم‌وکورتیان لە بزاڤـی ئانـدرە برێتۆن[٦] هەیە پێی دەڵێن سوورئالیسم. کڵاوەکەی بێرنارد دزرا.

هەمـوو شـتێ لە چەنـد چـرکەدا قەومـا. ئەوەنـدە خێـرا ڕوویـدا نەیتوانی تەنانەت بیر لە هات و هاوارێکیش بکاتەوە چ بگـات بەوەی بنێـتە ڕەت دزەکەوە. بێرنـارد واق و وڕ، بـێ جـم‌وجـووڵ، بـێ ئەوەی متەقێ بکات لە پیادەڕێگەکەدا وشک هەڵوێسا.

---

١. *Pierre Arditi*: ئەکتەری ناوداری فەڕەنسی، لە دایکبووی ١٩٤٤؛ برای کریستی ئاردیت.
٢. *Claude Berri*: لە دایکبووی ١٩٣٤، دەرهێنەر، ئەکتەر و شانۆنووسی فەڕەنسی.
٣. *Robert Ryman*: نیگارکێشی ئەمریکی، زادەی ١٩٣٠، لە ڕەدووەکانی بزاڤی مینی‌مالیسم.
٤. *Gainsbourg Serge*: ژەنیار و مۆسیقی‌زانی فەڕەنسی، لە دایکبووی ١٩٢٨.
٥. *Cranach*: لۆکاس کراناخ وێنەکێشی ئەڵمانی لە سەردەمی ڕێنسانسدا.
٦. *Andre Breton*: شاعیر، نووسەر، پێشڕەوی سوورئالیسمی فەڕەنسی، لە دایکبووی ١٩٦٦.



دانیێل مێرسیه هەستی کرد هەموو هێز و وزەی تیپی ڕاگبی فەرانسە تێکڕا لەویدا کۆ بۆتەوە. قەت ئەوەندە خێرا و مەودا درێژ لە شەقامەکاندا هەڕای نەکردبوو، ئەویش بۆ ئاوەها بابەتێ. لە ژێر دالانێ ڕاوەستا  هەتا وچانێ بگرێت. سەیرێکی کڵاوەکەی کرد، تاکوو تێیدا دوو پیتی یەکەمی ناوی سەرۆک کۆمار ببینێت. هەموو شتێ ڕاست و دروست بوو. کڵاوەکەی خۆی بوو و دیسانەوە کەوتبوویەوە دەستی. گەرچی لە چەند مانگی ڕابردوودا، بۆ دۆزینەوە و شوێن هەڵگرتنێ لێی گەلێک شەونخوونی کێشابوو.

دانیێل دوای ئەوەی کەوا دوایین نامەکەی ئەسلانی خوێندەوە، گشت ڕووداوەکانی ئەو شەوەی کەوا عەترسازەکە کڵاوەکەی لە ڕیستۆرانتەکەدا بەجێ‌هێشتبوو نایە تەنیشت یەکەوە. پیاوێک بە دوو پیتی یەکەمی "بی. ئێل" بە کڵاوەکەی میترانەوە ئەویای بەجێ هێشت. دانیێل ناوونیشانی ڕیستۆرانتەکە و تەنانەت مێژووی ئەو شەوەیشی لەلا هەبوو، تەنها شتێکی کەم بوو: سیاهەی ناوی ئەو کەسانە کە مێزیان گرتبوو. ئەو مشتەریانەی کە بۆ مێز گرتن، پێوەندییان دەگرت دەبوایە نێوی خۆیان بگوتایەت. ئەگەر دەفتەری مێزە دانراوەکانی ئەدۆزیەوە، نهێنی شاراوە و سڕی "بی. ئێلی"

هەڵەماڵی. ئەمە ئاکامێ بوو کە دانییێل لەگەڵ خێزانەکەیدا باسی دەکرد.

هاوژینەکەی وتی: "دەس‌ئاخری ئەم کڵاوە شێتت ئەکات".

"ئێستا ناتوانم دەست‌بەرداری بم، دەبێت ئەو سەرەداوانەی کە من دەگەینێت بەکڵاوەکە هەمووی لێک بدەمەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەم".

هەر بۆیە بەیانییێک هەستا، بەرەو پاریس لە ترۆمبێلەکەی خورِی هەتا شوێن ئەو ناوونیشانە هەڵبکات کە ئەسلان پێی دابوو. کە گەیشتە پاریس، گشت ڕیستۆرانتەکانی شار وەک یەک دەهاتنە پێش چاوی؛ ساباتی ڕیستۆرانتەکان سوور و شوێنی قرژاڵ خواردنەکان لە دەری ڕیستۆرانتەکان بوون، پێش‌خزمەتەکان بەرەڵبێنەی سپییان هەبوو. سەرخزمەتکار دەفتەرێکی گەورەی بەرگ چەرمی شێوە تەشکی کردبوویەوە. دانییێل مێرسیە... بەڵێ، مێزی (١٥)، سفرەوان! ئەم کاکە هاوڕێیی بکە." سەرخزمەتکار هەمان ئەو شتەی بە دەستەوە بوو کە دانییێل تامەزرۆی دیتنی بوو. ئەو پیاوە قژی بۆر و پەنجا ساڵە ئەیدایە چاو. وەها دیار بوو قسەکێشانەوە لێی زۆر ئاسان نەبێت و خراپتر لە هەموو شتێکیش پێدەچوو بەرتیل‌خۆر نەبێت.

دانییێل لەو شاڕێگەوە کە بەرەو پاریس دەی‌ئاژۆت لە مێشکی خۆیدا هەموو ڕێگەیەکی بۆ وەدەست خستنی ئەو دەفتەرە تاقانەوە: لە ساکارترین شێوە کە بەدزیەوە سەیرکردنی بوو هەتا مەترسیدارترین ڕێگە کە بیرفێنێت و هەتا پێی کار دەکات هەڵێت.

دانییێل بیری لە ئاکامی ڕێگە دووهەمەکە کردەوە، خۆی دەهاتەوە بەرچاوی کە چەند پێش‌خزمەت هان بە دوایەوە و دەیڕفێنن، ڕێک هەر وەک ئاخرین بەشەکانی "بێنی هێل"[1] کە هەر تاقیب و ڕاوەدوونان بوو.

بیریشی لە بەرتیل پێدان کردەوە. هەر بۆیە ڕەچاوی ئەوەی کردبوو پێنسەد فرانک لە بانک وەرگرێت و بە بەرتیل بیداتە سەرخزمەتکار. کاتێکە سەیری کرد کە لەو ساتەدا بەخێر هاتنی ژن و مێردێکی ئینگلیزی دەکرد، هەستی کرد بەخت یاری نییە و پارەکە وەرناگرێت. دەفتەرە چەرمینە شەراوی ڕەنگەکە چەندین جار لە پێش چاوانیەوە هات و چوو. وەک بێژی بە تیتاڵییەوە پێی بڵێت: "سەیرکە، من لێرەم. بە دەستی سەرخزمەتکارەوە، قەت دەستت بە من ڕاناگات".

بۆ ئەوەی هێدی بێتەوە، داوای کرد دوازدە دانە گوێچکەماسی بۆ بێنن، لەگەڵ بتڵێ خواردنەوەی تایبەت و دەورێ ماسی هووڵە لەگەڵ شویت. یەکەم پەرداخی بێ ئەوەی بینگ بدات هەڵقوڕاند. خواردنەوە سادەکە تۆزێ ئارامی کردەوە. هەر دەبوو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە! بەڵام چ ڕێگەیەک؟ هێشتا بە ئاکامێ نەگەیشتبوو بەڵام نەدەکرا بێ ئەوەی بگات بەو شتەی کە دەیەوێت ئەویا بەجێ بهێڵێت. کەوچکێ سرکەی زیزکداری کردە سەر گوێ‌ماسیەکەدا و

---

١. بێنی هێل: نێوی شانۆیەکی کۆمێدی بوو کە لە تەلفیزیۆنی بەریتانیاوە بە دەورگێڕی بێنی هێل دەهاتە نواندن و کاتی خۆی لە سەت‌وچل وڵاتدا بڵاو دەبوویەوە.

چرچی لەخۆی بڕی. جەستەی نەرم و نۆڵی گوێماسیەکەی لێک دابڕی و بە چەنتەیەک هێنای بۆ دەمی و چاوی نووقاند.

هەر کە چێژی خوێی دەریایی و سرکەی لە سەر زمانیدا هەست پێکرد، وشەکانی سەرۆک کۆمار، جارێکی دیکە بە ڕاشکاوی یەکەم جارێ کە بیستبووی هاتەوە بە مێشکیدا و لە نێو گوێیدا دەنگی دایەوە:" هەر چۆن بە هێلمۆت کۆهێلم گوت حەوتەی ڕابردوو..." لەو کاتەوە لە تەنیشت پیاوی یەکەمی وڵاتەوە شێوەی خواردبوو، هەر جارێ گوێماسی تێکەڵ بە سرکەی دەخوارد ئەم وشانە لە گوێیدا دەزرینگانەوە.

دانییێل ئاخرین گوێماسیەکەی خوارد و تماشای باڕی ڕیستۆرانتەکەی کرد. ئەو کەسانەی کە فراوینیان نەدەخوارد خەریکی خواردنەوەی قاوە، شەراوی سپی، کۆکتێل یان خوێندنەوەی ڕۆژنامەی پایتەخت " لۆ پاریزیان" بوون. بێ گومان بڕێ لە مشتەرییەکان هەمیشەیی بوون.

کافەدارەکە گەنجێکی موو زەرد بەڵام قژ کورت بوو. بیستودوو سێ ساڵێ ئەیدایە چاو، لەگەڵ ئەو مشتەریانە کە دەهاتن یان دەڕۆیشتن دەستی ئەدایەوە و گەرموگوڕ بەخێر هاتن و چوونیانی دەکرد. لەو کاتانەدا کە کۆکتێلی بۆ مشتەرییەکانی دروست نەدەکرد بە پڕ کردنی قاوەکوڵێنەکە یان پەرداخی خواردنەوەکان خۆی سەرقاڵ دەکرد. دانییێل وەهای بۆ دەچوو کە کوڕە گەنجەکە تازەکار بێ و کەم دەرامەتیش بێت، چونکە لەو دەسخوەشانە کە مشتەرییەکان لە سەر مێزەکە دایان‌دەنا ئەم هیچ بەشێکی نەبوو،

ماق ببوو بە گەنجەکەدا و گوتی خۆیەتی. بە دڵنیاییەوە پێنسەد فرانکەکەی من قبووڵ دەکات. ئەمە ئەسپی ترۆی منە، ڕێگەی گەیشتن بەو دەفتەرە بەرگ چەرمینەیە بێگومان ئەم کوڕەیە.

دانییێل پارەی نانەکەی لەگەڵ دە فرانک دەسخوەشانە نایە نێو دەورییەکە. هەستایەوە، هەناسەیەکی پڕ بە سییەکانی هەڵمژی و بەرەو شوێنی خواردنەوەکان ڕۆیشت. لەوێدا تەنها دوو کەس هەبوون، خەریک بوون خواردنەوەکەیان تەواو دەکرد. دانییێل لەسەر چوارپایەیێک دانیشت و وەها خۆی پیشاندا کە گوایە ئەیەوێت ڕۆژنامە " لۆ پاریزیان" بخوێنێتەوە. کوڕە گەنجەکە پرسیاری کرد:" چیتان بۆ بێنم قوربان؟"

" زەحمەت نەبێ، قاوە".

دانییێل بە سنگەسنگ قاوە سپێرسۆکەی دەخواردەوە، دەیویست ئەو دوو پیاوە بڕۆن هەڵبەت بە هیوا بوو مشتەرییێکی دیکە نەیێت. یەکیان هەستا و بێ ئەوەی متەقێ بکات ئەویای بە جێهێشت . چەند ساتێ دواتر ئەویکەشیان هەستا و ماڵاوایی لە کافەدارەکە کرد و چووە دەرێ. ئەی گیان! دانییێل تەنها مایەوە.

بە کافەدارەکەی گوت:" من کووپێ قاوەیترم ئەوێ".

پیاوە گەنجەکە بە شێوەیکی زۆر کارامە، فیلتەری قاوەکوڵێنەکەی کردەوە و تۆزێ قاوەی گراندی تێڕشت، دەستەکەی کێشا و دیسانەوە کپی کردەوە جێگەکەی خۆی.

دانییێل دەستی کرد بە باخەڵیدا و پریسکەی پارەکەی دەرهێنا.

"چەندە بدەمە خزمەتتان؟"

"دوو قاوە، هەشت فرانک دەکات کاکە گیان!"

دانییێل بە ئەندازەی پارەی قاوەکە لە گیرفانیدا سکەی دەرهێنا و هاوکات بە شێوەیکی شاراوەیش پێنسەد فرانکیەکەی دەرکێشایە دەرێ. گەنجەکە قاوەکەی نایە بەردەستی دانییێل و پارەکەی هەڵگرت. دانییێل هەلەکەی قۆستەوە، پارە لوول کراوەکەی کردەوە و لە سەر مێزی بەردەم کافەدارەکە داینا. ئەویش سەیرێکی پارەکەی کرد، پاشان تماشایەکی دانییێلی کرد و ماق بوو پێیدا.

دانییێل گوتی: "کارێکی دیکەم هەیە تەنها بە تۆ دەکرێت".

کوڕە گەنجەکە وڵامی دایەوە: "بە ڕاست؟ پێم وا نییە." بۆ لای قاوەکوڵێنەکە گەڕایەوە.

سفرەوانەکە[1] بانگی کرد: "پێنج کووپ قاوە بۆ مێزی ژمارە دوازدە".

کافەدارەکە کووپەکانی هەڵگرت، پاشان گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دانییێل دانیشتبوو، لە پشت مێزەکەوە خۆی دانەواند و بە سووکێ گوتی: "گوێ بگرە، من (نێرباز نیم) ئەوە نیم کە تۆ بیرت لێکردۆتەوە، تێگەیشتی؟"

دانییێل هەموو شتێکی بەراورد کردبوو جگە لەمە. لە حاڵێکدا پەشۆکا بوو، تێدەکۆشا هەرچی خێراتر دۆخەکە هێور بکاتەوە. کتوپڕ

١. سفرەوان: پێشخزمەت، گارسۆن.

بیرێکی بە مێشکدا هات، بیرێ، کە دواتر ناوی لێنا هەڵقوڵینی بیرێکی مەزن لە تەنگانەدا.

دەنگی خۆی دەهاتەوە بە گوێی خۆیدا کە دەیگوت: "منیش هەروەها. منیش پۆلیسێکی نهێنی و تایبەتم."

کوڕە گەنجەکە گەڕایەوە و سەیرێکی کرد. پێکەنینە پڕ لە ڕاز و نهێنیەکەی، ناوچاوی پێکردەوە، دانییێل تێگەیشت کە سەرکەوتووە. بیری کردەوە، ڕەنگە مێشکی پڕ بێت لە فیلم و درامای پۆلیسی. پێدەچوو هەروەهایش بێت. کوڕە گەنجەکە، کووپەکانی قاوەکەی لابرد.

"ئەو کارەت بە ڕاست بوو."

دانییێل گوتی: "بەڵێ بە ڕاستمە. من بە شوێن ئەو دەفتەرەدا دەگەڕێم کە ناوی ئەو کەسانەی تێدایە کە پێش‌وەختە لێرە جێگە دەگرن. گەر یارمەتیم بدەی، ئەم پارەیەت پێ ئەدەم."

کوڕەکە هاتە پێشێ و گوتی: "باشە، پێم بڵێ چیت ئەوێ؟"

"سفرەوانەکە قیڕاندی: "پێنج دانە قاوەکە بوو بەچی؟"

دانییێل لەناکاو شتێ هات بە دڵیا کە سەرچاوەی لە سەیر کردنی نێستۆر بۆرماوە[1] دەگرت هەڵبەت بەش‌گەلێ لە مایک هەمێر کە ڤێرۆنیکا لە تیڤی پلاس تماشای دەکرد چاوڕۆشنی بوو بۆی.

---

١. پشکنەرێکی تایبەت؛ کە لێئۆماله نووسەری پۆلیسی فەرانسا لە ساڵی ١٩٤٢ خوڵقاندی.

ستاسی کەیچ[١] هەر کاتێ بە کەسێکی دەگوت پشکنەری تایبەتە، سەرنجی کەسەکەی بە لای خۆیدا ڕادەکێشا.

وەها دیار بوو لە ژیانی ڕاستەقینەشدا ئەو سێحر و جادوویە کاری خۆی کردبوو. ئەو شتەی کە لە نێوان پشکنەرە خەیاڵییە فەڕەنسیەکە و پیاوە نەبەزە ئەمریکییەکەدا هاوبەش بوو کڵاوبۆرەکە بوو کە دانیێل بە هێمای بەخت و شانسی دەزانی.

سباستییێن، کە نێوەکەی لە سەر قاپێ زیوینەی گچکە هەڵکنرابوو و لە سەر سینگییەوە لکاندبووی بە کراسەکەیدا، گوتی: "باشە بزانم چیم پێ دەکرێت. کاژێر حەوتی ئێوارە وەرەوە بۆ ئێرە." دانیێل بۆ ئەوەی خۆی وەک پشکنەرێ ڕاستەقینە دەربخات پێنسەد فرانکیەکەی لە ناوەڕاستدا کرد بە دووکوت ڕێکەوە و لایەکی بە سباستییێن دا و گوتی ئێوارە هاتمەوە ئەو لاکەی‌ترت پێ ئەدەم.

پاش‌نیوەڕۆ وێڵ و وەیلان لە شەقامەکانی پاریسدا بە پیاسە کردن بواردی، تەنانەت سەردانێ پارکی مۆنێسۆیشی کرد کە خاتوو مارکوانت گوتبووی لەوێدا کڵاوەکەم لە سەر کورسیێ بە جێ‌هێشتبوو. دانیێل لەسەر کورسییێکی هاوشێوەی کورسی ئەو پارکە دانیشت و بیری لەو چیرۆکە کورتە کردەوە کە ببوو بە براوەی خەڵاتی پریکس بالبێک. ئێستا کۆتا بەشی ئەو چیرۆکە درێژەی پێدرابوو، ئەگەرچی فانی مارکان قەت بەم بابەتەی نەدەزانی.

---

٢. ئەکتەر و بێژەری ئەمریکی، ساڵی ١٩٥٨ هاتە نێو پیشەی دەورگێڕییەوە. لە فیلمەکانی مێژووی نەناسراوی ئەمریکا، شاری قەڵەوەکان، هەڵاتن لە بەندیخانە، شان دنیا ڕزگار دەکات ڕۆڵی گێڕاوە.

ڕێک کاژێر حەوت، درکەی ڕیستۆرانتەکەی کردەوە و چوو بۆ بارەکە. سێ پیاو، قومە قومە ڤەخارنیان دەخواردەوە و سباستییێن خەریک خاوێن‌کردنەوەی پەرداخەکان بوو. دانییێل و سباستییێن سەیرێکی یەکتریان کرد.

دانییێل گوتی:"قاوە."

پیاوە گەنجەکە خاولیکەی خستە سەر شانیدا، دەسکەی ڕاگرتنی قاوەکوڵێنەکەی گرت، تۆزێ قاوەی هەڵگرت و ڕشتیە نێو قاوەکوڵێنەکە. هەر کە جیکە لە دەزگاکە هەستا هەڵمی لێ بەرز بوویەوە. دەستی برد بۆ دۆڵابی سەرووی بارەکە و ڕۆژنامەیکی " لۆپاریزیانی" هەڵگرت و چوو بۆ کن دانییێل. پێش ئەوەی کە بڕوات وتی:" لاپەڕەی ٢١ ". دانییێل ڕۆژنامەکەی کردەوە هەناسەی توند ببوو، لاپەڕەی ١٢، لاپەڕەی ١٨، لاپەڕەی ٢١.... کۆپییێ لە هەمان لاپەڕەی دەفتەرەکە کە ئەم بە شوێنیەوە بوو لە نێوەڕاستی ڕۆژنامەکەدا بوو. کوڕەکە کاری خۆی کردبوو.

چاوێکی گێڕا بە ڕیزی نێوەکاندا. کامێ لەم نێوانە دەکرێ بی. ئێڵ بێت؟

یەکەم ناوێکە سەرخزمەتکار نووسیبووی " ئەسلان " بوو، مێزێک بۆ سێ کەس. نێوەکانی دیکە هیچکامیان بەو پیتەوە کە ئەم دەیویست دەستی پێ نەدەکرد . ئەگەر بی. ئێڵ پێش‌وەختە مێزی نەگرتبێت چی؟ هەروەک خۆی کە ئەو شەوە لەکن سەرۆک‌کۆمار شێوی خواردبوو و پێش‌وەختەش مێزی نەگرتبوو.

دەکرا بۆ هەتاهەتایە یارییەکە لێرەدا کۆتایی پێ بێت.

بەڵام کتــووپڕ لەوپەڕی خۆشــحاڵیدا لە نێــوان دوو نــاوی جەک فرانکۆیە دوو کەس و ڕابینۆ پێـنج کەس، نێوبـانگی کەسـێکی بینـی کە بە پیتی " ئێڵ " دەستی پێ‌دەکرد بەڵام نێوەکەی نەبوو: لاوالییێر چوار کەس.

دانییێل پەڕە قاقەزەکەی قەو کرد و خسـتیە گیرفـانییەوە. سـەیرێ دەوروپشـتی کـرد بزانــێ کەس سـەرنجی نـادات، پاشـان ئەولاکەی ٥٠٠ فرانکیەکەی دەرهێنا و خێرا نایە نێو ڕۆژنامەکەوە.

سباستییێن قاوەکەی بۆ هێنا.

دانییێل وەک بیناسێت خۆمانیانە گـوتی:" لاپەڕەی ٢١ " و پاشـان پێ وت: "کارەکەت زۆر چاک بوو، کـوڕێ!" ئەمە ڕێـک ئەو شـتە بـوو کە پشکنەرێ تایبەتی و ڕاستەقینە لە ئاوەها دۆخێکدا دەیگوت.

دانییێل کە گەڕایەوە بـۆ مـاڵ سـەیری پەرتـووکی زەردی (پێڕسـتی ژمارەکانی شارێ یان هەرێمێکی تێـدایە) کـرد تێگەیشـت کە تەنهـا سێ لاوالییێر لە پێڕسـتی ڕێنـوێنی تەلیفـۆنی پاریسـدا تۆمـار کـراوە: یەکێـک خاویـار لاوالییێـر لە گەڕەکـی هەشـتەم، هلـێن ناوێـک لە گەڕەکــی حەوتەم و کەسـێکیش بە نێـوی ژان لە خـودی پاریسـدا. چەند کەسێکی دیکە هەبوون بەڵام ژمارەیان تۆمار نەکرابوو.

دانییێل کە لە گەڕان و پشکنینەکانیدا گەیشـتبووە ڕێ‌کـوورک، لە پاڵ ستاتییەکەوە ڕاوەستا و بە شێوەی ویـردارانە چـاوی بـڕیە شـاری ڕۆئـێن؛ ڕێـک هەروەک چـۆن جـی. ئاریۆئینـگ[1] کـاتێ بـارودۆخ

---

١. کەسایەتی زنجیرە فیلمی دالاس کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٩ - ٢٠١٣ بڵاو دەبوویەوە.

تێک دەچوو. لە پشت پەنجەرەی نووسینگەکەیەوە لە تـاوەری بەرزی کۆمپانیـای نەوتـی یۆئینـک ڕادەوەسـتا و سـەیری شـاری دالاسـی[١] دەکرد.

دانییێل بە پێچەوانەی جی. ئاڕ لە مـاڵەوە مینـیبـاڕی نەبـوو هەتـا خواردنەوە بۆ خۆی بڕێژێت. جی. ئـاڕ هەمـوو کـاتێ لە کۆتـایی هەر بەشـێ لە زنجیـرە فیلمێکـدا باشـترین بیـرۆکەی کـاتێ بە مێشـکدا دەهــات کە لە تەنیشــت پەنــجەرەکەدا ڕاوەســتابوو و قــومە قــومە خواردنەوەی پڕ لە سەهۆڵی دەخواردەوە.

ڕوومەتـی بە پێکەنینـێ گەش دەکـرایەوە، دیـمەنەکە هەر لەوێـدا ڕادەوەستا و وشـەکانی "بەرپرسـی بەڕێـوەبردن: فیلیـپ کـاپیس" بە پیتــی گەورەی زەرد ڕەنــگ لە ســەر شاشــەی تەلفیزیــۆنەکە دەنەخشێنرا.

دانییــل گەڕایەوە، لەســەر کورســیێ دانیشــت و هەناســەیکی هەڵکێشــا. تەلفیزیـۆنەکە هێشـتا بە دەنگێکـی کـزەوە هەر کـاری دەکرد، و ژان ـ لوک لاهە[٢] سەبارەت بە ئەوینی بێ کۆتـایی خـۆی بـۆ هەمـوو ژنـانی دنیـا باسـی لەم مەزنـیەی دەکـرد. ئەو شـوێنەی کە دانییێل زۆر شکۆمەندانە بە جێگەی خوێندنەوەی خـۆی دەزانـی ئەو ژووره بوو کە تەلفیزیۆنەکەی تێدا بـوو، جـێگەیکە ئەوان لەوێشـدا بە بەر تماشا کردنی بەرنامەی شەوانی شەمەی چەمپ ئێلیسەوە لە نێو کەشەفەیکدا شێویان دەخوارد و چێژیان لێ دەبرد.

---

١. دالاس نێوی یەکێک لە شارە مەزنەکانی ئەمریکایە کە لە پیشەی نەوتدا گەلێک گرنگ ئەژمار دەکرێت و هەروەها نێوی زنجیرەیکی تەلفیزیۆنیشە.
٢. ڕەپبێژی فەرەنسی، نووسەر و پێشکەشکاری تەلفیزیۆن، لە دایکبووی ١٩٥٢.

دانییێل کنترۆڵەکەی هەڵگرت و تەلفیزیۆنەکەی کوژانەوە. هەر لە بیری ئەوەدا بوو ڕێگەیەک بۆ شوێن هەڵکردنی لاوالییێر بدۆزێتەوە کە نێوەکەی بە پیتی " ب " دەستی پێ دەکرد، کتوپڕ بیرێ هات بە مێشکیدا. پلانێ سەرەتایی، دروست وەک تروسکەی ئاوەرقۆلە لە نێو تاریکیدا.

نامەی عەترسازەکەی لە پاکەتەکە دەرهێنا. پییێر ئەسلان نووسیبووی " کڵاوێکە بە هەموو شێوەیەک لە کڵاوەکەی خۆتان دەچوو." دانییێل بۆ خۆی بیری کردەوە، کە هەر یەک کەس ئەو دوو کڵاوەی دروست کردووە. لەو کاتەدا کورەکەی هاتە ژووری خوێندنەکەیەوە. پەرداخێ ئاو هەناری بە دەستەوە بوو. بە دەنگێکی بەرز گوتی: کاتی بڵاو بوونەوەی فیلمی ٢٠٠٠ k. دانییێل لە کاتێکدا خەریک بوو نێوی کڵاوفرۆشەکەی لە سەر مینی‌تێلەکەی دەنووسی گوتی:" باشە باش کوڕم".

دانییێل دەنگی خۆی گۆڕا و گوتی:" ئەم کاتەتان باش. من یەکێک لە مشتەرییەکانی ئێوەم، بەڕێز لاوالییێر. ئەمویست دڵنیا بم بزانم گۆڕانی ناوونیشانەکەم پێتان وتووە ؟"

ژنێ بە دەنگێکی ناسکەوە وڵامی دایەوە:" نازانم بەڕێز، ئێستا سەیری دۆسیەکەتان دەکەم. دەکرێ یەک تۆز لە سەرم بوەستن و پێوەندییەکە نەپچڕێنن؟"

خولەکێ بێ‌کۆتایی، ڕەنگە دوو خولەکیش. دانییێل لەو کاتەدا گرێی کراواتەکەی شل کردەوە و گشت ئەو خواردنەوەیە کە ژێرۆم لە سەر مێزەکە بە جێی‌هێشتبوو هەڵیقوڕاند، هێندە پەشۆکا بوو تف لە

دەمیدا وشک ببوو. ژنە گەنجەکە دیسانەوە تەلیفۆنەکەی هەڵگرتەوە و گوتی: " ئەلۆ، بەڕێز لاوالییر..... بێرنارد لاوالییر؟"

دانییێل هەستی کرد هەر ئێستا لەسەر خۆی دەچێت.

بە دژواری خۆی بۆ ڕاگیر دەکرا و گوتی: " بەڵێ، باشە کام ناوونیشانتان لە من هەیە؟"

" ژمارە پلاکی ١٦، ڕودوپاسی، شەقامی شازدەیەم، بەڕێز گیان".

" دانییێل تەلیفۆنەکەی دانا و هەناسەیەکی توند و تۆڵی هەڵمژی".

لە ژێر لچەوە گوتی:" دۆزیمەوە، دۆزیمەوە...".

خۆی هەڵدایە سەر کورسییە نەرمەکە. ژێرۆم بە دەنگێکی بەرزگوتی:" فیلمەکە دەستی پێکرد " و لەسەر فەرشکە، لە یەک مەتری تەلفیزیۆنەکەوە هەڵاژیا.

دانییێل دەنگی تیقیەکەی زۆر کرد. ترۆمبێلی پۆنتیاک فایێربێردی دەیوید هاسێل هاف[1]، لە قووڵایی بیابانێکی چۆڵ و بێ گژوگیای پڕ لە چەو و زیخی زەرد و سوورەوە کە زۆر سەرسووڕهێنەر بوو بە خێرایی بەرەو بینەران دەیبۆڕاند و دەهاتە پێشێ. دەنگی پێشکەشکارەکە لەگەڵ مۆسیقای درامی دەقەکە، مزگێنی سەفەرێکی پڕ لە نهێنی ئەدا بۆ دنیای مەترسیداری پیاوێک و دەیگوت: " شیرین کاریەکانی شواڵیەیکی تاق و تنیا لە دنیایەکی

١. *David Hasselhoff*: ئەکتەرێکی ئەمریکییە کە لە ١٩٥٢ لە دایکبووە.

مەترسیداردا؛ پاڵەوانی سەردەمی پێشکەوتوو، ئاخرین ئومێدی بێ تاوانەکان، بێ هیواکان و ئەوانەی قوربانی ژیانی پڕ لە ستەمن". لەگەڵ قسەکانیدا چەند وێنە لەو ترۆمبێلە ڕەشەی بڵاو دەکردەوە کە لە کۆسپ و لەمپەری گەورەوە تێدەپەڕی. مۆسیقای دەقەکە ئەفسوونگەر بوو و ژێرۆم لەگەڵ مۆسیقاکەدا سەری ئەلەقاند. دانییل کە خۆیشی کەوتبووە قووڵایی مۆسیقاکەوە و باندۆری لەسەر دانابوو، سەری ئەلەقاند. نا، هیچ شتێ نەیدەتوانی بەربەرەکانێ شواڵیەیکی تاق و تنیا بکات. دانییل ئێستا ئیتر دڵنیا بوو.

شواڵیەی تەنها، کۆتایی حەوتەی دواتر، جارێکی دیکە بەرەو پایتەخت لێخوڕی بەڵام نە بە پشت ترۆمبێلێکی پۆنتیاک فایێربێردەوە بەڵکوو بە ئائۆدیێ ۵۰۰۰ کە هی خۆی بوو. ژمارە پلاکی ١٦، ڕودوپاسی خستبووە ژێر چاودێرییەوە. لەناکاو پیاوێکی کۆت هەنج و کڵاو ڕەشی بینی لە باڵەخانەکەوە هاتەدەرێ. دانییل هەتا ڕۆژنامەفرۆشیەکە کەوتە شوێنی.

پیاوەکە ڕۆژنامەیکی "لیبراسیۆنی" کڕی. چاوەڕێ بوو ئەو چرای هاتووچووە کە چەند هەنگاوێ لێی دوور بوو، سەوز بێت و لە شەقامەکە بپەڕێتەوە. دانییل چاوی لە کڵاوە نەوگینە ڕەشەکە هەڵنەدەگرت. بەڵێ، کڵاوەکەی خۆی بوو. ئامادە بوو گرەو لە سەر بوون و نەبوونی ژیانی بکات کە ئەوە کڵاوەکەی خۆیەتی. نیشانە بچووکەکانی لای گرنجی تاجەکەی چاک دەناسیەوە؛ دانییل تانوپۆی ئەو کڵاوەی لەبەر بوو.

دەبـوایە خـۆی بگەیەنێـت بەو پیـاوە، بیـدایەت بە کـڵاوەکەوە و بە خێرایـیێ تەواو هەڵبهاتـایەت، بەڵام لەخۆیـدا ڕانابینێـت. لاقەکـانی توانای جمەوجووڵی نەبوو و هەر کە ویستی دەستی هەڵێنێت، کەوتە لەرزیـن. دەبـوایە زاڵ بێـت بە سـەر خۆیـدا ئەگینـا نەیـدەتوانی لە پیـادەڕێگەکەوە پەڕێـتەوە. ئەو کـارەی کە بێرنـارد لاوالییێـر دەیکـرد. ئێژی لاقی دانییێلیان کوتابوو بە زەوییەکەدا. کەوتنەڕێ و گەڕانەوەی بێرناردی بۆ پلاکی ١٦ ڕودوپاسی سەیر دەکرد.

ئەو شـەوە زاڵ ببـوو بە سـەر دڵەڕاوکە و ترسـەکەیدا. دانییێـل کـار خۆی کردبوو. کڵاوەکەی میترانی وەرگرتبوویەوە. بە هەناسەبڕکێ لە بەربێڵایـیەکەدا کڵاوبـۆرەکەی نـایە سـەری و چاوەکـانی نووقانـد. هەروەک  پاڵەوانی چیرۆکێکی ئەفسانەیی کە وڵاتان و ڕۆبار و چیـا و دارسـتانەکان دەگەڕێـت بە دووی سـێوێکی زێـڕین یـان بەردێکـی سـێحراویدا کە هێـز و شـانوشـکۆی پـێ دەبەخشـێت یـان تەنهـا هەستی سەرکەوتنی لە شەڕێکدا دادەمرێنێـت، لە هەمـوو کۆسـپ و لەمپەرێکەوە پەڕیبوویەوە.



دەستی بە نێو ئاوەکەدا دەکێشا. قامکێکی کرد بە ئاوەکەدا و هێڵێکی ڕاستی لە سەر ئاوە مەند و کەسکە بەربڵاوەکانی زەریای ئادریاتیک کێشا. لۆتکە ڕەشەکە هێدی و لەسەرخۆ، لە ژێر یەکێک لە ٤٢٠ پردەکەی شارەوە پەڕییەوە و دانییێل، ڤێرۆنیکا و ژێرۆمی لە لاسێبەرەکانەوە دەبرد بەڵام دوای چەند ساتێک دیسان خۆر دەرکەوتەوە.

دانییێل ئەوکاتەی وا بە دوای کڵاوەکەدا ئەگەڕا، بەڵێنی بە خۆی دابوو جارێکیتر سەردانی ڤێنیز بکەن؛ ئەو شارەی کەوا دوازدە ساڵ لەمەوبەر مانگی هەنگوێنییەکەیان لەوێ بەسەربردبوو. بە خۆی وتبوو ئەگەر دۆزیمەوە، بە نیشانەی کۆتایی مڵومۆیەکان بۆ ڤێنیز دەچین.

بڕیاری دابوو دیسان بۆ ئەو هوتێلە بچن کە بانیژەکەی ڕوو لە دوگانا[1] بوو، بەڵام ئەمجارە ژێرۆمیشیان لەگەڵ بوو. ئەو شەیدای گرتووخانەکانی کۆشکی دووجە[2] ببوو بە تەلبەندە ئەستوورەکانیانەوە کە بە قەد باسکی مرۆڤێک دەبوو.

---

١. Dogana: مۆزەخانەیەکی هونەرییە لە شاری ڤێنیز.
٢. Palace Doge's: کۆشکێک بە نژیارڤانییێک لەسەر شێوازی گوتیک و لە بەناوبانگترین شوێنە دڵڕفێنەکانی ڤێنیزی ئیتالیا .

لەو کاتەوەی گەیشتبوون، ئەمە دووهەمین گەڕانی ئەوان بوو بە گۆندۆلا[١]، ئەگەرچی گۆندۆلاکان گران‌تر لەوەی بوون کەسێک بۆ هات‌وچۆی ڕۆژانەی بیەوێ سواریان ببێت. دانییێل کە کڵاوەکەشی لە سەر بوو، یەکەمین کەسێ بوو کە پێی نایە سەر کەنارەکە. یارمەتی ڤێرۆنیکای دا و دەستی گرت. کوڕەکەی هاوکات پەڕییە سەر بەندەرەکە. ئێستا کاتی ئەوە بوو بچن لە کافەی فلۆریان[٢] لە گۆڕەپانی سان مارکۆ، قاوەیەک بخۆنەوە. هەرسێکیان لە تاقی ڤالارسۆوە سەرکەوتن. لە ژێر تاقەکانی مووزەی کورێر تێپەڕین کە ڤێرۆنیکا لە دوێنێوە پێداگر بووە لە سەر ئەوەی کە دەبێت بۆ ئەوێ بچن، تاکوو بتوانێ لە گەڕانەوەدا ڕیستۆرانتی بەناوبانگی کارپاچیۆ[٣] کە هی دوو خاتوونی ڤێنیزی بوو ببینێت.

دەرفەتێکیش دەڕەخسا هەتاکوو بۆ ژێرۆمی ڕوون بکەنەوە کە ناوی ئەو خواردنە کاڵە گۆشتەی کەوا باوکی لە ڕیستۆرانت داوای کرد، لە نێوی نیگارکێشێکی بەناوبانگ وەرگیراوە. ژێرۆم پرسی، مەگەر ئەو نیگارکێشە حەزی لە گۆشتی خاو بووە کە ناوەکەیان لە سەر ئەم خواردنە ناوە. باوکی گوتی: "بە دڵنیاییەوە" ئینجا درێژەی دا: "چونکە کارپاچیۆ لە ڕیستۆرانتەکاندا گەلێک بەناوبانگە"

ئەو کاتە، یەکەمین تێپەڕینی ئەو ڕۆژەیان لە مەیدانی سان مارکۆ نەبوو. لە ڤێنیز، سەرجەم ڕێگەکان دەچنەوە سەر ئەم گۆڕەپانەی

---

١. *Gondola*: لۆتکەگەلێکی باریک و درێژە بۆ هێنان و بردنی گەشتیاران کە تایبەتی لە ڤێنیز بە کار دەهێنرێن.

٢. *Florian Caffé*: کۆنترین کافەی جیهان کە لە ڤێنیزە و ساڵی ١٧٢٠ کراوەتەوە.

٣. *Carpaccio*: ڤیتۆر کارپاچیۆ، نیگارکێشی ناسراوی ڤێنیزی کە ناوی خواردنێکیش لە ناوی ئەم کەسایەتییەوە وەرگیراوە.

شار؛ هەر جارەیش وەکوو خەونێک تەژی لە وێنە بچووکەکان، کۆترەکان، سێبەرەکان و هەتاو خۆی دەنواند. هەروا کە بەرەو کافەی فلۆریان ئەچوون، ڤێرۆنیکا سخورمەیکی کوتا بە باسکی شووەکەیدا:"دانییێل، سەیرکە بزا کێ لەوێیە."

فرانسوا میتران لەگەڵ ژنێک لە تەنیشت مەیدانەکەوە تێدەپەڕی، کیژێکی سەوزەڵە و قژ شۆڕیشیان لەگەڵ بوو. فرانسوا هەر پاڵتاوەکەی جاران و ملپێچە سوورەکەی لە بەر بوو، بەڵام کڵاوی نەبوو. هەروا کە نێزیک دەبوونەوە، کۆترەکان لە بەردەمیان هەڵدەفڕین و بە ئاسماندا پەرینگە دەبوون.

دانییێل تەنیا گەشتیارێ نەبوو کە بە دەرکەوتنی کتوپڕی سەرۆک‌کۆمار، چاوی بەو شوێنەدا ماق بوو. پیاوێک زەردەیەکی بۆ سەرۆک‌کۆمار بردەوە، ئەویش بە سەرلەقاندنێکی بچووک وڵامی دایەوە؛ پاشان لەبەر تیشکی هەتاودا پەڕییەوە و لە گۆڕەپانی سان‌مارکۆ دوور کەوتەوە.

ڤێرۆنیکا بە شێنەیی گوتی:"ئەویش لێرەیە، ڕێک هەر ئەو کاتەی وا ئێمەش لێرەین".

دانییێل دەستی نایە سەر لێوارەی کڵاوەکە و بە هێمنی دەستی پێدا هێنا. کڵاوەکە و سەرۆک‌کۆمار چەند مەترێک لە یەک دوور بوون. ئەم بیرە ئازاری ئەدا، هەر کاتیش بۆ خواردنەوەی کۆکاکۆلا دەچوونە کافەی فلۆریان، دانییێل هەر دڵەڕاوکەی هەبوو.

شتێکی بێ مانا بوو. فرانسوا میتران بە دڵنیاییەوە ئەیتوانی کڵاوێکی ڕەشی دیکە بکڕێت. بێ‌گومان تاکوو ئێستاش کڵاوێکی

کڕیبــوو، لەوانەشــە چەنــدین کــڵاوی دیکەشــی هــەبێت، ڕەنگــە پێشــتریش کڵاوگــەلێکی‌تری ون کردبێــت یــان برێکــی بــەهۆی کۆنەبوونەوە فڕێدابێت! بەڵام ئێستا، ڕوخساری پیاوێ کـە نوێنـەری فەرانسا لـە جیهـان بـوو، چـما شـتێکی ناتـەواوە. گەلـۆ؛ دانییـل بـە جیاکردنەوەی سەرۆک‌کۆمار لە کڵاوەکـەی، تووشـی کـارێکی تـەواو خۆپەســەندانە و ســووکایەتی پێ‌کـردن نـەببوو؟! ڕێـک وەک ئـەو گەشتیارانەی کەوا بە پێداگرییەوە، پەڕۆ وەک تەوڕک لە پەرستگەی ئەقسـەر[1] یـان ئـاکرۆپۆلیس[2] هەڵـدەگرن تـاکوو لـە سـەر تـاقچەی دیوەخانی ماڵەکەیان داینێن، کە بە ڕاستی بیرێکی قـوت‌وقـۆر بـوو. ئەوان بە هـاوردنی پارچەگـەلێک لـە ئاسـەوارە پیرۆزەکـان کـە هـیچ مافێکیان بە سەریەوە نییە و گرنگتر لـە هـەمـوو شـتێ هـەرگیز هـی ئەوان نییە ئەوێ بەجێ ئەهێڵن.

دانییل بۆ یەکەم‌جار هەستی کرد تاوانبارە، ڕێک وەک ئەو کاتەی کە شتێکە خۆمان حەزمان لێیە دەیشکێنین.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەبۆ "بۆڤۆلۆ[3]" ڕۆیشتن. ئـەم نـاوە بـە مانـای "شـەیتانۆکە" و ئامـاژەی بـە پلیکـانی چوونـەدەرەوەی پـڕ لە پێچـی تاوەری کانتارینی هەبوو. شاکاری کواترۆچێنتۆ[4]، بە پلیکانی شـەش نهۆمی پێچاوپێچ و داپۆشراو لە بینای زۆر و پڕ لە کۆڵەکەی جـوان و

---

١. *Temple Of Luxor*: پەرستگە و نزاگەیەکی کەونارا لە وڵاتی میسر.
٢. *Acropolis*:کۆمەڵەیەکی مێژوویی لە یوونان کە وەکوو هێمای نەتەوەیی ئەم وڵاتە دەناسرێت.
٣. Bovolo: عەمارەتێکی بەشکۆیە لە ڤێنیز کە بەهۆی پلیکانە جوان و پێچاوپێچەکانیەوە بەناوبانگە.
٤. بە بوویەرە کلتووری و هونەرییەکانی سەدەی پازدەی ئیتالیا ئێژن کە نیوەکەی لە ژمارەی ٤٠٠ یان ١٤٠٠ زایینیەوە وەرگیراوە.

سپی. لەو سەرەوە کابرا دەیتوانی بۆ دیمەنی سەربانەکانی ڤێنیز بڕوانێ لە حاڵێکدا شنەبایەکیش دەموچاوی بلاوێنێت.

دانییێل بە دەم سەرکەوتنەوە پرسی:"لە بیرت دێ؟"

ڤێرۆنیکا پێکەنی: "ئەسپە بچکۆلەکە..."

دوازدە ساڵ لەمەوپێش، پاش دیتنی مورانۆ[1] لە بۆڤۆلۆوە سەرکەوتبوون. لەوێ بۆ پیاوێکیان ڕوانی کە خەریک دروستکردنی شتومەکی بچووکی شووشەیی بوو. پیاوەکە ئەسپێکی بچکۆلەی دروست کرد و بە دیاری پێشکەشیانی کرد. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، دانییێل لە بۆڤۆلۆ شاردبوویەوە. پلیکانە پێچاوپێچەکە، میچەکەی دارەڕا کرابوو کە ئەگەر لە سەر قامکی قاچمان ڕاست دەبووینەوە، دەستمان پێی ئەگەیشت.

دانییێل دەستی کردە پشت یەکێک لە دارەکانی میچەکەدا. سکەیەک، دیسان سکەیەکی دیکە، ئەڵقەیەکی جێ کلیل، دەرزیلەیەکی دیاری، دیسان چەند سکە لە سەرجەم شوێنەکانی جیهان هات بە دەستیەوە. ئەوینداران، و ئەوینددارانی ڤێنیزی، دەستیان بە گیرفانیاندا ئەکرد و شتێکیان بۆ بیرەوەری لەوێ دائەنا. دانییێل ئەسپە شووشەییە بچکۆلەکەی دەرهێنا و لە کونی یەکێک لە کۆڵەکەکان داینا.

دوو گەنجی ئەڵمانی لە سەربانەکانی ڤێنیز وێنەی یەکتریان دەگرت. پیاوێک بە کامێرایەکی گەورەی ڤی. ئێچ. ئێس فیلمی

---

١. *Murano*: دوورگەی مورانۆ، لە شوێنە خۆشەکانی شاری ڤێنیزە.

پانۆرامـای ئـەگرت. ڤێرۆنیکـا بـە ژێرۆمـی گـوت ئاگـادار بـێ لـە گوێسوانەکەوە بەرنەبێتەوە. دانییێل سەیرێکی دارەڕاکەی بان‌سـەری کرد. کڵاوەکەی لابرد، لە سەر یەکێـک لـە مەعـجەرە بەردینەکانـەوە داینا و دەستی هەڵبڕی. بیری کەوتەوە کـە ئەسـپە بچکۆلەکـەی لـە لای چەپەوە دانـابوو. دەسـتی بـە سـکەیەکدا هێنـا، پاشـان شـتێک وەک مـقەوا _ لەوانەیـە بلیتـی فڕۆکـە _ سـکەیەکی دیکـە هـات بە دەستیەوە. ڤێرۆنیکا گوتی:" نایدۆزیتەوە." بەڵام لەم‌کاتـەدا دەسـتی دانییێل لە شتێکی لووس و سارد کەوت.

دانییێل شتە بچووکەکەی لـە پشـت دارەکە دەرهێنـا، ئێـژی بەری دارێکی دەڕنی!

بە خۆشییەوە گوتی:"بڕوانە."

ئەسپە بچکۆلەکـە لـە دەسـتی دانییێلـدا بـوو. ژێـرۆم لـە تەنیشـت باوکیەوە ڕاوەستا. دانییێل بۆ ڤێرۆنیکای ڕوانی. چاوانی ڤێرۆنیکا ئاوی تێ‌زابوو.

ڤێرۆنیکا لە گومانی ئەوەی کە ئەسپە بچکۆلەکە، دوازدە سـاڵ لـە حەشارگەکەیدا چاوەڕێیان بووە، واقی وڕمـا. دانییێـل ئەسـپەکەی بـە ژێرۆم دا و هاوسەرەکەی لە ئامێز گرت.

شـنەبایەک هـەڵیکـرد و قژەکـانی ڤێرۆنیکـای لـە سـەر ڕوومـەتی دانییێل بڵاو کردەوە. دانییێل چاوی نووقاند. کە چاوی کردەوە، کڵاوە ڕەشەکە لە سەر مەعجەرە بەردینەکەوە نەمابوو.

دیسـان مۆتەکـە دەسـتی پـێ‌کـرد. دانییێـل لەبەرخۆیـەوە گـوتی: "نـەخێر، لەوانـە نییـە ڕووی دابێـت..." خێـرا لـە پلیکانـەکان چـووە

خوارەوە. دڵی توند لێی ئەدا. پلیکانە تەنگەبەرەکە بێ کۆتایی ئەهاتە بەر چاو، ڕێک وەکوو دیمەنی خەونێک وا کات و هێزی ڕاکێشان تێیدا هەڵواسراوە.

کڵاوەکە، لەو خوارەوە لە سەر شەقام نەبوو، لەو باخەشدا نەبوو وا ئەگەیشتە پلیکانەکە. نەکوا لەو سەرەوە لە سەربانەکان داکەوتبێ یان لەوانەشە با تووڕی دابێتە یەکێک لە کۆڵانەکان!!

دانییێل بەرەو یەکێ لە ڕێگەکان هەڵات. هیچ سۆراغێک لە کڵاوەکە نەبوو. فرمێسکی تووڕەیی و حەسرەت لە چاویەوە هاتبوونە خوارێ. حەزی دەکرد لە ناوەڕاست شەقامەکە دابنیشێت و شیپۆڕانێ بکات. کتوپڕ پیرەپیاوێکی گۆچان بە دەستی بینی کە دوو ژن لە شانیەوە بوون؛ بێ گومان هاوسەر و کچەکەی بوون.

پیاوەکە کڵاوێکی ڕەشی پێ بوو. لە سەر سەریەوە کڵاو بۆرێکی زەردی ئاماڵ سپی و جوان هەبوو کە بەنی سووری ئەرخەوانی تۆخی پێوە بوو. دانییێل بەرەو لای پیاوەکە دەرچوو.

بە هەناسە بڕکێ گوتی: "ئەوە بۆ منە. ئەوە کڵاوی منە."

پیاوەکە بزەیەکی هاتێ و گوتی:"ئێوە فەرەنسین." پاشان بە فەرەنسی و بە زاراوەی پەتی ئیتالیایی گوتی: "خەمت نەبێ موسیۆ. نووسراوە بچووکەکەتانم لە نێو کڵاوەکە بینی. خۆمیش هەر ئەم کارەم بۆ کڵاوەکەم کردووە." ئینجا زەردەیەکی دۆستانەی تری هاتێ و کڵاوەکەی بەرەو دانییێل گرت.

دانییێل خێرا کڵاوەکەی لێ وەرگرت و گوتی:"سپاس بەڕێزم. زۆر سپاس."

پیره پیاوەکه گوتی: "ڕۆژێکی باشتان هەبێ." ئینجا کڵاوەکەی سەری بە نیشانەی ماڵاوایی لابرد، ئاوڕی دایەوە و بە دەم قسەکردن بە زمانی ئیتالیایی لەگەڵ ئەو دوو ژنەدا، دوورکەوتەوە.

دانییێل چاوی بڕییە کڵاوەکە و هەڵیگەڕاندەوە. ئاسەڕی ئەستووری کڵاوەکە کەوا ئاوریشمی سپی بوو و سیرمەی ناوەوەی بە پیتەکانی سەرەتای ناوەکەی بینی دڵی دامرکا.

بە دوو قامکی دەستی بە ژێر بەنەکەدا هێنا. کاتێ تۆزێ سیرمەکەی سووڕاندەوە، تێگەیشت شتێک لە ژێریەوەیە. کتوپڕ تف لە دەمیدا وشک بوو. کاغەزێکی چکۆلەی قەدکراوی دەرهێنا و کردیەوە: "دەستخۆشانە، وێڕای سپاس." هەروەها ژمارە تەلیفۆنێک.

ئەم کاغەزە بە درێژایی ئەم ماوەیە لە نێو کڵاوەکەدا بووە. کڵاوەکە هەر لە سەرەتاشەوە هەڵگری هەواڵی *SOS* بووە. هیچکام لەوانەی وا بە نۆره لە سەریان ناوە، بیریان لەوە نەکردبوویەوە سەیری ناوەکەی بکەن و بزانن خاوەنەکەی نووسراوەیەکی داناوە یان نا. تەنیا کڵاوناسێکی شارەزا وەها فێڵێکی دەزانی.

دەستنووسەکە ئاشنا بوو. لە هەموو لایەکی فەرەنسە لە کاتی کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا ئەم دەستنووسەی لەگەڵ واژۆیێ کە لە هێڵی مەرزەجاڕ ئەچوو دیتبووی. دەستنووسەکە هی فرانسوا میتران بوو.



که شێویان خوارد، ڤێرۆنیکا گوتی: "کەیفی خۆتە، چۆنت پێ باشە وەها بکە". دانییێل، هاوسەر و کوڕەکەی بۆ هوتێل نارد و گوتی پێویستمە تۆزێ بیر بکەمەوە.

پێیانی گوت: "دەچم تۆزێ پیاسە دەکەم."

ئێستە لە شەقامێکی تەنگەبەری نیوەتاریکدا تەنیا بوو. دەنگی وێکەوتنی خوڕەی ئاو لەگەڵ بەردە کۆنەکان لە کۆڵانەکەدا بڵاو دەبوویەوە. کڵاوەکە لە سەر سەری و قامکەکانی دەستی لە پشتیەوە گرێ دابوو. لە سەرەوژووری کۆڵانەکە سەرکەوت و لە ژێر تریفەی مانگدا چاوی بڕییە کەنداوەکەی بەردەمی.

لە ژێر کڵاوە ڕەشەکەدا، دوایین ڕووداوەکان لە زەینی دانییێلدا ئەهاتن و ئەچوون. دانییێل هەوڵی دا مانایەکی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

ئەو لێرە بوو، لە ڤێنیز؛ ڕێک ئەوکاتەی وا خاوەنی ڕاستەقینەی کڵاوەکەش لەوێ بوو و ئێستە هەواڵە شاردراوەکەی ژێر سیرمەکەشی دۆزیبووەوە. ڕەنگە پیرەپیاوە ئیتالیاییەکەش کە کڵاوەکەی پێ دایەوە، یەکێک لە ئەڵقەکانی ئەم پرۆسەیە بووە! تەنانەت وادیاربوو هەڵکردنی ئەو بایەش وا کڵاوەکەی داخستبوو، بەشێک لەو شانۆیە بوو کە پارچەکانی لە شوێنی خۆیان دادەنران!

زۆر بۆی ئاشکرا بوو کەوا داوای شتێکی لێ کراوە. دانییێل مێرسیە، ئەندامی سۆژتێک بەبێ ئەم کڵاوەیش، فەرمانی ژان

ماڵتارد جێبەجێ دەکات. بە بۆنەی کڵاوەکەی میترانەوە بوو کە ژیانی گۆڕابوو. ئەمە هیچ گومانێکی تێدا نەبوو.

خاتوو مارکوانتیش هەروەها. چارەنووسی ئەویش گۆڕابوو؛ هەروەها ئەو پیاوە سەیرە، ئەسلان، عەترێکی نوێی دروست کردبوو. ئەی بێرنارد لاوالیێر چی؟ دانییێل هیچێکی سەبارەت بەو نەدەزانی بەڵام لەوانەیە کڵاوەکە ژیانی ئەویشی گۆڕابووبێت!

دانییێل بیری کەوتەوە کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری نێزیکە و سەرۆک کۆمار ـ خۆی و نەتەوەی فەرەنسەی ـ بە دەست چارەنووس سپاردووە. لۆتکەیەکی ماتۆری تێژڕەو[1]؛ بە شێنەیی لە ژێر پردەکەوە تێپەڕی. تیشکی گڵۆپەکانی، سێبەرێکی گەورە و درێژی لە پیاوێک بە کڵاو و کۆتەوە خستە سەر ڕووکاری سپی‌ساوی ئەو بینایانەی وا دەیانڕوانییە سەر کەنداوەکە. دانییێل بە دیتنی ئەو سێبەرە هەنگاوێک بەرەو دوا هاتەوە. دەیزانی ئەو سێبەرە خۆیەتی، تاپۆی فرانسوا میتران، کە بە هێز و پتەوییەوە، چەند ساتێک بەرلەوەی لە تاریکییەکەدا ون ببێت، چاوی لێ بڕی.

ئەمە نیشانەیەک لە دوایین بڕیار بوو. ئێستا ئیتر دەیزانی دەبێ چی بکات. کاتێ گەڕایەوە بۆ ژووری هوتێلەکە، بە ئاسوودەیی تەواو گوتی: "سبەینێ پێوەندی بەم ژمارەوە ئەکەم." ئینجا جلەکانی داکەند.

دوایین شت کڵاوەکە بوو. کڵاوەکەی نایە سەر مێزی تەنیشت پەنجەرەکە، ئەو شوێنەی کەوا خەرمانەیەک لە تریفەی مانگەشەو لێی ئەدا.

---

١. *Motoscafo*: ئەو لۆتکانەی وا لە ڤێنیز بە کار دەهێنرێن.



"بەڕێزم! ژمارەیەکتان هەیە پێوەندیتان پێوە بکەین؟"

دانییێل ژمارەی هوتێلەکەی دا، ئینجا تەلیفۆنەکەی دانا. تەواو بوو. ڕێگەی گەڕانەوەیەك نەبوو.

ئەو کەسەی وەها وڵامی دابوویەوە، ئاوەها خۆی ناساندبوو: "بەڕێوەبەری ناوخۆیی کۆشکی ئێلیزە." دانییێل بەسەرهاتی کڵاوەکەی گێڕابووەوە و ژنە گەنجەکە داوای لێکردبوو تۆزێ چاوەڕێ بمێنێ.

تەلیفۆنی ژوورەکە، دوای چارەکێ زڕەی لێ هەستایەوە. پیاوێك، زۆر بە ڕێزەوە لەگەڵ دانییێل قسەی کرد و گوتی: "بەڕێز مێرسیە! تکایە جوان گوێ بگرن: ئێوە وادیارە پیتەکانی نێو کڵاوەکەتان خوێندۆتەوە...؟"

"بەڵێ، خوێندوومەتەوە"

"کەواتە دەزانن کڵاوەکە هی کێیە؟!"

"بەڵێ."

"کەوابوو دەتوانم بڕواتان پێ بکەم..."

دانییێل گوتی: "بە دڵنیاییەوە" ئینجا درێژەی دا: "بەڵام داواکارییێکم هەیە."

پیاوەکە لەولاوە گوتی:"کەرەمکە."

"دەمەوێ بە دەست خۆم کڵاوەکە بدەمەوە بە خاوەنەکەی."

"بەڕێز مێرسیە! داواکاری خاوەن کڵاوەکەش هەر ئەمەیە. جەنابی سەرۆك‌کۆمار پێشنیاریان داوە کاژێر ١٧:٠٠ لە کافەی فلۆریان چاوی بە جەنابت بکەوێ. ژووری یەکەم لای چەپی هاتنە ژوورەوە."

کاژێر ١٦:٤٠، دانییێل کڵاوەکەی میترانی بۆ دوایین جار نایە سەری، ڤێرۆنیکا و ژێرۆمی ڕامووسی و لە بەردەم کڵێسەی "سانتا ماریا دێلا سلۆتێ" ماڵاوایی لێ کردن.

"لەگەڵ فرانسوا میتران کاتی چاوپێکەوتنم هەیە. خێرا ئەگەڕێمەوە." ئەمەی بە دەنگێکی تا ڕادەیەك بەرز لە بەرانبەر چەند گەشتیارێکدا گوت کە ئەوانیش ئاوڕیان دایەوە و سەیریان کرد.

پاشان بەرەو یەکێك لە گۆندۆلاکان کەوتەڕێ. بە درێژایی ڕێگە بەرەو سان مارکۆ کە سوار لۆتکە بوو، متەقی نەکرد، تەنانەت لە سەر کورسیلە چەرمینە سوورەکەیش دانەنیشت. لە ناوەڕاست لۆتکەکەدا ڕاوەستا. کڵاوەکە لە سەری بوو و هەڵمی زەریای ئادریاتیك لە دەموچاوی ئەدرا.

کە چووە کافەی فلۆریان، سەر خزمەتکارەکە؛ ئەو پیاوە گردەڵە سمێڵ باریك و درێژە کە قژی دەق دابوو، لێی نزیك بوویەوە.

دانییێل کڵاوەکەی لابرد و گوتی: "لەگەڵ فرانسوا میتران کاتی چاوپێکەوتنم هەیە".

خزمەتکارەکە سەری دانەواند و بە بێدەنگی بەرەو ژووری چکۆلەی لای چەپ ڕێنوێنی کرد. لە ژێر تاقی نەخشراو بە وێنەی فریشتەیەك، سەرۆك‌کۆماری فەرەنسە، لە پشت مێزێکی مەڕمەڕ

دانیشتبوو. پاڵتاوێکی بۆر و ملپێچێکی سووری هەبوو. سەرۆك‌کۆمار هەستایە سەر پێ.

لەگەڵ دانییێل تەوقەی کرد و گوتی: "ئێوارە باش، موسیۆ مێرسیە."

دانییێل وڵامی دایەوە: "ئێوارە باش جەنابی سەرۆك‌کۆمار".

پاشان بە خولکی سەرۆك‌کۆمار، ئەویش لە پشت مێزەکەوە دانیشت. فرانسوا میتران داوای قاوەیەکی کرد، کە خێرا لە کەشەفێکی زیویندا بۆیان هێنا.

پیاوی پایەبەرزی وڵاتی فەرەنسە گوتی: "هەروا کە لە سەر کاغەزی ناو کڵاوەکەوە نووسراوە، دەستخۆشانەیەکتان پێ دەدرێت."

دانییێل بە شێنەیی گوتی: "نەخێر، ئەمن دەستخۆشانەم ناوێ".

فرانسوا میتران زەردەیەکی نیوە سەرسووڕماو و نیوە ڕەزامەندی هاتێ.

"کەوابوو چونکە هیچ دەستخۆشانەیەکت ناوێ، منیش نهێنییێکت بۆ ئەدرکێنم... ئەم کڵاوە... لە ڤێنیزدا ونم نەکرد، لە پاریسدا ونم کرد، ئەویش ماوەیەك لەمەوبەر". پاشان گتی کرد: "بە دڵنیاییەوە بەسەرهاتی زۆری بە سەردا هاتووە هەتا گەیشتووەتە پشت ئەم مێزە" ئینجا لە حاڵێکدا دەستی بە کڵاو بۆرەکەدا ئەهێنا، درێژەی دا: "بەڵام هەرگیز لێیان ئاگادار نابین". لەم‌کاتەدا زیتەزیت بۆ دانییێلی ڕوانی و زەردەیەکی نادیاری هاتێ.

دانییێل گوتی: "نـەخێر، قـەت نـازانین". لـە شـێوە ڕوانینەکـەی سەرۆك‌کۆمار پەشۆکابوو.

چەند ساتێك بە بێدەنگی تێپەڕی، پاشان فرانسوا میتران سـەری دانەواند تاکوو نەختە نەختە قاوەکەی بخواتەوە. لە پشت سـتاتییە نیوە تاکەکەوە گۆڕەپانی سان مارکۆ دیار بوو کە جەماوەر و ئاپۆرای خەڵك لە بەر تیشکی تاوەکەوە لە ژێر تاقەکانەوە تێدەپەڕین.

سەرۆك‌کۆمار پرسی: "ئێوە زۆر سەردانی ڤێنیز دەکەن؟"

"لە مانگی هەنگوینییەکەمانەوە تاکوو ئێستا بۆ ئێـرە نـەهاتووین. هەڵبەت ئێستە لەگەڵ هاوسەر و کوڕەکەمم".

"کار باشێکتان کرد هاتن. هەر کاتێ دەرفەتم هەبێ سـەردانێکی ئێرە دەکەم."

دانییێل گوتی: "دوێنێ چووینە سەر تاوەری بۆڤۆلۆ".

"ئێـوە کەسـێکی خـۆش مـەزاقن موسـیۆ مێرسـیە. زۆربـەی گەشتیارەکان بۆ تاوەری کڵێسە دەچـن بـەڵام ئەوانـەی وا بـە دڵ ئاشـقی ڤێنیـز بـن، بـە دڵنیاییـەوە لـەو تـاوەرە سـەردەکەون. پەرستگەیەکی جوانیش لەم نزیکانەیـە، تـەنیا ئاسـەواری هونـەری ڕۆمی لە ڤێنیزە. کەسانێکی زۆر کەم ئەمە دەزانن. کـاتێ چووینـە دەرەوە پیشانتان ئەدەم".

"گەلێك سپاس".

"کـاتێ بیـر دەکەمەوە کە ڤێنیـز بـۆ هەنـدێ کەس دڵگیـر و خەمناکە..."

"من لەو کەسانە نیم. بۆ من ڤێنیز شارێکی شادە و ئەمەش یانی جوانی".

"بەڵێ، جوانی..."

دانییێل لێرە، لەم ساتەدا بە دەستخۆشانەکەی گەیشتبوو. جیا لە هەر دەستخۆشانەیەك، خولیاکەی، خەونەکەی، داواکارییەکەی بوو کە هاتبووە دی. ئەو ببووە چوارەمین میوانی شێوخوانی سەرۆککۆمار.

## کۆتایی:

وێنە ڕەش و سپییەکە ئەوەندە جوان گیرابوو کە دەکرا بڵێی وەکوو یەکێک لە بەرهەمەکانی کارتیە برێسۆنە[1]. وێنەکە، دانییێل مێرسیەی لە کاتی دەرچوون لە بینای کۆمپانیای سۆژتێک پیشان ئەدا کە کڵاوێکی ڕەشی نەوگی لە سەر بوو. ئەو پیاوەی وا کراواتی بۆری بەستبوو، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای سەرۆککۆمار، بە سەرنجەوە بۆ هاوکارەکەی دەڕوانی.

"جەنابی سەرۆککۆمار! کڵاوەکە دەهێنینەوە".

جەنابی سەرۆککۆمار لە حاڵێکدا لە پشت چاویلکەکەیەوە دەیڕوانی، پرسی: "چلۆن دەتانەوێ ئەم کارە بکەن؟"

"تان‌وپڕێکی ئەکوژین و لێی ئەستێنین".

"نەخێر! بێ‌توندوتیژی. بە دڵنیاییەوە بەوجۆرە گومان دەبات کەوا ئێمە لە پشت ئەم بابەتەوە بووین..." ئینجا بە شێنەیی دووپاتی کردەوە: "نەخێر"، پاشان نوقمی یەکێک لە بێدەنگییە هەمیشەیی و پەشۆکاوەکانی بوو. "دوای بکەون".

"جەنابی سەرۆککۆمار! پیاوەکە؟"

---

١. *Cartier-Bresson*: وێنەگەری فەرەنسی (١٩٠٨-٢٠٠٤) کە دەورێکی بەرچاوی لە پەرەسەندنی وێنەگەری ساتی و شەقامیدا هەبوو.

"مەبەستم کڵاوەکەیە".

ئینجا ئەو پیاوەی وا کراواتی بۆری هەبوو، لەگەڵ هاوکارەکەیدا لە نووسینگە چوونە دەر.

کاژێرێک پاش ئەوەی سەرۆککۆمار کڵاوەکەی لە ڕیستۆرانت جێ هێشتبوو، دوو پیاو لە کۆشکی ئێلیزەوە بۆ وەرگرتنی کڵاوەکە هاتن بۆ ڕیستۆرانت. هیچ کڵاوێک لەوێ نەبوو. ئاشکرابوو دزییەک ڕووی داوە. سەرخزمەتکارەکە دڵنیا بوو ئەو پیاوەی وا لە سەر مێزەکەی تەنیشت سەرۆککۆمارەوە شێوی دەخوارد، کاتی ڕۆیشتن کڵاوێکی نەوگی ڕەشی لە سەر بووە. ئایا کاتی هاتنیش کڵاوی هەبووە؟ لە بیری نەبوو و بە شەرمێکەوە وتی کەوا دڵنیا نییە. پیاوەکە موشتەری هەمیشەیی نەبووە، پێشتر هیچ مێزێکی نەگرتووە و بە بلوو کارت[١] پارەی داوە. پیاوەکانی سەرۆک کۆمار بە کۆپی پسوولەی پەرداختەکەوە گەڕانەوە. دانییل مێرسیە ڕۆژێ دواتر شوێنی هەڵکرا. پاش ئەوەی دانییل کڵاوەکەی لە شەمەندەفەر جێ هێشت، هێڵی نهێنی کۆشکی ئێلیزە نامەیەکی بە دەست گەیشت کە تێیدا نووسرابوو: ژنێکی قژ زەرد کڵاوەکەی هەڵگرتووە. بەیانی ڕۆژی دواتر، فرانسوا میتران کە قەت لە ئێلیزەدا نەدەخەوت، لە کاتی قاوە خواردنەوەدا هەواڵەکەی خوێندەوە.

گوتی: "چەند سەرنجڕاکێش! ژنێک؟ وێنەیەکتان لەو ژنە هەیە؟"

---

١. *Carte Bleue*: جۆرێک کارتی ئێعتباری لە فەرەنسە کە پسوولەی زانیارییەکانی خاوەن حەساوەکە بۆی دەرنەدەچوو و باجیشی لە سەر نەبوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، وێنەیەک لە فانی مارکان لە پارکی مۆنێسۆ، لە سەر مێزەکەی سەرۆک کۆمار دانرا. وێنەکە نووسراوەیەکیشی لەگەڵ بوو کە تێیدا نووسرابوو: ئەو ژنە کڵاوەکەی لە سەر کورسییەکەوە دانا. ئەو پیاوەی وا هەڵیگرت، بۆ هەڵکردنی شوێنەکەی خرایە ژێر چاودێری".

"بۆچی لە سەر کورسییەکەوە داینا؟"

ئەو پیاوەی وا کراواتی بۆری هەبوو گوتی: "نازانم جەنابی سەرۆک کۆمار. بیرمان لە هەر هۆکارێک کردەوە بەڵام ئەقڵمان بە هیچێک نەشکا".

سەرۆک کۆمار پێش ئەوەی وێنەکە بە پیاوەکە بدات، جارێکیتر بۆی ڕوانی و گوتی: "ژنێکی سەرنجڕاکێشە".

هەر هەواڵی دانیێل لە ڕۆژنامە بڵاو بووەوە، خێرا شوێنەکەیان هەڵکرد. پۆلیسەکانی ئاسایشی ئێلیزە داوایان لە بەرپرسی ڕۆژنامە کرد بەهۆی بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی، نموونەیەک لە سەرجەم ئەو وەڵامانەی وا بە دەستیان گەیشتووە، پێیان بدرێت.

بەمپێیە لە دوانیوەڕۆیەکی هەتاویدا، سەرۆک کۆمار توانی کورتەچیرۆکی "کڵاو" بەرهەمی فانی مارکوانت بخوێنێتەوە. دوای ماوەیەک کە فرانسوا میتران تێگەیشت ئەسڵان عەترێکی نوێی دروست کردووە، فەرمانی کرد شووشەیەک لەو عەترەی بۆ بێنن.

کاتێ پیاوەکانی ئێلیزە لە ڕووی یەکێک لە نامەکانی ئەسڵان تێگەیشتن کڵاوەکەی ون کردووە، دڵەڕاوکێ هەموویانی داگرت. چلۆن دەکرێ کڵاوەکەی ون کردبێت، لە حاڵێکدا دوێنێ هەر بەو کڵاوەوە گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ؟!

هەتا چەند حەوتە ئەو پیاوەی وا کراواتی بۆری هەبوو، لە قسەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆک کۆمار دەستی ئەکرد و خۆی لێ ئەشاردەوە. پاشان نامەکەی ئەسڵان بە وردەکارییەکی زۆرترەوە سەبارەت بە کڵاوە ونبووەکە گەیشت. دوان پۆلیس خێرا ڕەوانەی ڕیستۆران کران. ئەوان کە پێناسەی دەسکردی پۆلیسەکانی باجگرییان هەبوو، توانییان دەفتەری حەساوەکان ببینن و ناوی بێرنارد لاوالییێر کە پارەی خواردنەکەی بە چەک دابوو، وەکوو خاوەنی نوێی کڵاوەکە بیناسنەوە. کاروباری ناسینەوە لە شەقامی ڕۆ دۆ پاسی دوایی هات.

"کڵاوەکە ئیتر لە لای عەترسازەکەوە نییە، ئێوەش تێنەگەیشتبوون؟"

"نەخێر جەنابی سەرۆک کۆمار. دوو کڵاوەکە پێکەوە جێبەجێ ببوون".

"پیاو شێت ئەبێت، لاوالییێر کێیە؟"

"لە کۆمپانیای ئاکسایە گەورەم. بەم زووانە پێشینەکەی ئەهێنینە خزمەتت".

تۆزێک دواتر ئەو پیاوەی وا کراواتی بۆری هەبوو، بە دوای سەرۆک‌کۆماردا بۆ باخی ئێلیزە هات و ئەوی لەوپەڕ باخەکە لە حاڵێکدا دۆزییەوە کە بۆ سەگە لابرادۆرە ڕەشەکەی داری ئەهاویشت.

پیاوەکە گوتی: "مێرسیە کڵاوەکەی دزی".

"بەڕاست؟ هاوڕێیەکی زیرەکە".

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، فرانسوا میتران فەرمانی دەرکرد تاکوو "کتێب‌فرۆشی مامراوی" بخەنە ژێر سەرپەرشتی و پاڵپشتی کۆشکی ئێلیزەوە.

ڕۆژێک، ئەو پیاوەی وا کراواتی بۆری هەبوو، لە حاڵێکدا یەکێک لە دۆسیە نهێنییەکانی ئەخوێندەوە گوتی: "جەنابی سەرۆک‌کۆمار! ئیتر لە نێو دۆسیەکەدا هەواڵێکی نوێمان سەبارەت بە کڵاوەکە نەبووە".

پاشان پرسی: "بهێڵین دۆسیەکە لە گەڕدا بێ؟"

سەرۆک‌کۆمار پاش خولەکێک تێفکرین، بە حاڵەتێکی بیرمەندانەوە گوتی: "نەخێر. بهێڵە چارەنووس درێژە بە ڕێگەکەی بدات."

"گەورەم! دۆسیەکە لە نێو ببەین یان ئەرشیڤی بکەین؟"

"خێرا لە نێوی ببەن".

ئەم ڕۆژەکەی‌تر، ئەو پیاوەی وا کراواتی بۆری هەبوو، بە دۆسیەی کڵاوەکەوە هات بۆ نووسینگەی سەرۆک‌کۆمار لە کۆشکی ئێلیزە. فرانسوا میتران چاویلکەکەی لە چاو کرد، بۆ دوایین جار چاوێکی بە ڕاپۆرت و وێنەکاندا خشاند و لە سەر وێنەی فانی مارکوانت کە لە پارکی مۆنێسۆ بە کڵاوەکەی سەرۆک‌کۆمارەوە لە سەر کورسییەک دانیشتبوو، گتی کرد. ئەو وێنەیەی لە دۆسیەکە دەرهێنا.

گوتی: "ئەرشیڤی تایبەتی".

پاشان فەرمانی لەنێو بردنی دۆسیەکەی بە نێوی خۆیەوە واژۆ کرد.

بیست ساڵ دواتر، لە ٢٩ی ژانڤیەی ٢٠٠٨ کەل‌وپەلە تایبەتییەکانی فرانسوا میتران لە مەزادێک لە هۆتێل دوروٚتی پاریس بۆ فرۆش دانرا. کەل‌وپەلەکانی داگری ٣٦٨ تیکە وەکوو کۆت و شەرواڵ، کراوات و کراس، خەڵاتی تایبەتی بەرپرسانی وڵاتە بیانییەکان و هەڵبەت نۆزدە کڵاو بوو: پێنج کڵاو بۆر، دوو کڵاوی بەنینە، کڵاوێکی چەرمینە، دوو کڵاوی گرۆڤەری، شەپقەیەک و هەشت کڵاوی حەسیری.

ئەوکڵاوە ڕەشەی کە ئەو ڕۆژە حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسە کڕی، لەوانەیە هەر ئەم کڵاوەی چیرۆکەکەمان بێ، لەوانەشە نەبێت؛ ئێمە قەت نازانین.

لە ڕاستیدا ئەم ڕاستییە کە ئایا ئەمە تەنیا کڵاوی ڕەشی مەزاد بوو، جێی پرسیارە: گەلۆ، میتران کڵاوگەلێکی‌تریشی هەبوو؟

لەوانەیە! خزمەکانی ئەوانەیان لای خۆیان هەڵگرت؟! ئەگەری کەم نییە. ئێمە قەت وەڵامەکەی نازانین.

کاتێ تەقەی مامەڵە هەستا، پییێر ئەسلان لە مەیدانەکەی بەرانبەر کۆشکی ئووفیتزی[1] لە فلۆرانس دانیشتبوو و شەرابەکەی دەچێشت. پاش ئەو گەڕانەوە سێحراوییە بۆ شانۆوە نێونەتەوەییەکان، ئیتر عەترێکی نوێی دروست نەکرد. ئەمە بڕیارێکی ئەنقەست بوو هەتا وەک ئەفسانەیەک نێوی بمێنێتەوە.

بڕیاری دا لابچێت و بە دوای بەسەرهاتی خۆیەوە بێت. بڕێک لە سەرچاوەکان دەڵێن درێژەی بە دروست‌کردنی عەتر بۆ موشتەرییە تایبەتەکانی دا و لەم ڕێگەیەوە سامانێکی پێکەوەنا. پادشای برۆنی و تەنانەت بیل گەیتس لە نێوان ئەم ناوانەدا دەبینرێن، بەڵام ئەم بابەتە هەرگیز نەسەلمێندرا. پییێر ئەسلان چوو بۆ فلۆرانس و هێشتایش لەوێیە. لە ساڵی ١٩٨٧وە هیچ وتووێژێکی قەبووڵ نەکردووە.

ئێدوارد لانییێر، دوای فانی مارکوانت لە خەیانەت‌کردن بە هاوژینەکەی بەردەوام بوو. هاوژینەکەی ساڵی ١٩٩٢ داوای جیابوونەوەی کرد. ئێدوارد لەگەڵ ژنێکی گەنجدا زەماوەندی کرد کە ئەو ژنەیش خەیانەتی بە ئەم کرد و پاش ماوەیەکیش وازی لە ئێدوارد هێنا. ئێدوارد دوای خانەنشینی لە گرووپی کۆمپانیاکانی دانۆن، لە سەنتەر مەساجێکی وڵاتی تایلەند هەموو پووڵ و پارەکەی

---

١. *Uiffizi Palace*: مۆزەخانەی هونەری یووفیزی لە فلۆرانس.

به فێـرِۆدا. لەویـا لەگـەڵ ژنێـک بـە نـاو بۆنـگ کـوج دەژیـا. پـاش ڕووداوەکەی سۆنامی، ساڵی ٢٠٠٤ ون بوو.

دوکتـۆر فـریمێن‌بێـرگ لـە ڕۆژێکـی سـاڵی ٢٠٠١ لـە ژووری ڕاوێژکارییەکەی و بە بێ‌کەسی سەری نایەوە. ساڵی ٢٠٠٢ مەزادی کریستیز، کۆمەڵە هونەرە ئەفریقاییەکەی، بە ناو "کۆمەڵـەی دوکتـۆر فریمێن‌بێرگ" فرۆشت.

پەیکەرەیـەکی تایبـەت کـە ئەسـڵان لێـی بێـزار بـوو، بـە بـڕی ١٢٠٥٠٠ یۆرۆ بە ڕەچاوکردنی باج، فرۆشرا. ئەم پەیکـەرە ئێسـتا لـە پیشانگەیەکی تایبەتی لە واشنگتۆن هەڵدەگیردرێت.

ئیستێر کرۆیتز هـەتا سـاڵی ٢٠٠٠ درێـژەی بـە گەشـتەکـانی دا، بەڵام پاش ئەوە بڕیاری دا کۆتایی بـە کونسـێرتەکانی بـدات و تـەنیا چوار کاری کۆتایی تۆمار کرد. ئـەم کـارە کۆتاییـە کـە ئێسـتا لـە لای هۆگرەکانیـەوە بـە نـاو "چـوار پـارەی کرۆیتـز یـان تێـترا کرۆیتـز" بەناوبانگن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرتـرین داگرتنیـان هەبـووە. ئەو لە فلۆرانسدا لەگەڵ پییێر ئەسڵان ژیا.

فانی مارکوانت، چەند ساڵ دوای کردنەوەی کتێبفرۆشـییەکەی شووی بە میشێل کارلییێر[1] ـ ئەو پیاوەی وا قژی بۆری هـەبوو ـ کـرد. پازدە ساڵی‌تر درێژەی بە کاروبارەکەی دا. خۆشەویستی زۆری هەبوو و لە ئاکامـدا لـە کـاتی بەسـەربردنـی پشـوو لـە کـەناری نۆرمانـدی،

1. *Michel carlier.*

لۆردێکی ئینگلیزی دڵی لێ‌دەچێت و لەگەڵیا زەماوەند دەکات و فانی دەبات بۆ ساسێکس[١]، شوێنێ کە بەردەوام دڵی دەگیراو غەریبی دەکرد.

ئەو هێشتایش بەتەواوی فێر ئینگلیزی نەبووە. کورتەڕۆمانەکەی بە ناو "خاتوونی فەرەنسی" سەرکەوتنێکی بەرچاوی هەبوو و ببوو بە هۆی هەڵخڕانی چەندین ڕەخنەی بەتین لە ڕۆژنامەکانی ئینگلیز و دیمانەیەکیشی لەگەڵ دەیلی میرۆر[٢] هەبوو. هێشتایش میشێل کارلیە بە یەکەمین ئەشقی ژیانی دەزانێ.

بێرنارد لاوالییێر زۆرتر لە جاران شەیدای بەرهەمەکانی ژان ـ میشێل باسکیت بوو. تەنها یەک ڕۆژ بەیانیێ ساڵی ١٩٨٨ بەهەڵکەوت پێش ئەوەی باسکیا خۆی بفەوتێنێت بێرنارد چاوی پێکەوت و زۆریش حەزی لەو پیاوە تەڕپۆشە کرد کە بە ڕاستیێ تەواو و تۆکمەوە لە کاریگەریەکانی تابلۆکانی قسەی دەکرد. حەوت مانگ دواتر، لە کاتی مردنی ئەم هونەرمەندە، لاوالییێر لانیکەم نۆ بەرهەمی لێ هەبوو کە داگری پێنج بەرهەم لە باشترین خولی هونەری ئەو (١٩٨٣_١٩٨١) دەبوو. بێرنارد لە ساڵانی دواتریشدا درێژەی بە کڕینی بەرهەمەکانی‌تری دا هەتا ئەوەی ئەمریکییەکان دەستیان بە دانانی نرخ لە سەر بەرهەمەکانی کرد. کاتێکیش ئەو تابلۆیانەی وا سەردەمێک ١٥٠ هەتا ٢٠٠ هەزار فرانکی بۆیان خەرج کردبوو، لە

---

١. یەکێکە لە شارۆچکە مێژووییەکانی ئینگلیس. ئەم هەرێمە دیرۆکیە ئێستاکە بۆتە دوو بەشی ساسێکسی ڕۆژهەڵات و ساسێکسی ڕۆژئاوا.
٢. Daily Mirror: یەکێک لە ڕۆژنامە نەتەوەییەکانی بەریتانیا کە لە ساڵی ١٩٠٣ دەستی بە کار کرد.

ساڵی ٢٠١٠ هەرکام نرخی ١٠ ملوێن دۆلاریان لە سەر دانا، تیتاڵی هاوڕێیەکانی جێی خۆی بە پەسن یان بێزارییەکی قووڵ دا.

دانییێل مێرسیە بە پلەی بەڕێوەبەری لە کۆمپانیای سۆژتێک خانەنشین بوو. بۆ سەرگەرمی بە شێوەی نهێنی دەستی بە نووسینی بەسەرهاتی خۆی و کڵاوی سەرۆک‌کۆمار کرد. بیست لاپەڕەی لێ نووسیوە و هێشتا سەرەتای بەسەرهاتەکەیە.

ئێستاکەش بە خواردنی گوێچکەماسی و سرکە، ڕستەی: "حەوتەی ڕابردوو بە هێلمێت کۆهێلم گوت" بە بیر دێتەوە.

فرانسوا میتران چەند مانگ دوای دۆزینەوەی کڵاوەکەی، ڕیکۆردی ڕاپرسییەکانی شکاند و بە ٥٤/٢ دەنگ، جارێکی‌تر براوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماری بوو. ئەو کە بەبۆنەی نەخۆشییەوە لاواز ببوو، دوایین کریسمەسی ژیانی لە "ئاسوان[١]"ی میسر تێدەپەڕاند، پاشان لەناکاو بۆ فەرەنسە گەڕایەوە. حەوتەیەک دواتر لە زستانی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کرد و کورسی سەرۆک‌کۆماری لە حاڵێکدا بەجێ هێشت کە مەتەڵۆکێکی بۆ نەتەوەی فەرەنسە دانا: لە کاتی دوایین وتاربێژییەکەی سەری ساڵ ڕوو لە خەڵکی فەرەنسە، قسەیەکی سەیری گوت کە وادیاربوو مانایەکی جیای لە قسە ئاساییەکان هەبوو.

---

١. Aswan: شارێک لە کەناری ڕووباری نیل لە میسر.

قسەگەلێکی زۆر سەبارەت بەو وترا، بەڵام هیچ شرۆڤەیەکی جێـی ڕەزامەندی لە مانای قسەکەی سەرۆک‌کۆماریان بـە دەسـتەوە نـەدا؛ خۆیشی هیچ ڕوون‌کردنەوەیەکی سەبارەت بەو قسەیە نەدا، تەنانەت لە گووگڵدا ٤٦١٠٠٠٠ وڵامی بۆ دانـراوە. بیست‌وسـێ چرکـە پـێش دەست‌پێکردنی ساڵی ١٩٩٤، سەرۆک‌کۆمار ڕاستەوخۆ بۆ کـامێرای ڕوانی و گوتی: "ئـەمن بـڕوام بـە هێـزی ڕۆح هەیـە و قـەت بـەجێتان ناهێڵم".

# Le Chapeau de Mitterrand

Antoine Laurain

**Translated into Kurdish by**

Mohammad Moradi

Aras Books
Arasbooks@gmail.com

Sannadaj 2018